زانـكــــۆی بینگۆل
پەیمانگــای زمـانی كوردی
بەشـی زمـان وئەدەبی كـوردی

# ڕۆڵی میدیا لە گەشەسەندنی زمانی كوردی ودیالێكتەكانی(كرمانجی وسۆرانی) كەناڵەكانی (Rudaw, Sahar Kurdi, TRT Kurdî) وەكو نموونەیەك

تێزی دكتۆرا

توێژەر
هونەر محمد حسین

سەرپەرشتیار:
پ.د. حسن چفچی

بینگۆل 2022

**BİNGÖL ÜNİVERSİTESİ**
**YAŞAYAN DİLLER ENSTİTÜSÜ**
**KÜRT DİLİ VE EDEBİYATI ANABİLİM DALI**

# KÜRTÇE VE LEHÇELERININ (KURMANCI – SORANI) GELIŞIMINDE MEDYANIN ROLÜ RUDAW TV, TRT KURDÎ VE SAHAR KURDI ÖRNEĞI

**DOKTORA TEZİ**


**Hazırlayan**
Huner Muhammed HÜSEYİN

**Danışman**
Prof. Dr. Hasan ÇİFTÇİ


Bingöl 2022

# پێرست


BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ ..... VI

سوپاس وپێزانین ..... XVIII

Kurte ..... XVIII

Özet ..... VII

Abstract ..... IX

بةشی یةکةم ..... 6

تةوةري یةکةم ..... 6

1.ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە ..... 6

1.1.1. پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە ..... 8

2.1.1 .پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گەشەکردن ..... 10

3.1.1 . ڕاگەیاندنی گەشە پێدەر ..... 16

تەوەری دووەم ..... 21

2.1 . هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ..... 21

1.2.1. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گرنگیی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا ..... 22

2.2.1.ئەرکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ..... 24

2.3.1. لە ئامانجە پەروەردەییەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ..... 26

4.2.1 .ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی فێرکردندا ..... 28

5.2.1 .ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاراستەکردنی ڕای گشتی ودروست کردنی ئاڕاستەکانی ..... 30

3.1 . کاریگەری ئەرینی و نەرێنی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگا ..... 35

1.3.1 .خاڵە ئەرێنیەکانی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگە ..... 36

2.3.1. کاریگەریە نەرێنیەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە ..... 38

بەشی دووەم ..... 39

تەوەری یەکەم ..... 40

1.2 .زمان و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە ..... 42

1.1.2 زمان و گرنگی زمان ..... 45

2.1.2 .چەمکی زمان ..... 45

3.1.2.پێناسەی زمان ..... 47

4.1.2. پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگا ..... 52

5.1.2..تایبەتمەندی و چەمکەکانی زمان ..... 56

7.1.2 .چەمکی زمانی ڕاگەیاندکاری........................................................ 58
8.1.2. چەمکی گۆتاری ڕاگەیاندکاری وئاسەواری تەوزیف کردنی زمان تیایدا ........................ 62
تەوەری دووەم ........................................................ 64
2.2.ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردن و تێکەڵکردنی واقیعی زمانەوانی ........................ 64
بەشی سێیەم ........................................................ 65
تەوەری یەکەم ........................................................ 66
1.3. زمانی کوردی........................................................ 67
1.1.3.پەیوەندی ئاین و ئەدەب بە زمانی کوردیەوە........................................................ 70
2.1.3 .ڕێنوس و ئەلف و بێ کوردی........................................................ 75
1.2.1.3 .ئەلف و بێ ئارامی (عەرەبی)........................................................ 78
2.2.1.3 .ئەلف و بێی لاتینی ........................................................ 80
تەوەری دووەم ........................................................ 82
2.3. شێوەزارەکانی زمانی کوردی ........................................................ 82
1.2.3 .زمان و شێوەزارەکانی ........................................................ 88
تەوەری سێیەم ........................................................ 93
3.3 .زمانی ڕاگەیاندن........................................................ 93
1.3.3.زمانی نووسینی میدیا ........................................................ 99
2.3.3.پێویست بوونی بەکارەێنانی زمانێکی یەکگرتوو........................................................ 102
بەشی مەیدانی توێذینەوەکە........................................................ 104
کەناڵە ئاسمانییەکانی (Rudaw , TRT kurdi , Sahar kurdi)........................................................ 105
هۆکاری هەڵبژاردنی (Rudaw , TRT Kurdî , Sahar kurdi)........................................................ 106
ستراتیژی تۆڕی میدیایی ڕووداو ........................................................ 107
کەناڵی TRT Kurdî........................................................ 109
کەناڵی سەحەری کوردی Sahar Kurdi........................................................ 113
فۆرمی ڕاپرسی (هەڵسەنگاندن) ........................................................ 117
شێوازی ڕاپرسی ........................................................ 117
سنوری ڕاپرسی ........................................................ 117
چۆنیەتی دابەشکردنی ڕاپرسی ........................................................ 117
ئەنجامی ڕاپرسی........................................................ 118

شرۆڤەی ئەنجامی ڕاپرسیەکە................................................................................................120
شرۆڤەی ئەنجامەکان ................................................................................................120
شیکردنەوەی ئاماری بۆ کەناڵەکانی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî ..................................................146
ئەنجام ................................................................................................156
ڕاسپاردە................................................................................................159
سەرچاوەکان ................................................................................................160
ئاشکۆکان ................................................................................................168

# BİLİMSEL ETİK BİLDİRİMİ

Doktora tezi olarak hazırladığım ***Kürtçe ve Lehçelerının (Kurmancı – Soranı) Gelışımınde Medyanın Rolü "Rudaw Tv, Trt Kurdî Ve Sahar Kurdı Örneğı "de*** adlı çalışmanın öneri aşamasından sonuçlanmasına kadar geçen süreçte bilimsel etiğe ve akademik kurallara özenle uyduğumu, tez içindeki tüm bilgileri bilimsel ahlak ve gelenek çerçevesinde elde ettiğimi, tez yazım kurallarına uygun olarak hazırladığım bu çalışmamda doğrudan veya dolaylı olarak yaptığım her alıntıya kaynak gösterdiğimi ve yararlandığım eserlerin kaynakçada gösterilenlerden oluştuğunu beyan ederim.

06/09/2022

HUNAR M. HUSSEIN M. RAOUF AL-SALIM AGHA

# ÖZET

Bu çalışma Kürtçenin lehçelerini ve terimlerini birbirine yaklaştırma ve birleştirmeye yönelik bir çözüm bulma girişimidir. Çünkü bizce terimlerin birleştirilmesi resmi bir Kürt dili oluşturmaya yönelik atılacak büyük bir adım olacaktır. Bu yüzden ilk adım olarak terimleri birleştirmekle başlayıp bunu Kürtçe lehçelerini birbirine yaklaştırma ve birleştirme konusunda temel bir nokta yapabiliriz. Ayrıca bunu yaparken Kürtçenin hiçbir lehçesinin ihmal edilmemesi gerektiğine işaret edilmiştir. Diğer halkların tecrübeleri de göstermiştir ki, farklı lehçelerin varlığı dil sürekliliğinin varlığıdır. Bu süreklilikten istifade edilerek resmi dil zenginleştirilebilir. Terimlerin birleştirilip farklı lehçeleri konuşanların bu terimleri aynı şekilde kullanması bu lehçeleri konuşan toplumdaki bireylerin birbirine yakınlaşmasını ve birlik olmasını sağlayacaktır. Bu çalışma uygulamaya konulduğu takdirde içinde bulunduğumuz bu dönem için önemli ve etkili bir adım olacaktır. Ayrıca medyanın Kürt dili ve lehçelerinin gelişimindeki rolünü belirtmeye yönelik bir çaba olacaktır**.**

Google Formlar kullanılarak gerçekleştirilen bu çalışma %100 elektronik olup online olarak katılımcılara gönderilmiştir. Formda araştırma formu doldurulduktan sonra formun cevaplarını birkaç saniye içerisinde doğrudan araştırmacıya ulaştıran bir gönderme butonu bulunmaktadır. Dolayısıyla bu özelliğin Kürt toplumunun çeşitli tabaka ve kesimlerine erişmemizi kolaylaştırdığı söylenebilir**.**

Anketin sonuçları şu şekildedir: 967 form Kurmanci olarak doldurulurken 781 form da Sorani olarak doldurulmuştur. Her iki lehçeyle doldurulan form sayısı toplamda 1748 formdur. Bu yolla hangi ülkede olurlarsa olsun ve hangi lehçeyi kullanırlarsa kullansın birçok kişiye ulaşabildik**.**

Araştırmanın sonunda ulaştığımız sonuçların en önemlileri şunlardır: Kürt halkının çoğunluğunun Kurmanci konuşurken daha sonra Sorani konuşmaktadır. Bu iki lehçe Kürtçe konuşanların çoğunluğunu teşkil etmekte olup önemli bir oranda Kürt kanalları yoluyla bilgi edinmektedirler. Başka bir deyişle ankete katılanların %70'i Kürtçe kanalları izlemektedir**.**

Kürt halkının çoğunluğu standart bir dilin olmasını veya hiç olmazsa bir Kürt'ün diğer Kürt'ü anlayabilecek düzeye gelmesini bir zaruret olarak görmektedir. Araştırmadaki istatistiklere göre katılımcıların %75'i diğer lehçeleri duymak, onları tanımak, onlara dair bilgi sahibi olmak ve onları anlamak istemektedir. Bu durum Kürt kanallarının tüm lehçeleri kullanması ve diğer lehçeleri konuşanların nicel olarak az olmasını gerekçe gösterip yayınlarında onlara yer vermemelerini gözden geçirmeleri gerektiğini bizlere söylemektedir.

Bu yüzden bu konuda çok dikkatli davranıp hiçbir Kürt'ün kendi lehçesini az ve ihmal edilmiş hissine kapılmasına mahal verilmemelidir.

Anketimize göre katılımcıların %56'sı Latin alfabesini kullanmak istimekteyken Arap alfabesini kullanmak istemiyorlar .

Katılımcıların çoğuna göre Rûdaw, Seher Kurdî ve TRT Kurdî Kürtçe konuşanların çoğunluğunun kullandığı iki temel lehçeyi kullanarak bu iki lehçenin birbirine yakınlaşmasına önemli bir etkide bulunmuşlardır. Bununla beraber televizyon kanalları yoluyla birçok kişi Sorani öğrenmiş bulunmaktadır. Bu durum Kürtçenin hiçbir lehçesinin zor olmadığını göstermektedir. Çünkü Kürt dilinin temeli aynı olup sözcüklerin çoğunluğu birbirine benzemektedir, sadece telaffuz yönünden birbirinden ayrılmaktadır. Ayrıca Kürt kanallarının Kürt diline hizmet etmek için gelecekte Kürtçenin tüm lehçelerini kullanmaları gerektiği öne çıkmaktadır. Böylelikle diğer lehçelerin konuşanları tarafından başka lehçelerin öğrenimini arttıracaktır. Dolayısıyla basın yoluyla Kürt dilini geliştirip diğer lehçelerin öğrenimine katkı sağlamaya yönelik bize bir yol göstermektedir.

**Anahtar Kelimeler:** Medya, Kürtçenin Lehçeleri, Kurmanci, Sorani, Rûdaw TV, TRT Kurdî, Sahar Kurdî TV

**ABSTRACT**

This material is an attempt to find a solution to bring the dialects of Kurdish closer together and unite its dialects, because we believe that by uniting dialects, we take a big step forward to creating an official Kurdish Language. Therefore, the first step can be to start with the dialect and make it the cornerstone of the synthesis and unification of the dialects of the Kurdish language. It is also pointed out that no Kurdish dialect should be forgotten and ignored because according to the experience of other nations, the existence of these different dialects is the existence of a language chain. Therefore, this series should be used to enrich the official language by unifying dialects and using them as one among all individuals of different dialects.

This research was done by Google Form (100%) electronically sent to Online after filling it out by the person who has a sending point The person who delivers the answer to the researcher in a few seconds, it appears that this method will be its work that we can reach all the classes and classes of the Kurdish society **.**

The results of the survey were as follows: (967) online forms were filled out in Kurdish dialect and (781) online forms were filled out in (Sorani) dialect, the total number of forms in both dialects reached 1748, thus we were able to reach most of the citizens in any country or use any dialect of Kurdish**.**

It seems that most of the Kurdish people are speaking by the Kurdish (Kirmanji)dialect and then the Kurdish (Sorani). Both of them make the most of the Kurdish nation's speeches, and it is important that they benefit from receiving information through Kurdish channels, meaning that 70% of the participants in this survey are Kurdish channel viewers**.**

Most of the Kurdish citizens in all four parts of Kurdistan know that the united language is very important, or at least of all Kurds wherever they understand their Kurdish brother who speaks, and this is according to the statistics that 75% of Kurdish citizens say they are all This dialect will be Kurdish and they will be familiar with the city and they will try to understand it and this is a bell for all the channels to announce that all dialects Use the methods and don't ignore any of these dialects under the excuse of the low rate of its speakers, Therefore, we should be very careful about this issue and not allow any Kurdish person to feel their own dialect is underrated and neglected.

According to the survey, it is shown that Kurdish citizens in 56% rate should use Latin

spelling and they are the leader of the Arabic Arami context.In the opinion of most of the participants, the channels of Rudaw, Sahar Kurdi, and TRT Kurdi have made effective in the closeness of the main Kurdish dialect, Most of the Kurdish speakers speak both Upper and Lower Kurdish dialects. During this time, a large percentage of Kurdish speakers have learned Lower Kurdish (Sorani) dialect, which reaches 28%, this is through media channels and this is a sign that no dialect is difficult to learn because the base of the Kurdish language is the same and most of the words go to one another only different phonetic and it seems that in the future all Kurdish channels should use all dialects for that To make a Kurdish language service, There are many citizens who have learned another dialect, so this shows us a way to develop the Kurdish language and learn dialects through the media as the best channel of communication and integration**.**

**Keywords**: Media, Dialects of Kurdish, Kurmanji, Sorani, Rûdaw TV, TRT Kurdî, Sahar Kurdî TV

## KURTE

Ev xebat ji bo lihevnêzîkkirina zaravayên kurdî û yekkirina termên wî hewla peydakirina çarerêyekê ye. Ji ber ku li gorî me yekkirina termên kurdî dê bibe gaveke mezin ji bo zimanekî fermî yê kurdî. Lewma em dikarin bi yekkirina terman dest pê bikin û vê yekê bi bikaranîna ragihandina kurdî ji bo encamdan û asankirina vî karî bikin xaleke bingehîn ji bo lihevnêzîkkirina zaravayên kurdî. Her wiha hatiye amajekirin ku wexta ku ev yek tê kirin, divê tu zaravayekî zimanê kurdî neyê paşguhkirin. Çinku tecrubeyên miletên din jî nîşan daye ku hebûna van zaravayên cuda hebûna berdewambûna zimanî ye. Lewma divê sûd ji vê berdewambûnê bê wergirtin û zimanê fermî pê bê dewlemendkirin. Bi yekkirina terman û wekî hev bikaranîna wan di navbera takekesên zaravayên cuda de, sûda wê ji bo lihevnêzîkirin û yekkirina takekesên civakê û zaravayên wê çêdibe. Eger ku ev xebat bê pratîkkirin**.**

Ev lêkolîn bi Google Formê hatiye çêkirin û %100 elektronîk e û bi awayekî online ji beşdaran re hatiye şandin. Piştî ku forma lêkolînê tê tijîkirin, xala wê ya şandinê heye ku di nav çend çirkeyan de rasterast bersivan digihîne lêkoler. Diyar e bandora vê rêbazê heye ku em bikarin bigihîjin hemû çîn û tebeqeyên civaka kurdî**.**

Encamên rapirsiyê bi vî awayî bûn: Bi zaravayê kurmancî 967 formên online hatin tijîkirin, bi zaravayê soranî 781 formên online hatin tijîkirin; bi giştî bi her du zaravayan 1748 form hatin tijîkirin. Bi vê rêyê li kîjan welatî bin yan jî kîjan zaravayê kurdî bi kar bînin me karî em bigihîjin gelek kesan**.**

Diyar e ku piraniya gelê kurd bi kurmancî diaxive û piştre jî soranî tê. Her du zarava bi hev re piraniya axêverên zimanê kurdî pêk tînin û giring e ku rêjeyeke berbiçav bi rêya kanalên kurdî sûdê ji zanyariyan werdigirin. Ango nêzîkî %70yê beşdarên vê rapirsiyê temaşevanên kanalên kurdî ne**.**

Piraniya hemwelatiyên kurd ên her çar parçeyên Kurdistanê zerûret dizanin ku bibin xwedî zimanekî hevgirtî yan qet nebe her kurd li her ku be bikare ji kurdekî din fam bike ku pê re xeber dide. Ev yek jî li gorî amaran derketiye ku %75ê beşdaran dixwazin ku li hemû zaravayên kurdî guhdar bikin û wan nas bikin û agahiya wan li ser wan hebe û hewla famkirina wan didin. Ev yek jî ji bo hemû kanalên kurdî nîşaneyek e ku kanalên ragihandinê hemû zaravayan bi kar bînin û bi hinceta kêmbûna axêveran tu zaravayekî paşguh nekin. Her ji ber vê yekê divê haya me ji vê xalê hebe û bi hûrî miameleyê bi wê re bikin da ku tu

takekesekî kurd zaravayê xwe kêm û paşguhxistî nezane. Bi gotineke din hemû takekesên kurd xwe di kanalên ragihandinê de bibînin. Ji ber vê yekê jî divê em di vê mijarê de pir hişyar bin û nehêlin ku tu kurdekî devoka xwe kêm binirxîne û paşguh bike.

Di vê rapirsiyê de derdikeve ku kesên beşdar bi rêjeya %56 dixwazin ku rênûsa latînî bi kar bînin û xwe ji rênûsa aramî dûr dibînin.

Li gorî fikra piraniya beşdaran kanalên Rûdaw, Seher Kurdî û TRT Kurdî bi bikaranîna du zaravayên sereke yên kurdî ku piraniya axêverên zimanê kurdî bi wan her du zaravayan xeber didin, bandoreke zêde li ser nêzîkkirina zaravayên kurdî ên serekî kiriye. Di gel vê yekê bi rêya kanalên ragihandinê rêjeyeke zêde hînî soranî bûye. Ev yek jî amajeyek e ku tu zaravayekî kurdî ji bo hînbûnên giran nîn e. Ji ber ku bingeha zimanê kurdî her yek e û piraniya peyvan dişibin hev, tenê bilêvkirina wan cuda ye. Her wiha derdikeve ku pêwîst e di siberojê de temamê kanalên kurdî hemû zaravayan bi kar bînin da ku xizmetê zimanê kurdî bikin û ew hemwelatiyên ku hînî zaravayekî din bûn gelek zêde ne. Lewra ev yek jî rêyekê nîşanî me dide da ku em bikarin bi rêya ragihandinê geşe bi zimanê kurdî bidin û zaravayên kurdî hîn bibin.

**Peyvên Sereke:** Medya, Zaravên Kurdî, Kurmancî, Soranî, Rûdaw TV, TRT Kurdî, Sahar Kurdî TV

# پێشەکی

پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بە پرۆسەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت، وەکو بنەمای لەیەکتر تێگەیشتن و وردبوونەوە، لە کەسانی دەوروبەر، لە هەموو ژینگە و کۆمەڵگەیەکدا، ئەمەش چەندین واتا دەبەخشێت، لە چوارچێوەی پەیوەندی مرۆڤەکان بەیەکترەوە، یەکێك لە توانا پێویستەکانی ئەم بابەتە، پەیوەندیکردن و مامەڵەکردنی مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتر، بە واتایەکیتر کاتێك پەیامەکە کاریگەری لەسەر کەسەکان دروست دەکات، یان پەیامی مرۆڤێك کاریگەری لەسەر مرۆڤی بەرامبەری دادەنێت. هەموو ئەو بابەتانەی کە ئاماژەمان پێکرد، لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە چوارچێوەی پەیوەندیکردندا ڕوودەدەن.

بۆ ئەوەی پرۆسەی پەیوەندیکردن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا سەرکەوتووبێت، پێویستە چەندین فاکتەر و میکانیزم و شارەزایی بوونیان هەبێت، وەکو توانای قسەکردن و ئاخاوتن، زمان و بیرکردنەوە، جووڵەی جەستە و چەندین میکانیزمی تر، هەبوونی ئەمانە وا دەکات پەیامەکە لە دووتوێی پرۆسەی پەیوەندیکردندا بگاتە شوێنی خۆی، و کەسی بەرامبەر وەریبگرێت، بە واتای ئەوەی پەیامەکە گوزارشت لە خوازراوەکە بکات.

بە تێپەڕبوونی کات، مرۆڤ چەندین داهێنانی گەورە و گرنگی لە بواری هۆیەکانی پەیوەندی کردندا ئەنجامدا، بەمەش هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە لەسەردەمی ئێستاماندا پێیان دەگوترێت هۆکارەکانی ڕاگەیاندن (The Mass Media). ئەمانە توانای تەکنۆلۆژی بەهێز و قوڵیان هەیە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر تاکەکان لە کۆمەڵگادا دروست بکەن. هەروەها کاریگەری لەسەر دیسپلین و بەها و بۆچوون و لێکدانەوە و شێوازی بیرکردنەوە دروست دەکەن. بەمەش هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵگە دروست دەکات بەرێگەی جیاواز. لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کلتور و دابونەریت و هۆشیاری کۆمەڵگەوە هەیە، ئەمەش وا دەکات کاریگەری بەهێزی لەسەر بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هەبێت، ئەم هۆکارەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەبێت لە پرسە جیاوازەکانی ڕۆژدا.

توێژینەوەکـــان جەخـــت لەســـەر ڕۆڵ و کـــاریگەری ڕاگەیانـــدن دەکەنەوە، پێیـــانوایە ڕۆژ بە ڕۆژ پـــێگەی بەهێزتـــر دەبێـــت، لە هەمـــوو بوارەکـــانی ژیـــانی تـــاك لە کـــۆمەڵگەدا، ئەمەش لە ســـۆنگەی ئەوەی کە تـــا ئێســـتا لەو بـــوارەدا ڕوویـــداوە. لەم ســـەردەمەدا ڕاگەیانـــدن لەنـــاو هەمـــوو ئـــامێرە ئەلکترۆنیەکانـــدایە، لە ڕێگەیـــانەوە پەیـــام ئاراســـتەی هەمـــوو چینەکـــانی کـــۆمەڵگە دەکـــات، بە جۆرێـــك ڕۆڵێکـــی تەوەرەیـــی دەگێرێـــت و کـــاریگەری ڕاســـتەوخۆ دروســـت دەکـــات، لەســـەر هەڵســـوکەوت و جموجـــۆڵی تـــاك لەکـــۆمەڵگەدا، لە ڕێـــگەی بڵاوبـــوونەوەی بابەتە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە.

دروســـت کـــردن وبەرهەمهێنـــانی نـــاوەڕۆکی بابەتەکـــانی ڕاگەیانـــدن، کۆمەڵێـــک کەرەســـتە و فـــاکتەری پێویســـتە، تـــا بگـــاتە ئاســـتێک بتوانێـــت پەیامەکـــان بگەیەنێـــتە شـــوێنی خـــۆی. ئەو بنەمـــا و تایبەتمەنـــدیانەش زۆر بـــابەت و چوارچێـــوە و ڕەهەنـــد لە خـــۆ دەگرێـــت، بـــۆ نمـــوونە پێویســـتە بنەماکـــانی ڕاگەیانـــدن، شـــێوە و شـــێوازی تایبەتیـــان هەبێـــت، چ بە نوســـراو و تێکســـت بێـــت، لە نـــاو گۆڤـــار و ڕۆژنامەکانـــدا، یـــان بینـــراو و بیســـتراو بێـــت ئەمە لە لایەك، لە لایەکـــی تـــرەوە پێویســـتە ئەو تـــوێژەی کە پەیـــامەکەی ئاراســـتە دەکرێـــت دیـــاری کـــراو بێـــت، تـــوێژینەوەی پێویســـت لەســـەر کاریگەریەکـــانی ئەو پەیـــامە لەســـەر ئەو تـــوێژە کـــرا بێـــت، بە مەبەســـتی دڵنیـــابوونەوە لە گەیانـــدنی پەیـــامەکە، چـــونکە پەیامەکـــانی ڕاگەیانـــدن چەنـــدین بنەمـــا و پێکهـــاتە لە خـــۆ دەگرێـــت، کە پێویســـتە هەموویـــان بە شـــێوەیەك ڕێکبخـــرێن کە دڵنیـــابوونەوەی ئەوەی تێـــدا بێت کە پەیامەکان وەکو خۆی دەگات و ئامانجەکان بەدەست دەهێنێت.

ڕەهەنـــدی ڕاگەیانـــدن دابـــڕاو نـــیە لە کـــۆمەڵگە، هـــیچ دەزگـــایەکی ڕاگەیانـــدن ســـەرکەوتوو نابێـــت، ئەگەر زانیـــاری تەواوی لەســـەر کـــۆمەڵگەکەی خـــۆی نەبێـــت و نەزانێـــت چـــۆن پەیامەکـــان ئاراســـتە بکـــات، بە شـــێوازێک کە ســـەرنج ڕاکـــێش بێـــت، بـــۆ هەمـــوو ئەو کەســـانەی پەیامەکەیـــان ئاراســـتە دەکرێـــت. هەر تـــوێژ وگروپێـــک لە کـــۆمەڵگەدا، بە شـــێوەیەکی تـــایبەت، پەیـــامی ئاراســـتەکراو وەردەگرێـــت، بـــۆیە دەتـــوانین بڵێـــین ئاراســـتەکردنی پەیـــام پێویســـتی بە زەمینـــە خۆشـــکردن هەیە، بـــۆ ئەوەی هەســـتێکی لای تـــاك دروســـت بکـــات، و وا بکـــات بـــۆ ئەوەی پەیـــامەکە وەربگرێـــت. زۆرجـــار پەیـــامی ڕاگەیانـــدن گواســـتنەوەی هەســـتێکە یـــان بیـــرۆکەیەکە یـــان ریکلامـــێکە بـــۆ کـــاڵایەك، یـــان ســـۆزێکە بـــۆ بابەتێـــك، هەمـــوو ئەوانە نـــاوەڕۆکی پەیـــامی ڕاگەیانـــدنن، بـــۆ ئەوەی جۆرێـــك لە پەســـندکردن لای گـــوێگر یـــان وەرگـــر یـــان خـــوێنەر دروست بکات.

لەم سۆنگەیەوە چەندین دامودەزگا و فەرمانگەی میری و ڕێکخراو و پارتە سیاسی بوونیان هەیە، کە کەمپینی ڕاگەیاندن ئەنجام دەدەن و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە شێوازی جۆراوجۆر بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن، تا پەیامەکانیان بگاتە شوێنی مەبەست. بۆ نمونە کاتێك پەیامێك دەخوازێت هانی تاکەکانی کۆمەڵگە بدات بۆ ئەوەی کاڵایەک بکڕن یان جۆرە بڕیارێک بدەن یان جۆرە هەستێکیان لا دروست بکات. هەروەها چەندین جۆری کەمپینی تر لە پێناو ئامانج ومەبەستی هەمەچەشنەدا ڕێکدەخرێن. تۆکمەیی ئەم هەنگاوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆسەی ڕاگەیاندن سەرکەوتوو بێت.

ڕۆڵ و بایەخی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەی گەیاندن، بیستراو یان بینراو، ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسەنێت ، چونکە سەرچاوەی گەیاندنی زانیاری و هەواڵە. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە چاودێری سیاسین، بەدواداچوونی چڕوپڕ دەکەن بۆ پەیامەکانی ڕاگەیاندن و مەبەستەکانی، بە هەمان شێوە مرۆڤەکان لە بوارەکانی کلتور و شارستانی و هونەر و وەرزش و فاشیۆنی جلوبەرگ و تەندروستی و تەکنۆلۆجیا و چەندین بواری تردا، هەوڵ دەدەن زانیاری و هەواڵی پێویست لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە بە دەست بهێنن. بێگومان ڕۆڵی ڕاگەیاندن تەنها ئەوە نیە هەواڵ بگەیەنێت، بەڵکو زۆر جار دەبێتە میکانیزمی گەیاندنی دەنگی خەڵك بۆ شوێنی مەبەست، یان لێپێچینەوە لەگەڵ بڕیار بەدەستان یان دروست کردنی جۆرێك لە ڕاو بۆچوونی گشتگیر.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە ئاماژەمان پێکرد، پێویستە ڕاگەیاندن شەفاف بێت، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە سەرچاوەی گەیاندنی زانیاریە و جێگەی متمانەی هەمووانە. پێویستە ڕاگەیاندن ڕەچاوی دوو خاڵ بکات: یەکەم: ڕاستگۆیانە پەیامەکان بگەیەنێت بە شوێنی مەبەست و مینبەری گەیاندن بێت بۆ ئەو مەبەستە، دووەم: دووربکەوێتەوە لە ووتاری توند، تاوەکو نەبێتە هۆکاری دروست کردنی ڕق و کینە لە کۆمەڵگەدا، یان نەبێتە سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانە، کە دەرگای ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەیان بە شێوەیەکی ڕەها کردووەتەوە، کە لە ڕێگەیانەوە هەموو کەسێک دەتوانێت پەیامی خۆی زۆر بە ڕەهایی بگەیەنێت، ئەمە لە لایەك، لەلایەکی ترەوە وەکو هۆکارێك بۆ بڵاوکردنەوەی چەندین جۆرە ڕاوبۆچوون بەکاردەهێنرێت، دەرهەق بە سیاسەت و بابەتەکانی تریش.

ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەشێکی یەکانگیرن لە گەڵ کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی، چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ گەیاندنی پەیامەکانی ڕاگەیاندن بە کۆمەڵگە، کە هەوڵ دەدات بگاتە جەماوەر و ڕای گشتی لەسەری دروست بکات. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، دەروازەیەکی تازە کرایەوە، دەکرێت بە سەردەمی شۆڕشی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ناو ببرێت، بە جۆرێک تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزێکی زۆرەوە هاتنە مەیدان، گڕوتینی ئەم شۆڕشە بە کۆتا نایەت و بەردەوام دەبێت لەگەڵ داهێنانە تەکنۆلۆجیەکان.

لەسەر دەمی ئێستاماندا ڕاگەیاندن و هۆکارەکانی بوونەتە پێکهاتەیەکی سەرەکی لە ژیانی ڕۆژانەی هەر تاکێکدا، هەر کۆمەڵگە و وڵاتێك بیەوێت بە هێزبێت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری و ژیاریەوە، پێویستە دەزگای ڕاگەیاندنی تۆکمەی هەبێت، پرۆژەی گەشەپێدان و پەرەپێدان سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لە پشتیەوە دەزگای ڕاگەیاندنی تۆکمە و بەهێز بوونی نەبێت.

زمان، تەنها کۆمەڵێك دەستەواژە ووشە نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دروست کردنی بیروڕا و شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردان و هەڵسوکەوت، لە کۆتاییدا ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕێت لە دروستکردنی کەسایەتی تاك لە کۆمەڵگەدا، بە پشت بەستن بە میکانیزم و ئەزموونی ژیاری و مێژووی نەتەوەکەی، ئەو کەسەی بە زمانێك قسە دەکات، لە ڕاستیدا بەو شێوازە بیردەکاتەوە و کیان و ئەزموونی ژیانی لە چوارچێوەی زمانەکەیدایە، نوێنەرایەتی مێژوو و کلتوور و ژیارێك دەکات، جۆرە فەلسەفەیەك نمایش دەکات. دەکرێت ئاماژە بەوە بکەین کە زمان چەند قۆناغێکی هەیە. لەوانەیە هەندێکجار زمان بکەوێتە قۆناغی داڕمانەوە، بە هۆکاری جۆراوجۆر، وەکو هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ....هتد. کاتێك باسی زمانی کوردی دەکەین دەبینین چەندین قۆناغی بڕیووە، لە کۆتیۆم و سۆپارتۆ و لۆلۆبیەکان و میتانیەکانەوە تا دەگاتە زمانی میدیی لە سەردەمی ماددەکان، کە پێدەچێت لە باوەشی کۆمەڵگای کوردەواریدا گەشەی کردبێت، دواتر بووە بە چەند شێوەزار و دیالێکتیک و بنەما ڕێزمانیەکانی چوارچێوە و فۆرمی خۆیان وەرگرتووە. لە سەددەی حەوتەمی ز. کاتێک کە کورد موسڵمان دەبێت و دەچێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە ، زمانی کوردی بەسەر چوار شێوەزار یان دیالێکت دابەش دەبێت، ئەمەش لەسەر بنەمای دەنگ و مۆرفۆلۆجی و پێکهاتەی سینتاکس، کە هەندێکیان چون یەکن و هەندێکیان جیاوازن. هەڵبەتە ئەوەش تووێژینەوەی تایبەتی دەوێ بۆ گەیشتن بە بنەمای بنەچەی وشەکان.

هەروەك لە زانستی زماندا هاتووە، زمانەکان بە یاسای پەرەسەندن (قانون التطور)دا تێپەڕ دەبن. زانایانی زمانناسی چەندین هۆکاری گرنگ دەست نیشان دەکەن کە کاریگەریان لەسەر زمان هەیە، ئەوانیش هۆکاری (مانەوە و جێگیر بوون و هەڵوەشانەوە و پچڕان). هەندێک لە زانایان بۆچونیان وایە کە سروشتی پێکهاتەی زەوی ناوچەکان کاریگەری زۆریان هەیە، بۆ نموونە کاتێك زەوی ناوچەیەک بێ پیت وبەرەکەتە، ئەوا خەڵکی ئەو ناوچەیە ناچار دەبن بڕۆن بۆ شوێنێکی تر لە پێناو پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خۆیاندا، بەو شێوەیە مرۆڤەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی جۆراو و جۆردا تێکەڵ دەبن و زمان و کەلتوور و دابونەریتی جۆراوجۆر دەبینن. بەو شێوەیە زمانەکان و شێوەزارەکان بە یەکتری ئاشنا دەبن، بەڵام ئەگەر سروشتی زەویەکە بە پیت و بەرەکەتدار بێت ئەوا خەڵکەکە دەمێننەوە و لە شوێنی خۆیان ناجوڵێن و دادەبڕێن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک شێوەزاری زمان وەک خۆی بمێنێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، بۆ نمونە زمانی ئەسکیمۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی بە خۆوە نەبینیوە، لە کاتێکدا زمانی فەرەنسی گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهاتووە و تەنانەت ئەگەر لە گوندێک بچیت بۆ گوندێکی تر هەست بە گۆڕانکاری دەکەیت.

ئاماژەدان بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەکردن وبڵاوکردنەوەی زمانی کوردیدا، قسەی زۆر هەڵدەگرێت و لق و پۆپی زۆری لێ دەبێتەوە، بەڵام بەر لەوەی بچینە ناو ئەم بوارە پێویستە ڕەهەندەکانی گرنگیی زمان شیبکەینەوە، لە لایەکی ترەوە پەیوەست بوونی مرۆڤەکان بە زمان و بابەتەکانی پەیوەست بەو باسەوە و ڕەهەندەکانی لە بەشەکانی داهاتوودا دەخەینە ڕوو.

توێژەر

# سوپاس وپێزانین

سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی دەکەم کە هاوکارییان کردم ... سوپاسی سەرجەم مامۆستاکان دەکەم کە بە سەرپەرشتی ورێنمایی و شارەزاییان ئاشنایان کردم هاوکاریان کردم لە تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیەدا.

## کورتکراوەکان

هـ.ئەوروپی : هیندۆ ئەوروپی

ک.سەروو : کرمانجی سەروو

ک.خواروو : کرمانجی خواروو

ز. : زایینی

نە. کورد: نەتەوەی کورد

# پێرستی فیگەرەکان

فیگەر 1 شێوەزارەکاني زمانی کوردی ........ 85
فیطەر 2 رەطەز ........ 122
فیگەر 3تەمەن ........ 122
فیگەر 4شوێني نیَشتەجێ بوون ........ 123
فیگەر 5 ئاستي خوێندن ........ 123
فیطەر 6باری ئابووری ........ 124
فیگەر 7ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟ ........ 127
فیگەر 8 ئایا زیاتر سەیری کام کەناڵی ئاسمانی کوردی دەکەیت؟ ........ 127
فیگەر 9 چۆن دەزانیت باشترین کەناڵن؟ بە چ پێوەرێك ؟ ........ 128
فیگەر 10 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز لە دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی تێگەیشتنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟ ........ 129
فیگەر 11 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی قسەکردنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟ ........ 129
فیگەر 12 ئایا چ جۆرە رێنووسێکی کوردیت پێ باشە لە ڕاگەیاندنەکان بەکار بێت .کە بەسوود بێت بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی ؟ ........ 130
فیگەر 13 بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟ ........ 131
فیگەر 14بە ڕای تۆ ئەو تێکەڵ کردنەی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەیکەن . پەرە بە زمانی کوردی دەدات و کاریگەری لەسەر نزیک کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دروس دەکات ؟ ........ 132
فیگەر 15ئایا پێت باشە تێکهەڵکێشی دیالێکتە کوردیەکان لە زمانی بەکارهێنراوی کەناڵە کوردیەکان بکرێت ؟ ........ 132
فیگەر 16 Structure of our one sample T test : ........ 133
فیگەر 17- ئایا چ جۆرە رێنووسێکی کوردیت پێ باشە لە ڕاگەیاندنەکان بەکار بێت .کە بەسوود بێت بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی ؟ ........ 136
فیگەر 18تەمەن ........ 138
فیگەر 19ذمارةي (بةلَي)ية كان لة تةماشاكردني كةنالَة كورديةكان بة ثيَي ئاستي خويَندةواري ........ 138
فیگەر 20 بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟ ........ 142
فیگەر 21بە ڕای تۆ کام شێواز لە بەکار هێنانی دیالێکتە کوردیەکان دەشێت لە داهاتوودا ببێتە شێوازی فەرمی گشت کەناڵەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن ؟ ........ 145
فیگەر 22 بەڕای تۆ تۆری میدیایی ڕووداو و Sahar Kurdî و TRT Kurdî تا چەند توانیویەتیان پەرە بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدەن؟ ........ 149

## ثێرستي خشتةكان


خشتەی 1 :وةسفى شيكاري ئاماري برِطةي يةكةم (زانياري طـشـتـى) ............ 120

خشتەی 2 وةسفى شيكاري ئاماري برِطةي دووةم (کاریگەری راگەیاندن لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی ) ............ 124

خشتەی3 نموونةي T Test ............ 133

خشتەی 4 Chi Square Test ............ 135

خشتەی 5 هةلَسةنطاندني Chi Square Test بؤ تةوةري يةكةم (زانیاری گشتی) ............ 136

خشتەی 6 هةلَسةنطاندني ( Chi Square Test ) بؤ تةوةري دووةم ............ 138

خشتەی 7 هةلَسةنطاندني ( Chi Square Test ) له نیوان تەماشاکردنی کەناله ئاسمانیەکان و توانای تێکەلي دروست کردن له نیوان دیالیکته جیاوازه کوردیەکان ............ 140

خشتەی 8 شيكردنةوةي ئاماري بؤ برِطةي سيَيةم ............ 143

خشتەی 9 بەرای تۆ تۆری میدیایی رووداو و Sahar Kurdî و TRT Kurdî به چ شێوازێک دیالێکته کوردیەکان بەکاریێنن ؟ ............ 144

خشتەی 10 One-Sample ئاماري (Test Value=2 and N=1632) ............ 146

خشتەی 11 Chi Square test ............ 146

خشتەی 12 هةلَسةنطاندني ( Chi Square Test ) ............ 149

# ڕێخۆشکردن

- ❖ پێناسەی توێژینەوەکە
- ❖ گرنگی توێژینەوەکە
- ❖ ئامانجی توێژینەوەکە
- ❖ هۆیەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە
- ❖ میتۆدی توێژینەوەکە
- ❖ سنوری توێژینەوەکە

## پێناسەی توێژینەوەکە:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چەندین کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیان بەسەر زمانەوە هەیە، بەڵام کاریگەریە نەرێنیەکانی زۆرترن لە ئەرێنیەکان، چونکە زمان هەندێك بنەما و بناغە و ڕێکاری هەیە، پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت، ئەگەر پێویستیمان بە پاراستنی زمان هەیە , پێشکەوتنی راگەیاندن وای کرد لەیەك کاتدا قسە لەگەڵ زیاتر لەهەستێکی مرۆڤ دا بکات وبچێتە ناخی دەرونیەوە و هەڵچونی جیاجیا تیادا دروست بکات لەخۆشی و ناوخۆشی و سەرسورمان ..... هتد . هەموو ئەو پێشکەوتنانەی بوارەکانی راگەیاندن تاکو سەدەی بیستەم کە نوسراو بوون و دەستی لێکۆلینەوەی زانستیان نەگەیشتبووی بەتایبەتی لەکاتێکدا کە هۆکاری راگەیاندن تەنها رۆژنامەبوو . چونکە تاکو ئەو ماوەیە سنووری کاریگەرییەکەی لەرووی دەروونی کۆمەلایەتی و جەماوەرییەوە دیاریکراو بوو، تەنها تایبەت بوو بۆچینێکی دەستنیشان کراوی خوێندەواران. بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا شۆرشێکی گەیاندنی نوێ دەستی پێکرد ناوی لێنرا میدیای نوێ ، کەلە پێشکەوتنی ئامێروو تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت سەرچاوە گرت. ئەوەش وای کرد کە باڵا دەستی بە سەر رۆژنامە رادیۆ و تەلەڤزیۆن دا بسەپێنێت و رۆڵ و ئەرکی راگەیاندن فراوانتر و کاریگەرتر بکات بۆسەر جەماوەرێکی زیاتر.

نامەویت لە ئەرك و ماندووبوونی تەلەفزیۆنەکانی تر کەم بکەمەوە بەڵام هەڵبژاردنی ئەم سێ کەناڵە پەیوەندی بە چەند هۆکارێك بووە ئێمە باس لە سیاسەتی کەناڵەکە ناکەین بەڵام بە زووری جەماوەر تەماشای دەکەن خیرایی کەناڵەکە و بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکان لە بەرنامەکانیدا و دەستکراوەییان و دەرکەوتنی کەناڵەکان لە زیاتر لە چەند مانگێکی دەستکرد وای کردووە ئەم کەنالانە هەڵبژیرین وەك نموونە واتە کەناڵەکانی رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆلێکنزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و یەکخستنی زاراوەکانی,چونکە ئێمە پێمان وایە بە یەك خستنی زاراوە هەنگاوێکی گەورە دەنێین بۆ دروست کردنی زمانێکی کوردی فەرمی.کەواتە دەشێت هەنگاوی یەکەم یەکەم لە زاراوە دەست پێبکەین و بیکەین بە بەردی بناغەی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.هەروەها ئاماژەش بەوە کراوە نابێت بە هیچ شێوەیەك زارێك لە زارەکانی زمانی کوردی فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێنەدرێت, چونکە بە پێی تاقیکردنەوەی گەلانی ترئەوە دەرکەوتوە کە بوونی ئەم دیالێکتە جیاوازانە بوونی زنجیرەی زمانیە, بۆیە دەبێت سود لەو زنجیرەیە وەربگیرێت و زمانی فەرمی پێ دەوڵەمەند بکرێت.

## گرنگی توێژینەوەکە:

راگەیاندن تەنیا لە کوردستان و بۆ ئێمەی کورد گرنگ نییە ، بەڵکو لە هەموو جیهان و بۆ هەموو کەسێك زۆر گرنگە . ئێمە ناتوانین بیر لە ژیانێك دوور لە ئامرازەکانی راگەیاندن ( رۆژنامە و گۆڤار ، رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنیت) بکەینەوە ، بە تایبەتیش لە کاتی ئێستا ، کە دەبینین راگەیاندن

کارێگەری زۆری لەسەر دەسەڵات و دروستکردنی رای گشتی و هەموو بوارەکان هەیە. ڕێژەیەکی بەرچاو سودمەندن لە وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە ڕێگەی کەناڵە کوردییەکانەوەیە، واتە نزیگەی % 70 بەشدار بوانی ئەم ڕاپرسییە بینەری کەناڵە کوردییەکانن دیارە کە هەموو کەناڵەکان بینەریان هەیە بەڵام باڵاکشانی هەر سێ کەناڵەکانی رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî بە ئاشکەرا دیار و روونە کە هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە رێژەکەی بەرچاو تەماشای ئەم کەناڵانە دەکەن و چاوەری هەواڵ و زانیاریەکانی دەکەن

بە رایی زۆربەی بەشداربووانی ئەم ڕاپرسییەکە کەناڵەکانی رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî کاریگەری زۆریان کردووە لە سەر نزیگکردنەوەی دیالێکتە کوردییە سەرەکییەکان ئەویش بە بەرکارهێنانی دوو دیالێکتی سەرەکی کە زۆربەی قسەکەرانی زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو قسە دەکەن لەم میانەدا رێژەیەکی زۆر فیری دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی ) بوونە کە دەگاتە 28 % ئەوەش بە رێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ەوە ئەمەش ئاماژەیە کە هێچ دیالێکتیك قورس نیە بۆ فیربوون چونکە بناغەی زمانی کوردی هەر یەکێکە و زۆربەی وشەکان بە یەك دەچن تەنها فونەتیکی جیاوازە هەروەها دەردەکەوێت کە پیویستە لە داهاتوودا سەرجەم کەناڵە کوردیەکان هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی خزمەتی زمانی کوردی بکەن

بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە زمانی کوردی بدەین و دیالێکتەکان فیربین ئەوەیش بە رێگای راگەیاندنەوەیە وەك باشترین کەناڵی پەیوەندی و لە یەکنزیگکردنەوەی دیالێکتەکان .

بەم پێیەش لە راپرسیەکەدا دیارە کە رێژەیەکی زۆر فیری دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) بوونە ئەوەش چونکە رێژەی قەسەکەرانی کرمانجی سەروو زیاترە بۆیە رێژەکە بەم شێوەیە دەرچووە ئەمەش ئاماژەیە کە هێچ دیالێکتیك قورس نیە بۆ فیربوون چونکە بناغەی زمانی کوردی هەر یەکێکە و زۆربەی وشەکان بە یەك دەچن تەنها فونەتیکی جیاوازە بەیەکخستنی زاراوە و وەك یەك بەکارهێنانی لە نێوان هەموو تاکەکانی دیالێکتە جیاوازەکاندا سودی لێکنزیککردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵ و دیالێکتەکانی هەیە

ئامانجی توێژینەوەکە:

زمانی کوردی لە پەیوەندیە سروشتیەکەی خۆیدا لەناو دیالێکتەکانی خۆیدا بەردەوامە و ئەمەش وای لە دیالێکتەکان کردووە بونێکی سروشتی تەواو جیاوازیان هەبێت لە زمانە پێوانەییە دروستکراوەکان وئەو دیالێکتە نا سروشتیانەی کە لەزمانە پێوانەییەکان کەوتوونەتەوە , لەگەڵ ئەو دیالێکتە سروشتیانەدا کە وەك زمانی خێڵێك یان بنەماڵەیەك دەرکەوتوون و توانای ئەوەیان نییە لە زمانی بنەماڵە و خێڵێی بچووکەوە گەشەبکەن بۆ زمانێکی ئەدەبی باڵا کە لە سنووری بنەماڵەو خێل دەربچێت و بکەوێتە ناو

پرۆسەی بە زمان بوونەوە. زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زەرورەتی دەزانن کە ببینە خاوەن زمانێکی یەگرتووی یان بە لایەنی کەم هەموو کوردێك لە هەر شوێنیك بێت لە برا کوردەکەی تێبگات کە قسە دەکات ئەمەش بە پێ ئامارەکان دەرکەوتووە کە رێژەی لە 75% هاوڵاتیانی کورد دەیانەوێت گویان لە سەرجەم دیالێکتە کوردیەکان ببێت و ئاشنای بن شارەزییان هەبێت و هەوڵی لێ تیگەیشتنی دەدەن ئەمەش زەنگێکە بۆ هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن کە هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنن و هیچ دیالێکتێك فەراموش نەکەن بە بیانووی کەمی رێژەی قسەکەرانی هەر بۆیە دەبێت ئاگامان لەم خاڵە زۆر هەبێت بە وردیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین تا وەکو هیچ تاکێکی کورد دیالێکتەکەی خۆی بە کەم نەزانێت و خۆی بە مەغبوون نەزانێت واتە هەموو تاکێکی کورد خۆی ببینێت لە ناو کەناڵەکانی راگەیاندن هەروەها پێویستمانە کەناڵی ئاسمانی تایبەت دروست بکەین کە کار لە سەر زمانی کوردی بکات و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان ئەنجام بدات چونکە دیارە کە چەند کاریگەری هەبووە لە سەر یەکتر نزیگکردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتری ئەم نامەیە هەولێکە بۆ دەرخستنی ئەم لایەنە بە چڕێ.

## هۆیەکانی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

-هەوڵدان بۆ دانانی زانیاری و داتای دەوڵەمەند لە هەموو بوارەکانی زمانی کوردی و شێوەزارەکانی.

-گرنگیدان بە ڕۆڵی راگەیاندن و گەشەسەندنی و چۆنیەتی سوودمەندبوونی زمان لە لایەنی بڵاوبوونەوەی بە شێوەیەکی خێرا.

-چوونە ناو مێژووی زمانەکان و هۆی بڵاوبوونی زۆربەیان و نەمانی هەندێك زمان بەهۆی کەمی بەکارهێنانیان.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

زمانی کوردی نەزمانێکی پێوانەیی و دروستکراوی وەك ئەو زمانە پێوانەییانەیەکە بوون بە زمانی فەرمی سەرانسەری دەوڵەتێکی مۆدێرن نەوەك ئەو زمان و دیالێکتانەشە کەوەك زمانی ئاخاوتن یان وەك زمانێکی کەلەپووری ماونەتەوە و دەوڵەت وەك بەشێك لە کەلەپوری نەتەوەیی خۆی سەیریان دەکات و دووریان دەخاتەوە بکەونە ململانێ لەگەڵ ئەو زمانە پێوانەییە فەرمییەی کە لەسنوری سیاسی دەوڵەتەکەدا وەك زمانی فەرمی دەوڵەت کاری پێدەکرێت. دەکرێ بڵێین کە لێکۆلینەوەکە لە لایەك پەرەسەندن وگۆرینی زمان بە تێپەرینی کات و گەشەسەندنی میدیا و لایەکتر رێگا و هۆی ئەم گۆڕینانە

له کاتێکەوە بۆ کاتیتر باس دەکات ئەم توێژینەوەیە بە گوگڵ فۆرم ئەنجامدراوە (100 %) ئەلیکترۆنیە بە ئۆنلاین ڕەوانە کراوە لە پاش پڕکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە لێکۆڵەر بە چەند چرکەیەك , دیارە ئەم شێوازە کاریگەری خۆی دەبێت کە دەتوانین بگەینە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی .

ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکە بەم شێوازە بوون (967) فۆرمی ئونلاین پڕکراوەتەوە بە دیالیکتی کرمانجی و (781) فۆرمی ئۆنلاین پڕکراوەتەوە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) کۆی گشتی فۆرمەکان بە هەردوو دیالێکت گەیشتە (1748) ، بەم ڕێگایە توانیمان بگەینە زۆربەی هاوڵاتیان لە هەر وڵاتێك بن یان هەر دیالێکتیکی زمانی کوردی بەکار بێنن .

فۆرمی راپرسیەکە دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و لەوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان .

## سنوری توێژینەوەکە:

بە هۆی گرنگیدان بە ڕای تاکەکان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دابەشبوونی هاوڵاتیانی کورد لە هەموو وڵاتانی جیهان پێمان باش بوو کە ئەو فۆرمی ڕاپرسیە کە تایبەتە بە توێژینەوەکە " ڕۆڵی میدیا لە گەشەسەندنی زمانی کوردی ودیالێکتەکانیدا " بە شێوەی ئۆنلاین بڵاوی بکەین بۆ ئەوەی بگاتە دەستی زۆربەی هاوڵاتیان فورمی راپرسیەکە بە دوو شیواز دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و لە کوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی کرمانجی خواروو( سۆرانی) دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان فۆرمی راپرسیەکە بە ئەلکترۆنی واتە بە ئیمیل روشتووە و وەلامیش درانەوەتەوە کە بۆ ئەمە جۆرێکی نوێ یە لە لێکولینەوەیەکی زانستی لە بواری زمانی کوردی بکرێت لە باشووری کوردستان کە پشت ببستێت بە جیهانگیری ئیمیل و پرسیارەکان بە ئیمیل رەوانە دەکرێت و لە پاش پڕکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە لێکۆلەر بە چەند چرکەیەك .

# بەشی یەکەم

# تەوەری یەکەم / میدیا و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە

# تەوەری دووەم / هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

# تەوەری سێیەم / کاریگەری ئەرینی و نەرێنی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگا

# تەوەری یەکەم / ڕاگەیاندن و بە کۆمەڵگەوە

# بەشی یەکەم

# تەوەري یەکەم

## 1. ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە

لەسەردەمی ئێستادا کاریگەری ڕاگەیاندن وەکو تیشکی خۆر دەبریسکێتەوە، هیچ تاکێك لە کۆمەڵگەدا ناتوانێت خۆی لەو کاریگەریە بە دوور بگرێت. ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی ڕاگەیاندن کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدەستی هێناوە، لە خۆوە و بەڕێکەوت نەبووە، بەڵکو چەندین فاکتەر هۆکاری ئەو پێشکەوتنە گەورەیەیە، بۆ نمونە هۆکارە ئەلکترۆنیەکان کە هەموو گۆی زەویان تەنیووە و زەویان کردووەتە گوندێکی بچووك (**Village Global**)، ئێستا زەوی وەکو گوندی جیهانی پێناسە دەکرێت، هەروەك زانای بواری کۆمەڵایەتی (ماکلوهان) پێش سێ دەیە بەر لە ئێستا ئاماژەی پێداوە، ئێستا ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە گەردەکان لە گەڵ ئەستێرە دەست کردەکان تێکەڵی یەکتر بوون، جیهانێك سنورەکانی بەزاند، بە شێوەیەك مرۆڤەکان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ئاگاداری هەواڵی یەکترن و دەتوانن گوێ بیست و بینەر و خوێنەری هەواڵی یەکتر بن.

لە ڕوانگەی ئەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هۆشیاری ئەوەیان لا گەڵاڵەبوو کە ژیانێکی باشتر و پێشکەوتووتریان هەبێت، و هەوڵیاندا بەسەر کێشە سیاسیەکانی وڵاتانی خۆیاندا زاڵ ببن و چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە بۆ کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایتیەکان[1]. لەڕوانگەی پێشکەوتنی سەردەم و جیهانگیریەوە هەموو نەتەوەیەك شایستەی ئەوەیە بەرەو پێش بچێت، ئەو مافەش لە ئاینەکان و یاسا نێودەوڵەتیەکان و ڕێکەوتنەکانیش ئاماژەی پێکراوە و بۆ هەمووان پێویستە دەستبەر بکرێ بە بێ جیاوازی، بەڵام زۆرجار دەبینین نەتەوەیەك یان چەندین نەتەوەیەک کیشەیان هەیە لە بواری ئەوەی

1 إبراهيم، شاكر (1975)، الإعلام ووسائله ودوره في التنمية الاقتصادية والاجتماعية .(ط1)، مالطا: مؤسسة آدم للنشر والتوزيع.ص153

سوود لە سامانی سروشتی و ڵاتانی خۆیان ببینن، یان کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە، ئەو نمونانەش لەسەرتاسەری جیهاندا بەرچاو دەکەن[1] .

زێدەڕۆییمان نە کردووە ئەگەر بڵێین لەسەردەمی ئێستادا، مرۆڤایەتی لە قۆناغی دەوڵەتی یەک ڕاگەیاندن (مرحلە الدولە الإعلامیە الواحدە)دا دەژی، چونکە سنوور لە نێوان و ڵاتەکاندا نەماوە، مەوداکان کورت بوونەتەوە، کات بەخێرایی تێدەپەڕێت، مێژوو هاتووەتە یەک و تەنانەت جوگرافیا هێندەی نەماوە کاریگەری خۆی لەدەست بدات. بەشێوەیەک وای لێهاتووە کەسێك لەسەر کورسیەکەی خۆی ئاگاداری هەموو هەواڵ و بەسەرهاتەکانی جیهانە. نەوەك تەنها لە بواری سیاسەت و لایەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، بەڵکو بابەتەکە لەوە قووڵترە و تەنانەت دەیەوێت سنوری کلتور و ژیار و فەرهەنگ و بابەتە کەسیەکان و بیروباوەڕیش بگرێتەوە. هەموو ئەو بابەتانە بە شێوازی تازە و بە ویستێکی تایبەت بونیات دەنێتەوە، کاریگەری زۆری لەسەر هەموو ئەو چەمکانە هەیە لە ڕێگای دەستەواژەی دڵڕفێن و سیحری زیاتر و کۆنترۆڵکردنی زیاتر، بەپشت بەستن بە بنەما تەکنۆلۆژیەکان.

هەرچەندە ڕەهەند و فاکتەری ڕۆژنامەگەری بووەتە هۆکاری دروست بوونی یەکەم دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپای تازە و ئەمریکا[2]، بەڵام رۆژنامەگەری کوردی نەیتوانی یان لێنەگەڕان بتوانێت ئەو ڕۆڵە کاریگەرە بگێڕێت[3]مێژووی چاپەمەنی بەزمانی کوردی هێندە کۆن نیە و هەموو سەددە و نیوێکە، حەسەن پور ئاماژەی پێدەکات، کە چاپەمەنی کوردی، ئۆرگانی نەتەوەی کورد بووە. لەگەڵ ئەوەشدا تا کۆتایی هەشتاکان، چاپەمەنی کوردی توشی ئاڵنگاری و کێشەی زۆرهات وەکو نەبوونی ڕۆژنامەی بەردەوام و کەمی بلاوبوونەوە و کەمی هۆکاری دابەشکردن و گەیاندن و چەندین هۆکاری تر وەکو کەمی کاغەز و کەمی ئامێری چاپ کردن[4] .

لە لایەکی ترەوە تەلەڤزیۆن و پرۆگرامەکانی کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر پێناس و ناسنامەی نەتەوەیی، هەروەکو لە ئەوروپا و ئەمریکای باکووردا دیارە[5] بە پێچەوانەی کوردستانەوە، هەر لەساڵی 1991 و ڵاتانی تر بنەمای بەکارهێنانی تەلەڤزیۆنیان بۆخۆیان و بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان قۆستەوە ، بۆ نموونە وڵاتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا پرۆگرامەکانی تەلەفزیۆنیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا، لە ڕوانگەی سودمەند بوون لە بواری سایسەت و کلتوری نەتەوەیی و ئەجێندای جۆراوجۆر، لە لایەکی تریشەوە قوتدانی کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە کۆمەڵگاکانیاندا، وەک کوردەکان.

---

[1] المخادمي ،عبد القادر (2003).الإعلام والتنمية: قضايا وطموحات.(ط1). الجزائر: دار هومة.ص 7

2 McLuhan, M. (1962). The Gutenberg galaxy: The making of typographic man. Toronto: The University of Toronto Press.

3 Anderson, B. (1991). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (Rev. ed.).London: Verso.

4 Hassanpour, A. (1992). Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. .(2nd ed.) San Francisco Mellen Research University Press.,P(221-276).

5 Price, M. E. (1995). Television: The public sphere and national identity. (1st ed.). Oxford: Clarendon Press.

## 1.1.1. پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە

گرنگترین بۆچوونی توێژەران سەبارەت بە بایەخ و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدادەخەینە ڕوو:
یەکەم: بۆچوونی لازرسفیلد و میرتون: هەردوو زانای بواری گەیاندن بول لازرسفیلد وروبرت میرتون سێ کاری سەرەکیان بۆ ڕاگەیاندن دیاری کردووە لە کۆمەڵگەدا[1]:

1- گەنگەشە و ڕاگۆڕینەوە: هەموو کۆمەڵگەیەك پێویستی بە هۆکاری تاوتوێ کردن و گفتوگۆ کردن و ڕاگۆڕینەوە هەیە. لەم سەردەمەدا هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن بەم کارە هەڵدەستن بۆ پێدانی شەرعیەت بەسەر دۆخە کۆمەڵایەتیەکان.

2- پشگیری کردنی پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەشداری دەکەن لە پرۆسەی جەخت کردنەوە لە پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش لە ڕێگەی سزادانی دەرچوان لەم پێوەرانە، زۆربەی جار بۆشایی هەیە لەنێوان ئەوەی کە بەقسە دەیڵێین و باوەڕمان پێیەتی لەگەڵ ئەوەی کە ئەنجامی دەدەین لە واقیعدا.

زۆرجار ڕاگەیاندن بابەتە نامۆکان بە شێوەی قێزەون نیشان دەدات، هەوڵ دەدات پەنجە لەسەر هەڵەکان دابنێت، بۆیە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ڕاگەیاندن ئەوەیە پارێزگاری لە بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان بکات.

3- (بەنج کردن- کەموکوڕی لە ئەنجامدانی ئەرک): لازرسفیلد و میرتون دەرکیان بەو ڕاستیە کردووە کە ڕاگەیاندن ئەگەری هەیە تووشی کەموکوڕی ئەنجامدانی ئەرك بێت، یان گرفت بۆ کۆمەڵگا دروست بکات، بەڵام هەردووکیان پەنجە لەسەر گرفتێکی گەورە دادەنێن کە بە سڕبوون یان (تخدیر) ناوزەدیان کردووە،بە شێوازێك وەسفی دەکەن کە بڕی زانیاری و داتا و هەواڵ دەبێت باڵانسی هەبێت، ئەگەر لە ڕادەبەدەر بوون، ئەو کۆمەڵگایە تووشی گرفت دەکات.

نەبوونی هاوسەنگی و باڵانس لە پێدانی زانیاری و داتا و هەواڵ بە خەڵک، خەڵکی تووشی گرفت و ئاڵنگاری دەکات، لە بری ئەوەی هۆشیاریان بکاتەوە، لە کۆتاییەکەیدا کاریگەریەکە پێچەوانە دەبێتەوە و جەماوەر تووشی (سڕ کردن یان بەنج کردن) دەبن.

دووەم- بۆچوونی هارولد لاسویل: زانایەکی بواری سیاسەتە و بایەخی داوە بە کاریگەری پیشەی ڕاگەیاندکاریە کۆمەڵایەتیەکان و سێ ئەرکی بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دیاری کردووە کە پێویستە لە گشت کۆمەڵگەیەکداهەبێت، ئەوانیش :

[1] مكاوي، حسن والسيد، ليلى (2002). الاتصال ونظرياته المعاصرة. (ط3). القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.ص73.

1- چاودێری ژینگە: بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری و دواتر بڵاوکردنەوەیان بە ناو کۆمەڵگەدا، بە شێوازیك گونجاوبێت لەگەڵ  بارودۆخی ژینگـەی گـۆڕاودا، هاوشێوەی سیستمێکی ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە بەکاردێت، بۆ فەراهەمکردنی مەعریفەی پێویست لە پێناو بڕیاردانی ڕاست و دروست[1] .

2- بەیەکەوە گـرێدان بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵگـە بۆ ژینگـە:. هۆکاری ڕاگـەیاندن پەیوەندی دەدۆزێتەوە بۆ بەستنەوەی چینەکانی کۆمەڵگـە بەیەکتریـەوە، لە ڕووی بابەتە سەرەکیەکانەوە، یاخود کاردانەوەی کۆمەڵگـە بە ڕووی ژینگـەی دەورووبەریدا، لە کۆمەڵگـەی دیموکراسیدا تیشك دەخرێتە سەر ئەو بابەتانەی کە لای کۆمەڵگـە گـرنگـن و دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ڕای گـشتی.

3- گـواستنەوەی کلتوری کۆمەڵایەتی (نقل التراث الاجتماعي): ڕاگەیاندن لە پاڵ کۆمەڵگەی خێزان (مجتمع الأسره) دا، شوێنەواری کۆمەڵگە دەگوازێتەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و دابونەریت و کلتورە جوانەکان لە خۆ دەگرێت[2]. بە جۆرێک باوانیش بەشداری ئەم پرۆسەیە دەکەن، ئەم ئەرکە بۆ ڕاگەیاندن زۆر جێگەی بایەخە، دوای ئەوەی کۆمەڵگەکان زۆر گەورە بوون و خێزان بە ئاسانی لە هەموو کاتیکدا ناتوانێت کۆببێتەوە و کۆمەڵگەکان زۆربەیان شێوازی پیشەسازی و سەردەمیانەیان وەرگرتووە، ئەم جۆرە لە پەروەردە پێویستە ڕاگەیاندن بیخاتە سەرشانی خۆی.

لازویل زۆر بە جوانی دەرکی بەو ڕاستیە کردووە، کە ئەگەری هەیە ڕاگەیاندن بە ئەرکی خۆی هەڵنەستێت و کاریگەری خراپ و نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست بکات. لە وانەیە کێشەی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا دروست بکات، یان درز بخاتە نێوان دەسەڵات و حکومەت و خەڵکەوە، و ببێتە هۆکاری چەواشەکاری و شاردنەوەی زانیاری، لە هەموو ئەوانەش خراپتر ببێتە هۆکاری بەلاڕێدا بردن و سەر لێ شێواندن و ڕق دروست کردن. ئەمەش وا دەکات ڕاگەیاندن متمانە لەدەست بدات و نەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت[3].

لە ساتەوەختی ئێستادا ڕاگەیاندن دەتوانێت مەترسیدارترین ڕۆڵ بگێڕێت و کاریگەری زۆر بە هێز لەسەر ڕای گشتی دروست بکات لە کۆمەڵگەدا، ڕاگەیاندن، چەندین جۆر و میکانیزمی هەیە، وەکو نوسراو و بیستراو و بینراو، کە بە ئاسانی خەڵك دەستی پێیان دەگات. هەموو توێژەکانیش دەگرێتەوە و کاریگەری لەسەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە دادەنێت، بە گەورە و بچوک و منداڵ و هەرزەکار و دەوڵەمەند و هەژار و خوێندەوار و تەنانەت نەخوێندەواریشەوە.

---

[1] Bertrand, Claude(1999) Médias: Introduction à la presse, la radio, et la télévision,(1st ed.) France: Ellipses., p29/30.

[2] أبو الحسن، منال(2007). أساسيات علم الاجتماع الإعلامي .(ط1). القاهرة: دار النشر للجامعات.ص94 -93

[3] مكاوي، حسن والسيد، ليلى (2002). الاتصال ونظرياته المعاصرة. (ط3). القاهرة: الدار المصرية اللبنانية.ص76

## 2.1.1 .پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گــەشەکردن

ڕاگەیاندن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاریگەری خۆی هەیە، و قۆناغێکی زۆری بڕیووە، پێشکەوتنی گەورەی بە خۆیەوە بینیووە، بە تایبەت لە بوارەکانی: ئابووری و سیاسەت و بنەما کۆمەڵایەتیەکان و ئاراستە کردنی ڕای گشتیدا، هەروەها فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ هاندانی خەڵك لەسەر بڕیاردان و دروست کردنی هۆشیاری و پێدانی زانیاری و ڕۆشنبیری بە شێوازێکی دیاری کراو. دەکرێت ڕاگــەیاندن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ هاندانی کۆمەڵگەکان تا بگەنە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو، هەروەها کۆمەڵگە هان بدات لەسەر چەندین بنەمای پتەو و تۆکمە بۆ پێشکەوتن[1].

لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ڕاگەیاندن بووە بە فاکتەرێکی کرنگ بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی وڵات و ئەنجامدانی پرۆژە جۆراوجۆرەکانی بواری گەشانەوە و پەرەپێدانی وڵات، بۆیە پێویستە حکومەت بایەخی تایبەت بەو کەرتە بدات و بیکاتە هۆکاری برەودان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و دواتریش گەشە کردنی کەرتە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا، ئەم کارە دواجار دەبێتە هۆی گەشەکردنی وڵات.
چەندین بوار هەیە، پێویستی بە کەمپێنی ڕاگەیاندن هەیە، ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو، دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، وەکو بواری نەهێشتنی نەخوێندەواری و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و هاندانیان لەسەر بەشداری سیاسی و بڵاوکردنەوەی زانیاری تەکنۆلۆجیا و وازهێنان لە خوە خراپەکان و دابونەریتە نەشیاوەکان و چەندین بواری تر. هەموو ئەو بابەتانە دەکرێت گەنگەشە بکرێن لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو، دەکرێت ڕاگەیاندن لەسەر بنەمای سۆسیۆلۆجی (**Sociology**) شیکردنەوە بۆ بابەتاکان بکات، ئەوەش بە توێژینەوە لەسەر هەڵسوکەوت و بیروبۆچوونی مرۆڤەکان، بەتایبەت لەسەر بنەمای کۆمەڵایەتی – سۆسیۆلۆجی لە کۆمەڵگەدا.
ڕاگەیاندن لە سروشتی خۆیدا، کاریگەری هەیە لەسەر کەسی بەرامبەر و جەماوەر لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش وا دەکات مرۆڤەکان بکەونە ژێر کاریگەری پەیامەکانی ڕاگەیاندنەوە، مرۆڤ خۆی بونەوەرێکی پەیوندیکارە (مخلوق اتصالي). هەر لەو سۆنگەوە گەشەپێدان و پەرەپێدان پرۆسەیەکی دانامیکیە، هاوشێوەی کۆمەڵگــەی تازە گــەشە کردوو، بە جوڵە و بزاوتنە و هەردەم لە جووڵە دایە. ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بە بیر و هۆشیاریەوە، سەبارەت بە پێویست بوونی گەشەپێدان و قبوڵ نەکردنی پاشکۆیی و دواکەوتن[2].

---

[1]محمد، صلاح الدين (1982). قياس دور وسائل الإعلام في التنمية الصحفية.(ط1). المدينة المنورة :ماسبيد للطباعة..ص5.
[2] شكري، عبد المجيد (1985). الاتصال الإعلامي والتنمية آفاق المستقبل وتحديات القرن الجديد .(ط1). القاهرة: العربي للنشر. ص51.

پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گەشەپێدان هەر بە ڕێکەوت نەهاتووە، بەڵکو پشت بەستە بە بنەمای فاکت و هەڵێنجراوی ڕاستەقینەی زانستی.

پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گەشە کردن، چەندین بابەت و فاکتی زانستی لە پشتەوەیە، پرۆسەیەکی گشتگیرە، بۆ مرۆڤەکان بابەتی چالاکی و خواستی فکری و هزری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بۆیە ناکرێت بە سانایی کورتی بکەینەوە لە هەندێک چەمکی ئابووریدا، بەڵکو پێویستە بە شێوەیەکی گشتگیر چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بە جۆرێک هەموو چالاکیەکانی ناو کۆمەڵگە بگرێتەوە. ڕاگەیاندن پێگەیەکی هەستیاری هەیە، چونکە بە هێزترین میکانیزمە کە بتوانێت گوزارشت لە کێبرکێ ئایدیۆلۆجی و سیاسیەکان بکات لە کۆمەڵگەدا، لە ڕێگای ئەو هەموو پێشکەوتنە بەرچاوەی بەدەستی هێناوە، بە تایبەت لە دوای داهێنانی چاپەمەنی لەساڵی 1455 و داهێنانی سینەما لەساڵی 1895 و داهێنانی ئێزگە لە 1920 و تەلەڤزیۆن لە ١٩٣٥، و دواتریش داهێنانی مانگە دەستکردەکان (الاقمار الصناعیه)، کە توانای هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی چەند هێندە زیادکردووە، هەموو ئەمانە پێکەوە بوونە هۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندن ڕۆلێکی زۆر کاریگەر بگێڕێت لە بواری گەشەپێدانی کۆمەڵگە، لە ڕووی ئامادەکردنی پرۆگرامەکان و بەهێزکردنیان و دواتریش خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی سیاسی و ڕۆشنبیری جەماوەر لە کۆمەڵگەدا.

هەموو ئەو هۆکارانە پێکەوە وایان کرد ڕاگەیاندن وەکو هێزێکی کاریگەر لە مەیداندا دەربکەوێت، و کاریگەری زۆری هەبێت لەسەر دەوروبەر، وەکو ئامرازی هۆشیارکردنەوە لە بواری سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بوارەکانی تریشدا ڕۆڵی کارای هەبێت.

(محمد بادی) باس لە ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەکات لە لایەنی گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا، بۆ ئەو مەبەستەش سێ تەوەری دەست نیشان کردووە:

- گرنگی هەبوونی پلانی تۆکمە بۆ گەشەپێدانی گشگیر لە کۆمەڵگەدا، تاوەکو بەشداربن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.
- گرنگیدان و پەرەدان بە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری، بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ ئامانجی پلانە زانستیەکان.
- دڵنیابوونەوە لەوەی کە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریەوە، بەجۆرێکە کە گونجاوبن لەگەڵ خواستی گەشەکردن. لە لایەکی ترەوە ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارای هەیە لە پێدانی زانیاری و ڕاستیەکان بە تاک و کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بڕوایان لا دروست

بکات کە گەشەپێدان بابەتێکی زۆرپێویستە، هەروەها تاوەکو شێواز و ڕێگەکانیش بۆ هەمووان ڕوون بکاتەوە. هەر لەو دەروازەوە هەوڵ دەدات ئەزموونی نوێیان فێربکات، بۆ ئەوەی پلانی گەشەپێدان سەرکەوتوبێت[1].

پرۆسەی گەشەکردن هەر لە بنەڕەتەوە ئامانجی گۆڕانکاریە لە خودی مرۆڤەکاندا، هەوڵدانە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشە و گرفتەکانی تاك لە کۆمەڵگەدا، چونکە بەبێ گۆڕانکاری لە خودی مرۆڤەکاندا و هاوئاهەنگی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، پلانی گەشە کردن سەرناگرێت. بنەمای سەرکەوتن ئەوەیە هەر تاکێك لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵی خۆی هەبێت. هەمووان هۆشیاری تەواویان هەبێت لەسەر ڕۆڵ و پێگەی خۆیان لە ژینگەی دەوروبەر و چۆنیەتی پاراستنی ئەو ژینگەیە. هەموو ئەوانەش پێویستی بە هۆشیاری و ڕۆشنبیری و مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام هەیە. لێرەدا ڕۆڵ و بایەخی ڕاگەیاندن سەر هەڵدەدات لە پرۆسەی گەشەپێدان و گۆڕانکاری ئەرێنیدا. هەر ئەو ڕاستیەیە کە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکیان پێ کردووە، ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێنمایی لایەنە پەیوەستەکان دەکات کە لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە هەوڵبدەن بەسەر ئەو ئاڵنگاریانەدا زاڵ ببن، چونکە ئەوان دەتوانن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لەو بوارەدا.

"شرام" ئەو فاکتەرەی پشت ڕاست کردەوە لە کتێبی (أجهزه الإعلام والتنميه الوطـنيه)دا کە لەسەر ڕاوێژی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەی کردبوو، پێیوایە ڕاگەیاندن ڕۆڵی زۆر کارای هەیە لە برەودان بە هەنگاوەکانی گەشەپێدان لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، لەبەر ئەوە پێویستە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بایەخی تایبەت بدەن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بواری گەشەپێدانی وڵاتدا.

هێزی زمان و گوتار ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە پرۆسەی دروست کردنی ناسنامە لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە، وا دەکات کەسانی پسپۆر بتوانن لەو ڕێگەیەوە پەیامەکانی خۆیان ڕەوانە بکەن، بەمەبەستی دروست کردنی ناسنامەی کۆمەڵگە وەکو مادیانۆ[2]ووداک [3]هەروەها مۆرلی[4] پێیوایە کە "ناتوانین لە پرۆسەی دروست کردنی ناسنامەی نیشتمانی تێبگەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕۆڵی تەکنۆلۆژیای گەیاندن".

ماکلۆهان[5] پێی وایە کە چاپەمەنی ئەندازیاری نەتەوایەتیە، هەروەها ئەندرسون[6] ڕونی کردووەتەوە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان یەکەم جار لە چوارچێوەی زمانی چاپەمەنیدا وێناکراون، توێژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کەناڵە ئاسمانیەکان بە جۆرێک ئاڕاستە کراون کە ڕۆڵ بگێڕن لەسەر دووبارە

[1] الحماحمي، محمد و سعيد، أحمد(2006). الإعلام التربوي في مجالات الرياضة وإستثمار أوقات الفراغ.(ط1). مصر: مركز الكتاب للنشر.ص55.
2 Madianou, M. (2005). Mediating the nation: News, audiences and the politics of identity. London: UCL Press.
3 Wodak , R & Ludwig, C. (1999). Challenges in a Changing World: Issues in Critical Discourse Analysis (Eds.), Germany: Passagen Verlag .(pp. 37–62.)
[4] Morley, D. (1992). Television, audiences, and cultural studies. London: Routledge.
[5] McLuhan, M. (1962). The Gutenberg galaxy: The making of typographic man. Toronto: The University of Toronto Press.
[6] Anderson, B. (1991). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (Rev. ed.). London: Verso.

بوونیاتنانەوەی ناسنامەی کۆمەڵ و نیشتمانی، بەتایبەت لەلای ئەو گەلانەی کە خاوەنی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیان نین، وەک دانیشتوانی رەسەنی کەنەدا.
چەندین لێکۆڵینەوە لە وولاتە تازە گەشەسەندووەکاندا ئەنجام دراون، ئاماژەیان بەو ڕۆڵە گەورەیە کردووە کە هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری دەیبینن لە پرۆسەی نوێکردنەوەدا، بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا زۆرێك لە پلاندارێژەرانی گەشەپێدان، لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بڕوایان بە پشگوێ خستن یان لەبیرکردنی کاریگەری هۆکارەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری هەیە لەم بوارەدا، بە ڕادەیەك ئەو وولاتە تازە گەشەسەندووانەی کە جەختیان لەسەر گرنگی ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەکردەوە ، سنووردار و دیاریکراو بوو تا سەردەمانێکی نزیك .

ئایتڵ پۆڵ لە ووتارەکەیدا لە کتێبی " الاتصالات والتنمیه والسیاسه " دەربارەی "هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری و سیاسەت لە پرۆسەی نوێکردنەوەدا" لە ساڵی 1963 ئاماژەی بەوە کردووە کە: زۆر بە دەگمەن سەیری هۆکارەکانی گەیاندن دەکرێت لە ریزی پێشەوەدا، بە بەراورد لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم یان بەو بەنداوانەی ووزە بەرهەم دەهێنن. لەم بارەوە دوو نموونەی دژ بەیەك دەخەینەڕوو بۆ نموونە هیندستان کە حاڵەتی نەتەوایەتی دەنوێنێت، و لە پەنجاکانی سەددەی ڕابردوودا کەمتر لە 1/2 ی بودجەی پەرەپێدانی نەتەوەیی تەرخان کرابوو بۆ پەخشی ڕادیۆیی، لە کاتێکدا بڕی خەرجکردنی فیعلی و ڕاستەقینە لە پارەی تەرخانکراو بۆ ئەم مەبەستە تەنها نیوەی ئەم بودجەیە بوو،بەڵام پلاندانەرانی پەرەپێدان لە شەستەکاندا بڕی بودجەی تەرخان کراویان بۆ ئەم مەبەستە لە هیند گەیاندە نزیکەی نیوەی بودجەیی نیشتمانیی[1].
لە بەرامبەردا هەندێك وولات هەن کە خاوەن سیستمی سیاسی جیاوازن وەك چین و کوبا ، لەم سیستمەدا پلاندارێژانی پەرەپێدان وەك فاکتەرێکی سەرەکی تەماشای هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری دەکەن، بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن لە وولاتەکەیاندا. زۆربەی جاران ئەم وولاتانە هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری بە کاردەهێنن لە ڕێی تێکەڵکردنی بە پەیوەندی کەسییەوە، لە نێو کرێکار و کشتیارەکاندا، کە تیایدا بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن لە نێوان خۆیاندا،ئامانجیشیان لەم کارە، تێکەڵ کردن و بەشداریپێکردنی جەماوەرە لە هەڵمەتە نیشتمانیە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە پەرەپێدان.

لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا، هۆکارەکانی پەیوەندیکردن وەک ئامرازی بڵاوکردنەوەی گۆڕانکاریەکان بەکاردەهێنن، نەوەک وەک ئامرازی پاڵپشتی کردن یان بەهێزکردن، ئامرازەکانی

[1] جابر،سامیة(2006). الإتصال الجماهیري والمجتمع الحدیث.(ط2). مصر: دار المعرفة الجامعیة. (ص320).

گەیاندنی سەردەم یارمەتیمان دەدات لە گۆڕانکاری سیاسیدا، چونکە هانی بازنەی فراوانتر دەدات لە بەشداری کردن لە بەشە جیاوازەکانی چالاکی سیاسی دا، لە لایەنی ترەوە ئاسانکاری دەکات لە دەرخستنی پڕۆسەی سەرکردە نوێکان و باڵادەست بوونیان، لە ئەنجامی پەیوەندی کردنیان لەگەڵ کەسانی ڕازی بەو دۆخە هەنووکەییەی کە هەیە، جگە لەمانە پاڵنەرێکی باشە بۆ زیادکردنی ویستی گۆڕینی کۆمەڵگە بەخێرایی[1].

بایەخدان بە پیشکەوتنی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی سەری هەڵدا، لەکاتێکدا بایەخدان بە ئامرازی گەیاندنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان تەنها لە کۆتایی ساڵانی پەنجاکان سەریهەڵدا. لەو کاتەوە بیرۆکەی گەشەپێدان بووە بە بابەتێکی ناسراو و بایەخی پێدرا لە جیهانی گەیاندن و هۆکارەکانی گەیاندن. چەندین بیرۆکە و بیردۆزی تایبەت بەو بوارە دانراوە، هەر لەساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دواتریش لە قۆناغی پۆست مۆدێرن (ما بعد الحداثة)دا کە هەر لە ساڵانی حەفتاکان بەدواوە بڵاوەی کرد. ئەو بیرۆکانە بۆ ماوەی بیست ساڵ بە بەهێزی بڵاوبوونەوە.

جێگای ئاماژە پێکردنە زۆربەی ئەو بیردۆزانەی کە پێشتر ئاماژەیان پێکرا، کاریگەری نوسینەکان و بۆچوونەکانی (لێرنەر) یان لەسەرە، دەربارەی تێپەڕبوون لە قۆناغی کۆمەڵگای کلاسیك (المجتمع التقليدي)ەوە، بەرەو کۆمەڵگە مۆدێرن و پێشکەوتوو، بەڵام هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی گـرنگـیدان بەم جۆرە بابەتە بە سێ قۆناغ تێپەڕیووە[2]:

1- قۆناغی پشتگوێ خستن - مرحله الإهمال: دەست پێدەکات لە دوای جەنگی جیهانی دووەم تا دەگاتە کۆتایی پەنجاکان، لەم ماوەیەدا ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پشتگوێ خرابوون، لە ڕوانگەی گەشەپێدانی کۆمەڵگــە و وڵاتاندا. لەو سەردەمەدا بابەتی گـۆڕانکاری و پێشخستنی کۆمەڵگــە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدەدرا. پتر بایەخەکان لە چوارچێوەی بنەما ئابوریەکان و قازانجی سەرمایەکان و کەڵەکەبوونی پارە و گــەشەپێدان و وەبەرهێنان و پاشەکەوت کردندا بوون، وەك دەروازەیەك بۆ گــەشە کردن . هەروەها بابەتە سیاسیەکان و پەیوەندیەکان لە نێوان توێژەکانی کۆمەڵگە و پێشکەوتن و بنەماکانی سەرکردایەتی پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە بینی. لە لایەکی تریشەوە بیردۆزە دەرونیەکان کە پێداگریان لەسەر گۆڕانکاری لە کەسایەتی مرۆڤەکاندا دەکرد پشتیان بەستبوو بە هەندێ بیردۆزی گــەشەکردن.

---

[1] أبو شنب، جمال (2005).الاتصال والإعلام في المجتمع. مصر: دار المعرفة الجامعية.ص265.
2 حجاب ، محمد (1998). الإعلام والتنمية الشاملة.(ط1). القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع.ص85-89.

2- قۆناغی زێدەڕۆیی - مرحله المبالغه: زێدەڕۆیی لە ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە سەرەتای شەستەکاندا دەستی پێکرد، سەرەتا لە ڕاگەیاندنەکانەوە سەبارەت بە گـەشەکردنی نەتەوەیی پەیامی ئەوە بڵاو کرایەوە، کە دەتوانن گەشەپێدانی نەتەوەیی خێرا بەدەست بهێنن و ئابووری ببوژێننەوە، نیشاندانی ڕۆڵی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەری و هاندانی سەرچـاوە مرۆییەکان، لەڕێگـەی دانانی بەها و ئاڕاستە و ڕەفتار و خووی نوێ، لە جێگـەی بەها و ئاڕاستە و ڕەفتار و خوە کۆنەکان، بە مەبەستی زیاد کردنی بەرهەم.

3- قۆناغی هاوسەنگ بوون - مرحله التوازن: توێژینەوەکان بە وردی ئەوە دەسەلمێنن کە ڕاگەیاندن توانای تەواو و کارای هەیە لە گەشەپێداندا. قۆناغی باڵانس و هاوسەنگی لە نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ئامرازە کلاسیکیەکانی گەیانددا. پەیوەندی کردن لەسەر ئەو بنەمایە دەستی پێکرد، کە هەردوو کۆمەڵگـەی تازە پێگـەیشتوو و پێشکەوتوو هەریەکەیان توانای خۆیان هەبوو لەو بوارەدا، گەشەپێدان توانای هەردوولای پێویستە. توانا و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەردوو کۆمەڵگای پێشکەوتوو و مۆدێرن و تازە پێشکەوتوو وەکو یەکتر نیە و جیاوازە. کە دەکرێت بەو شێوەیە بخرێتە ڕوو هەروەکو توێژەران توێژینەوەیان لەسەر کردووە:

- هۆکارەکان و ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان سنوردارترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی پێشکەوتوو.
- پشت بەستن بە هۆکارە ئەلکترۆنیەکانی پەیوەندی کردن زیاترە لە چاپەمەنی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەهۆی ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، کەچی لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕێژەی چـاپەمەنیەکان زۆرترە لەبەر ئەوەی ڕێژەی خوێندەواری تێدا بەرزترە .
- جیاوازیەکی زۆر و بەرچاو هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی هۆکارەکانی ئامێری گەیاندن و پەیوەندی بەکاردەهێنن، لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکاندا، بۆ نموونە جیاوازی نێوان ئەو کەسانەی لە گوند و لادێکاندا دەژین بەراورد بەو کەسانەی دەستەبژێرن کە لە شارەکاندا دەژین.
- ناوەڕۆکی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە کۆمەڵگە تازە گەشەسەندوەکاندا، کەمتر دەگونجێن لەگەڵ دانیشتوانی دێهاتەکاندا و کەمتر سەرنجیان ڕادەکێشێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی پەیامی شارستانی بەهێزی لەخۆ گرتووە. زۆربەی جاران گرنگی بە پرسی منداڵان، نەتەوە، و جیهان دەدات، ئەمانەش زیاتر لە شارەکاندا چڕ بوونەتەوە و جەماوەر جۆرێکی تایبەتیان لە هۆکارەکان بۆ دیاری ناکرێت وەك ئەوەی لە ووڵاتە پێشکەوتوەکاندا هەیە.

ناوبانگی تێڕوانینی ڕاگەیاندنی تایبەت بە پەرەپێدان، کە لە شەستەکاندا دەستی گرتبوو بەسەر بیرۆکەی بەکارهێنانی هۆکارەکانی پەیوەندی جەماوەریدا (بە تایبەت ئامرازە نوێکان و ئەوەی پەیوەندی هەیە بە سیاسەتەکانی بەشداریکردن) لە حەفتاکانی سەددەی ڕابردوودا، حاڵەتی داڕوخانی بەردەوامی بەخۆوە بینی و هۆکاری ئەم داڕوخانەش کارێکی زەحمەت و ئەستەم نیە[1] .

ئەم تێڕوانینە پێشبینی پێشکەوتنێکی خێرای گشگیری کرد لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لە دەرەنجامی هاتنە ناوەوەی هۆکارە نوێکانی پەیوەندیکردن، بەڵام تۆماری ئێستای ووڵاتانی ئەم ناوچەیە لە جیهاندا زۆر دوورترە لەوەی کە سەرنج ڕاکێش بێت. هۆکارە نوێکانی پەیوەندیکردن بڵاوبوویەوە و هەموو شوێنێکی گرتەوە، بەڵام پێشکەوتنی پێشبینی کراو بەرجەستە نەبوو. لەبری ئەوەی بەرەوپێش چوون بەخۆیەوە ببینێت، کەچی ووڵاتانی دواکەوتوو حاڵەتی ئیفلیج بوونیان بەخۆوە بینی، بەشێوەیەك نەیانتوانی بگەنە حەشارگە و سەنگەری پارچەبوونی سیاسی و چەقبەستوویی ئابووری. بەکورتی هۆکارە نوێکانی پەیوەندیکردن فراوان و چەند قات بوویەوە، بەڵام پێشکەوتنی خواستراو بەدی نەهات، و تێڕوانینی ڕاگەیاندکاری تایبەت بە گەشە کردن شکستی خوارد و هەرەسی هێنا.

## 3.1.1 . ڕاگەیاندنی گەشە پێدەر

ڕاگەیاندنی گەشە پێدەر بریتیە لەو سیستمە ڕاگەیاندکاریەی کە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی گەشەسەندندا دەکات، بۆیە پەرەپێدانی ڕاگەیاندن بە لقێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت لە چالاکی ڕاگەیاندکاریدا، بە واتایەکی تر بریتیە لەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە کۆنترۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی جەماوەری دەکرێت لە ناو کۆمەڵگە و ئاراستە کردنیان بەپێی پێویست، بەشێوەیەك لەگەڵ ئامانجەکانی بزووتنەوەی گەشەکردن و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەدا یەك بگرێتەوە[2].

دیارترین تایبەتمەندی ئەوەیە: کە میکانیزمێکی پەیامداری ئامانجدارە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە، هۆکارێکە بۆ سەرخستنی پلانی گەشەپێدان، لە لایەکی ترەوە ژینگەیەکی گشتگیرە لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردە و فێرکردن، پابەندە بە بنەمای پەیوەندی جەماوەری و متمانەی بەیەکتر بوون (الثقة المتبادلة)، کە ئەویش پەیوەستە بە پلانی پرۆگرامی زیرەك (تخطيط البرمجة الذكية).

---

[1] 36. عزي ،عبد الرحمن (1992).المنظور الإعلامي والتنمية.(ط1). الجزائر :دار النشر الوطنية.ص283.

[2] الشيخ، وجيه (1989). الإعلام والدعاية،(ط1). دمشق: دار الرؤية للطباعة .ص45.

به واتایەکی تر هۆکارەکانی گەشەپێدان بریتیە لە تۆکمە کردنی ڕێچکەی گەشەپێدان، ڕاستە ڕێ بونیشی گەیشتنە بە ئامانجەکانی گەشەپێدان، لە لایەك پتەو کردنی هاوبەشی کردنی تاکە بە گوێرەی ستراتیژیەتی گەشەپێدان و لە لایەکی ترەوە فراوان کردنی تەوەرەی هاوبەشی کردنی بە کۆمەڵە لە کۆمەڵگەدا، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. هەروەها دامەزراندنی ڕێکخراوەکان و نوێکردنەوەیان، ڕۆڵ دەگێڕن لە پرۆگرامی گەشەپێداندا. هەر لەم ڕوانگەوە پێویستە جۆرێک لە دادپەروەری پیادە بکرێت لە دابەشکردنی تێچووی گەشەپێدان و داهاتەکانیئەمە لە لایەک، لە لایەکی تر دەکرێت ڕۆڵی هۆکارەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشبیری بەم شێوەیە بێت:بایەخدان بە بواری گەشەپێدان لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە، دەکرێت هۆکارێك بێت بۆ کردنەوەی دەروازەکان بەڕووی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا، بە مەبەستی پێشکەوتن لەڕێگەی سیستم و شێوازی جیهانگیری سەردەمەوە.

پارێزگاری کردن لە یەکێتی نیشتمانی و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆی سیاسی، و هاندانی خەڵك بۆ بەشداری کردنی کارا و ڕوونکردنەوەی بنەماکانی نیشتیمانپەروەری، و دروست کردنی زەمینەیەك بۆ گەشەپێدان و پاڵپشتی کردنی هەنگاوەکانی گەشەپێدان لە کۆمەڵگەدا، بەهێزکردنی گەشەپێدانی زانستی و برەودان بە کاریگەری زانستی سەردەم لە سەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

گەشەپێدان پرۆسەیەکی مرۆیی و شارستانییە. ڕێژەیی بوونی ئامانج و مەبەستە کۆمەڵایەتیەکان، جۆڵێنەر و ئیلهام بەخشی پێداویستیە سەرەکیەکان و بەرژەوەندیە زیندەگیەکانی کۆمەڵگەیە، هەروەها یارمەتیدەرە لە دروستکردنی هۆشیاریەکی گەشەپێدەرانەی ڕاستەقینە، لەسەر بنەمای کرانەوە، لە ڕێگەی خستنە ڕووی ڕاستیەکان و پاشان دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر پلانەکانی پەرەپێدانی پێویست[1].

پێویستە ڕەچاوی ڕۆڵی پلانی ڕاگەیاندکاری بکرێت لە پەرەپێدان و بەدەستهێنانی ئامانجە نیشتمانیەکان، چونکە پەیوەندی نێوان هەردوو لای هاوکێشەکە پەیوەندیەکی ئۆرگانیە، گرنگترین بنەما کە بەرنامەی پەرەپێدانی کۆمەڵگەی لەسەر بونیات نراوە، بریتیە لە یارمەتیدانی خەڵك، تا بتوانن یارمەتی خۆیان بدەن، کارایانە بەشداری بکەن، لەو کۆششانەی کە دراون، بۆ باشتر کردنی ئاست و دۆخی گوزەرانیان، و هاندانیان بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کارا ببینن لە گەشەدان بە ژیانیان، کەواتە مەبەستی سەرەکی لە پلانی ڕاگەیاندکاری پەرەپێدەر بریتیە لە پێدانی زۆرترین بڕ لە ڕاستیەکان و زانیاری وورد بە بەشداربووان لە گەشە پێدانەکەدا، بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی، هەروەها بۆ زانینی ئاستی بەرەو پێش چوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن .

[1] الشيخ، وجيه (1989). الإعلام والدعاية،(ط1). دمشق: دار الرؤية للطباعة .ص45.

ڕاستیەکان و زانیاریەکان بەو بڕو ئاستە ئامادە دەکرێن کە دەبنە هۆی بەدەستهێنان و دەستکەوتنی ئامانجەکانی گەشەکردن، ئەمەش پێی دەگوترێت ئەندازیاری ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت ئەگەر ڕۆڵەکە دیزاین کرابێت بۆ ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ خزمەتی خۆشگوزەرانی.

گریمانەی سەرەکی پلانی ڕاگەیاندکاری بریتیە لە تێگەیشتن و درککردنی ئاراستە دژ بەیەکەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و گرووپە بچووکەکانیان، سەبارەت بە کۆمپانیایەك یان بۆ چەند ئامانجێکی تایبەت، بەمەش پلانی ڕاگەیاندکاری بەبێ گومان تێگەیشتنێکی جیهانیە تەنها خۆی لە گەشەکردندا نابینێتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لەم توێژینەوە ڕاگەیاندکاریەدا پەیوەستە بە ڕێڕەوێکی گەشەپێدەرانەوە، گرنگیەکەی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

- دەست نیشان کردنی خواستی کۆمەڵگە و پۆلین کردنی، دواتر داڕشتنی ستراتیژیەت بۆ دابین کردنی ئەو خواستانە.
- دەست نیشان کردنی ئاڵنگاری و کێشە و گرفتیەکانی کۆمەڵگە و خستنەڕووی باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان.
- یەکخستنی هەوڵ و کۆششەکان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا، دەست نیشان کردنی بەرپرسیارەتی ئەو لایەنانەی دەبێت جێبەجێی بکەن.

بەمەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی لە بنەماکانی گەشەپێداندا، پێویستە پلانی ڕاگەیاندن گشتگیر و تۆکمە بێت، بە پێی خشتەیەکی دیاری کراو جێ بەجێ بکرێت، بە پێی پلانی کورت خایەن یان درێژخایەن. لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێداندا، ئەمەش ستراتیژیەتی لاوەکی هەیە تا دەگاتە ستراتیژیەتی سەرەکی، بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ. هیچ گەشەکردنێك سەرناگرێت بەبێ پلانی تۆکمەی ڕاگەیاندن[1]، بوونی هاوبەشی گەشەپێدان لە ڕووی ڕاگەیاندن و توانای مرۆڤەکانەوە، لەگەڵ بنەما ماددیەکان، کە هەموویان پێکەوە تەوەری دەزگای ڕاگەیاندنی جەماوەری و کەسی فراوان دەکەن، چونکە کایەکانی ڕاگەیاندن هەموو بوارەکان دەگرێتەوە. پێویستە گەشەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی باشترین دەرئەنجامی هەبێت، کە ئەمەش ستراتیژیەتی باڵایە، لە کۆتاییەکەیدا هەموو هەوڵەکان پێکەوە دەبنە هۆی گەشەکردنی جیهان بە گشتی.

1 حجاب ، محمد (1998). الإعلام والتنمية الشاملة.(ط1). القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع.ص91.

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی هەیە لە نێوان گەشەکردن لە هەموو کایەکدا لەگەڵ هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا[1]، گەشەکردنی کەرتی ئابووری وا دەکات هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پتر گرنگی بەو بوارە بدەن، ئەمەش لە ڕێگەی بە هێزکردنی توانای کڕینی کڕیارەکانەوەیە. هەروەها لایەنی زانستی دەبێتە هۆکاری زیادبوونی ئاستی گەشە پێدانی بنەمای ئابووری لەم بوارەدا. (مایکل هابتی) لە باسێکدا دەربارەی سیستمی ڕاگەیاندنی بەراوردکار ئاماژە بۆ کتێبی دکتۆر "جۆن گرۆفر شوری" دەکات کە باسی ئەم بابەتەی وروژاندووە و تیایدا ئاماژە بەوە دەکات کەمووکوڕی یان دەست نەکەوتنی سیستمەکانی پەیوەندیکردنی خێرا لە چەندین ناوچەی "جیهانی سێیەم"[2] دا بەشێوەیەکی لاوەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگ وریشەی دواکەوتنی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان خەڵکدا، چونکە ئەمانە لە خولی گەشەپێدان و حاڵەتەکانی گەشەکردنی ئابوورین.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بنەمای چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ تاك دابین دەکەن، بۆ مەبەستی پێشکەوتنی ئابووری هەڵبەتە پێویستی بە زانیاری زیاتر دەبێت، بەو شێوەیە دەبینین کە ڕاگەیاندن لە ئێستادا بایەخی زۆر زیاتر بووە، بە جۆرێک لەسنور تێپەڕی کردووە، بەتایبەت لە دوای گەشەکردنی کۆمەلگەکان و بزاڤی مێژوو ، هەروەها پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بە هەمان شێوە ڕۆڵی خۆی هەبووە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا، لە ڕوانگەی هەموو بڕیار بەدەستان و هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا بەو شێوەیە:-

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بنەمای چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ تاك دابین دەکەن، بۆ مەبەستی پێشکەوتنی ئابووری هەڵبەتە پێویستی بە زانیاری زیاتر دەبێت، بەو شێوەیە دەبینین کە ڕاگەیاندن لە ئێستادا بایەخی زۆر زیاتر بووە، بە جۆرێک لەسنور تێپەڕی کردووە، بەتایبەت لە دوای گەشەکردنی کۆمەلگەکان و بزاڤی مێژوو ، هەروەها پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا بە هەمان شێوە ڕۆڵی خۆی هەبووە لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا، لە ڕوانگەی هەموو بڕیار بەدەستان و هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا بەو شێوەیە:-

أ- قۆناغی پشتگوێ خستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن : قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمە تا کۆتایی پەنجاکان، بیردۆزەکان زۆر بایەخیان بە هۆکارەکان و ڕۆڵێ ڕاگەیاندن نەدەدا لەو قۆناغەدا، بەڵکو هەوڵەکان زیاتر بۆ کۆکردنەوەی پارە و بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی سەروەت و سامان بوو، بیردۆزیە سیاسیەکانیش بایەخیان بە کۆنترۆڵی دەسەڵات دەدا.

---

1 شكري، عبد المجيد (1985). الاتصال الإعلامي والتنمية آفاق المستقبل وتحديات القرن الجديد .(ط1). القاهرة: العربي للنشر.ص86.

2 محمود، جمال (2004). دور الإعلام في التنمية والتكامل الاقتصادي العربي، سوريا: مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد 20، العدد الثاني.ص251.

ب- قۆناغی بایەخدان بە توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن: ئەوەش قۆناغی شەستەکان تا سەرەتای حەفتاکان، ڕاوبۆچوونەکان لەسەر ئەوە بەهێز بوون کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارای هەیە لە ئامادەکردنی سەرچاوە مرۆییەکان، ئەمەش لە ڕێگەی داهێنانی چەندین شێوازی هەڵسوکەوت و خوازیاری جۆراوجۆر، سەرەڕای برەودان بە هەندێ هەڵسوکەوتی کۆن و کلاسیك.

ج- قۆناغی پێشەنگ بوون : ئەو قۆناغەیە کە تیایدا پشتیان بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەست، بەو سیفەتەی کە هۆکاری سەرەکیە لە ڕوانگەی جێبەجێ کردنی پلانی گەشەکردندا. ئەمەش بەلەبەر چاوگرتنی ڕۆڵی سیاسەت لە چالاککردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن. بەو پێی یە ڕاگەیاندن توانای هەیە چارەسەرکردنی کێشەکانی گەشەکردن بکات و ئامانجە نیشتمانیەکان بەرز ڕابگرێت کە مەرجەکان فەراهەم بوون، ئەمەش وا دەکات ببێتە هۆکارێك بۆ گۆڕانکاری لە سیستمی کۆمەڵایەتی گشتگیردا (**"Wilbur Shramm"**). هەروەها ڕاگەیاندن ڕۆڵ دەگێرێت لە نیشاندانی گرنگی بەشداری کردنی جەماوەر لە پرۆسەی سیاسیدا بە مەبەستی گۆڕانکاری لە سۆنگەی پلانی گەشەکردنەوە.
دەگوترێت با نەتەوە تازە پێگەیشتووەکان بڕیاری گەشەکردن بدەن، و زەمینەسازی بکرێت بۆ بەشداری کردنی چالاکانە لە پێناو بەدەست هێنانی گۆڕانکاری خێرادا، چونکە ئەوە کردەیەکی وشك نیە کە هیچ نەرمونیایەکی تێدانەبێت. ئەگەر دەرفەت هەبێت دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن ئەوا خەڵك دەتوانێت زۆر دەرەنجامی باش بەدەست بهێنێت، هەروەها ڕاگەیاندن دەتوانێت هەستێت بە دیارکردنی دەست نیشان کردنی ئامانجەکان و چۆنیەتی گەیشتن بە گۆڕانکاری و دیاریکردنی ئەوەی کە چ جۆرە گۆڕانکاریەکیان مەبەستە.

د- قۆناغی تەواوکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ڕاگەیاندندا: دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشێکی دانەبڕاون لە دامەزراوەکانی کۆمەڵگا و وڵات، ناکرێت سیاسەتی ڕاگــەیاندن ئامادە بکرێت، و سیمای فەرمی بکرێتە بەر و جێبەجێ بکرێت، دوور لەو چوارچێوە فراوانەی کە کە فەرمانڕەوایی ئەم دەوڵەت و کۆمەڵگــەیە دەکات، و بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش، دەبێت دەزگــاکانی ڕاگــەیاندن تێکەڵ بە دەزگــاکانی پەرەپێدان و کۆمەڵایەتیەکان بکرێت، لە دواییدا سیاسەتەکانی پەیوەندیکردن ڕام بکرێن بۆ ئەو مەبەستە، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ دەزگاکانی گەشەپێداندا یەکبخرێن، بەو پێیەی سیاسەتی ڕاگەیاندن پەیوەستە بە سیاسەتی وڵاتەوە، هەروەك "ویلبر شرام" ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر ڕاگەیاندن بە تەنها بوو و دەزگاکانی تر پشتیان نەگرت ئەوا بیر لەوە مەکەنەوە ڕاگەیاندن سەرکەوتوو بێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا. لەبەر ئەوە پێویستە هەموو سیستمەکان پلانرێژیان بۆ کرا بێت، هەموو لایەنەکان لەبەر چاو گیرابن، بۆ سەرخستنی پرۆسەی گەشەپێدان، لە

چواچێوەی چالاکیەکانی ڕاگەیاندندا، بە واتایەکی تر دەزگاکانی تر پێویستە پشتی ڕاگەیاندن بگرن، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی دەست نیشان کراون.
ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارای هەیە لە نزیك کردنەوەی مەودای نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگەدا، سەبارەت بە گەشەپێدان وپێشخستنی لایەنی ڕۆحی ورۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەمە لەلایەک، لە لایەکی ترەوە کاریگەری زۆریان لەسەر بڵاوبوونەوەی جۆرە زمانێکی دیاری کراو هەیە.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندن جێگە و پێگەی زۆریان لە دڵی خەڵکدا داگیرکردووە، تەنانەت هەندێک کەس وا دەزانن ژیان ئەستەمە بەبێ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، چونکە ئەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنە کە ووردەکاری ڕووداوەکان و ڕاستیەکان، هزرە جیاوازەکان، بیروڕاو ئاراستەکان دەگوازنەوە لەشوێنی دەرچوونەوە بۆ شوێنی ئاراستەکراو، هەروەها ناوەڕۆکی بابەتەکان دەخاتەڕوو، بێ ئەوەی بەربەستێك لە نێوان ئەوان و فاکتەرەکانی کات و شوێن وجیاوازی زمان و تەنانەت ئاستەکانی لەخۆگـرتنی ڕاستیەکاندا هەبێت، واتا کاریگەری لەسەر هەموو ئەو فاکتەرانە دەبێت.

## تەوەری دووەم / هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

**تەوەری دووەم**

## 2.1 . هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی

بریتیە لە پرۆسەی ئامادەکردنی تاک لە کۆمەڵگە ودووبارە پێگەیاندنی لە ڕێگەی پەیوەستکردنی بە کۆمەڵگەوە، بە شێوەیەك ببێت بە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتە مرۆییەکەی کۆمەڵگەدا، هەروەها یارمەتی دەدات ڕا بێت لەگەڵ ئەو ژینگەی کە تێیدا دەژی و درك بە مانای ڕاستەقینەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بکات لە نێوان خۆی و دەوروبەرەکەی دا.

ڕاگەیاندن، دەربڕینی ڕاستگۆیانەی هزر و ڕۆح و حەزی جەماوەرە، لە پێکهێنان و پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا، بە ئامانجی دروستکردنی کوالێتی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ بیروباوەڕی خەڵك و بۆچوونیان، بە جۆرێك داواکاریەکانی کۆمەڵگـەی سەردەم بهێنێتە دی.

چەمکی سەرەکی لە کاری ڕاگـەیاندکاریدا بریتیە لە هەواڵی جەماوەری ئاڕاستە کراو بەڕووی هەموو کۆمەڵگـەدا، بەشێوەیەك یارمەتیدەربێت لە تێگـەیشتن لە گـرفتە کۆمەڵایەتیە گـشتیەکان و چۆنێتی

چارەسەرکردنیان و کارکردن لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی یەکگرتوو لە هەمبەر بابەتە زیندووەکان، هەر بۆیە بە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن دەوترێت دەسەڵاتی چوارەم (السلطة الرابعة) .
هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بە یەکێك لە گرنگترین ئەو کارتێکەر و ڕێبەرانە دادەنرێت، کە ڕۆڵی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە، لە ژینگەیەکی دیاریکرودا، هەروەها یارمەتیان دەدات بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك زانیاری و مەعریفە، دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو، لەم ڕووەوە ئەم هۆکارانە یارمەتیدەربوون لە فێربوونی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکان، بەشێوازێکی ئاسان و ڕوون و ڕاستەوخۆ، بەتایبەت لەگەڵ ئەو پەرەسەندنانەی دوایی کە زۆربەی بوارەکانی ڕاگەیاندنی بینراو بیسترا و خوێنراوی گرتەوە، ئەمەش بە ڕوونی دەبینرێت لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای زانیاری سەردەمەوە، کە ڕۆڵی هەیە لە بەڕێوەبردنی زیرەکانەی تاکەکان، بەشێوەیەك هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵیان هەیە لە ئاراستەکردنی ڕەفتار و ئەندێشەی تاکەکاندا، بەجۆرێک کارئاسانی دەکات لە بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی نوێ، کە لەوانەیە یەکەمجار بێت پێی گەیشتبێت، بۆیە بوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وەك بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، ڕاستەوخۆ کاری تێکردوون بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەنیان، کاریگەربوونیشیان لە شێوەی پەرچە کرداریان لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیەی کە تیایدا دەژین و ڕەنگدەداتەوە.

## 1.2.1. هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گرنگیی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا

ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و بنەماکانی دیموکراتیەت لە کۆمەڵگە، پێویست بە وەستان دەکات لەسەر ئەو ڕۆڵانەی کە ئەم هۆکارانە پێی هەڵدەستن و کاریگەری دروست دەکەن لەسەر ژیانی دیموکراسی و سیاسی بەشێوەیەکی گشتی .
دەکرێت هەر لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە بکەین کە پەرەدان بە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گۆڕانکاری لە بنەما کۆمەڵایتیەکان و گەشەپێدانی، لە زۆرێك لە توێژینەوەکاندا ئەو پەیوەندیە توندوتۆڵەیان خستۆتە ڕوو.

توێژینەوەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕاگەیاندن دەتوانێت بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت.

بابەتی کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە و پەیکەر و دامەزراوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بووەتە جێگەی بایەخی بیرمەندە دیارەکانی ئەو بوارە، هەروەها ئەوانەشی کە بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەستن بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن. دووان ناکۆك نابن لەسەر کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگە بەڵام زۆر جار ئەو کاریگەریە شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرێت.

ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارای هەیە لە دروست کردنی ڕێچکەی چاکسازی سیاسی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، چونکە ڕەنگدانەوەی پەیوەندیە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، کاریگەری ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چاکسازی سیاسی لە هەر کۆمەلگەیەکدا، پشت دەبەستێت بە ئەرکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و شێوازی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆی لەو کۆمەڵگەیەدا، دواجار کاریگەری دەبێت لە سەر چاکسازی سیاسی لەو پێگە و جێگەیە. هەڵبەتە سیستمی سیاسی لە هەر کۆمەڵگایەکدا و ئاستی ئازادی لە ناو پەیکەری کۆمەڵگەکەدا کاریگەری ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ئاستی کاریگەری ڕاگەیاندن.
ڕێکخراوی یونسکۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ئازادی بەرز نرخاند، کە باوەڕی بە فرەڕەنگی و ئازادی ڕا دەربڕین هەیە وەك یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکانی شەفافیەت لە کۆمەڵگەدا، یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بنەمای ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری، لەو سۆنگەیەوە پێویستە پاڵپشتی ئەو سیاسەتانە بکرێت کە ئامانجی بەدەستهێنانی ئازادی ڕادەربڕینە بۆ توێژەکانی کۆمەڵگە، لە ڕێگەی چەند یاسایەکەوە کە پارێزگاری لە سەلامەتی کۆمەڵگە دەکات، بێ ئەوەی مافی ئازادی پێشێل بکرێت. جێگەی ئاماژەیە کە ئەم پرۆسەی گەشەسەندنە بە هەموو ڕووە جیاوازەکانیەوە، بەشداری دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە کۆمەڵگەدا و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و توندڕەوی، چونکە کۆمەڵگەی هۆشیار پارێزبەندی خۆی دژی توندڕەوی دروست دەکات، ئەمەش پێشبینی بۆ ژیانێکی باشتر بۆ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات، سەرەڕای ژیانێکی سیاسی جێگیر و متمانە و مامەڵەی هاوتا لە نێوان گەل و حکومەت و هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا[1] . ئەو ڕۆڵانەی کە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەیگێڕن لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە[1] بریتین لەمانەی خوارەوە:

- بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاردا : هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارایان هەیە لە دروستکردنی بڕیاردا، لە ڕێگەی فەراهەمکردن و دابینکردنی بڕ و جۆری ئەو زانیاریانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، لە نێوان کەسە بڕیار بەدەستەکاندا، چونکە هەمان بڕ و جۆری زانیاریان لەبەردەستە کە تێڕوانینەکان کۆ دەکاتەوە و یارمەتیدەدات لە پەرەپێدان و شرۆڤە کردن و تێگەیشتن لە بڕیاری سیاسی .
- یارمەتیدان لە بڕیاردان یان ڕەت کردنەوەی بڕیار: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زەمینە و ڕای گشتی ساز دەکات بۆ دەرکردنی بڕیارەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە، لەوانەشە ڕەتکردنەوەش بوروژێنێت ،چونکە دەتوانێت بگات بە وەرگر و چەند زانیارییەکی دیاریکراوی بۆ بگوازێتەوە، جەماوەر کۆدەکاتەوە لە قبوڵکردنی بڕیارێک یان ڕەتکردنەوەیدا کاتێک لەلایەن دەسەڵاتەوە دەردەکرێت.

---
[1] James, Barry(2005).Media and good governance.United Nations: unesco.org.

- پتەوکردنی دایەلۆگ لە نێوان کلتورەکاندا: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن چەندین میکانیزمیان هەیە، وا دەکات ئاخاوتن و گەنگەشە لە نێوان بۆچوون و کلتورە جیاوازەکاندا ئاسان بێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر بۆچوونە کۆنەکان و باوەکانی ناو کۆمەڵگا هەبێت، لە هەمانکاتدا شێوەی بیرۆکە خراپ و بۆچونە نەشیاوەکان بڕەوێنێتەوە دەربارەی " ئەوانیتر"، هەروەها وا بکات بابەتی ستریۆتایپ یان لە قاڵبدانی هەندێ بۆچوون - التنميط (**Stryo-type**) هەڵبوەشێنێتەوە.

هەروەها ڕۆڵی هەیە لە لادانی تەمی جەهالەت و ترسان و دڵەڕاوکێ، بۆ ئەوەی تاك لە کۆمەڵگەدا خۆی لەو بنەمایانە دوور بگرێت، تا دەگاتە ئەو ئاستەی پێکەوەژیان و هەمەڕەنگی و هەمەجۆری دەبێتە مۆزایك و هەمووان ئاشنای یەکتر دەبن.

- برەودان بە هۆشیاری تاك: هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە پەرەپێدانی هۆشیاری خەڵك، و هاندانی لاوان لەسەر بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگە، ئەنجامدانی کاری پێکەوەیی لەسەر هەستانەوە و ڕابوونی دەوڵەت، سەرەڕای هەموو ئاڵنگاریەکان، لێرەدا کارامەی هێز و توانا بێسنوورەکانیان بەکار دەهێنن بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە چەندین بابەت و مەترسی وەك تاوان بە نموونە.

## 2.2.1.ئەرکی هۆکارەکانی ڕاگـــەیاندن

توێژەران چەندین توێژینەوەیان ئەنجامداوە لەسەر ئەو ئەرك و ڕۆڵانەی کە ڕاگەیاندن دەتوانێت بگێڕێت[1]:

1- ئەرکی چاودێری **Watch Dog:** ئەم ئەرکە درێژە پێدەری چـەمکی دەسەڵاتی چـوارەمە، کە وەکو چاودێر ڕۆڵ دەگێڕێت، چاودێری هەموو ئەو بابەتانە دەکات کە لە کۆمەڵگەدا دەگوزەرێن، گـشت دەزگــا سیاسی و کۆمەڵایەتیە دەست ڕۆشتوەکانیش دەگرێتەوە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕاگەیاندن وەکو جۆرێك لە پاسەوان هەوڵ دەدات پاسەوانی لە بەرژەوەندی گشتی بکات لە کۆمەڵگەدا، لە دژی هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە جۆرێك لە گەندەڵی پیادە دەکەن، هەوڵ دەدات سزای ئەو کەسانە بدرێت کە دژی بەرژەوەندی گشتی دەوەستنەوە. هەروەها هەوڵ دەدات چاکسازی لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا بکرێت، ڕۆڵی هەیە لە برەودان بە بنەمای حەق ویستی و ڕاستگۆیی و شەفافیەت، پاراستنی کۆمەڵگە لە تاکڕەوی و ستەمی سیاسی. هەموو ئەو ڕۆڵە پارێزکاریانەی ڕاگەیاندن باشتر ئەنجام دەدرێت لە چوارچێوەی هۆکاری ڕاگــەیاندنی سەربەخۆ کە چـەند پێوەرێکی ستاندەرد کۆنترۆڵی دەکات.

[1] محمد علي، مجاشع (2016). التلفزيون والفساد: دور التلفزيون في مكافحة الفساد.(ط1). القاهرة:دار المجمع العلمي.ص91-92.

2- ئەرکی ئامۆژگاری دلسۆزی بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان: هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن ڕۆڵی پاسەوان دەگــێڕن بۆ دامەزراوە کاراکانی کۆمەڵگــە، چونکە ئەوان پێداگیری دەکەن لەسەر بەدواداچـوون کردن بۆ ئەو (مشەخۆرانەی) دەخزێنە ناو کۆمەڵگــە، کە کاریان بووەتە تێکدانی ئاشتی کۆمەڵگــە و دروست کردنی گیروگرفت لە پەیوەندیەکاندا .

3- ئەرکی ڕێنوێنیکردنی جەماوەر: دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەک ڕێنوێنیکار یان ڕێنشاندەری هاووڵاتیان کاردەکات، کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی سیاسەتی بەڕێوەبردن و دروستکەرانی سیاسەتیان پێدەدات، کە یارمەتیدەری هاوڵاتیانە و پێویستیان پێیەتی، لەکاتی دروستکردنی بڕیارەکان و هەڵسەنگــاندنی سەرکردەکانیان.

4- ئەرکی پشتگیری کردنی دەسەڵات: ڕاگەیاندن لە باوەشی دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، واتا وەك دەزگــایەکی سەربەخۆ کار ناکات و گوزارشت لە هیچ جۆرە بەرپرسیاریەتیەکی دەسەڵات ناکات، گرنگی بە ڕاو ئاراستەکانی تری کۆمەڵگــە نادات، بەتایبەت ئەوانەی کە لەگــەڵ بەرژەوەندی سیستمی کۆمەڵایەتیدا یەکناگــرێتەوە، خەڵك وەك ئامرازێك کار دەکەن، بۆ گــەیاندنی ئەوەی کە سیستمی سیاسی دەسەڵاتدار مەبەستیەتی بگــات بە خەڵک، بەو جۆرە ئەنجامی دەدات کە خۆی مەبەستیەتی، هیچ جۆرە ڕەخنەیەکیش نیە بۆ دەستەی باڵای دامەزراوە. هەندێك خەڵك ڕۆڵی ڕاگــەیاندن بە کاری پۆستەچـی دەچـوێنن کە ڕۆڵی تەنها گــەیاندنی زانیاریەکانە.

5- ئەرکی " ڕێبەر " **Land Dog** : ڕاگەیاندن ئەجێندای گرفتەکان دەست نیشان دەکات، بۆ ئەو ئاڵنگاریانەی لە دووتوێ سیاسەت کردندا سەر هەڵدەدەن. لێرە ڕاگەیاندن وەکو ئامێری پاڵفتە کردن کاردەکات و بابەتەکان پاڵفتە دەکات و پۆلینیان دەکات، وەکو ڕێبەرێک ڕێبەرایەتی بابەت و کێشەکان دەکات و بە پێی لە پێشینە و گــرنگــیان ڕێکیان دەخات، بەر لەوەی پێشکەشی جەماوەری بکات، لە هەمانکاتدا هانی سیاسیەکان دەدات بەدواداچـوون بۆ ئەو کێشانە بکەن، لەبەر گــرنگــیان لە چوارچێوەی کاروباری گــشتیدا، بەمەش ڕۆڵی "ڕێبەر" ی سەرکردە دەگــێڕێت، بەو ڕێگــە دیاریکراوانەی کە گــرنگــی زیاتر دەدات بە یەکێك لە کێشەکان بەراورد بە کێشەکانی تر. بۆ ئەوەی هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن بە ئەرکی خۆی هەڵسێت کە یارمەتیدانە بۆ پاڵپشتیکردنی کۆڵەکەکانی دیموکراتیەت لە هەر کۆمەڵگــەیەکدا، لەسایەی فەراهەم بوونی ئاستێك لە ئازادی و دیموکراسی، پێویستە چـەند مەرجێك فەراهەم بن لەوانە[1]:

فرەیی و هەمەجۆری: بە واتای بوونی کۆمەڵێك هۆکاری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا دێت، تا ڕا و بۆچوونی جیاواز بگوازێتەوە و لە یەك گۆشەنیگاوە تەماشا نەکرێت، هەر چەندە

1 عبد الباقي، عيسى(2014).الصحافة الاستقصائية وصناعة القرار السياسي، دراسة في المدخل الرقابي لوسائل الإعلام.(ط1).القاهرة: العلوم للطباعة.ص45-46.

فرەیی لە جۆرەکانی ڕاگەیاندندا هەبێت ئەوەندە توانای دەربڕینی بۆچونەکان زیاتر دەبن و دەروازەی ئازادی زیاتر دەکرێتەوە، بەڕووی ئەو ڕا و تەوژمە هزریانەی هەن لە کۆمەڵگـەدا. پێوەری ڕاستەقینەی فرەیی (**Diversity**) لەوەدا دەردەکەوێت کە تا چەند دەرفەت هەیە ئەو لایەنە جۆراوجۆرانە ڕاو بۆچونی خۆیان دەربڕن دەرهەق بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەك بواری فیکری و فرەیی سیاسەتەکانی نووسین لە کۆمەڵگەدا.

- نەبوونی بەربەست: واتا نەبوونی هیچ جۆرە بەربەستێك، کە ڕێگە لە ئازادی ڕاگەیاندن و دەرچوونی ڕۆژنامەکان دەگرێت، و توانای سنووردار دەکات، لە دەسکەوتنی زانیاریەکان، یان ڕێگە بگـرێت لە دەربڕینی بوچونە جیاوازەکان، یان ڕەخنەی بونیاتنەر و ڕاستکەرەوە پیادە بکات، بە شێوەیەك چـەندە ئەو بەربەستانە لا ببرێن، هەل و دەرفەتی رووبەری ئازادی فراوانتر دەبێت بۆ هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن.
- نەبوونی چاودێری: وادەکات کۆتا ناوەرۆکی ڕۆژنامەکە وابەستەی ئیرادەی دەسەڵاتی چـاودێریکار بێت، نەك دەستەی نووسینی ڕۆژنامەکە، لەبەر ئەوە چەندە لایەنی چاودێری کەمتر بێتەوە، تەوەرەی ئازادی فراوانتر دەبێت، دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دەست کراوەتر و ئازادتر و بە تواناتر دەبن بۆ دەربڕینی کێشەکانی کۆمەڵگا.

• ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی: ئەوەش هەموو جۆرە زانیاریەك دەگرێتەوە، لەوانەش ئاگـاداربوون لە بەڵگەنامە فەرمیەکانی تایبەت بە دەوڵەت، ڕێگـری کردن لە قۆرخکردنی زانیاریەکان لەلایەن هیچ دەستە یان دامەزراوە یان دەسەڵاتێك.

## 3.2.1. لە ئامانجە پەروەردەییەکانی هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن

ئامرازە پەروەردەییەکان بریتین لە چەند سیستمێکی داتا (**input**) و پرۆسێس و دەرچوێنراو (**output**) و چالاکی خۆی هەیە، بناغەی ئەم سیستمە بریتین لەو کەسانەی کە پسپۆڕن لە بواری ڕاگەیاندن و فێرکردندا، خاوەنی چەندین تایبەتمەندی گرنگن، شێوازی کار و ئامرازی فرەجۆری دیاریکراون، لە ژینگەیەکدا کە وەڵامی هەموو داواکاریەکانی بەگەڕ خستنی ڕاگەیاندن دەداتەوە، بە پشت بەستن بە بەڕێوەبردنێکی باش، بۆ ئامرازە ڕێکخەرەکان.

هەموو ئەمانە بۆ ئەوەیە کە کارمەندەکان بتوانن کارەکانیان بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ بکەن، ئەمەش پەیوەندی بە ژینگەی فێرکردنەوە هەیە، لە ڕووی بونیاتنانەوە، ڕاگەیاندنی پەروەردەیی چالاکیەکی دان پیانراو و ڕێکخراوە، بۆ ئەو دەستە و سەنتەر و دامەزراوانەی کە پسپۆڕن لە بواری ڕاگەیاندن و

فێرکردندا، چەند پسپۆڕێك كە بودجەیەكیان بۆ دیاریدەكرێت و لە چوارچێوەی یاسادا كارەكانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

كاریگەری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەوەدا بەدیار دەكەوێت كە هەوڵ دەدات پەروەردە قۆناغی پێشكەوتوو ببڕێت، ئەمەش لە رێگەی بە هێزكردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی پەروەردەیی لە كۆمەڵگەدا. هەر لەو سۆنگەوە هەوڵ دەدات بەها باڵاكان جێگیر بكات و چارەسەری گونجاو بۆ گرفت و ئالنگاریەكان بدۆزێتەوە.

لەو بایەخە گرنگانەش دروست كردنی بیرۆكە و بیردۆزە بۆ بەستنەوەی جوگرافی و كلتوری و ژیاری لە نێوان وڵاتاندا، بۆ دروست كردنی جۆرێكە لە بیر و هزر كە لە سەرووی سنورەكانەوە بێت. هەر لەم سۆنگەیەوە هۆشیاری و ڕۆشنبیری نوێ دێتە ئاراوە، بەها بەرزەكانی ئایین بەهێز دەبن و كلتور و ژیاری ئەرێنی بڵاو دەبنەوە.

لە ڕووی پیشەییەوە، بەدەستهێنان و فێربوونی شێوازە فێركاریەكان، لە ڕێگەی فێربوونی چۆنێتی پەرەدان بە لێهاتوویی و تواناكانەوە دەبێت، هەروەها لە ڕێگەی پیادەكردنیان بەمەبەستی باشتركردن و پەرەپێدانیان، ئەمەش لە پێناو بەرەو پێشبردنی ڕەفتاری پەروەردەیی ڕاگەیاندكاری و نوێكردنەوەی ئامراز و رێگە و ئەزموونەكانی فێركردنیان، تاوەكو بتوانێت گەشەكردنێك دروست بكات كە هاوكات بێت لەگەڵ خودیی پەروەردەیی هۆكارەكانی ڕاگەیاندندا، ئەمەش لەڕێگەی بەكارهێنانی زانیاریەكان بەشێوەیەكی دروست و گواستنەوەی هەواڵەكان و گوزارشت لێ كردنی بەشێوەیەكی ڕاست و ئاراستەكردنی بۆ ڕای گشتی.

گرنگی ڕاگەیاندنی پەروەردەیی لە ووڵاتانی عەرەبیدا دەردەكەوێت، لە ڕێگەی ئەو گۆڕانكاریە نێودەوڵەتی و نێوخۆیی و هەرێمایەتیانەی كە ڕوو دەدەن، ئەمەش جێبەجێ دەبێت لە ڕێگەی پەروەردەی كۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، كە كارامەیی و توانای پێویست بە لاوان دەدات، تا بتوانن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و بەهای ئینتیمابوون و بەخشینیان لا دروست ببێت، خەڵك بە گشتی تێگەیشتنی بۆ خۆی هەبێت و خۆیان پەسەند بكەن، مامەڵە لەگەڵ كەسانی تردا بكەن، لە هەمانكاتدا دووربكەونەوە لە نەخۆشی لادان لە ڕەفتار و بیركردنەوەدا، هەروەها دووركەوتنەوە لە خواستی دوژمنكارانە و بوونی توانای بەرەنگاربوونەوەی گرفتە جۆراوجۆرەكان، بۆ ئەوەی بە هۆشیاریەوە پشت بە بەرنامەی زانستی ببەستن.

لەو بایەخە گرنگانەی ئەم چوارچێوەیە، گەڕانە بە شوێن پێكهێنانی هزر و بیردۆزی گونجاودا، بۆ بەرهەڵستیكردنی بەیەكەوە بەستنی جوگرافی و كلتووری لە نێوان ووڵاتانی دونیادا، لە ڕێگەی دروستكردنی ئەقڵیەتێكی جیهانیەوە، كە بەربەستەكان بشكێنێت. هەروەها گەشەسەندن دەبێتە هۆی

دروست بوونی ئاڕاسته و بیرۆکەکان و بڵاوبوونەوەی مەعریفە و ڕۆشنبیری و دەستکەوتنی بەها ئایینیەکان و بڵاوبوونەوەی کلتوور.

لەو ئامانجانە:

- کار کردن لە سۆنگەی ئەوەی کە گەنجان گەنجینەی راستەقینەی کۆمەڵگەن.
- تیشک خستنەسەر گرفتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە منالانەوە هەیە و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیاندا .
- هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی کادری پەروەردەیی و ڕاگەیاندکاری پەروەردەیی.
- بایەخدان بە پەروەردەی خۆپارێزی، گەشەپێدان و چارەسەرکردن.
- دانانی کەناڵی ڕاگــەیاندنی پەروەردەیی بۆ فێرکردنی بەردەوام و فێربوون لە دوورەوە ( پەروەردەی ئۆنلاین).
- بەدواداچوون بۆ دوا گــۆڕانکاری و بیردۆزە نوێکانی بواری هزری پەروەردەیی و تەکنیکی پەروەردەیی و زانیاریەکان .
- هاوئاهەنگی لەگەڵ دامودەزگا پەروەردەییە ڕاگــەیاندکاریەکان، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، بەرنامەکان و چـالاکیەکان بە تەواوی.
- بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی و ئامانجەکانی، لەسەر ئاستی کەرتە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و کۆمەڵگە بەگشتی و خێزان بەشێوەیەکی تایبەت.
- کارکردن لەسەر ئاستی چەسپاندنی بەها بەرزەکان، برەودان بە ئاراستە ڕەفتاریە گــونجاوەکان و بەرزکردنی ئاستی پەروەردەیی ، فیکری، شارستانی و دەروونی وەرگــر.
- برەودان بە هۆشیاری، دەربارەی پەیامی مامۆستا، بۆ بە هێزکردنی پێگەکەی لە کۆمەڵگەدا.
- پیشاندان و بەگــورە پیشاندانی ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییەکان لە دروستکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خوازراودا.
- بایەخدان بە میکانیزم و پێکهاتەکانی پەروەردەیی (مامۆستا – پرۆگرامی خوێندن – سیستمی پەروەردەیی – پەرتووک – ڕاستکردنەوە).
- ئاڕاستە کردنی چـەند پرۆگــرامێکی گــەشەپێدانی ڕۆشنبیری بۆ چـەند توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگــە، بەتایبەت ئەو توێژانەی پەیوەستن بە بنەماکانی پەروەردە (منال – گەنج – مامۆستا – کرێکار – ئافرەت – جوتیار).

## 4.2.1 .ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی فێرکردندا

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەهۆی پێکهاتەکەیانەوە بە کارلێک کردنیان لەگەڵ مرۆڤدا، یەکێك لە ئامرازەکانی پەروەردەکردن پێك دەهێنن، چونکە ڕەنگدانەوەی چەندین لایەنی جیاوازە لە کلتووری گشتی کۆمەڵگەدا، بە تایبەت کە زانیاری و داتاکان لە ئەمڕۆدا تەنها لای خانەوادە یان قوتابخانە قەتیس

نەماوەتەوە، بەڵکو هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بوون بە یەکێك لەو دامەزراوانەی  کە منداڵ چەند هێندەی قوتابخانە یان خانەوادەکەی زانیاری لێ وەردەگرێت و بە جۆرێک گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ڕۆڵی هەبێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیانەی نەوەی داهاتوودا، ئەمەش وەستاوە لەسەر بنەمای گرنگی کاریگەریەکەی لە گەشەکردنی تاکەکان لە ڕووی مەعریفی و ڕەفتاریەوە.

تەلەفزیۆن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی پێگەیاندن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵگەکاندا، بۆیە پیشەی پەروەردەیی تەلەفزیۆن دەکەوێتە ژێر چەمکی تێگەیشتنی گشتگیری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە. تەلەفزیۆن هاوشێوەی ئامرازەکانی تری ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بواری پەروەردەدا، ئەمەش بەهۆی ئەو زانیاری و مەعریفەیەی کە لە بەرنامە تایبەتەکانیدا دەیخاتە ڕوو و پێشکەشی دەکات.

ئەو پێشکەوتنە تەننەلۆژیە گەورەیەی کە کەرتی تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندن پاڵپشتی کرد لە دوو دەیەی ڕابردوودا بوهو بە هۆی دەستکەوتنی ئەو ئامراز و شێواز و خزمەتگوزیانەی کە وای لە خەڵك کرد لە سەرتاسەری جیهان هەست بەوە بکەن هەموویان لە نزیك یەکترەوە دەژین نەك لە دێیەکی بچووک، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو ئەم لێک نزیکبوونەوەیە ئەو بەربەستەی شکاند و تێیپەڕاند کە پێی دەگوترا لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری . لەوانەیە یەکێك لە گرنگترین ئەم تەکنیکانە ئەوە بێت کە پێی دەڵێن تۆڕی کۆمەڵایەتی کە ملیۆنەها کەس لە ڕێگەیەوە بایەخ و مەیل و حەزەکانیان بەشداری پێدەکەن بە خەڵکانی ترەوە[1].

لەم دواییانەدا تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بووە بە فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ کە کاریگەری دادەنێت لەسەر پەیوەندیکردن و کارلێکی نێوان خەڵك و کۆمەڵگە، و ئەمەش دۆخێک بوو کەس پێشبینی نەدەکرد، بۆ نموونە وەك : **"Youtube"**، **" Google"**، **"Google Plus"**، **"Twitter"**  کە ئێستا لە هەموو دونیادا بەکار دەهێنرێن، ئەمەش لێهاتوویی بەکارهێنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر ئینتەرنێت زیاتر دەکات، هەروەها دەتوانرێت تایبەتمەندیەکانی ئەم تۆڕە بەکار بهێنرێت لە فێرکردندا.

لەم چەند ساڵەی دوایدا، ڕۆڵی ئەم تۆڕانە لە فێرکردندا دەرکەوت، هەزاران دامەزراوەی فێرکاری لە قوتابخانە و پەیمانگە و کۆلێژ و زانکۆکان لە دونیادا دەستیان کرد بە بەشداریکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەمە جگە لە بەشداریکردنی قوتابیان لە ئامانجەکانی فێرکردن، خزمەتگوزرایەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بەکارهێنرا لەو بوارەدا، کە پێی دەوترێت  فێرکردنی تێکەڵ یاخود فێرکردنی تەواو لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.  لێرەدا پێویستە قسە لەسەرچەند ئامراز و شێوازێکی ڕاگەیاندنی بینراو بکەین  لە پرۆسەی فێرکاریدا، وەك ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و پێگەکانی سۆشیاڵ میدیا و بەکارهێنانی

[1] إطميزي، جميل (2013).نظم التعليم الإلكتروني وأدواته .(ط1).الدمام: مكتبة المتنبي.

تۆڕی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی دروست، لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لەبەر ڕۆشنایی سیاسەتەکانی فێرکردن، پەروەردە و ڕاگەیاندنەوە[1] .

## 5.2.1 .ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ئاراستە کردنی ڕای گشتی ودروست کردنی ئاڕاستەکانی

دارِشتن و دروستکردنی ڕای گشتی لە کۆمەڵگەدا، لەو ڕۆڵە سەرەکیانەیە کە ڕاگەیاندن پێی هەڵدەستێت، ئەم ڕۆڵە گەورەتر دەبێت بەهۆی گۆڕانکاریە یەك لەدوا یەکەکانی بواری تەکنەلۆژیای زانیاری و گەیاندنەوە، کە بوار و توانایەکی ئێجگار گەورەی خستە بەردەستی ڕاگەیاندن، بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش وایکرد هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببێت بە یەکێك لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە کاریگەری بەسەر ڕای گشتیەوە هەیە ئەگەر گرنگترینیان نەبێت.
دانانی کاریگەری لەسەر جەماوەر[2] بەچەندین هەنگـاو و شێوازی جیاواز دەبێت، هۆکارەکانی ڕەگـەیاندنیش کە یەکێکە لە سەرچـاوەکانی زانیاری، بە بەردەوامی هەڵدەستێت بە پێدانی بڕێکی زۆر لە زانیاری و مەعریفەی جۆراوجۆر بە وەرگـر، لە بابەت و مەسەلە جیاوازەکاندا، ئەو زانیاریانە لە چـوارچـێوە سرووشتیەکەی خۆیدا لەوانەیە ڕاست بێت و لەوانەیە لێی دابماڵرێت و ماناکانی بگـۆڕێت، هەروەها لەوانەیە زانیاریەکان ناتەواو و ناڕێکبن، ئەگەری هەیە ناڕاستبن، یاخود زانیاریەکان بێلایەن بن و مەبەست تێدا خزمەتکردنی ئاراستەیەکی دیاریکراو نەبێت، یان لەوانەیە زانیاریەکان ئاراستە کراوبن، ئەم زانیاری و مەعریفە جۆراوجۆرانە هەندێکجار بە بنکەی سەرەکی دادەنرێن بۆ هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن، کە لێیانەوە دەست دەکات بە دروستکردنی کاریگـەری جیاواز لە مەودای دوور و نزیکدا، بەم جۆرە هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن زانیاری جیاواز بە وەرگـر دەدەن و بە یەکەمین هۆکار دادەنرێن لە دروست کردنی کاریگـەری لەسەر جەماوەر، چونکە وا باوە کاریگـەری هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن لە مەودای دووردا دەردەکەوێت، بەهۆی کەڵەکە بوونی کرداری سەیرکردنی هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن و دووبارە بەرکەوتنە بەر کاریگـەریەکەی.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەلایەك پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان بابەتەکانی هۆکایەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری و ئەو ڕووداوانەی کە لەلایەن ئەم هۆکارانەوە پیشکەش دەکرێن دەخاتە ڕوو لەگەڵ بەها هەواڵیەکان و واقیعی کۆمەڵایەتی، لەلایەکی تر بە شێوەیەك تەماشای ڕوومالی هەواڵی بۆ کێشەکان و بابەتەکان دەکات وەك ئامرازێکی کاریگەر لە دروستکردنی واقیعی ڕاگەیاندکاریدا، ئەم واقیعەش

[1] قروش، عبد القادر (10-5-2006). دور وسائل الإعلام في العملية التعليمية. العراق: مجلة المعلم، العدد الحادي والعشرين.
[2] الشمري، محمد (2016). المدخل إلى دراسة العلاقة العامة والإعلام.(ط1). القاهرة: مطبعة الجوهرة .ص140.

لەلایەن جۆرە خەڵکێکەوە درك پێدەکرێت کە خاوەن ڕۆشنبیری ڕاگەیاندکاری و مەعریفی بێت، کە ئەمە واقیعی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەیە[1]. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم واقیعە تەنها گوزارشت لە بۆچوونی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەکات بۆ ڕووداوەکان، یان بە دەستەواژەیەکیووردتر بینین و ڕوئیای ئەوە کە لەڕێگەیەوە هەوڵی شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان دەدات، کە ئەمەش دەرەنجام بەستراوە بە کۆمەڵێك گۆڕاو (متغیرات) و فاکتەری کاریگەرەوە.

ئەگەر ئەرکی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بریتی بێت لە بونیاتنانی مانا و دانانی چوارچێوە بۆ رۆئیای ئێمە و جیهان، ئەوا پرۆسەی چوارچێوەدانان و بونیاتنانی مانا زیاتر لە کاتی جەنگ و تەنگژەکاندا چالاك دەبێت، و کاریگەری بەسەر وەرگرەوە زیاتر دەبێت، بۆیە لە ماوەی تەنگژەدا خواست لەسەر زانیاری ڕاگەیاندن زیاد دەکات، بۆ تێگەیشتن لە ڕێڕەوی تەنگژە و ڕاستیەکەی، لە هەمانکاتدا چاودێری کردنی دەرەنجامەکان یان حاڵەتی ئۆقرەیی، لێرەدا وەرگر زۆرتر ئامادەیە بۆ کاریگەربوون و کاری تێکردن، هەروەها ووتاری ڕاگەیاندکاریش لە کاتی تەنگژەدا گرنگی بەدەست دەهێنێت، لەو سۆنگەیەوە کە ئەو تەنها ناوەستێت لەسەر وێناکردن و گواستنەوەی واقیعەکە، بەڵکو لە هەموو کاتێك زیاتر هەوڵ دەدات بۆ ڕەخساندنی زەمینەی مەعریفی و چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ وەرگر، بۆ ئەوەی نزیکبوونەوەیەکی هاوبەش لەخۆ بگرێت دەربارەی تەنگژەکە[2].

ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەردەکەوێت لە کاتی وەسفکردنی یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکاندا، لە پێکهێنانی ئاراستە و بۆچوونی زیهنی تاکەکان، دەربارەی تاك و گەلان و کۆمەڵگەکان، لە ڕێگەی ئەو هەواڵ و بابەتە جیاوازانەی کە پەخشی دەکات.

لە ڕاستیدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بونیاتنانی کۆمەڵگە و بەرەوپێش بردنی لەڕێگەی ئەمانەی خوارەوە:

- گەیاندنی هاوڵاتی بە هەر شتێك کە ئەو گرنگی پێدەدات، لەو بوارانەی کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ کەرتە جیاوازەکانی تری خزمەتگوزاری، لە ڕووی پەرەدان بە لێهاتووییەکان و گواستنەوەی ئەزموون لە گشت بوارەکانی چالاکی مرۆیدا، لە گەیاندنی پەیامەکانی وەك: (کەرتی بەرهەمهێنان، فێرکردن، تەندروستی،....هتد)، هەروەها بەشداریکردن لە پێدانی پێشنیار دەربارەی باشترین چارەسەر لەڕێگەی تیشك خستنە سەر گرفت و چارەسەریەکەی، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و گەشەپێدانی هزری گشتی تاکەکانی کۆمەڵگە، لە ڕووی ناوەرۆکە هزری و ڕۆشنبیریە هەمەجۆرەکەیەوە.

---

[1] Pavelka, Jiří(22-8-2014) .The Factors Affecting the Presentation of Events and the Media Coverage of Topics in the Mass Media,(Vol 14) Czech : Procedia - Social and Behavioral Sciences.P.629-623.

[2]عبدالله، شهيرة (25-6-2014). الحرب في وسائل الإعلام، آليات بناء المعنى وإنتاج المعرفة، مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية،العدد الثامن والثلاثين.ص96.

- دروستکردنی ڕای گـشتی دانایانە، بۆ کێشە کۆمەڵایەتیە دەرەکی و ناوەکیەکان، لە ڕێگـەی فەراهەمکردنی گـشت زانیاریە پێویست وڕاستەکان، لەگـەڵ نمایشکردنی ڕا جیاوازەکان بەشێوەی ڕاستگـۆیانە و هۆشیاریانە.

هەڵبەتە فاکتەری زۆر هەیە کە یارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەدات بۆ ئەوەی بەم ڕۆڵەی هەڵبستن[1]:

١- بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و فراوان بوونی، بە شێوەی ئاسۆیی و ستوونی، و توانای بەهێزی لە بەجەمسەر کردن و سەرنج ڕاکێشان، ئەمەش بە یارمەتی تەکنەلۆژیای پەیوەندی سەردەمەوە بوو، کە وای کرد شێوە و شێوازی هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن گـۆڕانکاری بەسەردا بێت، لە ڕێگـەی نمایش کردنی ڕووداوەکان و باکگـراوەندەکانی ڕووداوەکان، هەروەها تەکنەلۆجیا وای کرد ئاستی ڕووماڵکردنی هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە فراوان بێت،

هەروەها بەشداریکرد لە گـۆڕینی شێوە و شێوازی هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن بەتایبەت تەلەفزیۆن، ئەمەش لە ڕێگـەی تواناکانی لە گـواستنەوەی ڕووداوەکان بەشێوەی وێنەیی و بەخێرایی و ڕووماڵکردنی ڕاستەوخۆ و خێرا بۆ شوێنی ڕووداوەکە لە شوێنە جیاوازەکاندا، هەروەها توانی باکگـراوندی شرۆڤەکاری بۆ ڕووداوەکان پێشکەش بکات بە پشت بەستن بە تەکنەلۆژیای گـەیاندنی سەردەم.

٢- دەست گرتن بەسەر کاتەکانی کار و کێبڕکێی توندی لەگەڵ دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی تر، لە بواری کاریگـەری جەماوەری، چونکە ئێستا هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی سەردەم بە توندی کێبڕکێی ڕۆڵی دامەزراوە پێگـەیەنەرە کۆمەڵایەتیە کلاسیکەکان دەکات.

٣- لەسەردەمی ئێستاماندا کەسەکان هەموو هەست بە تەنهایی دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە پشت بە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبەسترێت بۆ ڕەواندنەوەی ئەم تەنهاییە.

دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە کورد چووەتە ناو جیهانی کەناڵە ئاسمانیەکان و بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەها بەجۆرێکە کاریگەری لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و ناسنامە و زمانی کوردی دەرکەوتووە. بەگوێرەی توێژینەوەکان[2] دەرهەق بە زمانی کوردی وای بۆ دەچێت کە زمانی کوردی زەقترین ناسنامە بێت بۆ میللەتی کورد.

پێگە ئەلکترۆنیەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان و ئینتەرنێت بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی کارایان هەبووە لە بەهێزکردنی بنەماکانی زمانی کوردی و دیاریکردنی ناسنامەی کورد. لەگـەڵ هەموو ئەمانەدا هۆکارەکان ڕاگـەیاندنی سەردەم وایکرد کە ناوچـە جیاوازەکان بتوانن بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر

---

[1] د،أيمن(2004). الصور الذهنية والإعلامية، عوامل التشكيل واستراتيجيات التغيير.(ط2). القاهرة: دار النشر الوطنية. ص111-112.

[2] Vali, Abbas (2003), Essays on the origins of Kurdish nationalism. Costa Mesa: Mazda Publishers Inc. (pp. 106–162).

بابەتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و هزری و بوارەکانی تری ژیان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕ بکەن و گـفتوگـۆی لەسەر بکەن.

لەهەمانکاتدا توانییان دووبارە بونیادی شوناسیان بە ووتاربکەنەوە، بە شێوەیەکی ئاسان و بە ئازادانە. لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە ڕووی ئامارەوە جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە ڕۆڵی هۆکارەکانی گـەیاندن سەبارەت بە بونیاتنانەوەی شوناس و بەکارهێنانی زمانەوە، کەناڵە ئاسمانیەکان پاڵپشتی ئەو ڕایە دەکەن کە لە نێوان گـفتوگـۆکەراندا هەیە، بە هەموو شێوەزارە کوردیەکان، هەرچـی ئینتەرنێتە بەلای ئەوەدا دەڕوات کە فرە زمان فەراهەم بکات لە ڕێگـەی ئەلف و بێ و هێڵە هەرێمیەکانەوە.

ناسنامەی نیشتمانی ئاماژەیە بۆ هەستی هاوبەشی ئینتیمابوون بۆ کۆمەڵێکی ڕۆشنبیری و ژیاری و کلتوری و نیشتمانی و مەعریفی، تەنانەت بە لەبەر چاوگرتنی خاڵە جیاوازەکانیش لە گەڵ ڕەگـەزەکانی تر،وەک هەندێ گروپ و کۆمەڵ لە نێو کۆمەڵگایەکی دیاری کراو.[1] هەتاوەکو ئەگـەر زۆربەی جاران ئەم ڕەگـەزانە دروستکراویشبن.

بە شێوەیەکی تر ناسنامەی نیشتمانی بریتیە لە پەیکەری کۆمەڵایەتی، بە لەبەرچاو گرتنی ڕەگە مێژوویەکەی[2] ، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕەگە مێژوویە دروستیش کرا بێت لە هەندێ حاڵەتدا.

بە دەستەواژەیەکی تر، بەشداربووان لە داڕشتنی ناسنامەی نیشتمانی و نەتەوەییدا، لەسەر بنەمای مێژوو و زەوی و تابلۆی سروشتی زمان و ژمارەیەکی زۆر لە سیمبولە ڕۆشنبیری و سیاسی و ئەفسانەیەکان بەکاریدەهێنن، وەك ڕێچکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی نیشتمانی ولات دەریدەهێنن کە ئەوە زمانیش دەگرێتەوە[3].

لە نێوان پێکهاتەکانی ناسنامەی نیشتمانیدا، زمان بە بەهێزترین فاکتەر ئەژمار دەکرێت بەپێی لێکۆلینەوەی توێژەران[4،5،6]، بە چاوپۆشی کردن لەوەی هەندێکجار بەستنەوەی ناسنامەی نیشتمانی بە زمانەوە پەسەندنیە، بەڵام دەکرێت بگوترێت کە زمان کاریگەری و ڕۆڵی خۆی هەیە لە دیاریکردن و بونیاتنانی ناسنامەی نیشتمانیدا، ئەمە بۆ زۆرینەی نەتەوەکان دروستە، بەڵام بۆ کەمینە نەتەوەکان، یەك

[1] Wodak, R., de Cillia, R., Reisigl, M., & Liebhart, K. (2009). The discursive construction of national identities (2nd ed.) Edinburgh: Edinburgh University Press.
[2] Smith, A. D. (1998). Nationalism and modernism. London: Routledge.
[3] Castells, M. (2004). The power of identity (2nd ed.). Oxford: Blackwell.
[4] Joseph, J. E. (2004). Language and identity: National, ethnic, religious.) New York: Palgrave Macmillan.
[5] Fishman, J. (1989). Language and ethnicity in minority sociolinguistic perspective. (1st ed.). Clevedon: Multilingual Matters Ltd.
[6] Edwards, J. (2009). Language and identity: An introduction. New York: Cambridge University Press.

زمان به یەکێك لە دیارترین نیشانەکانی شوناسی کۆمەڵەکەیان دادەنرێت [1]،ئەم خاڵە لەلای میللەتی کورد و زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی تایبەتی دەردەکەوێت [2].

کیملچە[3] لەو بڕوایەدایە کە"سیاسەتی دیموکراتی، سیاسەتە بە زمانی سادەی کۆمەڵگە. هاوڵاتی سادە ئارەزوو دەکات بە زمانە سادەکەی خۆی باسی سیاسەت بکات، بەم شێوەیەش زیاتر ئاسوودەیە. بە دەستەواژەیەکی تر بەشداری کردن لە کایەی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا، پشت دەبەستێت بەو ئاستەی کە هاوڵاتیانی ئاسایی پێیگـەیشتوون لە ڕووی زمانی تایبەتی خۆیانەوە.

واتا دەگەینەوە ئەو بڕوایەی کە لە ڕێی زمانەوە بەشێوەیەکی سەرەکی پێکهاتەکانی تری شوناسی نیشتمانی بونیاد دەنرێت.

[1] Phillipson, R., Rannut, M., & Skutnabb-Kangas, T. (1995). Introduction. In T. Skutnabb-Kangas,(1st ed.). United States: Sage Press.
[2] Vali, A. (2003). Essays on the origins of Kurdish nationalism. Costa Mesa: Mazda Publishers Inc. (p. 58–105).
[3] Kymlicka, W., & Patten, A. (2003). (1st ed.). Language Rights and Political Theory. Annual Review of Applied Linguistics, England: Cambridge University Press. (P 3–21).

## تەوەری سێیەم / کاریگەری ئەرینی و نەرێنی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگا

## 3.1 . کاریگەری ئەرینی و نەرێنی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگا

هەموو جۆرەکانی ڕاگەیاندن چی ئەوانەی کلاسیکین (وەکو تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە)، یان ئەوانەی مۆدێرنن وەکو ڕۆژنامە هەواڵیەکان وپێگـە ئەلیکترۆنیەکان و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە ئێستا بە هۆکاری زۆر خێرا دادەنرێن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری، ناسراوترینن لە ڕووی بەکارهێنانەوە لە جیهاندا، تێکڕا کاریگەری زۆریان هەیە لەسەردروستکردنی تێگـەیشتنی تاکە کەسیی و کۆمەڵایەتی وپەیکەری مەعریفی، کە ئەمەشیان یارمەتیدەرە لە پێکهێنانی شێوازی مامەڵە کردنی تاکەکان و کۆمەڵگـەکان، لەگـەڵ گـرفتە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەفتار و جۆرەکانی کۆمەڵگـە.

لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین دەکرێت هەندێکجار کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زۆر بە هێزبێت و توانای بلاوکردنەوەی شێوازێکی دیاریکراویان هەبێت کە تاک یان کۆمەڵگە پیادەی دەکەن، بەڵام لە هەندێک کاتی تردا کاریگەری ڕاگەیاندن کەمترە لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە، لێرەدا تاك یان کۆمەڵگە دەتوانێت لە شێوازی بیرکردنەوەی سیاسی و هزری و کۆمەڵایەتی دەربچێ[1].

هەروەها ڕاگەیاندن ڕۆڵی نەتەوەی دەگێرێت، لەڕووی ئەوەی کە کاریگەری هەیە لەسەر دروست کردنی ڕای گشتی و خستنە ڕووی بابەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، بە شێوەیەك ئاستی مەعریفی و تێگـەیشتنی هاوڵاتی بەرز دەکاتەوە لە گـشت بوارەکاندا، ئەمە لە پاڵ ڕۆڵە کلاسیکیەکەی خۆی کە پەخشکردنی هەواڵە لەسەرتاپای جیهان. لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن ئەرێنی دەبێت و لە بەرژەوەندی هاوڵاتیدایە و ئاستی کۆمەڵگـە بەرز دەکاتەوە، کەوا دەکات ببێت بە کۆمەڵگـەیەکی هۆشیار و ئاگـادار و توانای بیرکردنەوە و شیکاری هەبێت، بەستنەوەی ڕووداوە واقعیەکان کە لە دەوروبەرماندا ڕوودەدەن بەو وێنا زیهنیەی کە هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن دروستی دەکەن لەلامان.

(والتر لیبمان) کە زانای پەیوەندی کردن و ڕاگـەیاندنە خاوەنی بیردۆزێکی گـەورەیە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە کە زۆربەی جار ڕاگەیاندن شکست دەهێنێت لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگـەدا لەوەی کە چۆن بیر بکاتەوە، بەڵام سەرکەوتوو دەبێت لە ئاراستەکردنیان لەوەی پێویستە بیر لە چی بکەنەوە،

1 عامر، عادل(18-6-2019) الإعلام التوعوي في تنمية المجتمع والأسرة ، موقع الصدى نت، تاريخ الزيارة: (27-3-2022)، http://elsada.net/118664

چونکە بنەمای بیرکردنەوە و شیکردنەوەی هەرچی لە ڕاگــەیاندنەکاندا پەخش دەکرێت کارێکی پێویستە، دەبێت بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ ئاراستەی هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن لە بەرژەوەندی مەسەلە نیشتمانیە بنەڕەتیەکاندایە یان نا، بەمەش بەرژەوەندی زۆرینەی خەڵک لە کۆمەڵگــەیەکی رۆشنبیر و کراوەدا یەکدەخات، ئەو کۆمەڵگــەیەی کە تەنها پشت بە هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن نابەستێت ، بەڵکو هەلێك دەڕەخسێنێت بۆ خوێندنەوە و نمایشکردن و فێربوونی باکگــراوندی دیمەن و کێشەی ئەو هەواڵانەی کە لە هۆکارە جیاوازەکاندا وەریدەگــرێت،

یان کاریگــەری دروست بکات لەسەر کەسێك لە بەرژەوەندی لایەنێك یان ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی یان ....هتد، بەڵام ئەمانە هەموو بنەمای بیرکردنەوە و شیکردنەوە ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو ئەم کێشە گــرنگــانە دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەی خەڵك بەگــشتی و کەسانی دەستەبژێر و نوخبە بە تایبەتی، بە پێی بیرکردنەوە و ئینتیمای سیاسی و کۆمەڵایەتیان.

## 1.3.1 .خاڵە ئەرێنیەکانی ڕاگەیاندن لە سەر کۆمەڵگــە

- **لەسەر ئاستی کۆمەڵگە:**

– کارکردن لەسەر ڕۆشنبیرکردن وهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە[1].

– ئاشکرا کردنی گەندەڵی .

– وەکو پاسەوان یان پارێزەری ئازادی ڕا دەربڕین کار دەکات ، کە ئەو مافە بۆ هەمووان دەستەبەر دەکات.

– دروست کردنی وێنەیەکی کۆمەڵایەتی نموونەیی لە ڕێگــەی پێشەنگ بوونێکی ئەرێنی لە گــشت بوارەکانی ژیاندا.

- ئازادی و یەکسانی و سەروەری یاسا، دەبێت وەك پەیام لە هۆکارە جیاوازەکانی ڕاگــەیاندندا هەبێت.

- پیادەکردنی نموونەی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی گرنگ، بە کۆی دەنگ، بۆ ڕاستکردنەوە و پەرەپێدانی نموونە باوەکان، بەمەرجێك گــەشەکردن و پێشکەوتنی پێویست بەدەست بهێنێت، کە دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی دەوڵەت.

- پارێزگــاریکردن لە سەربەخۆیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و نەکەوتنە ژێر دەستی هیچ لایەنێك جگــە لە گــەل، لەگەڵ ئەم ئامانجانەدا ئەوا کاریگــەری ڕاگــەیاندن لەسەر جەماوەر زۆر ئەرێنیە، بەڵام

[1] کنعان،علي (2014). كتاب الإعلام والمجتمع.(ط1). الأردن:مطبعة اليازوري.ص18-15.

له پێناو بەدەستهێنانی ئەم وێنا ڕاگـەیاندکاریە نموونەییەدا، پێویستە دیموکراسیەت سیستمی باڵادەست بێت لە وڵاتدا.

## • لەسەر ئاستی تاك :

کاریگەربوون لەگەڵ پرۆگرامە پێشکەش کراوەکان: کاتێك لە نێو کۆمەڵگەدا تاوتوێ کردن و گفتوگۆکردن بۆ بابەتەکان دروست دەبێت، ئەمە وا دەکات کاریگەربوون و گـفتوگـۆکردن لە نێوان هەردوولا دروست ببێت[1]، چونکە تاك کارلێك دەکات لەگـەڵ بەرنامە ئامانجدارەکاندا، کە مەبەستیان بەدەستهێنانی ئامانجی داواکراوە، بەمەش کاریگـەریەکەی بەشێوەی بیستراو و بینراو دەبێت، قسە لەگـەڵ هەستەکانی بینین و بیستنی کەسی وەرگـردا دەکات، کە ڕۆڵی کاریگـەری هەیە لە سەرنج ڕاکێشان، ئەم شێوازە بە گـرنگـترین ئامرازە نایابەکانی فێرکردن دادەنرێت.

- تێکەڵ بوون بە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان: ئەمەش پێی دەگـوترێت تێکەڵ بوونی ئامرازەکان لە ڕاگـەیاندنی نوێدا، هەموو ئامرازەکانی ڕاگـەیاندن دەگرێتەوە وەك دەق ، دەنگ، وێنەی جووڵاو، گرافیکی دوو ڕەهەند و سێ ڕەهەند[2]، بەم شێوەیە هەلی زۆر لەبەر دەستی تاکدا دەبێت، بەشێوەیەك پشتیوانەیەکی زمانەوانی باش کۆدەکاتەوە، بە هۆی ئەو بەرنامە باشانەی کە تەلەفزیۆن پەخشیان دەکات، هەروەها کۆشش دەکات بۆ گـۆڕینەوەی بیرۆکەکان لە ڕێگـەی ئامرازەکانەوە.

تەلەفزیۆن وەك یەکێك لە گـرنگـترین هۆکارەکای ڕاگـەیاندن: هەڵدەستێت بە پەخشکردنی بەرنامەی جیاواز و جۆراوجۆر " پێویستە تەلەفزیۆن دابنرێت وەك یەکێك لە هۆکارەکانی پەیوەندی کردن، چونکە دەنگ و وێنە و جوڵە و ڕەنگ لە خۆی کۆدەکاتەوە، و توانای کۆنترۆڵکردنی دوو لە گـرنگـترین هەستەکانی مرۆڤی هەیە ئەوانیش هەستەکانی بینین و بیستنە[3] و لە هەموان زیاتر پەیوەندی هەیە بەوەی کە لە هزر و سۆزەوە نزیکە، بۆیە تێبینی ئەوە کراوە کە هەندێك بەرنامە هەیە بینەر فێری بونیاتنانی توانا جەستەیی و هزریەکان دەکات لە ڕێگـەی وێنە[1] و دەنگـەوە بەمەش دەبێت بە یەکێك لە چارەسەرە گـونجاوەکان بۆ پەرەپێدانی مەعریفە.

زۆربەی خەڵك لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پشت بە هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن و پەیوەندی کردن دەبەستن ،چونکە ڕاگـەیاندن کاریگـەری لەسەر ڕەفتار و هزری تاك هەیە، هێزێکە کار لە پێکهاتەی مرۆڤ

---

[1] كافي، مصطفى (2015). وسائل الإعلام. (ط1). الأردن: دار الحامد للنشر والتوزيع. ص164.
[2] كافي، مصطفى (2015). وسائل الإعلام. (ط1). الأردن: دار الحامد للنشر والتوزيع.ص 210-206
[3]السيد، إبراهيم (2015)، الإعلام والطفل .(ط1). مصر: دار التعليم الجامعي. ص213.

دەکات، ئاڕاستەی هەست و سۆزی دەکات و تواناکانی پەرەپێدەدات، هەروەها ڕۆڵی هەیە لە ئامادە کردنی ڕۆح و ئەقڵ و بیناکردنی جەستەی، بە واتایەکی تر ڕاگــەیاندن کار دەکاتە سەر بینین و هەڵوێستی خەڵك و بەمەش ئەگــەری گــۆڕان و بەرەوپێش چوونیان دەبێت

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەشداری دەکەن لە دەوڵەمەندکردنی هەگــبەی زمانەوانیدا، هەروەها هۆکارەکانی گــەیاندنی ئاراستەکراو پێگــەیەکی تایبەتی هەیە لە ئاگــادارکردنەوەی تاکدا، بۆیە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن یان ڕۆژنامەکان ناتوانن سیمبول پێشکەش بکەن، و کارامەییەکان بە هەمان کارایی بەردەست بخەن.

لێکۆڵینەوە زانستیەکان دەریانخستووە کە هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن یارمەتیدەرن لە بەدەستهێنانی زانیاری نوێ و هەوڵدان بۆ چاندنی ڕەفتاری چاك و خوازراو، کە لێهاتووییە جیاوازەکانی تاك وێنا دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەموو زانیاریەکی باش بەدەست دەهێنێت، لە پێناو ڕەخساندنی هەلی زۆر لە وتووێژ و ووشەسازی بۆ دەستەواژەکانیان.

## 2.3.1. کاریگــەریە نەرێنیەکانی ڕاگــەیاندن لەسەر کۆمەڵگــە

- **لەسەر ئاستی کۆمەڵگا:**

ڕووی ناشیرین و ناحەزی ڕاگەیاندن کاتێک دەبێتە سێبەر و ملکەچی دەسەڵاتی سیستمی سیاسی، یان نزیك لە دەسەڵات و دەست ڕۆشتووەکان، یان ئەوانەی کۆنترۆڵی سەرمایەیان کردووە، وا لە دەزگــا و دامەزراوەکانی ڕاگــەیاندن دەکات ببێت بە ئامرازێك بۆ پەخشکردن و بڵاو کردنەوەی پەیامی ڕاگــەیاندکاری، بۆ دروستکردنی ڕای گــشتی لەسەر ئەو بابەتانەی کە جێگــەی گــرنگــی پێدانی سیستمە سیاسیەکانە.

لەم حاڵەتەدا، ئەو هەواڵ و پەیامە ڕاگــەیاندکاریانەی کە هۆکارەکانی ڕاگــەیاندن بڵاوی دەکەنەوە، جێگــەی متمانە خەڵک نامێنن، بەڵکو وێنای بۆچوونی خاوەن دەسەڵات دەکات و ئاراستە دەکرێت، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگــەری بەسەر کۆمەڵگــەوە و پێدانی ڕونکردنەوەی پێویست بۆ ناوەرۆکی ڕاگــەیاندنەکە، بە مەبەستی بەهێزکردن و پشگــیری کردنی بەرژەوەندی چینە باڵادەستەکانی نێو کۆمەڵگــە، و سەرقاڵکردنی خەڵك تا بەدوای ئەو ڕاستیانەدا نەگــەڕێن کە گــوزارشت لەو بارودۆخە دەکات کە تیایدا دەژین.

ئامرازە ئامانجکراوەکانی دەستەیەکی دیاریکراو بریتین لە مانەی خوارەوە:

- تێکچوونی ئاست و هەستی ڕۆشنبیری گـشتی.

- کەمتەرخەمی و مەیلکردن بۆ یاسا شکێنی.
- بەشداریکردن لە دارمانی ڕەوشتی گـشتی کۆمەڵگە.
- هاندانی جەماوەر لەسەر ڕووکەشبیوون لە ڕووی سیاسیەوە.
- لە ناوبردنی داهێنان و بەرەو پێش چوون.
- چـاندنی گـیانی دووبەرەکی لە نێو جەماوەر و دابەشکردنیان بەسەر دوو گـرووپدا، بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی گـرووپی چاودێری ڕاگـەیاندکاری.

لەم حاڵەتانەدا هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن چـەواشەکار و لاڕێ دەبێت، مەبەستی ئاگـادارکردنەوەی جەماوەر نابێت، لە کاتی گـونجاودا دەست دەکات بە پەخشکردنی هەواڵی ناڕاست و ناڕوون، ئەمەش دەبێتە زەمینەیەك بۆ بڵاوکردنەوەی پڕووپاگـەندە و شتنەوەی مێشکی خەڵک، بەمەبەستی ڕەواجدان بە بیرۆکەکانی بەکارهێنەران و هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن، هەروەك (جۆبلز) وەزیری پڕووپاگـەندەی نازی و هاوڕێی هێتلەر پیادەی دەکرد.

- **لەسەر ئاستی تاك :**

هەرچەندە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گـرنگ دەگـێڕن لە دروستکردنی کەسایەتی مرۆڤ لە ڕووی ئەقڵی و هزریەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوەی ناگەیەنێت کە ڕاگەیاندن کاریگـەری خراپی نیە، بەڵکو بەهۆی زێدەڕۆیی کردن لە تەماشاکردنیدا دەبێتە هۆی زیانی زۆر گـەورە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو زیان و خاڵە نەرێنیانە دەخەینە ڕوو لەسەر تاک:

- خراپکردنی پەیوەندی نێوان تاکەکان: هۆکارەکانی ڕاگـەیاندن کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگـە، تەنانەت پەیوەندی نێوان هەموو تاکێکی خانەوادە، بەشێوەیەك لە جیهانی تایبەتی خۆیدا دەمێنێتەوە دوور لە ئەوانیتر، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای مناڵان بکەین لە ئێستادا زۆربەیان هونەری ئاخاوتنیان لەگـەڵ باوانیان نیە، ئەمەش بە هۆی زاڵبوونی هەژموونی کاریگەری تەلەفزیۆنەوەیە، هەروەها مناڵان پێیان وایە ئەوەی پێویستیانە لەم بەرنامە تەلەفزیۆنیانەدا دەستیان کەوتووە.

- زۆرینەی خەڵکی کاتێکی زۆر بەدیار تەلەڤزیۆنەوە بەسەر دەبەن، ئەمەش وا دەکات کاتێکی زۆر بە فیڕۆ بچێت، هەروەها دەبێتە هۆکاری لەناوبردنی چەندین جۆری چالاکی وەکو بەشداری کردنی ڕاستەقینە لە وەرزش کردن و خوێندنەوە و چەندین ئارەزووی بەسوود. کاریگەری هەبووە لەسەر

ئەوەی کە زۆربەی خەڵك بایەخ نەدەن بە چەندین بابەتی گرنگی وەکو وێنەکیشان و خوێندنەوەی چیرۆکی مانابەخش و داهێنان لە بوارە هەمەچەشنەکاندا، و چەندین جۆر خوێندنەوەی بەسوود و پەیامدار.

- تەلەفزیۆن هەندێك خەسڵەتی توندوتیژی لە مرۆڤدا گەشەپێدەدات: چەندین توێژینەوە ئەو ڕاستیەی سەلماندووە کە زۆرێك لە بەرنامەکان بە تایبەت جووڵە ئامێزەکان (فیلمی ئەکشن) بەشێوەیەکی مەترسیدار توندوتیژی لەلای کەسەکان دروست دەکات[1]، بەشێوەیەك هەندێك لەو بەرنامانەی کە سەیری دەکەن توندوتیژی بەسەر کارەکتەرەکانیانەوە زاڵە ئەمەش مەترسیدارترە، چونکە هاندەرە بۆ ڕەفتاری دۆژمنکارانە.

- کات بە فیڕۆدان یان کوشتنی کات : زۆربەی خەڵکی کاتێکی زۆر بەدیار بەرنامە جۆراجۆرەکانی تەلەفزیۆنەوە بەسەر دەبەن ، بە جۆرێک تووشی بێزاری و گۆڕانکاری دەبن لە شێوازی خەوتن و ڕاهاتن لەسەر ڕەفتاری ناتەندروست، دەبینین ئەوانەی هەمیشە خەریکی تەماشاکردنی بەرنامەی تەلەڤزیۆنین، لە بەرامبەردا ڕێنماییە تەندروستییەکان پشتگوێ دەخەن، کە پێویستە پیادەی بکەن بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی تەندروستی.

---

[1] السيد، إبراهيم (2015)، الإعلام والطفل .(ط1). مصر: دار التعليم الجامعي. ص163.

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم / زمان و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە

## تەوەری دووەم/ رۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردن و تێکەڵکردنی واقیعی زمانەوانی

# تەوەری یەکەم / زمان و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە

## 1.2. زمان و پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە

گومان لەوە دا نیە کە دانانی پێناسەیەکی کۆکەرەوەی گشتگیر، کارێکی ئاسان نیە، زانایانی بواری زمانیش لەسەر ئەم بابەتە یەکدەنگن، کە پێناسەی زمان ئاسان نیە، تەنانەت ئەم کارە بۆ بابەتێك لە بابەتەکانی زمانیش کارێکی قورسە، هەندێکجار وادەردەکەوێت ئامانجی هەموو قوتابخانە و پرۆگــرامە جیاوازەکان لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانیاندا مەبەست لێی هەوڵدان نەبێت بۆ تێگــەیشتن لەو دیاردەیەی کە پێی دەگــوترێت زمان، بەمەبەستی گــەشتن بە پێناسەیەکی پوخت و دیاریکراو بۆی.

هەمووومان دەزانین زمان بە گشتی دیاردەیەکی ئەقڵی و ئۆرگــانی (ظاهرة عقلية و عضوية) ی تایبەتە بە مرۆڤ، جیا لە بونەوەرەکانیتر، بەڵام سەرەرای ئەوە سیفەتێکی جیاکەرەوەیە بۆ جۆری مرۆڤ، لەوانەیە هەر ئەوەش بێت وای لە ئەرستۆ کردبێت پێناسەی مرۆڤ بکات بە گــیاندارێکی قسەکەر و بوێژ. بەهۆی ئەوەی زمان ئەم تایبەتمەندیانەی هەیە، ئەوا بەبێ شومار گــرفت بۆ توێژەران دروست دەکات[1].

پێدەچێت ئەو پێناسەیەی کۆمەڵناسەکان بۆ زمانی دەکەن، گــونجاو بێت لەگــەڵ ئەو پێناسەیەی کە ڕاگــەیاندکاران خوازیاریانە بۆ زمانی ڕاگــەیاندکاری یان پەیوەندیە جەماوەریەکان بکرێت بە شێوەیەکی تایبەت، لەو پێناسەیەی کە بۆ ڕاگــەیاندن و زمان کراوە، پەیوەندی تۆکمەی نێوانیان ڕوون دەبێتەوە، چونکە ئامرازێکن بە سروشت مرۆڤانەن، تەنها لە نێوان مرۆڤەکاندا ئەنجام دەدرێن، لە هەمان کاتدا هۆکارێکن بۆ کارلیک کردن، هەر لایەنێك هەوڵ دەدات کاریگــەری بەسەر بەرامبەریدا هەبێت، بەمەش کارلێك لە پرۆسەی پەیوەندی کردندا بەردەوام لە جوڵەدایە.

بە پشت بەستن بەم لایەنە کارلێکیە هەندێك پێناسەی پەیوەندیان کردوە بە: کارلێکێکە لە ڕێی هێمای زارەکی و نازارەکی لە نێوان نێرەر و وەرگــرەدا، شێوەی بازنەیی لەخۆ دەگــرێت، چونکە لە نێرەوە بۆ وەرگــر دەڕوات و بەپێچــەوانەوە، وەك هەوڵێکی هەردوولا بۆ گــۆڕینەوەی شوێنەکانی کار تێکردن و کاریگــەر بوون و بەخشین و وەرگــرتن[2].

---

[1] شطناوي، عبد الكريم (1992). تطور لغة الطفل. (ط1). عمان: دار صفاء للنشر والتوزيع. ص10.

## 1.1.2.زانستی زمان

لەسەرەتای ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، زانستی زمان پەیوەندیەکی پتەوی بە زانستی مێژوووەوە هەبووە، بە تایبەت لە بنەچەی مێژووی دەقە نووسراوەکان و ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە وەسفیان دەکات. هەر لە سەددەی نۆزدەهەمەوە پرۆگــرامی مێژوویی بۆ زانستی زمان پیادە کراوە لە زانستی زمانەوانیدا، ئەمەش بەهۆی سەرچـاوە و شوێنەواری نووسراوەکانەوەیە. بیرۆکەمان هەیە دەربارەی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە ژیانی گــەلە جیاوازەکان جیا دەکاتەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە زمانی شوێنەوارە نووسراوەکان دەستی پێکرد، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگــاندن لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، دواتریش دیاریکردنی چـارەنووسی هاوبەشی گــەلە جیاوازەکان و ئاماژەدان بە نیشتەجێبوونی هەرێمایەتی و دیاردەی کۆچ کردن لە شوێن و کاتدا . هەروەها شرۆڤەکردنی فاکتەرە مێژووییە دەرەکیەکان، بۆ نموونە هۆکاری دەرکەوتنی هەندێك زمان و چـارەنووسی ووشە و دەستەواژە کەسییەکان دەردەخات[1] .

چـەندین پەڕینەوەی ووشە لە نێوان زمانەکاندا ڕوویداوە (واتە وەرگــرتنی ووشە لە زمانی تر)، جێگیربوون و فۆڕمی ئەم زمانەی تریان وەرگرتووە لەماوەی پەیوەندی کارای نێوان گــەلەکاندا، ئەمەش کاریگــەری ئەو کەسانە دەخاتەڕوو کە زمانەکەیان لەڕووی ووشەسازیەوە زۆر فراوان بووە، بۆ نموونە لە سەردەمەکانی پێشتردا کە جیاوازبوو لە ئێستا، لە ڕووی پەیوەندی ئابووری و بازرگــانی و ڕۆشنبیری دوورمەودا، زمانی ڕووسی زۆر کاریگــەر بوو بە زمانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، ئەمەش وایکرد لە چـوار ڕیانی مێژوو و زمانەوانیدا یەکێك لە پێشکەوتووترین پسپۆڕی بێتە کایەوە، کە بریتی بوو لە زانستی مێژووی زمانەوانی و بەشەکانی، زانستی مێژووی زمانەوانی بەراوورد ، زمانەوانیەکان، مێژووی زمانە ئەدەبیەکان.

زانستی زمان، فرە ڕووە، چـونکە زمان دیاردەیەکی ئاڵۆزی و هەمەچەشنە. زانستی زمان وەك زانست دابەش دەبێت بەسەر تایبەت و گــشتیدا، پیناسەی زانستی زمان، پۆلێن دەکرێت لە چـوارچێوەی زانستی گــشتی زماندا، ئەرکی ئەوەیە بەراورد لە نێوان زمانە نا پەیوەستەکان بە یەکەوە بکات، هەرچـی زانستی زمانی تایبەتی یە بریتیە لە زانستی زمانی تاك، بۆ نموونە لێکۆڵینەوە ڕووسیەکان بریتیە لە شارەزایانی ڕووسی و لێکۆڵینەوە ئۆکرانیەکان زمانەوانی ئۆکرانیا[2] ، ....هتد

پێویستە زمانەوانیە تایبەتەکان بەشێوەیەکی هاودەمی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت (لێکۆڵینەوەی ڕاستیە زمانەوانیەکان لە هەمان کاتدا) و نا هاودەمی (لێکۆڵینەوەی ڕاستیە زمانەوانیەکان لە کاتی پەرەسەندنیدا)

---

[1] Akhmanova, O. S. (2004). Dictionary of linguistic terms. Moscow: Editorial URSS.P. 450.

[2] Vereshchagin, EM(2010). The Russian Language in the Modern World (3rd ed.) – Russia: University Press.P.340.

1- هەموو زانستێك بوارێكی مەعریفی و چەند ئەركێكی زانستی هەیە.

2- لێكۆڵینەوە لە بنەچە و سرووشتی زمانەكە.

3- لێكۆڵینەوە لە پەیكەرسازی زمان .

4- لێكۆڵینەوە لە زمان وەك سیستمێكی تەواو، گشت ئەندامەكانی بەیەكەوە بەستراون و ڕاستی تاك یان كۆمەڵە ووشەیەك نیە.

5- ووردبوونەوە لە پەرەسەندنی زمان لە ڕووی پەیوەندی بە گەشەكردنی كۆمەڵگەوە (پرۆسەی دروست بوونی هەردووكیان).

6- وورد بوونەوە لە بنەچەی نووسین و گەشەكردنی .

7- پۆلێنكردنی زمانەكان، واتە كۆی گشتی، بەپێی بنەمای لێكچوونیان، ئاستی گرنگی ئەو زمانانەی كە پەیوەندیان بەیەكەوە پتەوە چەندە وەك ئەڵمانی و ئینگلیزی، ڕووسی و ئۆكرانی و بیلاڕووسی..

8- پەرەدان بە شێوازەكانی توێژینەوە. چەند ڕێگەیەك هەیە وەك بەراوردكردنی مێژوویی، وەسفی، بەراووردكاری، چەندێتی، (لەسەر بنەمای ئامارە بیركاریەكان[1])..

9- زانستی زمان كۆشش دەكات بۆ ئەوەی نزیكتر بێت لە ژیان، بە پێی سرووشتی كردارەكی یان پراكتیكیەكەی.

10- لێكۆڵینەوە لەو بابەتانەی كە پەیوەستن بە دەستوەردانە زمانەوانیەكان، بۆ نموونە كاریگەری زانینی زمانی دایك یان یەكێك لە زمانە بیانیە خوێنراوەكان لەسەر مەعریفەی وەرگیراو، لە لێكۆڵینەوەی زمانێكی بیانی نوێدا.

11- ڕامان لە پەیوەندی زانستی زمان بە زانستەكانی: (ڕەخنەی ئەدەبی، مێژوو، لۆژیك، دەروونناسی و بیركاری ).

زۆر گرنگە جەخت لە بابەتی لێكۆڵینەوە بكرێتەوە لەم زانستەدا، چونكە زانستی زمان تەنها لە زمانەكانی ئێستا ناكۆڵێتەوە (كۆن و داهاتوو) بەڵكو لە زمانی مرۆڤایەتی بەگشتی دەكۆڵێتەوە. زمان بە زانای زمانەوانی نادرێت تا تێبینی ڕاستەوخۆ بدات، بەڵكو تەنها تێبینی ڕاستیە زمانیەوانیەكان یان ڕواڵەتە زمانیەوانیەكان دەكرێت بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ، بۆ نموونە: بكەرەكانی ئاخاوتن بۆ قسەكەران بە زمانێكی زیندوو لەگەڵ ئەنجامەكانیان(دەق) یان كەرەستەی زمانەوانیە (ژمارەیەكی دیاریكراو لە دەقی نووسراو بە زمانێكی مردوو(وەك لاتینی) كە لە ئێستادا بۆ گفتوگۆ بەكارنایەت، بەڵكو لە بابەتی سەرەكیدا بەكار دەهێنرێت).

[1] Reformatorsky a.(2008) Introduction to linguistics.Russia: The scientists of linguistic school.p 250.

زانستی زمان وەك زانست كۆمەڵێكی فراوانی لەو بەشانەی پێكهێناوە كە ڕێگـە بەئەنجامدانی لێكۆڵینەوەیەكی گـشگـیر دەدات بۆ هەر یەك لە دیاردە و لایەنە زمانەوانیەكانی كەسیی. بە هۆی لێكۆڵینەوەی گـشت بوارەكانی زانستی زمان، مرۆڤ دەتوانێت بیرۆكەیەكی گـشتی هەبێت دەربارەی وێنەی زمانەوانی بۆ جیهان و بنەچـەكەی و بوونی لەم قۆناغەی گـەشەسەندندا.

## 1.1.2 زمان و گرنگی زمان

زمان هەمیشە ئامرازێكی گرنگ بووە، بۆ بەردەوامی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان بە درێژایی چەندین سەددە ، ئەوەی گرنگی زمانی زیاد كردووە بریتیە لەوەی كە كاتێك كۆمەڵگەیەك دەگۆڕێت بۆ كۆمەڵگەیەكیتر، ئەمە بوار دەدات بە نووسینەوەی بیرۆكە و خەزنكردنی، هەروەها ڕێگە دەدات بە گواستنەوەی میراتی باوان نەوە لە دوای نەوە[1] .
یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی زمان و گرنگیەكەی بریتیە لە بەردەوام بوون، ئەمە یەكێكە لەو تایبەتمەندیانەی كە ناتوانین گرنگی پێ نەدەین، زمان كلیلی پەیوەندی بەردەوامە لە نێو گەلە جیاوازەكانی جیهاندا، ئەو ئامرازەیە كە لە ڕێگەیەوە دەتوانین پارێزگاری لە كلتور و ژیاری نەتەوەكان بكەین، سەرەڕای مێژووی پرشنگدار كە پڕە لە پەند و چیرۆك، زمان هۆكارە بۆ بەستنەوەی تاك بە نەتەوە و ژیارەكەیەوە، بە واتایەكی تر زمان تەنها چەند ووشەیەك نیە دەربېرێت، بەڵكو لە پشت ئەم ووشانەوە هونەرێكی ئاست بەرز هەیە، تاكەكان لەڕێگەیەوە پەیوەندی بە یەكترەوە دەكەن، ئەوەی هەستی پێدەكەن و مەبەستیانە لەڕێگەی زمانەوە دەیگەیەنن.

## 2.1.2 .چەمكی زمان

دكتۆرە (حمیدة سمیسم) بەم شێوەیە وەسفی زمان دەكات و دەڵێت ((هەموو زمانێك سیفەتی نوێنەرایەتی ئەو ژیارە دەكات كە لێیەوە سەری هەڵداوە و یارمەتی داوە لە ڕوونی و گەشەكردنیدا، وە لێكۆڵینەوە لەهەر ووشەیەك لە ووشەكانی، پەیوەستە بە شێوەی بەكارهێنانی بەشێوەیەكی پێشكەوتووانە، كە بەستراوە بە هۆش و تێگەیشتنی سیاسی بۆ ئەو واقیعەی كە ئێستا دەگوزەرێت))[2].
- " دي سوسێر " وا دەبینێت كە كارێكی بێ بنەمایە مەسەلەی وروژاندنی ئەوەی كە زمان بریتیە لە ((سیستمێک كە پێكهاتووە لە كۆمەڵێك ڕەمز و ئاماژەی بێ بنەمای شرۆڤەكارانەی سێكیولاریستانە )).

---

[1] الروسان، فرح(25-11-2020) أهمية اللغة في حياتنا، موقع سطور (6-10-2021) ، https://sotor.com/

2 سميسم، حميدة(2000). الحرب النفسية. (ط2). بغداد: دار الكتب للطباعة. ص 182.

-هەر لەو دەروازە باسی بۆچوونی فەیلەسوفی بەریتانی " جون . ل . اوستن " دەکەین، ((زمان تەنها بابەتێکی وەصفی نیە، بەڵکو وەکو "میکانیزم " یشە واتا: کار دەکات، بۆ ئەوەی دەرەنجامی هەبێت. بۆیە دەتوانین بەو شێوەیە وصفی بکەین"کە بەدوای دەرەنجامەوەیە،" ، و ((کاتێك دەگوترێ وشە کار و جوڵەیە )) مەبەست ئەوەیە کە بە وشە دەتوانین کاریگەری دروست بکەین، بۆ ئەوەی هانی بدەین ئەویش جوڵە بکات و دەرەنجامی هەبێت، یان هەوڵ بدەین خۆمان جوڵەمان هەبێت و دەرەنجاممان هەبێت))[1] .

- هەروەها دی سۆسێر لە وانەکانی سێ زمانەوانی[2] دەڵێت (( زمان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە))، لە کاتێکدا ئاخاوتن بە کارێکی تاکە کەسیی دادەنێت، لەبەر ئەوەی زمان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتیە، کەواتە دەربڕینێکی ڕێکخراوە، لە هێما و نیشانە، بۆ دەربڕینی بیرۆکەکان، واتە گوزارشت لە ڕەهەندی بە کۆدکردنی ئاخاوتن دەکات، بۆ چوونە ناو گرنگی زمان لە لێکۆڵینەوە ڕۆژنامەوانیەکاندا بە گشت بوار و جۆرەکانیەوە ((هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی، پەیوەندیکردن، ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، پرووپاگەندە و جەنگی دەروونی، ئێزگە و تەلەفزیۆن، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی.... هتد)).

فەیلەسوفی فەرەنسی "فۆکۆ"سەبارەت بە وێنەی ووتار لەو بڕوایەدایە کە ((گۆڕەپانێکە کە تیایدا دوانەی "ووشە و شت" بەردەوام جیاوازن)) واتا بایەخدانی "فوکۆ" بە شیکردنەوەی هزر و ووتار بوو.

"فۆکۆ" جەختی کردەوە لەوەی کە شیکردنەوەی ووتار پشت دەبەستێت بە:

أ- دەستەواژە و ڕستە جیاوازەکان کە لەسەردەمە جیاوازەکاندا بوونیان هەبووە، یەك کۆمەڵە پێکدەهێنن، چونکە دەگەڕێنەوە بۆ هەمان بابەت، شیکردنەوەکەشی دەگەڕێتەوە سەرخۆی، کە نوێنەرایەتی چەند بابەتێك دەکات، ئەم بابەتانەش لە چەند چالاکیەکی کۆمەڵایەتی خاوەن تایبەتمەندێدا دەردەکەون.

ب - دیاریکردنی کۆمەڵێك پەیوەندی لەنێوان ژمارەیەك لە دەستەواژەدا، بەشێوەیەك دەبێت جەخت لە ناوەرۆك و شێوازی ڕیزبەندی و بەستنەوەیان بەیەکترەوە بکرێتەوە .

- "فۆکۆ" لە باسی ووتاردا لە لێکۆڵینەوەیەکی وورد و تەسەلدا، پشتی بەستووە بە چەند ووتارێکی سەردەمە جیاوازەکان، پاڵپشتی لە بیرۆکەکانی خۆی کرد، بە گەڕانێکی گشتگیر، بۆ ووتارەکانی کلتوری ئەوروپی، لە سێ سەردەمی جیاوازدا، کە بریتین لە :- (( سەردەمی کلاسیك، سەردەمی ڕێنیسانس، سەددەی نۆزدەهەم ))، ژێرخانی کلتوری ئەوروپی دەستنیشانکرد، کە خۆی دەبینێتەوە لە

[1] ماتلار ،ميشال وأرمان (2005) ترجمة - د. نصر الدين العياظي - د. الصادق رابح ، تاريخ نظريات الاتصال.(ط3). بيروت: المنظمة العربية للترجمة.ص 155 -156.

[2] دي سوسير ، فرديناند (1984). محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي.(ط2). المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر.ص 16

زمان و مێژووی ئەو ژیانەی کە بوونی هەیە، بە هەموو هەستەکانیەوە، واتە دەژی لە ڕێگەی بەردەوامی بوون و پەیوەندی بە هاونیشتمانیانی خۆی، بە تایبەت توانای نوێنەرایەتی ژیانی هەیە.

- (( ئافرایام نەعوم چۆمسکی )) زانای زمانە زیندووەکان و خاوەن تیۆری " النحو التحویلی " لەو باوەڕەدایە کە ((مرۆڤ لەبەر ڕۆشنایی ئەو زمانە زیندووەی قسەی پێدەکات، ئەوەی پێشکەشی کردووە کە خۆی دەبینێتەوە لە چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی ڕوون و تێگەیشتنی هەیە دەربارەیان، وای کردووە کە بتوانێت زمانی مرۆڤەکانی تریش فێرببێت، نەك هەر تەنها گەیاندنی ئەو هەستەی کە هەیەتی بۆ ئەوانی تر))[1] .

## 3.1.2.پێناسەی زمان

چومسکی دەڵێت :" زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە ، ڕێزمان دەریان دەکات ". مارتنێت دەڵێت : " زمان هۆیەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن ، لە چەند دانەیەکی بچووك پەیدا دەبێت ، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن" . بەم شێوەیەش زمان پێناسە کراوە : " سیستمێکە لە نیشانە ، لە خۆوە لە سەری ڕێك کەوتووین ، توانای دابەشکردنی هەیە ، تاکەکەس وەك ئامرازێك بە کاری دەێنێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی ، بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە ، لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە " .

بریتیە لە( ئامرازی گوزارەکردن و گەیاندنی بروڕاوراستییەکان بەهۆی دەنگ و رەمزو هێماوئاماژەکان ) ئەو پێناسە باوە گشتییە بەو پێیەی دەنگەکان(بێژراو) ورەمزەکان(نووسراو) دەگرتەخۆوە، لێ ئەسڵەکە ئەوەیە، زمان(لغە) بەشێکە لە زمان(لسان) ئەوەی دوایی زمانی(نووسراو)وئاخاوتنی(بێژراو)دەگرتەوە، ئەو سەرجنە لە زمانی فەرەنسایش هەیە ، زمان(لسان) واتە (**language**) بە زمانی فەرەنسی زمان(**langue**)وئاخاوتن(**parole**) دەگرتەوە، لێ لە زمانی ئینگلیزی چ ئاماژەیەك بە زمان(لسان) نادرێ، بەڵکە زمان لغە(**language**) وئاخاوتن(**speech**)هەیە. لە رووی مێژووییەوە زمان بە ئاستی ئاخێوەرەکانیەوە گرێدراوە، دەستەبژێر زمانی تایبەت بەخۆی هەیە( لە چوارچێوەی هەمان زماندا ) و عەوامەکەش زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە بە ناوی(زمانە باوەکە) هەروەها زمانی ئەدەبی(یا فوسحە) هەیەو ئەوەی دیکەش عامیەکەیەوبەوجۆرە.

[1] محمود ، نزهت (25-11-2008). بحث في طبيعة العلاقة بين الخطاب الدعائي والخطاب السياسي العراق: مجلة الباحث الإعلامي- مؤسسة المدى للإعلام والثقافة والفنون (العدد الرابع). ص 47 .

ئەوەی مرۆڤ لەگیانەوەرانی تر جیائەکاتەوە زمانە, چونکە زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و ئاڵوگۆڕکردنی هەست و سۆز لەنێوان مرۆڤدا امەڕ پێناسەی زمان بیروڕای جیا جیا هەیە[1].

( سیستەمی زمانی هەر زمانێك بریتیە لەو یاسا و دەستورانەی کە لەلای خەڵکانی ئەو زمانەیە کە پێی دەدوێن) .زمان وایە ئەو سیستەمە بە تەواوی و بەبێ کەمووکوری و بەیەکسانی لەلای هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا نیە , بەلام تاکی هەر کۆمەڵگایەك توانایەکی زمانی وای هەیە کە بتوانێت بەهۆیەوە هەموو شتێك بڵێت و ڕستەی وەها دروست بکات کە پێشتر نەخۆی و نەکەسانی تر گوێیان لێ نەبووبێت. (فەرمانگەیەکی کۆمەڵایەتییە و بەهیچ جۆرێ بەرجەستە نییە)[2] , . هەروەها ((ئەوەی چۆمسکی ناوی ناوە (توانستی زمان)دەتواندرێت تا ڕادەیەك وەك زانینی قسەکەرێکی هەڵبژێردراو و نموونەی زمانێك (دەربارەی زمانەکە)سەیر بکرێت ,نەك وەك ڕژیمی زمانەك خۆی)) .

هەڵبەتە قسەکردن لە (زمان) بێ کۆتایە! لەبەرامبەر ئەوەشدا قسەکردن لەبارەی دانەر یان نوسەر قسەکردنە لە پانتایەکی دیاری کراوی زمان,مەبەستم لە خودی نوسەر وەك شێواز نیە,چونکە وەك(جاك لاکان 1901-1981)دەڵێت :شێواز خەسڵەتی خودی کەسایەتی نیەبەڵکو نەسەقێکی کۆمەڵایەتیە,کۆی ئەو نەسەقە کۆمەڵایەتیەش بەپێی تێگەیشتنی زمان,یان لق لە فەشەلی تێگەیشتن دروست دەبێت چونکە هەمیشە نوسەر پێش ئەوەی خودی خۆی بدۆزێتەوە ,دەکەوێتە نێو بوونی زمانەوە , بەڵام بەر لەوەی قسان لە خوودگەری و شێوازگەری بکەم , هەوڵدەدەم ئیشکالیەتی زمان وەك تەنیاییەکی گەورە بۆ تێگەیشتن لە ڕێگای جیاوازی نێوان زمان و ئاخاوتن ,زێتر ڕوون بکەمەوە: زمان لای (فردیناند دی سوسێر 1857-1913)دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە, سیستەمێکە یان تۆڕێکە لە ئاماژە, بابەتەکەی هەڕەمەکیە,یاسایەك دەستی بەسەردا گرتووە.,تەنیا لە ڕێگای تێگەیشتن ل تەواوی سیستەمەکەوە نەبێت ,ناشێت تێبیگەیت,بەدیوەکەی دیکە سەرباری ئەوەی زمان سیستەمە ,بەڵام جیاوازیشە,چونکە ناشێت لە ڕەگەزەکانی زمان بگەین,تەنها لەڕێگەی بەراورد لەگەڵ ڕەگەزێکی دیکەی جیاواز نەبێت. بۆ نموونە ناتوانین مانای وشەی (دوژمن)بزانین,تەنیا لەڕێگەی بەراوردکردن بە وشەی (دۆست)نەبێت.دەشێت ئەو دوو ڕواڵەتە تەرجەمەی سەر(فۆڕمی گشتی)و(جولەی جیاواز) بکەین .بەڵام ئاخاوتن (کلام) ڕوودانی زمانەوانی ڕاستەوخۆیە,واتە گوتنی کەسەکانە .بەڵام قسەکردن لە ئاخاوتن لای سوسێر کورتی دێنێ و سوسێر زێتر بایەخ بە سیستەم دەدات و تاڕادەیەك ئاخاوتن وەلا دەنێت. لێرەوە جەخت کردن لە زمان ,بەو مانایەی کە ڕێساو یاسای تایبەت بەڕێوەی دەبات, دەمانخاتە نێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە,بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا (سیستەمی زمان)ی سوسێر هەموو زمانە ,هەموو تێگەیشتنە,ئایا

---

[1] مەحوی ،محمد(2001). زمان و زانستی زمان. (چ 1). سلێمانی: چاپخانەی پەخشی سەردەم. ل9

[2] مەحوی ،محمد(2001). زمان و زانستی زمان. (چ 1). سلێمانی: چاپخانەی پەخشی سەردەم. ل12

جیاوازیەکان و تەجاوزکردن و دەرچوون لە چوارچێوەکان یان فەشەلی تێگەیشتن دەکەوێتە کوێی زمانەوە؟

زمان هەر ناوندێکی تێگە یشتن و لە یەك گەیشتن فەراهەم ناهێنێ ، بەڵکو خودی زمان هەندێ هەست و سۆز و خۆشەویستی لە زاتی خۆی هەڵدەگرێ، ئەو کاتە هەستی پێدەکری کە لەناو نەتەوەی تر بەکاری دەهێنین ، بۆیە زمان ( بوون ) و ( ناسنامەی) ی تاکەکانی نەتەوە دەگەیەنێ . زۆر جار پرسی زمان ، لە پرسی خاك زیاتر نەبێت کەمتر نییە .

مەبەست لە زمان زمانی گشتیە هەموو ئەو زار و شێوە زارانەی زمانێکی تایبەت کە هاوزمانان قسەی پێدەکەن تاك ئەندامێکە لە دەستە و گروپەکانی کۆمەڵگاکەی هەروەها ئەندام توێژێکی کلتوری دیاری کراویشە لەوانەیە خوێندەوار یان ڕۆشنبیر بێت یان ئەندامە لە سەندیکایەکی پیشەیی [1] .

لە ناو ئەو پێناسە زۆر و زەبەندانەی کە بۆ زمان کراون ، دەتوانین بڵێین : " زمان ئامرازێکی گرنگ و بایەخدارە ، مرۆڤ بە هۆیەوە و لە ڕێگەی دەنگ و وشەوە ، گوزارە لە هەست و پێداویستییەکانی دەکات و زانیارییەکانی دەگوێزێتەوە بۆ بەرانبەر و تەعبیر لە مەبەست و بیری دەکات " .

زمان وەك هۆکاریکی گەورە و پڕ کاریگەری گەیاندنی بیر و بۆچوونی مرۆڤ و میکانیزمی پێوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی دیدگا و دەستخستن و بەخشینی زانیاری ... چەندە ورد و گەشەسەندوو و دەوڵەمەند بێ ، هێندە درووستتر و ساناتر پەیامی خۆی دەگەیێنێت و ئامانج دەپێکێت و مەبەست ڕوون دەکاتەوە ، بە پێچەوانەوەش ئەگەر مرۆڤ لە ئاخاوتن و نووسیندا زمانی لاواز بێت و دەستەواژەی کرچوکاڵ بە کار بێنی ، ئەوا لە پێوەندیکردندا بێدەسەلات و لە تێگەیاندنی بەرامبەردا دەستەپاچە و بێتوانا دەبێ . تەنانەت هەندێك پێیان وایە تەرزی تێگەیشتن و ئاستی بیرکردنەوە و کەسییەتی مرۆڤیش تا ڕاددەیەکی زۆر بەندە بە زمانەکەیەوە .

زمان:بریتییە لە ئامرازێك یان وەسیلەیەك بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵانی نەتەوەیەك بەگشتی بە پێی شوێنی جوگرافی زمان شێوەی جیاجیا وەردەگرێت بە واتایەکی تر لقی لێ جیا دەبێتەوە ئەو لقە جیاجیانە پێیان دەوترێت زار یان دیالێکت واتا زمان ئامێرە گشتییەکە هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچەو وڵاتێکدا بن بۆ نموونە دەڵێن کوردەکانی سوریا یان کوردەکانی بەریتانیا..هتد.بەڵام زار:بوارەکەی تەسکترە واتا پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتیەکە قسە دەکەن بۆ نموونە\کە دەڵێن زاری کرمانجی ناوەڕاست یان خواروو تەنها ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە دانیشتووی ناوچەکانی سۆران,سلێمانی,هەولێر,پشدەرن بە واتایەکی تر زمان نەبێت زار دروست نابێت,زمانیش

[1] فەرهادی، ساجدە,(2008). ڕستەو پاش ڕستە. (چ 1). هەولێر:دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس. ل34

بەبێ زار نییە,لەبەر ئەوە دەتواندرێ بووترێ کە پەیوەندی نێوان زارو ز مان پەیوەندییەکی تەواوکارییە واتا پەیوەندی بەشە بە گشتەوە)) .

زمان بوونێکی ماددی هەیە وشەکان لە جەستەی من هەڵقوڵاون و وشەی ئەوانی دیکە دەیانبڕێ, ناشێت لێی ڕابکەین, زمان قەوارەیەکی ماددی هەیە, نەك لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێسایەکی مەتریالی بۆقسان هەیە ,بەڵکو لەبەرئەوەی وشەکان هەمیشە هەڵگری هەڕەشەن بەوەی کەدەگۆڕێن بۆهاوار ,هەرلەوێشەوە قسەکەر پێگەی توندوتیژی خۆی هەیە ,زمان ڕێگا بەتەعبیرکردنی تاکخوازانەدەدات ,بەدیوەکەی دیکەش دامەزراوێکی کۆیە وڕێگا بەمانای دەستەجەمعی دەدات .

زمان بەردەوام لەدوو کردار هەڵدەستێ (پارێزگاریکردن) و (پیسکردن) هەر لەڕێگەی ئەو دوو کردەیەشەوە زمان گەشە دەکات و پێشدەکەوێت.ئەگەر پارێزگاریکردن لە ڕووتی زمان دیدێکی گشتی.(**Development**) بەڵگە نەویستی خەیاڵی وشەو وڕێنەی هەرائامێزبنوێنێ!ئەو دیدە هاوگونجێنێکی ناجێگیر لە نێوان تاك و کۆ دروست بکات و دواجار بەکارهێنانەکان ئەوەبێ کەە بە شێوەیەکی گشتی دەکەونە بەر چاو.ئەوە پیسکردن دەکەوێتە دووتوێی زیادەڕۆییەوە ,هەمیشە لەسەر خوازەی دایك خۆی نوێ دەکاتەوە.لێرە لە نێوان پارێزگاریکردن وپیسکردن ,دەشێ بڵێین زمان بە مانا جەوهەرییەکەی شیعرە!!کەواتە لە زماندا شتێك نییە پێیبگوترێت واقیعی زمانی جێگیر,بەو مانایەش (پاشماوە)ی لۆسێرکیل,یان جیاوازی سوسێر و لادان و خزینی زمان ناوێکی دیکەیە بۆ جێگیرنەبوونی ئەو واقیعە.

لەبواری زمانەوانیەوە پێکهاتەیەکە خۆی لە دروستکردنی پەیوەندی **Language**زمان نێوان مرۆڤەکان هەڵدەگرێتەوە.ئەو پەیوەندییانە دەتوانن بە شێوەی قسە ,نوسین,خۆیان بنوێنن [1]. زمان جگە لە دروستکردنی پەیوەندی لە داهێنانە ئەدەبی و فکری و زانستی و فەلسەفییەکان [2].

بەشی زۆری زمانەوان و زانایانی زمان , وای دەبینن زمان وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو و بەرجەستە , لە دایك دەبێت و گەشە دەکات وپێش دەکەوێ هەر وەك چۆن دوچاری پەتای لاوازی و دەرد و بێتینی (تەنانەت مردنیش ) دەبێتەوە . بەڵام هیچ زمانێك نە لەخۆوە پێش دەکەوێ, نە لەخۆوە پەکی دەکەوێ یا دەمرێت , بەڵکو ئەوە پارێزەر و پاسەوانانی زمانن بە پشتگوێخستن و لالێنەکردنەوە و کەم سەیر کردن... توشی دەرد و پەتا و بێخوێنی و مردنی دەکەنەوە , هەروەك هەر ئەو پارێزەر و پاسەوانانە دەتوانن پێشی بخەن و گەورە و تەندرووستی بکەن.

زانایانی زمان چەندین پێناسەیان خستووەتە ڕوو بۆ دیاریکردنی مەبەست و پێناسەیەك بۆ ووشەی " **Language**"، لێرەدا دکتۆر (برکات عبدالعزیز) هەندێك لەو پێناسانە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:-

---

[1] فائض،محەمەد(1371).ئیجون,جین,مبانی زبان شناسی.(چ١). تهران : انتشارات نگاه . لا28

[2] میلانیان ،هرمز (1387). مبانی زبانشناسی عمومی: اصول و روشهای زبانشناسی نقشگرا.(چ٢) .ئیران: شرکت نشر کتاب هرمس. لا53

- زمان کۆمەڵێك هێما و سیمبولە، بەچەندین شێوە بڵاوەی کردووە، بۆ ئەوەی کەسەکان لە نێوان یەکتردا ئاخاوتن بکەن و لە یەکتر تێبگەن.

- زمان بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێکاری فسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی، یارمەتی مرۆڤ دەدات لە قسەکردن و ئاخاوتندا.

- زمان بریتیە لە دەربڕینێکی زارەکی بۆ هزر، ناوەکی بێت یان دەرەکی.

- زمان بریتیە لە بەکارهێنانی دەربڕینی هزر لە حاڵەتێکدا، بۆ نموونە دەگوترێت فلان زمانێکی ناڕوون بەکار دەهێنێت، فلانیش بە زمانی ئەقڵ قسە دەکات.

- زمان هەر سیستمێکە لە پەیوەندیەکی ماناداردا، دەتوانرێت وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن بەکار بهێنرێت.

- زمان کۆمەڵێك نیشانە و هێمایە لە نێوان یەکتردا ئاخاوتنی پێ دەکرێت، تاکەکان لە کۆمەڵگەدا بەو هێما و نیشانانە لەیەکتر دەگەن.

- زمان کۆمەڵە نیشانە یان ئاماژەیەکی دەستە جەمعی هاوبەشە، دەتوانرێت دەربڕێت لەلایەن هەموو تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە قسە بەم زمانە دەکەن، یان خاوەن جێگیریەکی ڕێژەییە لە هەر هەڵوێستێك کە لێی دەردەکەوێت سیستمێکی دیاریکراوی هەیە و لەچەن بنەمایەکی دیاریکراو پێکهاتوە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی ئاڵۆز تر1 .

- هەندێکیش وایدەبینن کە زمان بریتیە لە داهێنانی نیشانەی مانادار یان بەکارهێنانی بەمەبەست [2].

لێرە تێبینی ئەوە دەکەین کە هەرچەندە جیاوازی لە نێوان پێناسەکاندا کەم و زۆر هەیە، بەڵام دەکرێت تێبینی ئەوە بکەین کە هەموو پێناسەکان پێداگری لەسەر سێ پێکهاتەی زمان دەکەنەوە ،کە ئەوانیش بریتین لە:

- سروشتی دەنگ و بوونی دەنگ لە زماندا.
- زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی.
- ئەرکی دەربڕین و لە یەکتر تێگەیشتن.

- لێکۆڵینەوەکانی یۆنیسکۆ دەری دەخات کە ژمارەی زمانە نووسراوەکان بە نزیکەیی (500) زمان دەخەمڵێنرێت، بەجۆرێک ئەو زمانانەی کە کلتورێکی ئەدەبیان هەیە (200) زمانە، لە نێوانیاندا (17) زمان کە هەریەکێکیان زیاتر لە (50) ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن .

---

1 الشريف، سامي ، نداء أيمن (2004) اللغة الإعلامية (المفاهيم- الأسس - التطبيقات).(ط1). القاهرة: جامعة القاهرة للتعليم المفتوح.ص 13-14

2 شرف ،عبد الحسين(1991). اللغة الإعلامية .(ط1). بيروت: دار الجيل ، 1991 . ص35.

- له ئەوروپادا (28) زمانی نەتەوەیی بوونیان هەیە، تەنها له باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا (23) زمانی جیاواز بوونی هەیە، باوترین دوو زمان له ئەمریکای لاتین دا بریتیه له هەردوو زمانی( ئیسپانی و پورتوگالی)، بەڵام له دوورگەکانی کاریبی زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و هۆڵەندی تا ئێستا بەکاردەهێنرێن، بەڵام زۆرترین ژمارەی زمان له ئەفریقیادا هەیە و بەنزیکەیی (2000) زمانی جیاواز بوونی هەیە.
- سەرەڕای هەموو ئەمانە دەکرێت له یەك وولاتدا ژمارەیەکی زۆر له زمانی جیاواز بەرچاو بکەوێت، بۆ نموونە له وولاتێکی وەکو "گانا" 56 زمانی تێدا هەیە، له وڵاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤیەتی جاران 89 زمان و شێوەزاری تیادا بووە.
- له هیندستاندا ژمارەی زمان و شێوەزارەکان (1650) ی تێپەڕاندووە، له بەڕێوەبردن و فێرکردندا 15 زمان بەکاردەهێنرێت.
- هیندیه سوورەکان له مەکسیك زیاتر له (200) زمان و شێوەزاربەکار دەهێنن، ئەگەر ئەم زمان و شێوەزارانه نەنووسرێنەوە، ئەوا زۆربەیان لەناو دەچن، چونکه زۆربەیان نەنووسراونەتەوە و بە دۆکیومێنت نەکراون و وێنەی نووسینیان نیە تا ئێستا[1].

## 4.1.2. پەیوەندی زمان بە کۆمەڵگا

پەیوەندی نێوان گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیە گەورەکان و پەرەسەندنی زمانەوانی یەکێکە لەو بابەتانەی کە زانایانی بواری زمان لەم سەردەمەدا تێبینیان کردوە، لەو بڕوایەدان کە: ئەوە زمان و پێشکەوتن و گۆڕانکاریەکانی زمان بوو، شۆڕشی فەرەنسای دروست کرد، چونکە زمان وەرچەرخا بۆ زمانی فەلسەفە، ئەمەش وای کرد جیهانی ڕۆشنگەری سەددەکانی ناوەڕاست لە سەدەی نوێ جیا ببێتەوە، بە تایبەتی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە وەک (جان جاك رۆسۆ، ڤۆڵتێر، مۆنتیسکۆ)، کە لەڕێگەی نوسراو و بۆچوونەکانیانەوە زەمینە سازیان کرد بۆ شۆڕشی بۆرژوازیەکان لە فەرەنسا لە ساڵی 1789،

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان جیاوازە لە هێما و سیستمە ئاماژەییەکان، چونکە بەردەستە بۆ هەمووان، لەکۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و بۆ کۆمەڵگەیە، لەڕێگەی شیعر و پەخشان و وتارەوە سەری هەڵدا... لە دواتردا زانستی زمان پەیدا دەبێت کە بە خوێندنەوە و بەدوای یەکداهاتن و ئەزبەرکردن و

[1] المصمودي ،مصطفى(1985).النظام الإعلامي الجديد.(ط2). الكويت: مطابع الرسالة. ص 209.

تۆمارکردن دەست پێدەکات، هەروەها ووشە و پێکهاتەکانیش دەگرێتەوە، پاشان تێڕامان و وانە دەست پێدەکات بۆ دانانی یاسای ڕێزمان و زمانەوانی و دروستکردنی نووسینەوە1.

کاتێك زمان لە کۆمەڵگەدابوو و بۆ کۆمەڵگە بوو، ئەرکی سەرەکی بریتی دەبێت بەوەی کە: ئامرازێکە لە ئامرازەکانی (پەیوەندیکردن) یان (بەردەوامی بوون) یان (گواستنەوە) یان (گوزارشت کردن) لە ڕێگەی (دەنگی ووشە)، ئەوا ئەوەی زمان دەیگوازێتەوە یان دەیگەیەنێت یان گوزارشتی لێدەکات بریتی دەبێت لە : بیرۆکە و مانا و هەڵچوونەکان و ئارەزوو و هزر بەشێوەیەکی گشتی2 .

بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانرێت زمان قەتیس بکرێت تەنها لە چەمکی(ئامرازێکی گەیاندن)دا، چونکە لێکۆڵینەوە لە (ئەرکی ووشە) لە هەر زمانێك لە زمانە زیندووەکاندا، پشگیری لەم جۆرە پێناسەیە ناکات، بۆیە پێویستە بوترێت: زمان بە کاری پەیوەندیکردن هەڵدەستێت، بە واتایەکی تر: پەیوەندیکردن یەکێکە لە کارەکانی زمان .

ئاراستەی باو لە کۆندا جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان دەفری فیکرە، وە ئەرکەکەی بریتیە لە دەربڕینی بیری مرۆڤ، پەیوەندی هەبێت بە کاروباری ئەقڵی یان بە هەست و ئارەزوە مرۆییەکانەوە، بەڵام نوێخوازان زۆربەیان وا بەباش دەزانن کە کاری زمان لە پەیوەندیکردندا قەتیس بکەن .

پێدەچێت جیاوازی زۆر گەورە نەبێت لە نێوان هەردووئاراستەکە (کۆن و نوێ)دا لە تێڕوانینیان بۆ زمان، چونکە کاری زمان (دەربڕین) و (پەیوەندیکردن)ە، چونکە سرووشتی پیشەکەی پەیوەندیکردنە لە هەردوو ئاراستەکەدا، بە تایبەت ئەگەر زانیمان ڕاگەیاندن بریتیە لە : پرۆسەی بڵاوکردنەوە و پێشکەش کردنی هەریەك لە : زانیاری، ڕاستیەکان، هەواڵەکان، بابەتە ووردەکان، ڕووداوە دیاریکراوەکان، بیرۆکە لۆژیکیەکان و ڕای جەماوەر لەگەڵ ناوهێنانی سەرچاوەکەی.

بەکارهێنانی زمان لە ئاخاوتن و کارو پیشەکاندا بایەخی زۆری هەیە لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا، بە جۆرێک بەکارهێنانی زمانی دایك ڕەنگدانەوەی کەسایەتی مرۆڤەکان دەبێت. هەر لە ڕێگای زمانەوە کەسانی بەڕێوەبەر بۆچوون و ئایدیای خۆیان دەگەیەنن بە کارمەند و فەرمانبەران، ئەگەر زمان نەبێت پردی پەیوەندی دروست نابێت، هیچ پرۆژەیەك سەر ناگرێت و پەیوەندی لە نێوان خاوەن کار و کرێکاردا دروست نابێت.

زمان لە هەموو کار و پرۆژەکاندا ڕۆڵی خۆی دەگێرێت بە چاوپۆشی کردن لە جۆری کارو پرۆژەکان یان بوارە جۆراوجۆرەکان. چەندین جۆر پیشە هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمان و دەربڕین و ئاخاوتن دەبەستن وەکو کاری ڕاگەیاندن و پارێزەرایەتی3.

---

[1] سلمان ، عدنان (2010). الفارابي وآراؤه اللغوية في كتاب الحروف. دراسة لغوية.(ط1). العراق: جامعة بغداد - كلية الاداب. ص117.

[2] السعران ،د. محمد (1963).اللغة والمجتمع (رأي ومنهج).(ط2). مصر:جامعة الإسكندرية. ص12.

[1] Why Is Language Important? Your Guide to The Spoken Word. United States: University of the people. (26-6-2020). https://www.uopeople.edu/blog/why-is-language-important/

ڕۆڵی زمان و گرنگیی دیاردەکەوێت لە ڕێی ڕەسەنایەتیەکەیەوە، چونکە زمان گوزارشت لە ناسنامەی گەل و نەتەوەکان دەکات، لە باوانەوە بۆ نەوەکانیان. ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی بەهێز و پتەو بونیاد بنێین، پێویستە زمانێکیان هەبێت گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵگە و هزری گشتی بکات. ئەستەمە زمان و کەلتوور گۆڕانکاریان بەسەردا بێت، چونکە پاشخانێکی قوڵ و کەڵەکەبووی هەزاران ساڵن، کۆمەڵگە و زمان دوو ڕووی دراوێکن، بە کورتی دەکرێت بڵێین کۆمەڵگە لە زمانەوە دەست بە جووڵە دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە تێگەیشتن لە دیاردەی ناسنامە دروست دەبێت، واتا ناسنامە دیاردەیەکی زمانەوانیە، کەواتە زمان ئامرازێك بۆ پارێزگاریکردن لە شوناس و ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە لێک دانەبڕاوە، چونکە ڕێکخەری شێوازی ژیانی تاك و کۆمەڵەکانن1. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان زمان و ناسنامە، یەکێکە لە گرنگترین کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە، گرنگترین ئەو کارانەی زمان پێی هەڵدەستێت و لە بابەتی شوناسدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەمانەی خوارەوەن:-

دەفری هزر و ئامرازی بیرکردنەوەیە .

ئامرازێکە بۆ لێکتێگەیشتن و پەیوەندی کۆمەلایەتی

ناونیشانی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگەیە.

پسپۆڕ و توێژەران لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و شرۆڤەکانیاندا بۆ گوتاری ڕاگەیاندن، گرنگیان داوە بە زمان، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە گرنگیان داوە بە ئەو زانیاری و مەعریفانەی کە لەڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە بۆ خەڵک، بێگومان ئەمانە لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنێکی پلان بۆداڕێژراوی بەزمانێکی ڕاگەیاندکارانە (نووسراو و بینراو و خوێنراو)ەوە گوزارشتی لێکراوە، لە ڕێگەی ئامرازە تەکنەلۆژیەکانی سەردەم (ئینتەرنێت) کە لەم ئەم سەردەمەدا لە جیهانی زانیاری و داتا و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندندا بەکاردەهێنرێت2.

گرنگی زمان لە گۆڕینەوەی کلتورەکاندا دەردەکەوێت، لەوەی کە زمان بەشێکە لە کلتوور، ئەوەی دواییان وا پێناسە کراوە کە بریتیە لە" کۆی گشتی ئەو بەرهەمە ماددی و مەعنەویانەی کە کۆمەڵگەکان بەرهەمیان هێناوە بە درێژایی مێژوو، لە پێناو پارێزگاریکردن لە بەردەوام بوونی ژیانیان"، زمانیش یەکێکە لە بەرهەمەکانی کۆمەڵگە، هەموو کۆمەڵگەیەک لە ڕێگەی زمانەکەیەوە، گوزارشت لە خۆی و ژیار و کەلتورەکەی دەکات، چونکە کۆمەڵگەی بێ زمان واتە کۆمەڵگەی بێ کەلتوور، بەڵکو ڕاستتر ئەوەیە بڵێین کۆمەڵگەیەکی پەراوێز خراوە و لە واقیعدا بوونی نیە، بەڵگەشمان بۆ ئەم قسەیەمان بوونی کۆمەڵگە کۆنەکانە، کە لە ڕێگەی زمانەکانیانەوە، مێژووەکانیان گواستراوەتەوە بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان،

---

1 بلكا ،الياس و حراز ،محمد (2014). اشكالية الهوية والتعدد اللغوي في المغرب العربي -المغرب نموذجا.(ط1) الامارات: مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية. ص23.

2 العطار، عباس (9-7-2010)،توظيف اللغة في الخطاب الإعلامي، بوابة كنانة، (15-8-2020) ، https://kenanaonline.com/users/Arabmedia/posts/134957

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا چەندین کۆمەڵگە هەن مێژوو باسی نەکردوون و بگرە مێژووەکەیان لەگەڵ نەمانی خۆیاندا کۆتایی پێهاتووە و کەس هیچ شتێك دەربارەیان نازانێت، بەهۆی نەبوونی زمانێکەوە کە لەڕێگەیەوە پارێزگاری لە مێژوو و کلتورەکەی بکرێت.

ئەوە ڕێك ئەوەیە کە زمانی عەرەبی کردوویەتی، کە ڕۆڵی هەبووە لە پاراستنی ئایینی ئیسلام و ڕێساکانی، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە دانیشتوانی عەرەب نین وەك هیند بۆ نموونە، زمان، توانی کلتوری ڕۆشنبیری ئیسلامی و عەرەبی بپارێزێت، لە ڕێگەی کتێب و دەستنووسە عەرەبیەکانەوە، هەروەها هەموو ئەوەی ژیاری ئیسلامی پێشکەشی کردوە لە زانست و هۆنراوە و ئەدەب، هەر لە ڕێگەی زمانەوە بووە.

نوسینەوەی زمان، وایکرد مرۆڤایەتی ئاشنای چەندین ژیاری کۆن و مێژووەکەیان ببێت، وەك شارستانی میسری کۆن، شارستانی بابلی و سەبەئی و هیند و یۆنان، ئەو کلتورە فراوانەی سەر بەو ژیارانە، لە ڕێگەی وێنە و نووسینەوە پارێزراون، ئەمەش دوای نوسین و هەڵکۆڵین و وێنە کێشراوەکانی ناو ئەشکەوت و سەر تاتە قوڕەکان، لێرەدا دەردەکەوێت کە زمان شوناسی ئەو شارستانیەتانەی پاراستووە، بە بێ هەبوونی زمان نەمان دەتوانی ئاگاداری ئەو مێژووە دەوڵەمەندەیان ببین. زمان، خەم و ئازاری قسەکەرەکانی هەڵدەگرێت، بەشداری دەکات لە ڕێکخستنی ڕەفتار و کارلێك و دەربڕینی هەستەکانیان و یەکخستنی ئینتیمایان، بۆیە زمان تەنها لە سرووشتی خۆیدا نەماوەتەوە، بەڵکو گەورەترە لە تەنها ئامرازێکی گەیاندن و ئاگادارکردنەوە، چونکە توانای بەرجەستەکردن وێناکردنی کلتوری زمانەوانی و هزرەکەی هەیە، هەروەها زمان کۆکەرەوەیەکە بۆ دەربڕینی داهێنان و هەڵگری مەعریفە و بەرهەمهێنانی، دەفرێکە بۆ هزر و ڕۆشنبیری1.

یەکێک لەو بوارانەی کە ڕۆڵی زمان تیایدا بە تەواوی ڕەنگ دەداتەوەم برییتی یە لە گەشت و سەردانی کردنی وڵاتان، ، چونکە ئامراز و خاڵی گۆڕینەوەی کلتوورە. کاتێك مرۆڤ لە شوێنێکەوە دەڕوات بۆ شوێنێکی تر، ئەوا ژیار و کلتور و مێژوو و زمانی خۆی دەبات و لە هەمانکاتدا ئاشنای زمانی وڵاتێکی تر دەبێت، کاریگەری دروست دەکات و کاریگەر دەبێت. لە ڕاستیدا یەکەم شت کە بە هزری مرۆڤدادێت ئەوەیە بە چ زمانێك مامەڵە لەگەڵ بەرامبەرەکانیدا بکات، بەدڵنیاییەوە وەڵامەکە برییتیە لە زمانی خۆی، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی کلتوور لەنێوانیاندا.

ئەم پەیوەندییە، سەرەڕای بەهێزی و بتەوی، بەڵام لەسەردەمی جیهانگیری دا، توشی هەژانێک بوو، گرفتێکی دروست کرد کە پێی دەوترێت گرفت بەردەوام بوونی زمان لە کۆمەڵگەدا، بەهۆی زیادەڕەوی کردن لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، کە بووە هۆی دروست بوونی پەرچەکرداری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە، ، چ لە ڕووی کلتووری و ڕۆشنبیریەوە بێت، یان لە ڕووی ئەخلاقیەوە بێت، کە هەڕەشە لە شوناس و

[1] البصير، نورالدين (2015) تجاذبات اللغة والهوية بين الأصالة والاغتراب.(ط2). الجزائر: جامعة حسيبة بن بوعلي. ص31-40.

زمانی دایک کرد، لەڕێگەی شکاندنی تایبەتمەندی کلتووری کلاسیکی و توانەوەی لە کلتووری جیهانیدا، ئەمەش وای کرد لە ڕووداوەکانی چووارچێوەی کۆمەڵایەتی دوور بکەوێتەوە.
دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی نێوان زمان و شوناسی کۆمەڵگە، پەیوەندیەکی تایبەتە بە گشت، چونکە شوناس گشگیرترە لە زمان، شوناس چەندین شێوازی دەرکەوتنی هەیە جگە لە "زمان" ، بە واتایەکی سادەتر شوناس ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە کۆمەڵێك خەڵك لەسەری هاوڕان و جیایان دەکاتەوە و یەکیان دەخات، تەنها زمان بەم کارە هەڵناستێت، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ پێکهاتەکانی تری شوناس، بەڵام لە هەمانکاتدا ناتوانرێت شوناس لە زمان جیا بکرێتەوە، چونکە بەبێ زمان کۆمەڵگەکان ناتوانن گوزارشت لە شوناسیان بکەن، لەبەر ئەوەی زمانە کە ڕەونەق و جوانی بە شوناس دەبەخشێت و سنووری جیاوازی نێوان شوناسە جیاوازەکان دیاری دەکات.

## 5.1.2..تایبەتمەندی و چەمکەکانی زمان

یەکێک لەو پێناسانەی بۆ زمان دەکرێت ئەوەیە کە بریتیە لە سیستمێکی هێما و ئاماژە و نیشانە، واتە سیستمێکە ئەرکی مەعریفی و پەیوەندی نێوان خەڵك جێبەجێ دەکات، هەروەها ئامرازێکە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەستەکانی دەکات، لە هەمانکاتدا بە یەکێک لە ڕێگاکانی بەدەستهێنانی مەعریفەدادەنرێت. زمان یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و لێك تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بە تایبەت ئەوانەی لە یەک کۆمەڵگەدا دەژین، ئەمەش وایکردووە زمان وەك دیاردەیەکی ڕەفتاری هەژمار بکرێت، چونکە شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، گوزارشت لە پێداویستی و ڕەفتاریان دەکات. ئەو زمانانەی کە زۆر بەربڵاون لە نێو جیهاندا بریتین لە : عەرەبی و چینی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و هیندی و پۆرتوگالی و ڕوسی و ئیسپانی و مالیزی و بەنگالی و ئەندەنووسی. لە ڕێگەی ئەم خاڵە شیکاریەوە هەوڵ دەدەین باس لە دیاریکردنی تایبەتمەندیەکانی زمان بکەین . سەرەڕای جیاوازی لە پێناسەکردنی زماندا، بەڵام هاوڕاییەك لە نێو لێکۆڵەرەواندا هەیە لەسەر کۆمەڵێك تایبەتمەندیی بە گشتی بۆ زمان، بریتین لەمانەی خوارەوە:
سروشتێکی مرۆیی مرۆڤگەرایە.
بە سیستمێك لە هێمای دەنگی و نیشانەی دادەنرێت، کە بەکار دەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بۆ چەند چەمکێکی دیاریکراو، بە واتای ئامرازی پەیوەندیکردن و پەیوەندی بەردەوامە، لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زمان پێکهاتەی تەواوی خۆی هەیە و بەیەکەوە بەستراون لە پەیوەندیەکانیاندا1.

[1] صفوت،علي (2014). محاضرات في علم اللغة العام، محاضرات مقدمة لطلبة المرحلة الاولى في علم اللغة. مصر: جامعة القاهرة. ص23.

یەکێك لە تایبتمەندیەکانی زمان ئەوەیە کە وەرگیراوە (مكتسب)ە، بە واتای ئەوەی ئێمە زمانمان لەو کۆمەڵگەیەوە وەردەگرین کە تیایدا دەژین، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ئەزموونانەی کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێت بە ڕێگەی ڕاستەوخۆ و نا ڕاستەوخۆ، بۆ نمونە: مناڵێك باوانی جەزائیریە،

بەڵام لە کۆمەڵگەی فەڕەنسیدا گەورە دەبێت، بە دڵنیاییەوە لەبری زمانی عەرەبی، زمانی فەڕەنسی وەردەگرێت و پاراوانە قسەی پێدەکات، وەك هەر تاکێکی تری کۆمەڵگەی فەڕەنسی. لێرەدا سۆسێری[1] زانای زمان، ئاماژە بە پەیوەندی نێوان زمان و مێژووی ڕامیاری دەکات پێی وایە کە ((هەندێك ڕووداوی مێژوویی گەورە هەن، وەك فتوحاتی ڕۆمانی، کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر چەندین ڕووداوی زمانەوانی، ئەوەتا داگیرکردن بە وێنایەك لە وێناکانی فتوحات ئەژمار دەکرێت، و زمانێك دەگوازێتەوە بۆ چەند ناوەندێکی جیاواز، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەم زمانەدا))، هەروەها دواتر ڕوونی دەکاتەوە: ((سیاسەتی ناوخۆی وڵاتان، بایەخی کەمتر نیە لە بایەخی ژیانی زمانەکان، لە وڵاتێکی وەکو سویسرا زمانەکانی (ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیتالی) زمانی فەرمی وڵاتن، حکومەتی ئەو وڵاتە زۆری لا پەسندە کە پارێزگاری لەو زمانە فەرمیانە بکات، هەموو ڕێکارێک دەگرێتەبەر تاوەکو لە کۆمەڵگەدا جێگایان ببێتەوە، کەچی وڵاتێکی وەکو فەرەنسا وای پێ پەسندە زمانی یەکانگیر و یەکگرتوو لە کۆمەڵگەدا بچەسپێ)).

پەیوەندی نێوان دەربڕین و ماناکەی (الدال والمدلول) سرووشتی نیە، چونکە ئەگەر وابوایە ئەوا لە هەموو زمانەکاندا هەر مانایەك یەك دەربڕینی دەبوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە هیچ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەم شێوەیە نیە و کۆمەڵە زمانەوانیەکانیش لەسەری کۆك نین.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندیانەی باسمان کرد، زمان سێ تایبەتمەندی تریشی هەیە:

نواندنی لە سیستمێکدا، کە کۆمەڵگە بەشداری دەکات لە شوێن کەوتن و پەیڕەوکردنی، تاکەکانی دەیکەن بە بنەمای ڕێکخستنی ژیانی بە کۆمەڵ و پەیوەندیەکانیان، چونکە مرۆڤەکان بەهۆی زمانەوە یەکتر دەناسن و پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، هەروەها کۆمەڵگەکان لەسەر بنەمای زمان بونیات دەنرێن.

زمان، زادە و بەرهەمی ئەقڵی دەستە جەمعیە، چونکە بە شێوازی بیرکردنەوە و دروستبوونی کەسایەتی و ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤ هەژمار دەکرێت..

بێ توانایی مرۆڤ لە دەرچوون لە زمان و سیستمەکەی، چونکە بە بنەمای سامانی فیکری دادەنرێت، واتا ئەگەر مرۆڤ زمانی گوزارشت بەکار نەهێنێت بۆ دەربڕینی بیرۆکەکانی ئەوا بیرۆکەکانی دەمرن و بە قەتیسی لە مێشکیدا دەمێنێتەوە[2].

[1] دي سوسير ، فرديناند (1984). محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي.(ط2). المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر.
[2] بوترعة، عبد الحميد(8-9-2014).“واقع الصحافة الجزائرية المكتوبة في ظل التعددية اللغوية “الخبر اليومي” و “الشروق اليومي” و “الجديد اليومي” نموذجا”. الجزائر: مجلة الدراسات والبحوث الاجتماعية. (العدد الثامن). ص199-214.

## 6.1.2.چەمك و تێگەیشتنی پەیوەست بە زمان

ئەوەی پێویستە  ئاماژەی پێ بدەین لە چەمکی زمان و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵگەدا، بریتیە لە دیاریکردنی هەندێك زاراوەی پەیوەست بە زمانەوە، کە تێکەڵ بەو دەبێت و پێویست بە هەڵوێستەیەك دەکات بۆ ناسینی، بریتیین لەمانەی خوارەوە:

•دووانە زمان (**Bilingualism**) : واتا لە یەك کۆمەڵگەدا خەڵك بە دوو زمان قسە دەکەن، یەکەمیان لە بواری فەرمیدا بەکار دێت وەك فێرکردن و نووسینی یاسا و ڕاگەیاندن، دووەمیان بریتیە لە زمانی خۆماڵی یان ناوچەیی، لەلایەن کۆمەڵە کەسێکەوە بەکار دەهێنرێت، لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی نێوان خۆیاندا[1] .بە واتایەکی تر دووانە زمان واتە بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا وەك بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسی و ئینگلیزی لە کەنەدا.

•یەکانگیری زمان  (**Linguistic Diglossia**): یەکێکە لەو چەمکانەی کە تا ئێستا توێژەران یەک دەنگ نین لەسەر پێناسەیەک بۆ مانا و مەبەستی ئەم چەمکە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ یەکەم جار دەگەڕێتەوە بۆ زانای زمانەوانی ئەمریکی شارڵ فێرگسۆن لە ساڵی 1959  و لە بنەڕەتدا لە زمانی گریکەوە وەرگیراوە و لە فەرهەنگەکاندا بە مانای جووت زمان دێت[2] .

فیشمان وای بۆ دەچێت کە یەکانگیری زمانەوانی لەسەر بنەمای بوونی جیاوازی لە ئەرکدا، لە نێوان زمانەکاندا دروست دەبێت، هەندێکی تر پێیان وایە کە بریتیە لە بوونی دوو ئاستی زمانەوانی لە یەك ژینگەدا، کەسانێکی تر پێیان وایە ئەم چەمکە بریتیە لە بوونی دوو زمانی جیاواز وەک زمانی نەتەوەیی و زمانی بیانی،  بۆ نەهێشتنی ئەم تێکەڵکردنە دەتوانین بڵێین کە ب مەبەست لە یەکانگیری زمانەوانی بریتی یە لە بوونی دوو زمانی جیاواز لە لای تاك یان کۆمەڵگە لە یەك کاتدا.

•فرە زمانی (**Multilinguisme**): : مەبەست لێی بەکارهێنانی چەند زمانێکی جیاوازە، لە گشت بوارەکانی ژیاندا، بە فەرمی،وەك ئەوەی لە کەنەدا و باشووری ئەفریقیا دا هەیە.

## 7.1.2 .چەمکی زمانی ڕاگەیاندکاری

سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەی زمانی ڕاگەیاندکاری بەشێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێت، لەناو کتێب و لێکۆڵینەوەکاندا، کەچی تا ئێستا پێناسەیەکی دیاریکراو بوونی نیە بۆ ئەم زاراوەیە، هەموو کتێب و لێکۆڵینەوەکان، خۆیان لە پێناسەیەکی گشتگیر لادەدەن و زیاتر گرنگیان بە باسکردنی تایبەتمەندی و

---

[1] هادف، بوزيد (1945). الازدواجية اللغوية في الجزائر المستقلة دراسة سوسيولوجيا لسانية الجزائر .(ط1). الجزائر.:كلية الاداب واللغات. ص4.
[2] كفالي، لويس جان(2008). حرب اللغات والسياسات اللغوية، ترجمة: حسن حمزة (ط1).بيروت: المنظمة العربية للترجمة. ص78.

سیماکانی داوە، واتا زیاتر گرنگیان بە باسکردنی ڕەگەز و دەرخستنی جیاوازیەکان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك بۆچوونیان وایە کە زمانی ڕاگەیاندکاری برییتیە لە (( ئەو زمانەی لە فراوانترین سنووردا بڵاو دەبێتەوە، لەنێو خەڵکدا بە گشتی، خاڵی هاوبەشە لە نێوان گشت لقەکانی مەعریفە و کلتور و پیشەسازی و بازرگانی و زانستی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و هونەر و ئەدەبدا، چونکە بابەتی ڕاگەیاندن لە کاتی باسکردنی کۆمەڵگە و ژینگەدا، ڕەگەزەکانی خۆی لە هەر جۆرە هونەر و زانست و مەعریفەیەکەوە وەردەگرێت)). دکتۆرعبد العزیز شرف ( 1985 ) پێی وایە (( زمانی ڕاگەیاندن زمانی شارستانێتی یە، شتێکی سرووشتیە کە ڕاگەیاندن هەوڵی سوود بینین بدات لە تایبەتمەندیەکانی زمانی عەرەبی لە ڕووی ژیاریەوە و گۆڕانکاری گەورە دروست بکات، لە ڕێگەی بەرتەسك کردنەوەی مەودا، لەنێوان زمانی ووتار و زمانی نووسیندا، ڕێگە لەبەردەم زمانی پاراو(الفصحی)دا واڵا بکات کە بتوانێت بەکاربێت لە هەموو شوێنێکدا، بەتایبەت لە کاری ڕاگەیاندندا، وا بکات تیایدا باڵادەست بێت. زمان ئامرازی ڕاگەیاندن و ئەو پرۆگرامەیە، کە پەیام دەگوازێتەوە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، چونکە زمانی ئاخاوتن و ئاماژە و وێنە و سینەما، هەموویان ئامرازی گواستنەوەی پەیامن)) .

هەروەها دکتۆر" محمد سید محمد " ( 1984 ) بۆچوونی وایە کە (( بواری هاوبەش لەنێوان زمان و ڕاگەیاندن، لە پەیوەندی نێوان " ووشە و مانا" دا برییتیە لە بواری مانا، زانایانی زمان گرنگی بە "زانستی مانا" دەدەن، زانایانی ڕاگەیاندن گرنگی بە چوارچێوەی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر دەدەن، تاوەکو بابەتی ڕاگەیاندنەکە لەم چوارچێوە هاوبەشەدا تەواو ببێت و پەیامەکە نەکەوێتە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەوە. واتا ووشە دەبێتە خاڵی هاوبەش لەم بوارەدا، بواری مانا، لەنێوان زمان و ڕاگەیاندندا))1.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زمان گرنگی تایبەتی هەیە لە گۆڕەپانی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەگشتی و کەرتی ڕاگەیاندن بەتایبەتی، ئەمەش وایکردووە زمان ببێتە جێگەی بایەخی توێژەران و پسپۆڕان و لێکۆڵەران سەبارەت بە (( چەمکەکانی، بنەماکانی، بوارەکانی کارکردنی)) زمان.

هەروەها زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە، گوزارشت لە ناوەرۆکی پەیامی کەسی نێرەر دەکات، هۆیەک دەبێت بۆ گەیاندنی بە وەرگر، بە پێی ئامانج و ئاراستەکانی کەسی نێرەر، کەواتە ئامرازێکە بۆ (( گفتوگۆ، گۆڕینەوەی کلتور، گواستنەوەی مەعریفە، پاراستنی مێژوو، وە کەناڵێکە بۆ چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان...هتد)) .

هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پاراستنی کلتووری ڕۆشنبیری و نەریتی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

---

1 الشریف، سامي ، نداء أیمن (2004) اللغة الإعلامیة (المفاهیم- الأسس - التطبیقات).(ط1). القاهرة: جامعة القاهرة للتعلیم المفتوح. ص 34 – 35 .

هەروەها گرنگیەکەی دەچێتە نێو فێرکردنی تاکەوە، بەشێوەیەك گونجاوبێت، لەگەڵ ڕەفتار و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەم تاکە بەشێکە لێی.

زانای زمان " بۆهلر " پێی وایە زمان سێ ئەرك و پیشەی هەیە و زانای ڕووسیش "یاکوبسون" باس لە هەمان شت دەکات و باوەڕی وایە کە زمان بە سێ ئەرك هەڵدەستێت، کە ئەمانەی خوارەوەن:-

١- دەربڕین :- لێرەدا نووسەر یان قسەکەر هەستەکانی خۆی دەردەبڕێت، بەدەر لە وەڵامدانەوە، ئەمەش بە دیاریکراوی لە شیعری گۆرانیدا دەردەکەوێت، یان لە ئەدەبی چیرۆك و شانۆیدا، سەرەڕای داتا فەرمیەکان، وەك نووسراو و بەڵگەنامەی سیاسی یاسایی و فەلسەفی و زانستییە بە دۆکیۆمێنت کراوەکان .

٢- ڕاگەیاندن :- بریتییە لە پێگەی دەرەکی یان ڕاستیەکانی بابەتەکە یان ئەو ڕاستیەی کە دەکەوێتە دەرەوەی زمان، لە شێوەی ڕاگەیاندن لە پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕاپۆرتە هونەریەکان و ووتارە ڕۆژنامەوانیەکان و لاپەڕەکانی توێژینەوەی زانستی و ماستەر و دکتۆرا نامەکان ....هتد.

٣- گوتاردان :- کرۆکی ئەم ئەرکە بریتیە لە جەماوەری خوێنەران و قسە بۆ کراوان، ئەم کارە پەیوەندی هەیە بە جەماوەرەوە کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی کارێک، گرنگترین کار لێرەدا کاردانەوەی وەرگرەکانە1.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن کاریگەریان هەبووە و هەیە لەسەر گۆڕینی شێوازی ژیانی تاکەکان لە چەندین بواردا، بە تایبەت لەو شتانەی پەیوەندیان هەیە بە بواری پەیوەندیکردن و مەعریفە و فێرکردنەوە، هەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی ژیانی مرۆیی جێبەجێ دەبێت، بۆ پەیوەندیکردن و بەردەوامی بوون لەگەڵ ئەوانی تر، بۆ نموونە لە سەردەمی جیهانگیریدا زۆرێك لە مرۆڤەکان، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە یەکترەوە، ئەمەش زیانی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ داوە، هەروەها کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەو زمانانە دەبێت کە ئامرازی پەیوەندیکردنمانە لەگەڵ ئەوانی تر، واتا تۆڕی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەیە لەسەر زمان دادەنێت.

چەندین کاریگەری ئەرێنی تۆڕی کۆمەڵایەتی هەیە لەسەر گۆڕینی زمان، کاتێك مرۆڤ دەیەوێت بە ئاسانی پەیوەندی بەوانیترەوە بکات، لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە ئەم کارە دەکات، بەمەش هەم سودی دەبێت هەم ڕۆڵی دەبێت لە بەهادان بە تۆڕی کۆمەڵایەتی ، بۆ نموونە، کاتێك سۆشیاڵ میدیا بەکار دەهێنین وەك ئامرازێکی پەیوەندیکردن ئەوا ئێمە چەندین ووشەمان زیاد کردوە بۆ فەرهەنگی زمان، لە پێناو تێگەیشتنێکی باشتر. دەتوانین وەڵامدانەوەیەکی خێرا و باشتر دیاری بکەین، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕا و سەرنجی ڕوون، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی زۆری خەڵک ئەم جۆرە لە

---

1 الشريف، سامي ، نداء أيمن (2004) اللغة الإعلامية (المفاهيم- الأسس - التطبيقات).(ط1). القاهرة: جامعة القاهرة للتعليم المفتوح. ص 19 - 20 .

پەیوەندیکردن بەکاربهێنن، لە پێناو بەدەستهێنانی ڕێگەیەکی کورت بۆ پەیوەندیکردن بە یەکتریەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی کورتکراوە و هێما و نیشانە و سیمبۆل و وێنە و دەستەواژەی دیاریکراوەوە. لە هەمانکاتدا چەندین کەس تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازی فێرکردن بەکار دەهێنن، لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانەی کە لە کاتی ئاخاوتندا ڕوو دەدەن، لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە یاخود فێربوونی دەستەواژەی دروست و گونجاو، ئەمەش وا دەکات کە هۆیەک بێت بۆ فێربوون بەشێوەیەکی خێرا و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان، هەروەها هەندێك کەس لەڕێگەی دانانی وێنەکانەوە دەتوانن لە هەستی کەسانیتر تێبگەن، بەتایبەت بەهۆی زمانی وێناکردنەوە، ئەگەرچی کەسانێک هەن بە هۆی جیاوازی نەوەکانەوە ناتوانن لە زمانی وێنەیی تێبگەن. بۆ نموونە نەوەی **21 century** دەتوانێت زمانی داهاتوو بەکار بهێنێت و لێی تێبگات، لە کاتێکدا نەوەی تر هەن ناتوانن لە کاریگەری تۆڕی کۆمەڵایەتی تێبگەن1.

ئەگەرچی تۆڕی کۆمەڵایەتی سودی ئەرێنی هەیە، بەڵام چەندین کاریگەری خراپی هەبوو و هەیە لەسەر گۆڕانکاریەکانی ژیانی مرۆڤ بەگشتی، کاتێک مرۆڤەکان لەڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیەوە پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا دەبەستن، دەبێتە هۆی ئەوەی کە چەندین ووشە شێوەی ڕەسەنی خۆیان لەدەست بدەن و گۆڕانکاریان بەسەردابێت، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرێک لەو کەسانەی قسە دەکەن، هەڵە دەکەن کاتێک زمانی ڕەمەکی یان کورتکراوەکان بەکاردەهێنن، و هەندێک دەستەواژە و ووشە بە هەڵە بەکاردەهێنن بۆ دەرخستنی بیرۆکەکان لەشێوەی وێنەدا زیاتر لە ووشە بەشێوەی دەربڕین.

ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بریتیە لە خێرایی، واتا خەڵك تیایدا بەخێرایی شتەکان ڕادەپەڕێنێت، کاتی پێویستی لە بەردەمدا نیە کە زمان بە شێوەیەکی گونجاو و بناغەیەکی ڕاست بەکار بهێنێت، خەڵك هەوڵ دەدات بابەتەکان ئاسایی بکاتەوە، بۆ نموونە: بەکارهێنەرانی **Instagram** و **Facebook** ووشە کورت دەکەنەوە بۆ **hashtags#**، واتا بیرۆکەی تەواو نەماوە و مەرج نیە هەموو خەڵك لە ووشە تێبگەن، بەمەش وا دەکات کە زمان، بناغە ڕەگەکەی لەدەست بدات، گەورەکان (بە تەمەنەکان) و بەکارهێنەران تەمەڵ دەبن لە ڕووی بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانە بە دروستی.

توێژەران بەشێوەیەکی گشتی یەک دەنگن لەسەر ئەوەی کە زمان پێگەیەکی بەرزی هەیە، لە گفتوگۆکانی ناسنامەی نیشتمانی[2،3،4] زمان تەنها بە یەكێك لە گرنگترین نیشاندەرەکانی شوناسی

---

[1] Fadil, Thami(2-7-2021) Researcher in Political Science- Pennsylvania, The effect of social media on the language,United States : Assahifa.com, (21-2-2021):
https://www.assahifa.com/english/opinions/the-effect-of-social-media-on-the-language/

[2] Joseph, J. E. (2004). Language and identity: National, ethnic, religious.) New York: Palgrave Macmillan.

[3] Fishman, J. (1989). Language and ethnicity in minority sociolinguistic perspective. (1st ed.). Clevedon: Multilingual Matters Ltd.

[4] Edwards, J. (2009). Language and identity: An introduction. New York: Cambridge University Press.

نیشتمانی هەژمار ناکرێت، بەڵکو یەکێکە لە سەرەکیترین ئامرازەکانی بونیاد و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ناسنامەیە. هێزی زمان لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی وەك تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە وەک پاڵپشتی و هێز [1] .

لە سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیادا، ئەستەمە بەپێی پێویست لە شوناسی نیشتمانی تێبگەین، بە بێ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی کارکردنی تەکنیکی پەیوەندی کردن، وەك هاندەرێك بۆ دووبارە بونیاتنانەوەی [2] بە ڕێنوێنی بیردۆزەکانی زمان و ناسنامە. کوردەکان حاڵەتێکن لە کەمینەیەك، زمانەکەیان دابەش کراوە بۆ چەند شێوەزار وئەلف و بێ و حاڵەتی جیاواز، لە ناو سنوری چوار دەوڵەتی جیاوازدا.

زمانی کوردی پێگەی فەرمی خۆی وەرگرت لە عێراقدا لە ساڵی 2003 بەدواوە، لە کاتێکدا لە وڵاتی تورکیا بە تەواوی قەدەغە کرا تا ساڵی 1992 و چاوپۆشی لێنەکرا تا ئەم دواییانە[3][4]، سەبارەت بە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە ناو چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا ئەوا دوای شۆڕشی ساڵی 1979 جۆرێک لە نەرمی نواندن هەبووە بەرامبەریان، بەڵام لە سوریا، کوردەکان دووچاری کوشتنی زمانەوانی بوونەوە[5] لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی لە ئەمڕۆدا زمانی سەرەکی دەیان کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵییە، سەرەڕای هەزاران پێگەی ئەلیکترۆنی و ژووری چات و پێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان .

## 8.1.2. چەمکی گۆتاری ڕاگەیاندکاری وئاسەواری تەوزیف کردنی زمان تیایدا

دیارترین ڕواڵەتی زمان بریتی یە لە دەنگ، ئەو شتەی کە ڕێك دەخرێت و ووشەکانی لێ پێکدێت، پاشان ڕستە و دەربڕین و دەستەواژەکان، لە ئێستادا دەنگەکانی زمان بووەتە جێگەی لێکۆڵینەوەی چڕ و تاقیکردنەوەی تاقیگەیی، مرۆڤ لە دێرین زەمانەوە ئەم دەنگانەی بەکارهێناوە، وەك ناوەندێکی گوێزەرەوە، بۆ بیرۆکە و هەست و ئەوەی لە مێشکیا دەگوزەرێت. ئەو دەنگانەی کە ووشە و ڕستەی لێ دروست دەکرێت بریتین لە چەند سیمبولێك مرۆڤ بە داهێنانکاری خۆی لە بری بیرۆکە و یاداشتەکانی بەکاری هێناوە، چونکە بە هێما بوون بریتیە لە کاری سەرەکی هزری مرۆڤ و ئەقڵمان

---

[1] Fisk, J., & Hartley, J. (2003). Reading television (2nd ed.). London: Routledge.
[2] Morley, D. (1992). Television, audiences, and cultural studies. London: Routledge.
[3] Kangas, Skutnabb T, & Fernandes, D. (2008). Kurds in Turkey and in (Iraqi) Kurdistan: A comparison of Kurdish educational language policy in two situations of occupation. Toronto: University of Toronto Press.
[4] Olson, R. (2009). Blood, beliefs and ballots: The management of Kurdish nationalism in Turkey, 2007–2009. Costa Mesa, California: Mazda.
[5] Hassanpour, A., Skutnabb-Kangas, T., & Chyet, M. (1996). The non-education of Kurds: A Kurdish perspective. International Review of Education. (4th ed.), 367–379.

دەتوانێت هەموو ئەزموونەکانمان بگۆڕێت بۆ هێماو سیمبۆل، ئەمەش یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوە .

- کۆمەڵگەی مرۆیی بۆ زمان، وەك خاکە بۆ تۆو یان گوڵ، تۆو هەڵگری بەری ژیانە، بەڵام ناڕوێت ئەگەر لەخاکدا نەبێت، بەهەمان شێوەی زمان لە مرۆڤدا، کاتێك مرۆڤ لە دایك دەبێت، بە خۆڕسك ئامادەیی دەربڕین و قسەکردنی تێدایە، هەموو ئەندام و ئامێری پێویستی تێدا فەراهەمە، بەڵام کاتێك کەنارگیر دەبێت، ناتوانێت قسە بکات و ووشە دەرببڕێت، بۆیە زمانی بۆ دروست نابێت، ئێمە کاریگەری و ڕواڵەتی ئەم ئامادەییە لە مرۆڤدا دەبینین، هەر لە هاواکردنی کۆرپە و گڕوگاڵ کردنی کەوەك تووی زمان و تواناى قسەکردن وایە، بەڵام ناڕوێت تەنها لەو کاتە نەبێت کە مرۆڤ ژیانی لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ فەراهەم دەبێت، چونکە مرۆڤ خۆڕسکانە ئامادەیی قسەکردنی تێدا هەیە.

بەڵام ئەم ئامادەییە هیچ کاریگەریەکی دەرناکەوێت تەنها لە کاتی بوونی کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا نەبێت، بۆیە شتێکی نامۆ نیە کە پسپۆڕانی زمان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە زمان بوونی نیە جگە لە کۆمەڵگەی مرۆییدا نەبێت، ئەوەی دەوترێت لەسەر ئاژەڵ کە گوایە ئاژەڵ زمانی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە لە ڕووی گریمانەییەوەیە، چونکە ئەو دەنگە خۆڕسکە سنووردارەی کە لە زیرەکترین و ناوازەترین ئاژەڵدا دەیبیستین بە زمان یان هاوشێوەی زمان هەژمار ناکرێت، چونکە زمان ڕەگی داناکوتێت تەنها لە کۆمەڵگەی مرۆییدا نەبێت، کە لە ڕێگەیەوە خۆراکی تایبەت بە خۆی وەردەگرێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر نوسرابووەوە و لە لەناوچوون دەربازی بووبوو، لەکاتێکدا چەندین زمانی تر هەبووە لە کۆندا، لەناوچوون و پەیوەندیان بە زمان و گوتاری خەڵکەوە نەماوە. ئەوەی کە لە ئێستا دا بەڵگەنەویستە لەلای زمان زانەکان ئەوەیە کە مرۆڤ بەکاریگەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، فێری قسە دەبێت1، نەوەك لە ڕێگەی هەستی ناوەوە یان غەریزەوە. ئەبولحەسەن جرجانی لە کتێبی (التعريفات)دا دەڵێت : "زمان بریتیە لەو دەربڕینانەی کە خەڵك گوزارشتی لێدەکەن دەربارەی مەبەستەکانیان"2 .

---

1 أنيس، إبراهيم(1970) .اللغة بين القومية والعالمية (ط2). مصر: دار المعارف المصرية للطباعة. ص 11- 38.
2 الجرجاني، أبو الحسن(2003). كتاب التعريفات.(ط1). بيروت: دار الكتاب العربي . ص 102.

**تەوەری دووەم/ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردن و تێکەڵکردنی واقیعی زمانەوانی**

**تەوەری دووەم**

## 2.2.ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردن و تێکەڵکردنی واقیعی زمانەوانی

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کارەکانی لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەدات، چونکە بنەمای پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگر پەیڕەو دەکات و هەوڵ دەدات هەواڵی متمانەپێکراو و وورد پێشکەش بە خەڵك بکات، تا یارمەتیان بدات لە دروستکردنی ڕای تایبەت بەخۆیان دەربارەی ڕاستیەکان یان بابەتەکان.

پەیوەندی نێوان زمانی عەرەبی و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی کلاسیکی یان دیجیتاڵی، یەکێکە لەو بابەتانەی کە گفتوگۆ و جەدەلێکی زۆری هەڵدەگرێت، چەندین پرسیار دروست دەکات، دەربارەی سەلامەتی زمانی ئامرازەکان، لەگەڵ باشتر بوونی تەکنەلۆژیا ئاڵنگاریەکان زیادیان کرد و ئەرکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زۆر قورس بوو، لە هاوسەنگی ڕاگرتنی نێوان فاکتەری خێرایی لە پەخش کردنی هەواڵەکان و جۆری یەکە زمانەوانیەکان، لێرەدا دووڕەگی زمان دروست بوو. لەگەڵ پاشەکشە کردنی زمانی عەرەبی پاراو و زیاد بوونی نووسین بە زمانی ڕەمەکی، و کارکردنی هەندێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر گۆڕینەوەی زاراوەی کلاسیکی بە زاراوەی ڕەمەکی، بە جۆرێک وای لێهات هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤار نووسینی ووتارەکانی بە ڕەمەکی لا پەسند تر بوو لە نووسین بە زمانی پاراو .

لە ئەنجامی ئەم هەوڵەدا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تاقیگەیەکی زمانەوانیان دروستکرد، بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەی پێی دەگوترێت زمانی ڕەمەکیی سەردەم، وە ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکییان بینی لە دەرکەوتنی ئەم جۆرە زمانانە بە تایبەت لە شێوەی نووسراودا، کە شێوەی ووشەی ئاوێتە، کاریگەربوو بە سیما دەنگیەکانەوە، لەسەر ئاستی پێکهاتە و تایبەتمەندیە ڕێزمانیەکان، زمانەکە جیاوازی دەرکەوت بە گۆڕان لە پێکهاتەکەیدا، بەشێوەیەك کە بکەر و کار و بەرکار لەخۆ بگرێت، بەتایبەت لە ناونیشانی (مانشێت) ڕۆژنامەکاندا[1] . ئەم گۆڕانکاریە لە دەرەنجامی کاریگەری زمانە ڕەمەکیەکانەوە دروست بووە، هەروەها تێبینی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەین:

- پەنا بردنە بەرشێوازی نادیار( المبنی للمجهول) وەك (تەواو بوو / بەیانی ئیمزا لەسەر ڕێککەوتننامەی.... دەکرێت...).
- زۆر بەکارهێنانی خەملاندن ( دەستگیر کردنی ژمارەیەك لە هاندەران...).

[1] D, Parkinson (2010). Community of Use in Arabic Newspaper Language: The Meaning of the Country”. Netherlands: Brill.

- وەرگرتنی لە ڕادەبەدەر لە زمانە بیانیەکان بەتایبەت ئینگلیزی (**each other**) لە یەکتر ، وە لە فەڕەنسی (**l'un et l'autre** / یەکێکیان و ئەوی تر (**a joué un role /important** ڕۆڵێکی گەورەی بینی ...).

- هەڵهێنجانی ستایلێکی زمانەوانی ڕاگەیاندکاری نووسراو "کما و الجدیر بالذکر ".

- دەرکەوتنی جیاوازی بنەڕەتیی زمانەوانی لە نێوان زمانی نیشتمانی و ناوچەگەری، لەسەر ئاستی ووشە و پێکهاتە و شێوەدا، وەك : ("الید العامله" لە وولاتانی مەغریبی عەرەبی ، وە"القوه العامله" لە وولاتانی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست...).

کەواتە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی ، بەپشت بەستن بە ڕێزمانی زمانی عەرەبی پاراو، ڕۆڵی هەبوو لە بەدیهێنانی زمانێکی سەردەمیانەی گشتی ڕێکخراو، بەراورد بە وەرگیراوە زمانەوانیە نیشتمانی و ناوچەییەکان.

سەبارەت بە زمانی ڕەمەکی، سەرەڕای ئامادەبوونی جوانی لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەم ماوەیەدا، ئەوا بەشێوەیەکی سەرەکی کاری پێدەکرا لە بەرنامە و ناوەڕۆکە گاڵتە ئامێز و کارە مەیدانیەکان بەکار دەهێنرا ، کە گەواهی و قسەی هاوڵاتیان و پەندی پێشینانی لەخۆ گرتبوو ، هەروەها بەکارهێنرا لەلایەن گۆڤارە خولاوە تەنز ئامێزەکان، ئەوانەی پشت بە کاریکاتێر دەبەستن، لە هەمان کاتدا چەند لێکۆڵینەوەیەك سەلماندویانە کە زمانی مامناوەند لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی عەرەبیدا زۆر بە بەهێزی کاری پێکراوە، هەروەها خولاوەکان پەنایان دەبردە بەر فەرهەنگەکان، بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە زمانەوانیانەی کە ڕۆژنامەنووسان تێیدەکەون، کاریگەری زمانی قسەکردن و زمانە بیانیەکان و ناوەرۆکی بابەتە خولاوەکان ڕوون و ئاشکرا دیارە.

# بەشی سێیەم

## تەوەری  یەکەم / زمانی کوردی

+ تەوەری  دووەم / شێوەزارەکانی زمانی کوردی

## تەوەری سێیەم /کارێگەری ڕاگەیاندن لەسەر زمانی کوردی

# تەوەری یەکەم / زمانی کوردی

## 1.3. زمانی کوردی

لە گەڵ ئەوەی کە زمان بە گشتی دەروازەی چوونە ژوور، بە جیهانی نەتەوەکانی تر بەدیدەکرێت، زمانی کوردی بەشی جیانەکراوی شوناس و فەرهەنگی خەڵکی کوردە و لە گەڵ ئەوەشدا هۆکاری سەرەکی جیاکەرەوەی نەژادی و نەتەوەیی لە دراوسێیەکانی ئەژمار دەکرێت. پێوەندی نێوان هۆیەکی فەرهەنگی و مێژوویی کورد لە گەڵ زمانی کوردی تا رادەیەکی بەرچاو مسۆگەرە. لەم رووەوە زمانی کوردی بە بڕبڕەی پشتی میللەتی کورد دادەنرێت، شاردراوە نییە کە رۆڵی زمانی هەر میللەتێك لە سەر جەمسەر (مێحوەر)ی فەرهەنگی وئامرازی شوناس پێدان بەو نەتەوەیە دەناسرێت.

ناسنامەی نەتەوەیی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەرکەوت، ئەویش کاتێک کە ڕەگەز و کەلتوور و خواستی سیاسی وزمانی کوردی ڕەتکرابووەوە یان داپڵۆسێنراوبوو، لەلایەن ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی تورکی و عەرەبی (عێراقی و سوری) ئایدۆلۆژیای فارسیەوە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر لەلایەن وڵاتە براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی (فەرەنسا، بەیتانیا) کە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوو[1]. دواتر دابەشبوونی کوردستان بەسەر وڵاتانی (عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران) هەر وڵاتێك لەم وڵاتانە دەستی کرد بە دەستگرتن بەسەر بەشێك لە کوردستان و بەمەش ناسنامەی کوردی بە کرداری لەنێو هێڵی جوگرافی و سیاسی و زمانەوانی ئەم پارچە بوونەدا زیاتر لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا بوو. سەرەتای دیاریکردنی دینامیکەت و شێوازی ناسنامەی کوردی تەنها لەڕێگەی فاکتەری ناوخۆوە نەبوو، بەڵکو لە ڕێگەی سیاسەت و ڕەفتارەکانی بونیاتنانی وڵاتە جیاوازەکانیش بوو، کە لەسەر هەردوو سنووری کوردستان بوون[2] لە ڕووی پەیوەندی بە زمانەوە، بۆنموونە لە ژێر کاریگەری زمانی تورکی سەردەم، کوردانی باکوور دەستیان کرد بە نووسینەوەی زمانی کوردی بە ئەلفو بێی لاتینی، کەچی کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات لە(عێراق و ئێران) بەردەوام بوون لە بەرکاهێنانی ئەلفو بێی عەرەبی لە نووسیندا. کوردانی عێراق شوێن زمانی عەرەبی کەوتن و بە (النمسا) یان دەگوت (نەمسە) کەچی کوردانی ئێران لەژێر کاریگەری فارسدا، ووشەی النمسا دەڵێن (ئۆتریش)،

---

[1] Vali, A. (2003). Genealogies of the Kurds: Constructions of nation and national identity in Kurdish historical writing. In A. Vali (Ed.), Essays on the origins of Kurdish nationalism (pp. 58–105). Costa Mesa: Mazda Publishers Inc

[2] Vali, A. (1998-8-1). The Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics. Comparative Studies of South Asia, Africa, and the Middle East. Vol 18. p82–95.

هەروەها کوردانی باشوور بە ئوتومبێل دەڵێن (سەیارە) کەچی ئەوانەی ڕۆژهەڵات پێی دەڵێن (ماشێن) و کوردانی باکووریش پێی دەڵێن (عەرەبە).

سەرەڕای گەلە ووشە وپێکهاتەکانی ووشە ، شێوازی ڕێزمانی و بگرە شێوازی نووسینەوەش دەستیکرد بە کاریگەر بوون بە زمانی فەرمی ئەو ووڵاتانە لە ناوچەکەدا، چونکە کوردان بەتایبەت ئەو کوردانەی کە لەلایەن ووڵاتانی جیاوازەوە حوکمڕانی دەکران، بە نزیکەیی بۆ ماوەی یەك سەدە نەیانتوانی بە ئاسانی لەنێوان خۆیاندا بەردەوام بن لە پەیوەندی کردن، بەهۆی نەبوونی ئامرازی کاریگەر بۆ گوزارشت کردن و دەربڕینی بناغەی شوناسی ووتاردان و بەشدارییپێکردنی .
پەیوەندی زمان بە هزر و بیرەوە، لای زۆرێك لە زانایان و بیرمەندان و فەیلەسوفان و تەنانەت پزیشکە دەرونیەکانیش جێگای توێژینەوەیە. هەندێك لە توێژەران لەو بڕوایەدان کە زمان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گەشەپێدانی هزر و بیر و بۆچوونەکان، چونکە بیرۆکە و هزر سەرەتا لە هزری ناواخن (العقل الباطن) جێگە دەگرێت، دواتر پێویستی بە زمان هەیە بۆ ئەوەی بکرێت بە ووشە و باس بکرێت. ئەگەر زمان نەبووایە و گوزارشتمان لە بیروبۆچوونەکانمان نەکردایە، ئەوا نەمان دەزانی کە چ لەزیهن و بیری مرۆڤدا دەگوزەرێت. ئەوە ڕاستە کە تاك توانای هەیە گوازارشت لە هزر و بۆچوونی خۆی بکات بەو زمانانەی کە دەیزانێت، توانای زمانزانی مرۆڤ وا دەکات کە پتر بیرۆکەکانی واڵا بکات، ئەمەش وا دەکات توانای دەربڕین و ڕوونکردنەوەی زیاتری هەبێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە لە هزریدا گەڵاڵە بوون.

ئەوی ئاشکرایە ئەوەیە , زمان بە هەموو مانایەك , مۆرك و ناسنامەی نەتەوەی هەڵگرتووە بەو مانایەی , لاوازی یا مردنی زمان یەکسانە بە لاوازی یا مردنی توخم و جەمسەرێکی گرنگی نەتەوە , ئەگەر نەڵێین یەکسانە بە لاوازی ومردنی نەتەوە.
دکتۆر صەباح موسا عەلی[1] لە توێژینەوەیەکی زمانەوانی و ڕۆژنامەوانیدا ئاماژە بە مێژووی زمانی کوردی دەکات و دەڵێت"کە باس لە زمانی کوردی دەکرێت ، یەکسەر ناوی مادەکان دێتە پێشەوە، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکرێت، کە ڕەگەز و نوژاد و ڕەچەڵەکی کورد (ماد) ە، واتا مادەکان سەرچاوەی نەتەوە و زمانی کوردین. هەروەها کەریم زەند[2] ئاماژە بە وتەیەکی زانای مار دەکات و دەڵێت " زمانی کوردی لە کاتی گەشەکردنیدا، لە لایەن (ماد)ە کانەوە کاری تێکراوە، هەندێك لەو بڕوایەدانکە زمانی کوردی لە زمانی ماد جیابۆتەوە، چونکە مادەکان بەڕەگەزی سەرەکی بە کورد دەژمێردرێن" .

[1] عەلی ، صەباح (2014). زمانی ڕۆژنامەنووسی کوردی لە عێراقدا.( چ 1).کەرکوك : چاپخانەی کارۆ.لا33

[2] زەند، کەریم (1977). زمانی کوردی .( چ 1). سلێمانی :چاپخانەی کامەرانی.لا٦٠

زمانی کوردی بۆ کورد یەکێکە لە مۆرك و گۆڵەگە گەورە و گرنگ و سەرەکییەکان , چونکە بە دڵنیاییەوە لە زۆر گاڤدا کوردی وەك نەتەوە پاراستووە و بووەتە یەکێك لە توخمە پڕ بایەخەکانی مانەوەی نەتەوە .

زمانی کوردی لە چوارچێوەی خێزانی زمانەکانی هـ.ئە. گرمانییەکان دادەنرێت . هەر بۆیە نزیکبوونەوە و لێکچوونی هەیە لەگەڵ لقە رۆژهەڵاتیەکانی زمانەکانی هـ .ئە. گرمانییەکان وەك فارسی و هیندی لەلایەك و لەگەڵ لقە رۆژ ئاواییەکانی هەمان خێزان وەك ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی.

دکتۆر رەفیق شوانی [1]ئاماژە بە مێژوو و بنچینەی زمانی کوردی دەکات کە ڕەگ وریشەی نەتەوەی کورد ئەمڕۆ لە ڕوی زمان و ڕەچەڵەکەوە دەگەڕێنێتەوە سەر میللەتانی سۆمەر ,ئیلامی (عیلامی) لۆلۆیی، گۆتی، کاسی، ئۆرارتۆیی، سۆبارتۆ و هیتی، سەرچاوە زمانەوانییە ئیرانیەکان بە تایبەتی کوردەکان بە نموونەی ووشەی هاوبەش و وەك و یەك ولە یەکچوو ئەمەیان سەلماندووە ، دەیان نموونە لەم ڕووەوە دەستکەوتووە .

ئەم میللەتانە لەشوێنی جیاجیای کوردستان لەدامێنی چیای زاگرۆس بوونە، بۆ نموونە لەناوچەی شارەزور لەسلێمانی وزەهاو لۆلۆیەکان لە وێدا ژیاون , گۆتیەکان لەئارابخای کەرکوك و دەورو بەر, ئۆراتۆییەکان لە دەورو بەری( وان ) ئەرارات و واشکان لە نزیکی شاری عامودا ،کاسیەکان لە ڕۆژئاوای ئێران لە دواییدا بەهۆی گۆرانی مێژووی و هاتنە کایەی دەوڵتی مادەوە هەموو ئەم میلەتانە لە ناو میللەتی گەورەی مادا تواونەتەوە و بوونە یەك نەتەوە لە بنەڕەتیشدا هەروەکو ووترا هەموویان دایکزادەی ئەو ووڵاتە بوونە کە ئێستا کوردوستانە لە باوەشی چیای زاگرۆسدا نەش و نمایان کردوە و زێدی باو باپیرانیان بووە .

لە لایەکی ترەوە لەپاش لەناوچونی حکومەتی ماد وەنەبێت میللەتەکە لەناوچوبێت، بەڵکو ئەو میللەتە بەرەبەرە هەر مایەوەو خۆی پاراست بەدەوروبەری کێوەکانی (زاگرۆس)دا بڵاوبووەو تاگەشتە سەر کوردی ئەمڕۆ ،کەواتە دەرکەوت کە (کورد) لەنەتەوەی مادە و مادیش قەومێکی ئاری بوون"[2]

هەروەها نووسەرانی کتێبی (زمانی کوردی، دابەشبوونی جوگرافیایو دیالێکتەکانی) 1985 زمانی کوردیو شوێنی لەناو گروپی خێزانە زمانییەکانی. چەند گروپێکی دەست نیشان کردووە، بە سوود وەرگرتن لە چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژئاویی وەکو )ویلیام مۆریس.

[1] شوانی، رەفیق (2000). چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. (چ 1). هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.لا 28

[2] سەجادی ، عەلائەدین (1952) .مێژووی ئەدەبی کوردی . (چ 2). بەغدا:چاپخانەی مەعارف. ل5

که له پەرەگرافێکدا، دەڵێت "خۆ زمانی کوردی شێوەیێکی بێ سەروبەر نییە که له زمانی فارسی یەوە چەوتابێتەوە، هیچ دیالێکتێکی ڕەشۆکی بێ ڕێزمانو بێ سەروبەری فارسیش نییە، هەروەها زمانێکی سەر به ڕەسەنی زمانی هیندیش نییە"

. لەبەر ئەوە سیاسەتی زمانیی هەر حکوومەت دەسەڵاتێکی سیاسی , دەبێ بەشێکی دیار و دانەبڕاوی سیاسەتی کولتووری و فەرهەنگی ئەو حکوومەت و دەسەڵاتە بێت . بۆیێ دامەزراوە شەرعی ە ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان , کە خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێمی و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمدا دەبینێتەوە, دەبێ سیاسەتی کولتووری و ڕۆشنبیری بەرەو پێش ببەن و لەناویشیدا بایەخی تایبەت وزێتر بە سیاسەتی زمانی بدەن , بە جۆرێك لە ڕێگەی دامودەزگا ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکانەوە , پلان و ستراتیژی گونجاو دابنێن بۆ پاراستن وبەرەوپێشچوونی زمانی , هەروەها بایەخدان ویەکخستنی سیستم و ڕێساکانی ڕێنووس و ڕێزمان لەلایەك و بە یاسا یەکلاکردنەوە وبڕیاردان لەسەر زمانی فەرمی وستاندەر لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەکی ترەوە , ئەوەش نەك دانان لە نێو لیست وخشتەی کاری دەسەڵات , بەڵکو دانانی بە یەکێك لە ئەرك وکارە هەرەگرنگ ولە پێشینەکان.

## 1.1.3.پەیوەندی ئاین و ئەدەب بە زمانی کوردیەوە

دوو مەسەلەی گرنگ هەن پەیوەندیان بە شاعیری کورد و شیعرەکانیانەوە هەیە:-

یەکەمیان : زۆربەی شاعیرەکانی سەردەمی کلاسیکی کوردی لە پاڵ زمانی کوردیدا، زمانی تریان زانیووە وەك زمانی عەرەبی و فارسی و هتد، هەروەها زۆربەی هەرەزۆریان ئەگەر نەڵێین هەموویان زانای بواری شەریعەت بوون و لە زانستەکانی فەلەکناسی و فەلسەفە و سرووشت و بیرکاریدا شارەزایان هەبووە.

دووەمیان: جیاوازیەکی دیار هەیە لەنێوان شێوەزارە کوردیەکاندا کە بەرهەمە ئەدەبیەکانی پێ نوسراوە، بۆ نموونە شێوەزارەکانی کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو و هەورامی بەشێوەیەك جیاوازن لە یەکتر کە زۆر بە ئەستەم قسەکەرانی ئەم شێوەزارانە لەیەکتر تێدەگەن، یاخود توانای نوسین و خوێندنەوەیان نیە بە شێوەزارەکانی تر، بەڵام دوای دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانیەکان و دروست بوونی پەیوەندی رۆشنبیری و ئەدەبی لە نێو کوردەکاندا لە ئاستی جیهاندا وای کرد کە جیاوازیەکان کەم بێتەوە و تا ئەندازەیەک توانایان بشکێت بەسەر شێوەزارە جیاوازەکاندا. جیاوازی نێوان ک.سەروو و ک.خواروو زۆر نیە بەراورد بە جیاوازیان لەگەڵ شێوەزارەکانی وەک زازایی و هەورامی.

ئاین و ئەدەب ڕاستەوخۆ کاریگەریان کردوەتە سەڕ زمانی کوردی هەر لە سەرەتای ئاینی یاراسانەکان و تادەگاتە ئاینی ئیسلام هەروەها چونکە زۆربەی شاعیران شارەزایەکی باشی ئاین بوونە یاخود

مەلابوون تێکەڵی دروست بووە لە نێوان ئەدەب و ئاین هەردوو رەگەز بەیەکەوە کارگەریان دروست کردووە لە سەر زمانی کوردی و چەندین وشە و دەستەواژەی ئاینی تێکەل بە ئەدەب کراوە و لە رێگەی زمانەوە دەربڕینەکان کارگەری و گۆرانکاریان بەسەردا هاتووە , لە رێگەی چۆنایەتییە شیعری جیاوازەکانی ناو سروشتی کۆمەڵەزمانییەکانی خۆی شێوەگیر کرد ئەو سیستەمە عەقڵیەی لە ڕێگەی ئاینی یارسان وئاینی حەقیەقەتەوە لە زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا کوردی زمانەکاندا شێوەگیر کردبوو زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە کەوتبوونە ناو پرۆسەی بە دیالێکتبوونەوە و بووبوون بە کۆمەڵە زمانێکی جیاوازی دەقە ئاینیەکان , ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت زمانی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵگایانە پێش ئەوەی ببن بە زمانی ئەدەبیاتی نوسراو زمانی دەقە ئاینییە نوسراوکان بووە ,بوونی زمانی ئاخاوتنی کۆمەڵگا زمانییە کوردیەکان بە زمانی ئاین ,لەناو میللەتانی ناو سنوری ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی حالەتێکە تایبەتە بە کورد و زمانی کوردی جگە لە زمانی کوردی هیچ زمانێکی تری ناو ئیمپراتۆریەتی عەرەبی ئیسلامی وەك زمانی عەرەبی نەبووە بە زمانی دەقی ئاینی بەڵام بوون بە زمانی دەقە مەزهەبییەکان ,زمانی دەقە مەزهەبیەکانیش زمانی دوقە ئاینیەکان نییە, چونکە مەزهەب ئاین نییە و بە ئامێرکردنی دەقە ئاینیەکانەو زانینی ڕێوڕەسمێکی نەگۆرەو پەیرەو کراوە بۆ تێگەیشتن لە دەقە ئاینیەکان.

زمانی کوردی دوای ئەوەی سیستەمە عەقڵیەکەی رۆحی نە. کورد لە زمانی ئاینی دیالێکتە کوردیەکاندا شێوەگیر دەکات, لە قۆناغێکی نوێی پرۆسەی بەدیالێکتبوونی دیالێکتەکانیدا هەمان ئەو سیستەمە عەقڵیە لەناو زمانی ئەدەبی دیالێکتەکاندا شێوەگیردەکات و بەمەش زمانی ئەدەبی کوردی وەك زمانی ئاینی حەقیقەت دەبێت بە دەرخەری شوناسی نەتەوەیی کورد.

زمانی کوردی لە رێی ئەو چوار دیالێکتەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات کە بووبوون بە زمانی دەقە ئاینیە نوسراوە کوردیەکانی ئاینی یارسان و ئاینی یەزیدی , واتا :لوڕی و هەورامی و کرمانجی و سۆرانی. زمانی کورد لەم قۆناغەدا لە ڕێگەی پرۆسەی بە دیالێکتبوونەوە لەزمانی ئاینەوە دەگۆرێت بۆ زمانی ئەدەبیات و یەکەم دیالێکتیش کە لە زمانی ئاینەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات دیالێکتی لوڕیە, رۆحی نە.کورد لە رێگەی پیاوێك لە پیاوە رۆحانیەکانی ئاینی یارسانەوە دیالێکتی لوڕی لە زمانی دەقە ئاینیەکانی یارسانەوە پەرە پێدەدات و دەیکات بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی .

بابە تاهیری هەمەدانی یەکێکە لە باباکانی دەورەی شاخۆشین و ئەو دەقە ئاینییەش بە کەلامی دەورەی شاخۆشێن ناو براوە بابا تاهیر یەکێکە لەو رۆحانەی کە رۆحی نە.کورد لە ڕێگەیەوە گوتە ئاینیەکانی خۆی بەیان دەکات [1].

---

[1] بۆرەکەیی ، سدیق(1971).مێژووی وێژەی کوردی. (چ 2).بانە : چاپخانەی ناجی.ل82

پیاوە رۆحانیانەی کە زمانی ئاخاوتنی لوڕی لە ڕێگەیەوە دەگۆڕێت بۆ زمانی دەقە ئایینیەکانی یارسان, ئەوەی لە کەلامی دەورەی شاخۆشیندا لە رێگەی بابا تاهیرەوە دەگوترێت کەلامە, لێرەدا ئەوەی لەناو رۆحی نەتەوەیی کورددا ئایینە لە ڕێگەی بابا تاهیر و یارەکانی تری ئەو دەورەیەوە دێتە ناو دیالێکتی لوڕیەوە لە گوتنێکی ئاینی پەتییەوە دەبێت بە گوتنێکی ئاینی دیاریکراو بە چۆنایەتییە زمانییەکانی دیالێکتی بوڕی دیاری دەکرێت. ئەو گوتنە ئایینیەی کە لە ڕێگەی بابا تاهیرەوە لە دیالێکتی لوڕدا شێوەگیردەبێت هەمان ئەو گوتنە نییە کە لە چوارینەکانی بابا تاهیردا لە رێگەی هەمان چۆنایەتییە زمانییەکانی دیالێکتی لوڕیەوە شێوەگیر دەبێت چونکە گوتنەکانی ناو کەلامی دەرەوەی شاخۆشین وتنی ناو جیهانە ئاینیە عەقڵیەکەی ناو رۆحی نەتەوەیی کوردن بەڵام گوتنی ناو دوو بەیتییەکان گوتنی ناو جیهانە شیعریە عەقڵیەکەی ناو هەمان رۆحن لەبەر ئەمە بۆ باسکردن لە پەرەسەندنی زمانی کوردی لە ئاینەوە بۆ ناو ئەدەب تەنها دەبێت باس لە دوو بەیتییەکانی بابا تاهیر بکرێت.

بابا تاهیری دوو بەیتییەکان یەکەم شاعیری کوردە کە لە ڕێگەیەوە زمانی کوردی لەناو یەکێك لە دیالێکتەکانیدا دەبێت بە زمانی ئەدەبیات باباتاهیری دوو بەیتییەکان پیاوێکی رۆحانی ناو ئاینی یار سان نییە بەڵکو شاعیرێکە لەو شاعیرانەی کە زمانی کوردی لە ڕێگایانەوە بووە بە زمانی ئەدەبیات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی کوردی یەکەم جار لە ڕێگەی دیالێکتی لوڕیەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیات.

دیالێکتی لوڕی نابێتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەندا کە دیالێکتەکانی تریش ببن بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی هەر ئەمەشە وادەکات دوابەدوای دیالێکتی لوڕی زمانی کوردی لە ڕێگەی دیالێکتەکانی تریشەوە ببێت بە زمانی ئەدەبیات وئەدەبیاتی کوردی لە بری ئەوەی بەیەك دیالێکت بنوسرێت بە چوار دیالێکت بنوسرێت و چوار شێوازی ئەدەبی لە ئەدەبیاتی پێش ئەدەبیاتی سەردەمی مۆدێرن بێتەئاراوە و هەریەکەشیان بە دیالێکتێکی جیاواز بنوسرێت.

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە رۆحی نە.کورد لە ڕێگەی چەند قۆناغێکی پەرە سەندنەوە لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا خۆی بۆ خۆی نانوێنێتەوە ئەمەش وادەکات کە دوو بەیتیەکانی بابا تاهیر ببن بە یەکەمین بەرهەم و دواهەمین بەرهەمی ئەدەبیاتی ئەو دیالێکە لەناو ئەدەبیاتی لوڕیدا رۆحی نە.کورد لە ڕێگەی تاکە شاعیرێکەوە دەردەکەوێت و هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە دەگاتە ئەو پەڕی دەرکەوتن ونواندنەوەی خۆی بۆ خۆی بۆیە دەکرێت بابا تاهیر بە شاعیری تاقانەی ئەدەبیاتی کوردی کوردی ناو بنێیین.بابا تاهیر شاعیری تاقانەی ئەو ئەدەبیاتەیە چونکە رۆحی نە.کورد تەنها لە رێ ئەوەوە خۆی لەناو ئەدەبیاتی دیالێکتێك لە دیالێکتەکان شێوەگیر دەکات و ئەم حاڵەتەش حاڵەتی تایبەتی ئەدەبیاتی ئەو دیالێکتەیە و دیالێکتەکانی تری زمانی کوردی بەدەرن لەم حاڵەتە.

دوای دیالێکتی لوڕی لە ڕێگەی زمانی کوردیەوە خۆی لە دیالێکتی هەورامیدا دەنوێنێ, زەمەنێکی زۆری پێویستە تا لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا خۆی ئاشکرا بکات

ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە بە پێی ئەو دەسنوسانەی کە بڵاوکراونەتەوە و لەبەردەستدان بە سەیدی هەورامی(یەکەم ) دەست پێدەکات و لەمەلەوی دا لە ڕووی فۆڕم و شێوازی شیعریەوە کامل دەبێت بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ئەدەبیاتە رۆحی نە.کورد لە خۆیدا تەواو شێوەگیر ناکات و لەم قۆناغەدا ناتوانێت شوناسی نە.کوردلەو پەڕی درەوشانەوەی خۆیدا بخاتەڕوو. ئەم حاڵەتەش تەنیا لە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا بوونی هەیە .

رۆحی نە.کوردلە ڕێگەی دیالێکتی هەورامیەوە رازی خۆی لە ئایندا بەتەواوی ئاشکرا دەکات بەڵام ئەم رۆحە لە ڕێگە هەمان دیالێکتەوە رازی خۆی لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدا بە تەواوی ئاشکرا ناکات و شوناسی تەواوی خۆی خۆی ناخاتە ڕوو لەکاتێکدا جگە لە ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتە بە چۆنایەتی و فۆڕمی جیاواز لە مێژووی ئەدەبیاتەکانی تری سێ دیالێکتەکانی تردا رازی خۆی بە تەواوەتی ئاشکرا کردووە ,

دوای دەرکەوتنی رۆحی نە.کوردلە ناو ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا ئەم رۆحە دیالێکتی کرماجی لە ڕێگەی پرۆسەی بە دیالێکت بوونەوە دەکات بە زمانی ئەدەبیات و لە رێگەی چەند شاعیرێکی سەر بەو دیالێکەرازی شیعری خۆی بە تەواوەتی ئاشکرا دەکات , ئاشکرابوونی تەواوی ئەم رازەش لە ڕێگەی(مەم و زین)ەکەی ئەحمەدی خانیەوەیە[1] و ئەحمەدی خانی خۆی هۆشیاری بە ئاشکرابوونی ئەم رازە هەیە و لە بارەیەوە دەڵێت :

شەرحا غەمێ دل بکەم فسانە

زینێ و مەمێ بکەم بەهانە

بە پێی ئەو مێژووەی بۆ ئەدەبیاتی پرمۆدێرنی ئەو دیالێکتە نوسراوەتەوە ەم دیالێکتە لە دوای شەڕی چاڵدێران (1514ز)ەوە دەبێت بە زمانی ئەدەبیاتی کوردی [2] , سەرەتای ئەم ئەدەبیاتەبە فۆڕمێکی شیعری خۆماڵ دەستپێدەکات , ئەم فۆڕمە شیعریە لە شیعرەکانی سەیدی هەورانی(یەکەم)دا لە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامیدا بەکارهاتووە و ئەم شاعیرە چەند شعرێکی بەم فۆڕمە خۆماڵیە هەیە کە فۆڕمێکی شیعر جیاوازە لە فۆڕمەشیعریەی کە شیعری ئەو دیالێکتەی پێنوسراوەتەوە , نموونەی ئەم فۆڕمەشیعریە لەم شیعرەی سەیدی هەورامیدا دەردەکەوێ [3]

شەرتەن بکێشۆ دل جەفات

با یادگار مانۆ جەلات

تۆبۆت نەدل خۆفێ خودات

[1] خانی ،ئەحمەدی(1989).مەم و زین.(چ1). پاریس :ئینستیتوتی کوردی.لا 52

[2] خەزنەدار، مارف(2002).مێژووی ئەدەبی کوردی. (چ 2). هەولێر :دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس. ل353.

[3] بۆرەکەیی ، سدیق(1971).مێژووی وێژەی کوردی. (چ 2).بانە : چاپخانەی ناجی.لا105

خۆکافرستانی نیۆ
عەلی هەریری (1530-1600ز)کە لە رووی مێژوویەوە پێش مەلای جەزیری (1567-1640ز)یە , بەچەند ساڵێك و لەگەڵ فەقێ تەیران (1563-1641ز) کە دوای مەلای جەزیرییە بە چەند ساڵێك ,لە شیعریەکانی خۆیاندا هەمان ئەو فۆڕمە شیعریەیان بە کارهێناوە کە سەیدی هەورامی بە کاری هێناوە , ئەم دوو نموونە شیعرییەی خوارەوە بە نموونە شیعریەکەی سەیدی هەورامی بەراورد بکە: عەلی هەریری

ژ دەنگێ بازن و زەندا
نەما عەقلێ عەقلمەندا
هندی من گوت سی و چەندا
توو چێتر بووی ژ هەڤالا

فەقێ تەیران :
شێخەك هەبوو سەنعانییان
سەرداری پانسەد سۆفیان
چووبوو مەقامێ ئەولیان
دایم د زکر و تاعەتێ

لەناو ئەوسێ شاعیرەدا تەنها مەلای جەزیری لەگەڵ ئەم فۆڕمە شیعریە خۆماڵییەدا ئەو فۆڕمە شیعرییە باوەی شیعری پریمۆدێرنی ناو سنوری خەلافەتە ئیسلامییەکان بەکاردەهێنێ و لەناو ئەدەبیاتی کوریشدا بەیەکەم شاعیر دادەنرێت کە لە شیعرەکانیدا ئەو فۆڕمە شیعرییەی بەکار هێنابێ .
رۆحی نە.کوردلە شیعری ئەم شاعیرانەدا بە شێوەیەکی بەشەکی رازی خۆی ئاشکرادەکات و ئەوەی کە دەبێت ئاشکرا ببێت لەم قۆناغەی ئەدەبیاتی ئەم دیالێکتەدابە تەواوی ئاشکرا نابێت و دەمێنێتەوە و لەسەردەمی خانیدا و لە ڕێگەی (مەم و زین)ەوە[1] خۆی ئاشکرا دەکات و دەگاتە ئەوپەڕی درەوشانەوەی خۆی, واتا رۆحی نە.کوردرازی شیعری خۆی لە ماوەی دوو سەدەدا لە ئەدەبیاتی پریمۆدێرنی ئەم دیالێکتەدا ئاشکرا دەکات.
(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی شێوەگیرکەری هەمان ئەو روحە نەتەوەییە کە پێشتر لە ئاینی حەقیقەتدا خۆی شێوەگیر کردبوو, لێرەدا رۆحی نە.کوردبە چۆنایەتییە زمانی و شیعریەکانی دیالێکتی کرمانجی لە فۆڕمێکی شیعری و زمانی جیاواز لە فۆڕمی و زمانی دوو بەییتەکانی باباتاهیر خۆی شێوەگیر دەکات و بە رەنگێکی تر لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدا خۆی دەنوێنێ.

[1] خانی ،ئەحمەدی(1989).مەم و زین.(چ1). پاریس :ئینستیتوتی کوردی.

دوای دیالێکتی کرمانجی ئەدەبیات لەناو کۆمەڵگا زمانییەکانی دیالێکتی سۆرانیدا حزور پەیدا دەکات و لە ڕێگەی چەند شاعیرێکی سەدەی نۆزدەوە ,واتا سەدەیەك پاش ئەحمەدی خانی رۆحی نە.کوردئەو دیالێکتەش لە زمانی ئاینیەوە بەرەو زمانی ئەدەبیات دەبات.

نالی و سالم و کوردی بە شاعیرانی بەرایی ئەم سەردەمە ناسراون ( رۆحی نە.کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەو دیالێکتەدا لە ڕێگەی شیعریەکانی مەحوی دەگاتە لوتکەی حزوری خۆی,شیعری مەحوىو خانی و بابا تاهیر ئەو شاعیرانەن کە رۆحی نە.کوردلە رێگەیانەوە عەقڵییەکەی خۆی و جیهانبینییە ئەدەبییەکەی لە کامڵترین و سازترین شێوەدا بە چۆنایيەتییەکانی سێ دیالێکتی جیاواز و سێ فۆڕمی شیعری جیاواز شێوەگیر دەکات. ئەم سێ دیالێکتە گوزارشتکەرن لەو ەی کە لەناو جیهانی ئەدەبیاتی ناو رۆحی نە.کوردرۆحیە, بەڵام دیالێکتی هەورامی گوزارشتکەرە لەوەی کە لەناو جیهانی ئەدەبیاتی ناو رۆحی نە.کوردهەستەکییە و لە فۆرمی شیعر و ئەدەبیاتدا دەردەکەوێت هەر ئەمەشە وای کردووە کە ئەدەبیاتی دیالێکتی هەورامی هەر لە سەیدی هەورامی(یەکەم) ەوە تا مەلەوی تاوگۆزی و کۆتایی شیعری پریمۆدێرنی کوردی ,جگە لەو فۆڕمە شیعرییەی کە لە کەلامەکانی ئاینی یارساندا هەیە بەهیچ فۆڕمێکی شیعری تر شیعرەکانی نەنوسرێن و بەمەش پارێزگاری لەو جەستە شیعریە بکات کە لە ناو رۆحی نەتەوەیی کوردا هەیە و لە فۆڕمی شیعری ئەم دیالێکتەدا بە درێژایی چەند سەدەیەك خۆی وەدیدەهێنێ و گوزارشت لە جەستەی شیعری کوردی و چۆنایيەتییەکانی سروشتی ئەو جەستەیە دەکات.

کاتێك زمانی کوردی لە زمانی دەقە ئاينيەکانەوە دەبێت بە زمانی دەقە ئەدەبیەکان و رۆحی نە.کوردلە ڕێگەیەوە خۆی لەناو ئەدەبیاتدا عەینی بکاتەوە,بە هەمان شێوەی خۆ عەینی کردنەوەی خۆی لە ناو ئاینێدا لە دوو حاڵەتدا خۆی عەینی دەکاتەوە لەلایەکەوە ئەوەی کە لەودا عەقڵی و رۆحییە و دەبێت لە زمانێکی ئەدەبیدا عەینی ببێتەوە لە ڕێگەی دیالێکتی لوڕی وکرمانجی و سۆرانییەوە عەینی دەبێتەوە ئەم حاڵەتی عەینی بوونەوەییەی رۆحی نەتەوەیی کورد.

## 2.1.3 .رێنوس و ئەلف و بێ کوردی

ڕێنووس ( ئۆرتۆگرافی ) یا ( ئیملا ) ، شێوە و شکڵی نووسینە ، بۆ ئەوەی هەر وشەیەك چۆن دەگوترێت ئاوهاش بنووسرێت ، دەبێ پابەندی چەندین ڕێسا و دەستوور بین و لێی لانەدەین ، ئەم پابەندبوون یا لانەدانە ، پێی دەگوترێت ڕێنووس .

زمانی کوردی بەر لە ئیسلام بە ئەلف و بێی نەتەوەکانی تر نووسینی دەکرد وەك فارسی بۆ نموونە ، بەڵام لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینیی ئیسلام لە وڵاتانی کوردەواریی، ئەلفوبێی زمانی عەرەبی بوو بە ئەلفوبێ ی نووسینی، ئەمە تەنیا لای کورد نەبوو، بەڵکو ئەلفوبێی عەرەبی لە زۆربەی زمانانی ئەو نەتەوانەی بوون بە موسوڵمان بۆ نووسینیان بەکارهێنرا.

ئەدیبە کوردەکان دەستیان کرد بە نووسینەوە بە ئەلف و بێی کوردی ، بگرە زۆربەیان بە عەرەبی کتێب دادەنا بەهۆی ئەوەی کە زمانی قورئان و ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ، تا ئەو کاتەی جەلادەت ئەمین عالی بەدرخان هات و ئەبجەدی کوردی دانا بە گۆڕینەوەی پیتە عەرەبیەکان بە پیتی لاتینی . لێرەدا ڕێنوسی زمانی کوردی لە سەردەمی تازەدا بەشێوەیەکی بەرچاو سەربەخۆیی خۆی وەرگرت و چونکە لە پێشدا کاریگەری ڕێنوسی عەرەبی زۆری بەسەرەوە هەبوو چونکە مزکەوتەکان تاکە شوێنی فێرکردن بوو لەبەر ئەوەی مەلاکان هەموو ئەوکەسانەیان بە کافر دادەنا کە بانگەشەی ڕێبازی زانستیان بکردایە [1].

دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف[2] دەڵێ : " ڕێنووس بریتییە لە کۆمەڵێك دەستوور کە بە هاریکارییان ئاخاوتنی ئێمەیان پێ دەنووسرێ . ئەوەی دەنووسێ ئەگەر لە دەستوور لابدا ، هەڵەی ڕێنووس دەکات . ئەو جۆرە هەڵانەش کۆسپ دێننە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکست. ئەو کۆسپانەش سەرنجی خوێنەر لە تێگەیشتنی ناوەرۆك کەم دەکەنەوە " بە لای جەمال نەبەزەوە [3]ڕێنووس نووسینی وێنەی دەنگەکانی زمانە .

لەو هەموو ئەو ئەلفوبێ جۆراوجۆرانەی لە دنیا بەکاردێن و لە ڕێنووییی هەموو زماناندا , گیروگرفت هەن . هۆی سەرەکی لەم کێشە و گیروگرفتانەدا بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ پێ ڕانەگەیشتنی شێوەی پیتەکان بەدەنگەکان و نالەباریی ڕێنووس بۆ دەربڕین . ئەم کێشەیە لە هەموو ڕێنووس و زمانانداندا هەیە بەڵام لە هەموویاندا چارەسەر دۆزراوەتەوە (ئەگەر نیوەچڵیش بێ لە هەندێك باردا) و هەموولا ڕێك کەتوون کە چۆن بنووسن.

سەرنج دەدرێ لە ڕێنووسی کوردی بەئەلفوبێی عەرەبی (هەروەها بەئەلفوبێی لاتینیشدا) گیروگرفتەکان بێ چارەسەر ماون . زۆرجار چارەسەری تاکە کەسی لەلایەن زانایان و شارەزایان و , هەندێك جاریش چارەسەری بەکۆمەڵ لەلایەن داوودەزگا پێوەندیدارەکانەوە پێشکێش کراون (کە لێرەدا دەرفەتی ئاماژەپێدانیان نییە) بەڵام یەکگۆتنیان لەسەر نەکراوە یان پشتگوێ خراون .

ئەوەی ڕێنووس ڕێك دەخات و یەکی دەخات یاسا و ڕێسا و دەستوورەکانی ڕێزمان و ئەلفوبێی زمانەکەیە ، نەك پەیڤین یا شێوەزاری ناوچەیەك . کار نەکردن بە ڕێنووسی یەکگرتووش نەك هەر مەودای نێوان ( نووسەر و نێرەر ) لە لایەك و ( خوێنەر و وەرگر ) لە لایەکی دیکەوە فراوان دەکات

---

[1] السامرائي، ابراهيم(1993). التطور اللغوي التاريخي .(ط2). لبنان: دار الاندلس للطباعة. لا21

[2] حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (1986). نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی .( چ1). بەغدا :چاپخانەی علاء .لا 25

[3] نەبەز ،جەمال (1976). زمانی یەکگرتووری کوردی .( چ1). ئەڵمانیا :بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا .لا52

، بەڵکو تەنانەت دەشێ کەلێنی گەورە بخاتە نێوانی نووسەرانیشەوە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد دەڵێ[1] : " ڕێنووس دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیریە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێوەکەڵێن دەدا بۆ فرەوانبوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا نە گونجانی نووسەران " .

ڕێنووسی هەر زمان ، یا هەر ئەلفوبێیەکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەو واتایەی ناکرێ دەستوورە ڕێنووسی هیچ زمانێك بەسەر زمانێکی دیکەدا بسەپێندرێت یا پیادە بکرێت.

ڕاستە پێشخستن و ڕاڤەکردنی دەستوورەکانی ڕێنووسئەرکی زمانەوان و شارەزایانە ، ( دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف) دەلی[2] : " ڕێنووس بەشێکە لە زانستی زمان ، هەر وەك چۆن ئەتۆم بەشێکە لە فیزیا ... چۆن هەر لە زانستێکدا ئەرکی دۆزینەوە و گەشەپێدان و چەسپاندنی شت لە ئەستووی زانایان و پسپۆڕاندایە ، هەر بەو چەشنە ڕێنووسیش کاری زمانەوانانە " یا وەك مامۆستا ( مەسعوود محەمەد ) دەڵێ: " ئەو کەسەی دەیەوێ خەریکی ئەلفوبێ و ڕێنووس بێ لە سەریەتی شارەزای دەستوورە بنجیبەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمان بە تێکڕایی و هی زمانی خۆی بە تایبەتی بێ چونکە پیتەکان یەکسەر پەیوەندییان بە دەنگەکان و خاسیەتی هەر یەکەیانەوە هەیە تێك بەستن ولێك ترازاندنی وشە و دەستەواژەش پێوەندی بە وشەسازی و ڕێزمانەوە هەیە.

ئەوەی ئیستا لە کوردستان و میدیاکانی کوردستاندا بەسەر ڕێنووسدا دێت ، ڕەنگە هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێکدا وای بەسەر نەهاتبێت و هێندە گرفت و ئاستەنگی نەهاتبێتە پێش ، بە شێوەیەك ئێستا بو نموونە دوو کەنال، یا بڵاوکراوە نادۆزیتەوە ڕەجاوی یەك ڕێنووس بکەن ، تەنانەت زۆر جار ئەو نووسەر و میدیاکارانەی لە ناو یەك دەزگای ڕاگەیاندندا کار دەکەن ، هەر یەکە پیادەی جۆرێك لە ڕێنووس دەکەن ، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە و زۆر لەوە زێتر دەهێنێ ، شارەزا و خەمخۆرانی بواری زمان ودامەزراوە فەرهەنگی و زمانەوانییەکان مشووری جیددی لێ بخۆن و ئاوڕی دڵسۆزانەی لێ بدەنەوە . بەتایبەت کە لە ئەمڕۆدا جگە لە کێشەی ڕێنووس ، زمانی کوردی لە میدیا و پەروەردە و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا لەسەر ئاستی ڕێزمان و زاراوە و فەرهەنگسازی و زمانی ستاندەردا ، کێشەگەلێکی هەیە کە ڕەنگە بەشێکیان لە داوڕۆژێکی نێزیکدا چارەسەرکردنیان جۆرێك بێ لە مەحاڵ ، بۆیە مانەوەی کێشەی ڕێنووس لە پاڵ گرفتگەلی دیکەدا ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و بەرەو ئاقاری خراپی دەبات .

---

[1] محەمەد ، مەسعوود(2011). زمان و ڕێنووسی کوردی .( چ1) . هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.لا86

[2] حاجی مارف، ئەوڕەحمانی (1986). نووسینی کوردی بە ئەلف وبێی عەرەبی .( چ1). بەغدا :چاپخانەی علاء .لا41

راسته بابەتی ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی ڕێنووس تەنیا لە زمانی کوردیدا نییە ، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا هەبووە و هەیە ، ماموستا ( مەسعوود محەمەد ) [1] گوتەنی : " هیچ میللەتێك نییە خاوەن نووسین بێ تەگەرەی ڕێنووسی نەبێ " . بەڵام ئەو گیروگرفتەکانی لە میدیای کوردی لە باشووری کوردستاندا هەیە کە پیادەی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی دەکرێت ، لە لایەکەوە زۆر و بەربڵاون ، لە لایەکی دیش هیچ ئاسۆیەك بۆ چارەسەر دیار نیە.

ئەگەر زیاتر لە نیو سەدە لەمەوبەر مامۆستا (گۆران)ی شاعیر (1904 - 1962) , خەون و خۆزگەی ئەوە بووبێت , نەك هەر ڕێنووسی هەموو کورد , بەڵکو زمانی نووسین وئاخاوتنی (خانی , نالی و قوبادی...) ببێتە یەك تاقە زار , ئەوا ئێستا خەونی درووست کردنی ڕێنووسێکی هاوبەش , تەنیا لە بەشە سۆرانییەکەی هەرێمی کوردستاندا , زۆر لەو خەونە شاعیرانەیەی گوڕان بچووکتر بووەتەوە . گوران بەشێکی شیعرە کەیدا دەڵێ :

ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان
چ هیی پێنووس , چ دەمیمان,
بە تاقە یەك زاری شیرین
شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین!
ئەوسا : (خانی), خانیی سەردەم
بە زمانێك ئەنووسێ (مەم)
کە پێی ئەدون (نالی) و (مەحوی)
وەك (قەبادی) وەك (مەولەوی)![2]

## 1.2.1.3 .ئەلف و بێ ئارامی (عەرەبی)

هەر زمانێك کە کە لەزمانی ئاخاوتنەوە دەگۆڕدرێت بۆ زمانی نوسین,سیستمی نوسین خۆی و ئەلفوبێی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێررێت,یان دادەهێنێت.کاتێك زمانانی گەلانی ئەوروپای ڕۆژئاوا ,بوو بە زمانی نوسین ,ئەلفوبێی لاتینی بەکارهێنرا.چونکە ئەو سەردەمە و پێشتریش زمانی لاتینی,زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و زمانی ستانداردی ئەو وڵاتانە بوو.ئەم زمانانە و ئەلفوبێیەکەی لە کڵێسا و خوێندنگاکانی سەر بە کڵێسادا,کە ناوەندی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی بوون,دەخوێندران. زمان و ئەلفوبێیەکی دیکە

[1] محەمەد ، مەسعوود(2010). کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ .( چ1) . هەولێر :دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.لا24

[2] دیوانی ،محەمەدی مەلا کەریم (1980). دیوانی گۆران .(چ1). بەغدا: چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق . لا66

نەبوون,کە لە سیستمی خوێندندا موونافەسەی لاتینی بکەن.کاتێك زمانی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە وەك زمانی نوسین و خوێندن و دەوڵەت دەرکەوتن و گەشەیان کرد,جێگای زمانی لاتینیا گرتەوە.ئەوەی لە زمانی لاتینی بۆ ئەو نەتەوانە مایەوە,ئەلفوبێیەکەی و بە هەزاران وشە و زاراوەی گرمگی فیکری,فەلسەفی,ئەدەبی و زانستی بوون.

بەڵام ئەلفوبێی لاتینی لە هەر وڵاتێکدا ,تایبەتمەندیی خۆی وەرگرت و بە پێی سیستمی دەنگ (فۆنێتیك)و سیستمی نوسین بە زمانی ئەو نەتەوانە هەموار کرا.لە ئەلفوبێی هەموارکراوی لاتینیەوە,ئەلفوبێی ئینگلیزی,فەرەنسی,ئەڵمانی,سویدی,دانمارکی....تاد)پەیدابوون.زۆربەی گەلانی سلاڤی ئەلفوبێی کیریلی (سیریلی)یان بەکارهێنا,کەچی ژاپۆنییەکان,کە زمانەکەییان گۆڕدرا بە زمانی نوسین.بەکارتێکردنی زمان و کولتووری چینی,هەیرۆگلیفی چینییان هەڵبژارد.

زمانی کوردی ,لە کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا لە زمانی ئاخاوتنەوە گۆڕدرا بە زمانی نوسین.ئەم گۆڕانکارییە سەرەتای دەرکەوتنی هەستی خۆناسینی کولتووری و ئێتنیکی لای ڕووناکبیرانی ئەو کاتەی کورد پێشان دەدات.ئەوان ویستیان لە ڕێی نوسین بە زمانی کوردی و تایبەتمەندیی زمانەکەیانەوە ,خۆیان لە عەرەب و فارس و تورك جیابکەنەوە .

(ئەحمەدی خانی)لە مەم و زیندا[1] باس دەکات کە بۆچی شاکارەکەی خۆی بە کوردی ,نەك عەرەبی,یان فارسی,کە زمانی باوی ئەوسەردەمەبوون نوسیوە:

دا خەلق نەبێژن کو ئەکراد

بێ مەعریفەتن,بێ ئەسڵ و بونیاد

ئەنواعی میلەل خودان کتێبن

کرمانج تەنێ دبێ حسێبن

هەم ئەهلی نەزەر نەبێن کو کرمانج

عیشقی نەکرن ژ بۆ خۆ ئامانج" "

هەڵبژاردنی ئەلفوبێی عەرەبی-فارسی(کەبە ئەسل ئارامییە)بە جۆرێکی سروشتی لەگەڵ پەیدابوونی نوسینی کوردی و زمانی ئەدەبیی کوردیدا پەیدابەە,چونکە ئەو کاتە خوێندن و خوێندەواری ,لە

[1] خانی ،ئەحمەدی(1989).مەم و زین.(چ1). پاریس :ئینستیتوتی کوردی.لا63

کوردستاندا بە زمانی عەرەبی و فارسی بوون.ئەم ئەلفوبێیە دواتر لە نوسینی کوردیدا(بەهەمان شێوەی ئەلفوبێی لاتینی لای گەلانی ڕۆژئاوای ئەوروپا)هەموار کرا.کۆمەڵە تیپێکی نوێی بۆ زیادکرا و بە تەواوی لەگەڵ سروشتی زمانی کوردیدا گونجێندرا[1].

لەنێو ئەو گەلانەی کە ئەم جۆرە ئەلفوبێیە بەکاردەهێنن,کورد لە ڕێنوسەکەید, توانیویەتی لە هەموویان باشتر ئەلفوبێیەکە لەگەڵ سروشت و تایبەتمەندیی زمانەکەیدا بگونجێنێت و هەمواری بکات.دەنگە تایبەتەکانی زمانی کوردی.

(ئە,پ,چ,ڕ,ژ,ڤ,گ,ڵ,ۆ,ێ)تیپی سەربەخۆیان بۆداندراون.کەچی هەندێك لەم دەنگانە کە لە هەندێك وشە و ناوی بیانیدا دووبارە دەبنەوە,هێشتا لە نوسینی عەرەبی و فارسی و دەریدا جێگایان نەکراوەتەوە.

لەکۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمەوە دەنگە بزوێنەکانی زمانی کوردی ,لە جیاتی سر و بۆۆ و ژێر(فەتحە ز ضەمە و کەسرە)ی عەرەبی ,وێنەی تایبەتیان بۆ داندراون.ئەمەیش تایبەتمەندیی زمان و ڕێنووسی کوردی و دینامیزمی پێشکەوتنی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی دەردەخات.وشەی کوردی چۆن دەگوترێت ئاوەهایش دەنوسرێت.کەچی هێشتا زۆربەی ئەوزمانانەی تر کە بە هەمان ئەلفوبێ دەنوسیرێن.لە خوێندنەوەدا گرفتی جیدی خوێنەر,بەتایبەتی خوێنکارانی سەرەتایی و کەسانی بیانی.کەو زمانانە فێردەبن.دروست دەکەن.

## 2.2.1.3 .ئەلف و بێی لاتینی

ئەلفوبێی لاتینی ئەلفوبێیە لە نوسینی کرمانجیدا یەکەمین جار لە ڕێی گۆڤاری هاوارەوە (1932-1943)دەرکەوت, کە جەلادەت بەدرخان لە ئێکسیل(سوریا)دەری دەکرد. بەدرخانیەکان لە سوریا خەباتی ڕوناکبیری و سیاسی خۆیان لە ژی دەوڵەتی تورکیا درێژە پێدا.ئەوان بەلای زۆرەوە ناچاربوون کە بڵاوکراوەکانیان بە ئەلفوبێی لاتینی بنوسن,چونکە لەو ماوەیەدا نەوەیەکی نوێی خوێندەواران لە باکووری کوردستاندا دەرکەوتبوون ,کە تەنیا بەم ئەلفوبێیە دەیانتوانی بخوێنەوە. کە هێزا(کامەران بەدرخان)و هاوڕێکانی لە مەنفادا کەوتنە بەکارهێنانی ئەم ئەلفوبێیە نوێیە. چونکە پێشتر لە سەدەی شازدەیەمەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا لە ئەدەبیات و نوسینی کوردی و بڵاکراوە و گۆڤارەکانی باکوور و باشووری کوردستان(لە وانە:ڕۆژنامەی کوردستان ,گۆڤاری هێڤی کورد,پەیام, ڕۆژی کورد....تاد).تەنیا ئەلفوبێ ئارامی (عەرەبی) بەکارهێندراوە .پێشتریش (مەلای جزیری,خانی,فەقێ تەیران,عبدالرزاق بەدرخان) لە

[1] شاکەلی ،فەرهاد(22-5-2007). زمان و ئەلفوبێی ستانداردی کوردی، لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و زانستیەوە (ژ438).دهۆك :ڕۆژنامەی ئاسۆ.

باكووری كوردستان(مەولەوی ,نالی,وەفایی,حاجی قادری كۆیی,شێخ ڕەزای تاڵەبانی و مەحوی.....تاد)لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەر بەو ئەلفوبێیە كوردییە نوسیویانە.

ئەلفوبێی لاتینی لە بنەڕەتدا لەگەڵ دەنگەكانی زمانی توركیدا هەموار كراون و وێنەی تایبەتی دەنگەكانی زمانی توركیان بۆ داندراوە

لە زمانی كوردیدا كۆمەڵە دەنگێك هەن كە ئەمڕۆ لە كوردی سەروو (كرمانجی)دا ,بەهۆی بەكارهێنانی ئەلفوبێی لاتینی-توركیەوە كوژراون یان شێوێندراون,بەو بیانوەی كە گوایە ئەو دەنگانە عەرەبین!وەكو (ح,ع,غ,ق,ڵ,ڕ). كاتێك مۆرڤ لە زاری كوردی باكوورەوە كە گوێی لەو وشە كوردیانەدەبێت كە ئەو دەنگانەیان تێدایە (كە بە هەزارانن) چونكە بە جۆرێك دەگوترێن وەك ئەوەی لەزاری كەسێكی بیانیەوە كە تازە فێری كوردی بووبێت بێنە دەر,راستە هەندێك لەو دەنگانە لە بنەڕەتدا كوردی نەبوون ,بەڵام بە درێژایی سەدان ساڵ و بەهۆی تێكەڵی كولتووری كورد لەگەڵ عەرەب و فارسدا ئەم دەنگانە لەگەڵ زمانی كوردیدا گونجێندراون و بوونەتە كوردی. بەمەیش زمانی كوردی دەوڵەمەندتر بووە [1], نەك بە پێچەوانەوە . دەبینین كوردی باكوور تەنانەت بە ئەلفوبێی لاتینیش ناتوانن بە دروستی (خانی,مەلای جزیری,فەقێ تەیران)و نوسەرانی سەردەمی ڕۆشنگەری باكووری كوردستان(لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەم)بخوێننەوە,ئەگەر بشتوانن بە زەحمەتێكی زۆرەوە بیاخوێننەوە ئەوا تێیان ناگەن.چونكە بەرهەمی ئەو شاعیر و نوسەر و ڕوناكبیرانە پڕن لەو وشانەی ئەو دەنگانەیان تێدایە كە لە نوسینی كوردی باكووردا دەرهێندراون.

شێوەزمانی كوردی باكوور و ئەلفوبێی لاتینی ,لە دوای شكستی ئەزموونی گۆڤاری (هاوار), تا سەرەتای هەشتاكانی سەدەی بیستەم لە نوسیندا بەكارنەهاتوتەوە.تەنیا بیست و پێنج ساڵێكە هەنێك ڕووناكبیری باكووری كوردستان , لە سوید و هەنێك وڵاتی تری ئەوروپادا بەو شێوە زمانە یان بەهەندێك دیالێكتی ئەو شێوە زمانە و دیالێكتی زازا دەنوسن.تێكرای ئەو بەرهەمە ئەدەبی و كولتووریەی كە بە ئەلفوبێی لاتینی و بەو شێوەزمانە و زازا نوسراون,لەچەند سەد كتێبێك زیاتر نین كەئەوانیش زۆربەیان شیعر و چیرۆك و تێكستی فۆلكلۆرین.كەچی لە بەرامبەر ئەمەدا لە باشووری كوردستاندا مانگانە چەند قاتی ئەو بەرهەمانە بە ئەلفوبێی كوردی (ئارامی) چاپ و بڵاو دەكرێنەوە. ئەم دیاردەیە نابێت وەك كەمایەسییەك بۆ كوردی باكوور دابندرێت, بەڵكو دەبێت وەك دەرەنجامێكی ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی تورك تەماشابكرێت[2].

---

[1] مەحوی ،محمد(2001). زمان و زانستی زمان. (چ 1). سلێمانی: چاپخانەی پەخشی سەردەم.لا29

[2] م.ئە.حەسرەتیان(2007).یاسا دەستوریەكانی توركیا و كورد لە سەردەمی نوێدا. ( چ1). سلێمانی:مەڵبەندی كوردۆلۆجی .لا22

زمانی کوردی لە باکووری کوردستاندا کە شەڕی مان و نەمان دەکات, بەتەواوەتی لەبەردەم زمانی تورکیدا پاشەکشەی کردووە.زۆرینەی خەڵکی باکووری کوردستان ئەم زمانەیان بیرچۆتەوە.

## تەوەری دووەم / شێوەزارەکانی زمانی کوردی

### تەوەری دووەم

## 2.3. شێوەزارەکانی زمانی کوردی

سۆسێر[1] دەڵێت : " زەحمەتە بڵێین جیاوازی لە نێوان زمان و شێوەزاردا لەسەر بنەمایەکە، چونکە زۆرجار شێوەزار بە زمان ناو دەبرێت، بەهۆی ئەوەی ئەدەبێکی بەرهەم هێناوە، توانای تێگەیشتنیش ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەروەك كاتێك قسە دەربارەی چەند كەسێك دەكەین و دەڵێین ئەم كەسانە هیچ جۆرە لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندانیە، چونکە بە زمانی جیاواز قسە دەکەن. هەروەها دەڵێت: ئەو زمانانەی كە زۆر لەیەك دوور نین پێیان دەگوترێت شێوەزاری هەرێمی، بەڵام نابێت ئەم ووشەیە مانایەکی ووردی یەکلاکەرەوەی پێبدەین و پێویستە بڵێین لە نێوان شێوەزارە هەرێمایەتیەکان و زماندا جیاوازی هەیە لە ڕووی برەوە نەك سرووشتیەوە" .

لێرەوە تێبینی ئەوە دەكەین كە زمانی كوردی بە درێژایی مێژوو، بەدەست فاكتەری ناوەكی و دەرەكییەوە گرفتار بووە، ئەمەش كاریگەری كردووەتە سەر ئەوەی كە زمانی كوردی یەكگرتوو نەبێت، و بووەتە هۆی دەركەوتنی چەند شێوەزارێكی جیاواز، بە شێوەیەك دانیشتوانی باكوور بە ئەستەم دەتوانن لە یەكتر تێبگەن، هەروەها دانیشتوانی باكور و باشوری كوردستان شارەزاییان نیە لەو شێوەزارانەدا كە هەریەكەیان قسەی پێدەكەن.

لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە هۆی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جوگرافی کوردستانەوە وایکرد کە چەندین قەوارەی خێڵەکی و ناوچەیی لە شێوەی میرنشیندادابمەزرێن ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە سرووشتی بەپیتی کوردستان و تۆپۆگرافیا سەختەکەی لە زۆربەی ناوچەکان یارمەتیدەر بوو لە دروستکردنی یەکەی کۆمەڵایەتی کەنارگیر، هەروەها کۆبوونەوەی هێزە دەرەکیەکان لە پێناو دەست گرتن بەسەر گەنجینە و سەروەت و داهاتی کوردستاندا، بوو بە هۆی ئەوەی کوردستان دابەش بکرێت

1 دي سوسير ، فرديناند (1984). محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي.(ط2). المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر.ص41.

و بەمجۆرە دابەش بوونی یەکەمی بەخۆوە بینی لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لە دوای شەڕی چاڵدێران لە 1514ز، وە دابەش بوونی دووەم لە بەشی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی ڕوویدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەهۆی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦ز بەسەر وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا. هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە ڕێگربوون لە دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی خاوەن دەسەڵاتێکی ناوەندی، کە بتوانێت پەرە بە زمانی نەتەوەیی خۆی بدات، تا بەڕۆڵی شارستانی و زانستی خۆی هەڵبستێت لە نێو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، کوردستان دابەش بوو بەسەر چەند ووڵاتێکدا (تورکیا، سوریا، عێراق، ئێران)، و کوردەکان بوون بە چەند قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی لە نێو ئەو دەوڵەتانەدا، ناچاربوون فێربوونی زمانی ئەو دەوڵەتانە ببن (فارسی، تورکی، عەرەبی) لە بری زمانی خۆیان.
ئەم فاکتەرانە وای کرد کە میللەتی کورد بکەوێتە حاڵەتێکی پاشکۆیی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و ڕامیاری و ئابووری و زمانەوانیەوە، ئەمەش ناچاری کردن زمانی نەتەوە باڵادەستەکان فێربین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا دەبینین زۆرینەی گەلی کورد تا ئەمڕۆکە پارێزگاری لە زمانی خۆی دەکات، لە ڕووی نوسین و ئاخاوتنەوە و شانازیشی پێوە دەکات. بە باوەڕی من ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە: سایکۆلۆژیەتی تاکی کورد، شاخاوی بوونی و شانازی نەتەوەیی، سرووشتی شاخاوی ناوچەکانی کوردستان ڕۆڵی هەبوو لە پارێزگاری کردن لە زمانی نەتەوەیی و ڕەسەنایەتی مێژوویی لە بەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی زمانەکانی تر. جێگەی ئاماژەیە کە کوردستان لەوەتەی هاتووەتە ناو ئیسلام هیچ جۆرە داگیرکاریەکی نیشتەجێبوونی بەخۆوە نەبینیوە، ئەمەش فاکتەرێکی ئەرێنیە، یارمەتی کوردی داوە بۆ ماوەیەکی زۆر پارێزگاری لە زمانی بکات لە لەناوچوون، دەبێت بزانین فاکتەرەکانی مانەوە و بەردەوامی زمانی کوردی هەمان ئەو فاکتەرانەن کە بوون بەهۆی مانەوەی شێوەزارەکانی. یەکخستنی زمانی کوردی لەیەك شێوەزاردا بۆ هەموو کوردەکان، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی و بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە دەکەوێتە سەر شانی ئەوانەی لە زماندا شارەزان، بە پلەی یەك ڕۆشنبیران و بە پلەی دوو بایەخ پێدەرانی زمانی کوردی، پێویستە بە ئەرکی مێژوویی خۆیان هەڵبستن، دوور لە دواخستن و خاوەخاوی کردن بە هۆکاری خودی و بەرژەوەندی تەسکی دەستەیەکەوە.

هۆیەکانی زۆری دیالێکتی زمان کوردی زۆرن ,بەڵام هۆی کاریگەر و گەورە کە زارەکانی ئەو زمانەی دروستکردووە ئەمانەن-:

1-هۆكاری جوگرافیا:جیاوازی ئاو و هەوای سروشتی وڵات و ژینگە,ئەوەی كە هەر ناوچەیەك لە ناوچەكانی تر جیادەكاتەوە لە شاخ و ڕووبار و دەریا و..هتد. دەبێتە هۆی پەیدابوونی زاری جیاجیا لەسنوری زمانێكدا.

2-هۆكاری كۆمەڵایەتی:ئەم هۆكارە پەیوەندی بە داب و نەریت و خورەوشتی كۆمەڵگەو ئاستی ڕۆشنبیری و بیركردنەوەی دابەشبوونی چینەكانی كۆمەڵگاوە هەیە.

3-هۆكاری سیاسی:دوولایەن دەگرێتەوە:

أ-هۆكارێكیان ئەوەیە ,كە میللەتێك خاوەنی حكومەتێكی ناوەندی نەبێت,

ب-هۆكاری دووەمیان ئەوەیە,كە حكومەتی ناوەندی بوونی هەیە ,بەڵام لەبەر فراوانی سنوری دەسەڵاتەكەی ,ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەكاندا بشكێت,بۆیە دەسەڵاتی ناوەندی لاواز دەبێت بۆیە بەهۆیەوە كە هەر شوێن و ناوچەیەك ببێتە خاوەنی شێوە ئاخاوتنێكی تایبەت .

زمانی كوردی لەهەموو قۆناغە مێژوویەكانی خۆیدا پەیڕەوی پرۆسەی بە دیالێكتبوونی كردووە ونەبوە بە زمانێكی ئامێری و مردووی دەسەڵاتێكی سیاسی لە هەر قۆناغێكی مێژوویدا بە پێی سروشتی قۆناغەكە وسروشتی دیالێكتەكانی خۆی لە چەند دیالێكتی جیاوازدا شێوەگیر كردووە .زمانی كوردی لە سێ سەردەمی مێژوویی جیاوازدا بوە بە زمانی ئاین و زمانی ئەدەبیات و زمانی خوێندن و خوێندنەوە بەبێ ئەوەی دیالێكتێك لە دیالێكتەكانی زاڵببێت بەسەر ئەوانی تردا و خۆی بە تەنیا ببێت بە شێوەگیركەری بوونی زمانی كوردی و خۆی وەك زمانی كوردی بخاتە ڕوو ,زمانی كوردی لە هەرسێ قۆناغەكەدا بۆ شێوەگیركردنی بوونی خۆی پێویستی بە زیاتر لە دیالێكتێك بووە و لەهەر قۆناغێدا خۆی لە چوار دیالێكتی جیاوازدا شێوگیركردووە .



**فیگەر 1 شێوەزارەکانی زمانی کوردی**

سەرەتا دەبێت پەیوەندی دیالیکت و زمان دیاری بکەین , زمان بریتییە لە ئامرازێك یان وەسیلەیەك بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵانی نەتەوەیەك بەگشتی بە پێی شوێنی جوگرافی زمان شێوەی جیاجیا وەردەگرێت بە واتایەکی تر لقی لێ جیا دەبێتەوە ئەو لقە جیاجیانە پێیان دەوترێت زار یان دیالێکت واتا زمان ئامێرە گشتییەکە هەموو ئەندامانی نەتەوە دەگرێتەوە لە هەر ناوچەو وڵاتێکدا بن بۆ نموونە دەڵێن کوردەکانی سوریا یان کوردەکانی بەریتانیا..هتد.بەڵام زار:بوارەکەی تەسکترە واتا پانتاییەکی سنورداری ئەندامانی ئەو نەتەوەیە دەگرێتەوە کە بە زمانە گشتیەکە قسە دەکەن بۆ نموونەکە دەڵێن زاری کرمانجی ناوەڕاست یان خواروو تەنها ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە دانیشتووی ناوچەکانی سۆران,سلێمانی,هەولێر,پشدەرن بە واتایەکی تر زمان نەبێت زار دروست نابێت,زمانیش بەبێ زار نییە,لەبەر ئەوە دەتواندرێ بووترێ کە پەیوەندی نێوان زارو ز مان پەیوەندییەکی تەواوکارییە واتا پەیوەندی بەشە بە گشتەوە.

بێگومان هیچ زمانێك نییە دیالێکتی نەبێت یان لە چەند دیالێکتێك پێك نەهاتبێت تەنانەت هەندێك لە زانایانی زمان پێیان وایە هەر تاکێکی هەر کۆمەڵگەیەك بۆخۆی دیالێکتێکی سەربەخۆیە چونکە تاکی هەر کۆمەڵگەیەك شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆی هەیە لەکەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە ,ئەمیش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی فسیۆلۆجی و ئەو رەفتارە زمانییەی کە پەیوەستە بە ئاخافتەوە واتا لەسەر ئەو شێوەیە گەشەی کردوە و بووە بە بەشێك لێی و لێی جیانابێتەوە . هەربۆیەش دەشێت دەنگی کەسێکی نەدیو بەهەری تەلەفۆنەوە بناسینەوە یان کەسێك لە رادیۆوە یان لە پشت دەرگایەکەوە قسەبکات دەشێت بیناسینەوە بەم جۆرە دەتوانین بڵێین هەر یەك لە ئێمە زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێدەڵێن) ئەمیش ئەوە دەبەخشێت کە ئەو دەنگە سنوردارانەی زمانێك(idiolect) بەکاری دەهێنێت (فۆنێمەکان ) تاکەکانی کۆمەڵگا وەك یەك (گۆی)ناکەن بەڵکو هەر یەکەو بە شێواز و رێگای جیاواز دەریدەبڕن, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەو جیاوازیانەش دەتوانین ئەو دەنگانە لە یەکتری جودا بکەینەوە ئەمیش ئەوە دەردەخات کە جیاوازیەکان بنەڕەتی نیین. بۆیە دەشێت هەرتاکێك بە زارێکی سەربەخۆ دابندرێت .[1]

زانستی زمان بایەخ و گرینگی زۆری داوە بە زار و شێوەزارەکانی یان زیاتر ، گومان لەوەدا نییە کە زانستی زمان چۆن دەڕوانێتە زمانی هاوبەش بە هەمان شێوە دەڕوانێتە دیالێکتەکانی تری زمان چونکە

---

[1] خرماء، نایف(1978).اضواء علی الدراسات اللغویة المعاصرة,(عالم المعرفة).(ط1). الکویت: المجلس الوطني للثقافة والفنون و الادب . ص218

هەر دیالێکتێك بە سیستەمێکی هێمایی دادەنرێت و ئەرکی خۆی لە بوارێکی دیاریکراودا بەجێدەهێنێ .[1]

ئەتوانین بڵێین، بەمەبەستی تێگەشتن لە بەشەجیاوازەکانی زمانێك پێویستە سەرەتا لە دیالێکت بگەین، دیالێکت Dialect زاراوەیەکی لاتینییە، کە ئەوانیش لە گریکەکانەوە وەریانگرتووە، لە زۆربەی زمانەکانی جیهانەوە بەکاردەهێنرێت، لەزمانی عەرەبیدا (لهجە) ی پێدەوترێت. لە زمانی کوردیدا، چەند زاراوەیەکی لەبەرامبەردا بەکارهاتووە وەك ( زار، زاراوە ، شێوە ، بەش ، بن ، خوار ، نیمچە ، بێچوو، بۆ دیالێکت ، بەش و لقەکانی داتاشراوە) [2].

هەروەها بە هەمان شێوە عەبدولمەناف رەمەزان ئەحمەد سەرەتای وشەی دیالێکت ئەگەڕێنێتەوە بۆ یۆنانییەکان و ئەڵێت "بۆ یەکەم جاریش یۆنانییەکان بە شێوەی Dialektosبەکاریان هێناوە، ئەم زاراوەیان بۆ جیاکردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بەکارهێناوە[3]. "
زمان و چەند دیالێکتێك لەخۆ دەگرێ کە هەر یەکەیان جیاوازە لەوی تریان، ئەم کۆمەُلە دیالێکتەش لەتایبەتمەندییە زمانەوانیو نەریتە قسەییەکان هاوبەشن. دیالێکت لە زاراوە زانستییە نوێکاندا : بریتییەلە کۆمەڵێك تایبەتمەندی زمانەوانی سەر بە ژینگەیەکی تایبەتینو لەم تایبەتمەندیانەش هەموو تاکەکانی ئەم ژینگەیە تیایدا بەشدارن[4]. دیالێکت بەشێکە لە زمان و سەرجەم دیالێکت و نیمچە دیالێکتەکانی زمانێك لەژێر سێبەری ئەو زمانەدا کۆدەبنەوە.
لەزمانی کوردیدا جگە لەزاراوەی دیالێکت زاراوەکانی (زار,لەهجە,شێوە)بەکاردێت.زاراوەی دیالێکتیش بە بنچینەدا زاراوەیەکی لاتینیە مەبەست لە دیالێکت بەو جیاوازیانە دەوترێت کە لەنێوان شێوەزارەکانی یەك زماندا هەیە ,وەك جیاوازی ڕێزمان و لایەنی پێکهاتەیی وشە و چۆنیەتی دەربڕین. وەك داد وەران ,پارێزەران,مامۆستایان,...هتد. تاك بەو خەسڵەتانەیەوە کاریگەریەکی زۆر بەو زمانەیەوە دیارە کە قسەی پێدەکات هەروەك زمانی باوی کۆمەڵگاکەش کاریگەریەکی زۆری دەخاتە سەر یان دەخاتە سەر ئەو شێوە زمانەی کە بەکاری دەهێنێ لە ڕاستیدا ئەم بۆچوونە ڕاستە کە زمانی هەریەکێك لە کۆمەڵگاکان پەرێزی شێوەزمانی تاکەکانی کۆمەڵگاکە خۆیەتی کە تێیدا دەژین. بەڵام تاك ئازاد نیە لە بەکارهێنانی ئەو زمانەی دەیەوێت چونکە ئەو تەنها کەسێکە لەناو ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ئەگەرچی ئەوانیش هەریەکەیان بە خەسڵەتی تایبەتی خۆیانەوە قسە دەکەن بەڵام دواجار هەموویان لەناو

[1] حسین ،طالب (2001). فێربوونی زمانی نەتەوایەتی هاوبەش (ژ 7). دهۆك: ئاسۆی پەروەردەیی.

[2] عەزیز ،حسێن (1999). سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی. ( چ 1). سلێمانی :چاپخانەی هەواڵ. لا330

[3] ئەحمەد ، عەبدولمەناف(2009). ئەتڵەسی زمانی(هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نمونە )، نامەی ماجستێر(بڵاونەکراوە)،کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

[4] الدرويش ،محمود(2004). اللهجات العربية البائدة و علاقتها بعربية القران الكريم. ( ط2). مصر: دار الاعلام .ص35

قالبی زمانێکی دیاریکراودا خۆیان دەبیننەوە لە ئەنجامی کاریگەری و کارێکی نێوان ئەو دەستە و گروپی کۆمەڵگایانە ژمارەیەك زمان و شێوەزار دروست دەبن کە هەریەکەیان بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیەوە جیادەکرێتەوە [1].

هەندێك جار نێوان ئەو شێوەزارانە دەگاتە ئەوەی ,کە هەریەکەیان بەپێی چەندخەسڵەت و تایبەتمەندییەك سەربەخۆبن,چونکە جیاوازی زۆر دەکەوێتە نێوانیان ,ئەگەرچی لە بنەڕەتیشدا لەوانەیە لەیەك دایکە زمانەوە بن, بە ڕادەیەك کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایانەی بەو شێوە زمان قسە دەکەن ناتوانن هەروا بە ئاسانی لەیەك بگەن,دواجار ئەم شێوە زمانانە بە پێی بار و دۆخ زۆر لەیەك دی جیادەبنەوە و دوور دەکەونەوە تا سەربەخۆیی خۆیان وەردەگرن و هەریەکەیان دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ نەك هەر لە کاروباری ڕۆژانە بەکار دەهێنرێت,بەڵکو ئەدەبیات و زانست و زانیاری و...هتد,پێدەنوسرێتەوە .

لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتیە , کۆمەڵەکانیش لەیەك جیاوازن ,کەواتە زمانیش بە پێی ئەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکەن دابەش دەبێ بۆ زار و شێوەزار. (( زمان دیاردەیەکی کۆمەلایەتییە, بە ئەنجامی گۆڕان وپێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونیدا,زمان دەگۆڕێت و سنوری بە کارهێنانی بەربلاو فراوان دەبێت,بەم لاو بەملای شوێنەکەیدا پەل دەهاوێژێت و گەشە دەکات ,زمان بریتییە لە چالاکی مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا ,بیری مرۆڤیش لە یەکتری جیاوازە و زمانیش ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤە بۆیە جیاوازی تێدەکەوێت. ئەمەش سەرەتایە ,بۆ جیاوازی دەربڕن و قسەکردن ,لەمەوە زار پەیدا دەبێت,زاریش بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن , لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر, لە سەرەتاوە بە جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ بلاوبوونەوە و بەرفراوانبوونی سنوری بەکارهێنانی زمانەکە گەشە دەستێنێت و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی دەربڕینی دەنگ وەك وشەی(چێشت,شیو,ئاش) لە سلێمانی و سۆران و کەرکوکدا .ئەمە گەورە دەبێتەوەو ناوچەیەکی جیاوازی قسەکردن دەگرێتەوەو دەبێتە زار لە ناو زماندا .پێی دەوترێ زاری ناوچەیی))[2].

بە پێی بنەما زانستیەکانی زمانناسی ئەوە دەرکەوتوە کە لە جیهاندا هیچ زمانێك نیە بێ دیالێکت .ئەو فرە دیالێکتەش بە قازانج بۆ زمانەکەی دەگەڕێننەوە, بەوەی بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە , کەواتە لە هەندێك زماندا زۆری دیالێکت مایەی دەوڵەمەندی و توانای زمان دەبەخشێت بۆ دەوترێت: ((هەر زمانێ خاوەنی چەن دیالێکتێکی زۆری جیاوازبێ ,ئەوە دەوڵەمەندی ئەو زمانە پیشان دەدا)) [3].

---

1 خرما، نايف(1978).اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة,(عالم المعرفة).(ط1). الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون و الادب .

2 شوانی، رەفیق (2000). چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی. (چ 1). هەولێر: دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی.لا66

3 عەزیز ، حسێن( 2005) . سەلیقەی زمانەوانیو گرفتەکانی زمانی کوردی . ( چ 1). سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.ل328

## 1.2.3. زمان و شێوەزارەكانی

ئەوەی مرۆڤ لەگیانەوەرانی تر جیائەكاتەوە زمانە, چونكە زمان هۆیەكە بۆ لەیەكتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕا و ئاڵوگۆڕكردنی هەست و سۆز لەنێوان مرۆڤدا بۆیە پێناسەی زمان بیروڕای جیا جیا هەیە.

زمانی كوردیش وەك هەر زمانێكی زیندووی جیهان هەیكەلیەتی دروست بوونی بریتیە لەو دیالێكت و بەشە دیالێكتانەی كە ئیمرۆ دەبیندرێت.

هەموو زمانێ گەشە دەكات و لق و پۆی نوێ دەردەكات ,بەو گەشەكردنە شێوە و شێوازاری جیاجیای لێ دەبێتەوە .ئامانجی سەرەكی لێكۆڵینەوەی شێوازگەری بەشێوەیەكی گشتی بریتییە لە پراكتیزەكردنی ئەو ڕێگا هونەریانەی كەلە زانستی زماندا هەن بۆ دیراسەكردنی شێوە تایبەتییەكان و شێوەباوەكانی بەكارهێنانی زمان, هەر شێوەیەكیش لەم شێوانە مۆركێكی تایبەت بە خۆوە دگرێت[1].

بوونی شێوەزار و زاری جیاجیا لەناو هەر زمانێكدا مانای دەوڵەمەندی زمانەكەیە و فرە زاریش لەناو زماندا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندكردنی زمانەكە,زاراوەی دیالێكت بەكاردێ بەوەی كۆمەڵێ لە قسە پێكەران لە ناوچەیەكی دیاریكراو قسەی پێدەكەن عەروەها بە زنجیرە دیالێكت ناودەبردرێ لەو ناوچەیە,قسەپێكەرانی ئەم دیالێكتە لەیەكتری باش تێئەگەن كە سەر بەهەمان زنجیرەی خۆیانن, واتە سەر بەهەمان ئەو دیالێكتەن,بەڵام ئەو قسەپێكەرانەی لەدەرەوەی ئەم بازنەیەن ئەستەمە یان گرانە لەم دیالێكتە تێبگەن [2]

لە ڕاستیدا لە هەرزمانێك وردبینەوە لە هەر كاتێكدا دەبینین لە چەند شێوەیەكی (زارێكی)جیایا پێكهاتووە ,هەر قسەكەرێ بە جۆرێ لە بارێكی كۆمەڵایەتیدا بەكاریان دێنێ

بوونی شێوەزاری جیاجیا لەناو هەر زمانێكدا مانای دەوڵەمەندی زمانەكەیە و فرەزاریش لەناو زماندا دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی زمانەكە, زاراوەی دیالێكت یان زار بەكاردێ بەوەی كۆمەڵێ لە قسە پێكەران لە ناوچەیەكی دیاریكراودا قسەی پێدەكەن هەروەها بە زنجیرە زار یان دیالێكت ناو دەبرێ لەو ناوچەیە,قسەپێكەرانی ئەم دیالێكتە لە یەكتری باش تێدەگەن كەسەر بە هەمان زنجیرەی خۆیانن. واتا سەر بەهەمان ئەو دیالێكتەن, بەڵام ئەو قسەپێكەرانەی ,لە دەرەوەی ئەم بازنەیەن ئەستەمە یان گرانە لەم دیالێكتە تێبگەن .هەروەها گۆڕینی زار و شێوەزار و زمانی مرۆڤ بەندە بەباری جوگرافی,سیاسی,ئابوری, كۆمەڵایەتی, گۆڕین یاسایەكی ئەزەلی ئەم سروشتەیە باری ئێستایی هەرشتێ جیایە لە هی هەر سەردەمێكی تری ژینگە دەورێكی باڵا ئەگێڕێ لە ئاڕاستەكردنی شێوەی گۆڕین , زمانیش وەك دیاردەیەكی سروشتی لەم یاسا گشتییە بەدەرنیە ئەگۆڕێ بە تێپەڕبوونی كات و باری

---

[1] حسین ،طالب (2005). شێوەزارەكانی زمان و شێوەزاری ئەدەب.(ژ38). دهۆك:نویەری نوێ.لا86

[2] Crystal,D. (2011). A dictionary of linguistics and phonetics. (6th ed.).Unated nations: John Wiley.p105

ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەڵچەری و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر دەور دەگێرن لە چۆنیەتی شێوە گرتنی ئەم گۆڕینە.[1]

زانستی زمان بایەخ و گرنگی زۆری داوە بە زار و شێوەزارەکانی یان زیاتر ,بێگومان لەوەدانییە کە زانستی زمان چۆن دەڕوانێتە زمانی هاوبەش بەهەمان شێوە دەڕوانێتە زارەکانی تری زمان,چونکە هەر شێوەزارێك بە سیستەمێکی هێمایی دادەنرێت و ئەرکی خۆی لە بوارێکی دیاریکراودا بەجێدەهێنێت .[2]

زمان لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی تر دەگۆڕێت, زۆربەی زمانە زیندووەکان چەندەها زار و شێوازیان هەیە,هەروەك چۆن زمانەکانی جیهان لە ژمارەی زاریدا وەك یەك نین,لەبەر ئەوە هەر زمانەو بارودۆخێکی تایبەتی هەیە,بەهەمان شێوە لە هۆکارەکانی پەیدابوون و دابەشبوونی زارەکانیش وەك یەك نین .زۆر بوونی زار نەخۆشی زمان نیە ,((بەڵکو دیاردەیەکی ئاسایییە کە هەر زمانێك چەند زارێکی هەبێت))[3] . بە پێچەوانەوە بوونی زار لە زماندا دە بێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی سامانی زمان, بەمەرجێك زارەکان هەر هەموویان یەك ڕێگا لەبەر بگرن و بچنە ناو زمانی یەکگرتووی کوردی و هەرزارێك بە گوێرەی پێویست کەلێنێك بگرێ و هێزێك بە زمانەکەببەخشێت, نەك هەریەکە ڕێگایەکی جودا و تایبەتی خۆی بگرێتە بەر و لە ئەنجامدا لە زمانی دایك دووربکەوێتەوە و ببێ بە زمانێکی سەربەخۆ . ڕەنگە هۆی سەرهەڵدانی زار یان لق لێبوونەوەی زمان تەنیا هۆی بەکارهێنانی لەلایەن ژمارەیەکی زۆر و کۆمەڵانی جیاواز لە ناوچە جیاوازە فراوانەکان نەبێ بەڵکو هۆی پەرشبوونی زمانێك بۆ زارە ناوچەییەکان ,کەوا هەر ناوچەیەك بە زارێکی تایبەت قسە دەکەن ,یان پەرشبوونی یەك زمان بۆ ژمارەیەك زاری کۆمەڵایەتی کە هەر چینێکی تایبەت لە چینەکانی دانیشتوان بە زارێك قسە دەکەن .[4]

سەبارەت بە دروستبوونی دیالێکتی جیاواز لە زمانێکدا دەتوانین بڵێین کە سەرەڕای بوونی هۆکارە ناوەکییەکان کۆمەڵێك هۆکاری دەرەکیش هەیە وەك: هۆکاری رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و جوگرافی و فیزیۆلۆجی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەڵکانی هەمەجۆر و ..هتد...هەروەها لێکنزیکبونەوەشیان دیسان پێویستی بەهەمان ئەو فاکتەرانەی سەرەوە هەیە.

ئەو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتانەی ئەمڕۆ کە زمانی کوردیان لە کوردستانی گەورەدا پێکهێناوە , بەهۆی پارچەپارچەکردن و نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕامیاری یان ئاینی یان ئەدەبی ..هتد...نەکراوە یەکێك

---

[1] ئەمین،وریا (2004).چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی . (چ1). هەولێر: دەزگای ئاراس. لا167

2 حسین ،طالب (2001). فێربوونی زمانی نەتەوایەتی هاوبەش (ژ 7). دهۆك: ئاسۆی پەروەردەیی. لا34

[3] قەیس کاکل توفیق(2007) .ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان. (چ1).هەولێر: دەزگای موکریانی. لا 37

[4] وافي، علي (1951). اللغة والمجتمع .(ط2). القاهرة: دار احياء الكتب العربية .ص 106

لەو دیالێكتانە بكرێت بە زمانی نوسین بۆ هەموو كورد, چونكە دوژمنانی كورد ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ , بە بەرنامە یان بە بێ بەرنامە كاریان بۆ بێهێزكردنی كردووە .

مینۆرسكی لە بارەی دیالێكتەكانی زمانی كوردیەوە دەڵێ: (زمانی كوردی دابەش كراوە بە شێوزمانی زۆرەوە وەكو: (( شێوەزمانی خواروو ,شێوەزمانی ڕۆژهەڵات,شێوەزمانی ڕۆژئاوایی))[1].

پاشان لە ساڵی 1951تۆفیق وەهبی[2]: زمانی كوردی دابەش كردووە بەسەر چوار دیالێكت كە ئەمانەن:

1-كرمانجی:

أ-كرمانجی شیمالی

ب-كرمانجی جنوبی

2-لوڕی

3-گۆرانی

4-زازایی

د.كەمال فؤاد دیالێكتەكانی زمانی كوردی بەم جۆرە دابەش كردووە:

1-كوردی ڕۆژئاوایی(كرمانجی سەروو)     2-كوردی ڕۆژهەڵات(كرمانجی خواروو)

3-كوردی باشوور          4-گۆران و زازایی

هەریەكە لەم بێچوە زاراوانەش كە باسی دەكەین گەلێ زاراوەی بچكۆڵەتریان لێدەبێتەوە وەك(بادینی پێك دێت لە هەركی و سورچی و ئامێدی وزاخۆیی ...., سۆران لە هەولێری و ڕەواندزی و كۆیی, سلێمانی لە شارەزووری و شارباژێری و گەرمیانی و ...تاد.)[3].

د.جەمال نەبەز زارەكانی زمانی كوردی بەمجۆرە دابەش كردووە:

أ/ دووشێوە بنچینەییەكە:

1-كرمانجی ژووروو: (زارەكانی بۆتانی,جەزیری ,هەكاری,بادینی,ئاشیتەیی,بایەزیدی)

2-دوو كرمانجی ناوەڕاست : (زارەكانی سلێمانی ,موكری,سنەیی,ئەردەڵانی,كەركوكی,گەرمیانی,هەولێری,سۆرانی,شارباژێری)

ب/ دوو شێو لە تەنیشتەكە:

1-كرمانجی ژێروو: زارەكانی (فەیلی كرمانشانی,لەكی,كەلهوری,خانەقینی)

---

1 عەزیز ،حسێن (1999). سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەكانی زمانی كوردی. ( چ 1). سلێمانی :چاپخانەی هەواڵ. لا47

2 وەهبی ،تۆفیق(1949).ئەشكەوتەكەی گەندۆك.(چ1). بغداد: چاپخانەی سۆمەر.لا68

3 فؤاد ،كمال(1971).زاراوەكانی زمانی كوردی ئەدەبی و نوسینیان.(چ1). بەغدا: زانیاری.لا16

2-کۆمەڵەی شێوە گۆران و زازایی: گۆران کە زارەکانی (هەورامان,ناوچەی زەنگەنە,زاری ناوچە کاکەییەکان لە کەرکوك قسەی پێدەکەن کە ماچۆیشی پێدەڵێن زازاکان لە ناوچەکانی ئەلەزیر,دێرسیم خەرپۆرت...)[1]

د.کوردستان و د.کامل بصیر بەم شێوەیە زارەکانیان دابەش کردووە[2]:

1-زاری کرمانجی خواروو.

2 -زاری کرمانجی ژووروو.

3-زاری هەورامی

4-زاری لوڕی

زاری کرمانجی خواروو کوردەکانی ناوچەی سلێمانی و سۆرانی و ئەردەلان و موکریان بەم زارە دەدوێن ئەم بە شانەشی لێدەبێتەوە(سلێمانی وسنەیی و ئەردەلانی و کەرکوکی و گەرمییانی و هەولێری و سۆرانی و موکری و شارباژێڕی و پشتدەری...).

د.فوئاد حەمە خورشید[3] بەم شێوەیە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دابەش کردووە:

أ-دیالێکتی کرمانجی باکوور:بایەزیدی و هەکاری و بۆتان و شەمدینان دیالێکتی خۆرئاوا.

ب-دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست:موکریان و سۆرانی و ئەردەلانی و سلێمانی و گەرمیانی.

ج-دیالێکتی کرمانجی باشوور:لوڕی گەورە و لوڕی بچووك

د-دیالێکتی گۆران:گۆرانی ڕەسەن و هەورامی و باجەلانی و زازا. .

(بێهزاد خۆشحاڵی و مستەفا غەفور[4]) درەختی خێزانی زمانەکانی جیهانی دیاریکردووە زمانی کوردی لە یەکێك لەم دوو لکانەوە وەدی هاتووە:

1 -هیندییەکان کە بریتیین لە: پەنجابی و گیراتی و بەهاری و هیندی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و بارکراتی راجاسانی.

2-کانی ئێران کە بریتین لە :فارسی کۆن و نوێ و کوردی بلوجی و زوانی ناوچەی پامیر و ئەسینی لە ناوچەی قەفقاس و ئەفغانی.

لە کۆتایدا باس لەوە دەکات کە هەموو زمان ناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە بوونی چوار زاری کوردی لە زمانی کوردیدا هەیە.

بە بۆچوونی ئێمەش زارەکانی زمانی کوردی دابەش دەکرێنە سەر پێنج زار کە بریتیین لە:

---

[1] نەبەز ،جەمال (1976). زمانی یەکگرتووری کوردی .( چ1). ئەڵمانیا :بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا . لا22

[2] بەصیر ، کامل و موکریانی، کوردستان(1985). زارەکوردییەکان .(چ1) بەغدا:بڵاوکردنەوەی کۆلێژی زمانی کوردی. لا54

[3] خورشید، فؤاد(1987). زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافی و دیالێکتەکان .(چ1).بەغدا : چابخانەی وسام.

[4] ب. خۆشحاڵی و غفور(2008).فیلۆلۆجیای زمانی کوردی و مێژووی کوردستان.(چ1).دهۆك: چاپخانەی خانی.لا 3

1-زاراوەی کرمانجی باکووری (شیماڵ) :کە ئەم مەڵبەندانە ئەگرێتەبەر:ماکۆ, ورمێ,خۆی,سڵماس, هەندێدێی هەوشار,قووچان,بجنورد,کەڵات,دەرەگەز, شیروان, فاراب, روودبار,دەماوەند لە ئێران و هەروەها بادینان, دەهۆك,ئاگڕی, بارزان, لە ئێراق ئێرەوان و لەبەشێ لە ئەرمەنستان روسیە و قارس و دیاربەکر و وان و ئەرزروم و بتلیس و ئەخلات و سعود لە تورکیە ە بەسێك لە سوریە و لوبنان ,ئەم زاراوەیە بریتیە لە شێوەکانی :بۆتانی,بادینانی,بایەزیدی,شەمزینانی,زازایی,قووچانی.

2-زاراوەی کرمانجی باشووری: کە ئەم مەڵبەندانە ئەگرێتە بەر : مەریوان , سەردەشت, جوانڕۆ, سەقز, بانە, سابڵاغ, سنە , بۆکان,میاندواو,شنۆ,سایەنقەڵا,هەوشار لە ئێران ,رەواندز,حەریر,هەولێر,پشدەر,کەرکوك,سلێمانی,پێنجوێن لە ئیراق.

ئەم زاراوەیە بریتیە لە شێوەکانی: سۆرانی,بابانی, موکریانی و ئەردەلانی.

3-گۆرانی(هەورامی): کە ئەم مەڵبەندانە ئەگرێتەبەر:ژاوەڕۆ, هەورامانی,تەخت, نەوسود,پاوە لە ئێران.تەوێڵە,بیارە, ئێران پێ لە ئێران, وەهەندێ لە هۆزەکانی گۆران و هەوشار و خانەقین و زەنگەنە و سیامەنسور لە ئێران و ئێراق دا بەم زاراوەیە ئەدوێن.

ئەم زاراوەیە بریتیە لە شێوەکانی هەورامانی تەخت ,لهۆن و ژاوەرۆیی.

4-لەکی:کە ئەم مەڵبەندانە ئەگرێتەبەر: کرماشان , مایدەشت,کولیایی,دینەوەر,قەسری شیرین,بیجار لە ئێران,کەرکوك لە ئێراق.

ئەم زاراویە بریتیە لە شێوەکانی :کەڵهووری,ئیلامی,کوودەشتی,شیر.

5-لۆری:کە بریتیە لە شێوەکانی:فەیلی,بەختیاری,هەفتکلی,سووسەنگردی,

ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتا بە دوو شێوە دابەش ئەکرێ:یەکەم شێوە لۆری بەختیاری کە مەڵبەندەکانی: دزفول,شاری کورد,چوارمەحاڵ,پشتکوو ,ناوچەکانی تری بەختیاری ئەگرێتە بەر:دووهەم شێوەی لۆری فەیلی کە لەم مەڵبەندانە وتوێژی پێ ئەکرێ :خورەم ئاوا,ئەلەشتەر,ناوچەی کانیان.

# تەوەری سێیەم /کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر زمانی کوردی

## تەوەری سێیەم

## 3.3 .زمانی ڕاگەیاندن

زمان : بەپێی پێناسە باوەکەی، ئەو ئاوێنەیە کە تیایدا وێنەی فیکر دەداتەوە، یان ئەو ئامرازەیە کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە بیرۆکە و ئاڵوگۆڕپێکردنی بکرێت، زانای زمانەوانی (هینری سویت) پێیوایە زمان برییتیە لە گوزارشت کردن لە فیکر لە ڕێگەی دەنگەکانی زمانەوە، وە ئیبن جینێیش 392کۆچی پێی وایە کە زمان برییتیە لە چەند دەنگێك لەڕێگەیەوە هەموو نەتەوەیەك گوزارشت لە پێداویستیەکانی خۆی دەکات.

زانای زمانەوانی (سابیر) لە کتێبی زماندا بەم جۆرە پێناسەی زمان دەکات کە: (ئامرازێکە بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەست و هەڵچوون و حەزەکان، لە ڕێگەی سیستمێکی هێمایی، کە تاك بە ئارەزووی خۆی بەکاریان دەهێنێت).

کەواتە چ پەیوەندییەک هەیە لەنێوان زمانی کوردی و ئەو ڕاگەیاندنەی کە هەڵدەستێت بە پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی؟، زمان بە سیمایەك لە سیماکانی مرۆڤی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، جیای دەکاتەوە لە بوونەوەرەکانی تری سرووشت، هەروەها بە هۆی ئەم ئامرازبوونەوە مرۆڤ توانیوویەتی هەرچی لە کەلتووردا هەیە بەدەستی بهێنێت، سەرجەم ئەو داهێنانانەی مرۆڤ لە شارستانێتیدا بەدەستی هێناوە لە ڕێگەی زمانەوە بووە، هەر لە ڕێگەی زمانەوە، کۆمەڵگە مرۆییەکان لە یەکتر جیا دەکاتەوە، چونکە لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا بەردەوام بووە و بەرهەڵستی یەکتریان کردووە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کاری زمانەکان گەورەتر دەبێت، لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی کە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە بینیووە لە ڕووی شارستانی سەردەمەوە، شارستانی پەیوەندی کردن و بەردەوامی بوونی، وای لێهات ڕۆڵی زۆر بەهێزتر ببینێت، زمان لە ڕابردوودا چەندین ڕۆڵی جەوهەری گێڕاوە، لە ئەمڕۆدا لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە زۆر بە ئاسانی ووشەکان دەگواسترێنەوە بۆ مرۆڤەکان.

زمان بەو تایبەتمەندیانەی کە هەیەتی لە ئەمڕۆدا، توانی ببێتە زمانی ڕاگەیاندن، واتا وەك ئامرازێکی گەیاندن لە کەناڵە جۆراجۆرەکانی ڕاگەیاندنی نوسراو و بیستراو و بینراودا، لەگەڵ ئاماژە کردن بەو ڕۆڵە ئەرێنیانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەیبینن لە نزیککردنەوەی بۆشایی نێوان زمانی پاراو و ڕەمەکیدا.

سەرەڕای ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی کە لەسەر ئاستی بەکارهێنانی زمانەوانی بینی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، کەچی زمان تووشی چەندین بەربەست بووەوە، لە گرنگترینیان: بەرزی ڕێژەی نەخوێندەواری و جیاوازی ئاستی خوێندەواری نێوان چینەکانی کۆمەڵگە بوو لە وڵاتەکاندا، لەگەڵ سنووردار بوونی دابەش کردنی کتێب و ڕۆژنامە و ئامرازە نووسراوەکانی تر، بەهۆی نەزانیی و نەخۆێندەواریەوە، هەروەها لاوازی ڕووماڵکردنی ئێزگە و ڕاگەیاندن و نەگەیشتنی پەخشی کەناڵەکان بە چەندین ناوچە، ئەگەرچی بڵاوبوونەوەی ئامێری سەتەلایت گرفتەکەی کەمتر کردووەتەوە، بەڵام نەیتوانیووە بە تەواوی بنەبڕی بکات.

بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە زمان بەهێزترینی ئەو فاکتەرانەن کە ڕۆڵیان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، و هێزەکەی گەورەترە لەو هێزانەی کە وا لە مرۆڤ دەکات ببێت بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، چونکە لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا پەیوەندیکردنی خەڵك بە یەکترەوە، بەبێ زمان، کارێکی ئەستەمە، بوونی زمانێکی هاوبەش لەنێو تاکەکاندا، لە هەر نەتەوەیەکدا ئەگەری هەیە ببێت بە سمبولێکی نەگۆڕی دەگمەن، بۆ یەکگرتنی ئەو کەسانەی کە بەو زمانە قسە دەکەن.

زمان یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی مانەوەی کۆمەڵگە و تۆکمەبوونی، بۆیە یەك ئامانجی و بیروڕا، پاڵنەرە بۆ گەڕان بەدوای بەڵگە و نیشانەی گشگیر بۆ شتەکان و کردارەکان، ڕەگەزی بوونیش خۆی لە یەك دەستەواژەدا دەبینێتەوە، کە بەڵگەیە لەسەر ئەو شتە یان کردارەکە، بەمەش ووشەی زمانەوانی وەك سەنتەرێکی هاوبەش کە یەک دەنگ بوو لە سەری، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەنێو گشت تاکەکانی کۆمەڵگەدا.

زمانی ڕاگەیاندن کاری گرنگترین ڕواڵەتە بۆ پارێزگاری کردن لە قەوارەی کۆمەڵگە، یەك ئامانجی و بیروباوەڕ و ڕەگەزە جیاوازەکانی بوون، تێکڕا خۆی لە یەك ووشەی هاوبەشدا دەدۆزێتەوە، کە ئاماژە بەو شتە یان کردارە دەدات، کەواتە ڕاستی ئاستی کرداریی ئاسایی زمانی ڕاگەیاندن چیە کە یەکێك لە ئاستەکانی گوزارشتی ئێستا دەنوێنێت؟ لە ڕاستیدا هەموو ئەم ئاستانە لە ڕووی نزیکیەوە دیاریکراوە، بە مەودای سەلامەتی کۆمەڵگە لەلایەکەوە و ئاستی لاوازبوونی لایەنی فیکری لەلایەکی ترەوە.

پرۆسەی پەیوەندیکردن بە تێگەیشتنە سادەکەی، سێ ڕەگەزی لەخۆ گرتووە، کە بریتین لە:

- نێرەر **(Sender)**.
- پەیام: **(Message)** قسە بێت یان هەر دەستەواژەیەك یان هێما یان ووشە.
- وەرگر: **(Receiver)**.

لە حاڵەتی پەیوەندی بەجەماوەردا **(Mass Communication)** ڕەگەزی چوارەمی ڕۆڵی هەیە کە بریتیە لە ئامرازی ڕاگەیاندن **(Media)** وەك (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت لە یەك کاتدا پەیام بە گەورەترین دەستە و کۆمەڵ و گرووپ لە خەڵک بگەیەنرێت، بە

ئامانجی ئاگادار کردنەوە یان پروپاگەندە کردن، باوەڕ و قەناعەت پێهێنان،دروستکردنی کاریگەری ئەقڵی یان سۆزداری، ئاماژەکردن بۆ فیکرێك یان ئاراستە و مەبەستێکی دیاریکراو[1].
ڕاگەیاندن لە سەردەمی ئێستادا، چەندین شێوە و وێنەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بە تایبەت لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیەی کە هەیە، بە جۆرێک بووەتە هۆی فرەجۆری ئامراز و شێوازەکانی ڕاگەیاندن، لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئەمەش وایکرد هۆکارەکانی ڕاگەیاندن رووبەرێکی فراوان لە ژیانی خەڵکدا داگیر بکات، بە جۆرێک بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ژیان و گوزەرانیان، ئەوەتا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بەکارهێنراوە لەبوارەکانی بەهێزکردنی بەها ڕۆحیەکان، و کاریگەری سیاسی و کەلتوری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەسەر مرۆڤ هەیە، دکتۆر (فائز الصائغ) سەبارەت بە بوارە سەرەکیەکانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئاماژە بەوە دەدات کە ( ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ) هەلی باش دروست دەکەن بۆ تێکەڵ بوون و چالاکی مرۆیی.
لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان زمان و میدیادا، دەبینین کە زمان تەنها هۆکارێکی پەیوەندیکردن نیە، بە تێگەیشتنی ڕاگەیاندن بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بەڵکو پەیوەندیکردن یەکێکە لە کار و ئەرکەکانی زمان، چونکە ئێمە ناتوانین پیشەی زمان لە پەیوەندی و گوزارشت کردن لە فیکردا کورت بکەینەوە، بەڵکو پێویستە وا تەماشای زمان بکەین کە بریتیە لە پیشە و کارێکی کۆمەڵایەتی.
زمانی ڕۆژنامەی سەردەم بریتیە لە گەشەسەندنی قۆناغی پێشتری زمان کە ڕۆژنامەگەری کوردی پێیدا تێپەڕیوە، ئەم گەشەسەندنەش وەڵامدانەوەیە بۆ پەرەسەندنی ئامێرەکانی بەکارهاتوو بۆ وەرگرتنی هەواڵ و ڕەوانەکردن و چاپکردنی ڕۆژنامەکان و دابەشکردنیان، هەر بۆیە ڕۆژنامەگەری بە یەکێك لە ئامرازە سەرەکیەکانی ڕاگەیاندن دادەنێت، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی کە دەیبینێت لە پێکهێنانی ڕای گشتی و پوختەکردنی و هاندانی خەڵکی لەسەر خوێندنەوەی و کارتێکردن لێی، لەم بارەیەوە ناپلیۆن دەڵێت :( چوار ڕۆژنامە، دەتوانێت شکست بە دوژمن بهێنێت، زیاترلە سوپایەکی سەد هەزار کەسی) ، (ماکلۆهانیش) وای دەبینێت کە ڕۆژنامەگەری گرنگە بۆ وروژاندنی هەستی نەتەوەیی، چونکە ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەری دەبێت لەسەر نەهێشتنی هەستی دەمارگیری و ڕەگەزپەرستی و خێڵایەتی، لەم حاڵەتەدا ڕۆڵی خۆی لە پەرەپێدان و نوێبوونەوەدا دەبینێتەوە، لە بواری داهێنانی ووشە و زیادکردنی نیشانە و مانا و سیفەتی نوێ بۆ زمانەکە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بە شێوەیەك لە شێوەکان هێز بە زمان دەبەخشێت لە ڕووی ووشەسازی و بەخشینی مانا و سیفەتی سادەیی و ڕوونی و سەلامەتی، هەروەها جەخت کردنەوە و کورت کردنەوە و سەرکەوتن بەسەر زمانی هەڕەمەکیدا.

[1] خلیل،صالح(1983) دراسات في نظرية الاتصال، مفهومه، نظرياته (ط1).الامارات : دار العين للطباعة .ص10.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا پەخشی ئێزگـەی ڕادیۆی کوردی زیاتر لە دوازدە ئێزگـەبوون کە سەر بە دەزگـای سیاسی کوردی بوون، بۆ نموونە: **(denge mezopotamya)**، و قەوارەی تایبەت وەك **(Newa Radio)**) هەندێکیان لەووڵاتە ڕۆژ ئاواییەکاندان، بۆ نموونە (دەنگـی ئەمریکا، خزمەتی کوردی) کە جەماوەری کوردی دەتوانن لە هەموو جیهاندا گـوێ بیستی ببن.

- هەروەها پەیج و پێگە و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان بەشداری دەکەن لە بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی بەهۆی زۆری بەکارهێنانی لەلایەن کەسانی تەمەن جیاوازەوە. لە هەمان کاتدا ئینتەرنێت گـونجاوە بۆ فەراهەم کردنی فرەجۆری زمانەوانی و بەهێز کردنی ئەو کۆمەڵگـە زمانەوانیانەی کە بچوکترن و کەمتر بەکاردێن [1] چونکە ئینتەرنێت دەتوانێت باشتر نوێنەرایەتی کەمینە نەتەوەکان بکات، هەروەها چەندین هۆکارەکانی تری ڕاگـەیاندنی نوێ لە نێو کورد و کوردستاندا بوونیان هەیە، کە ئەمانەی خوارەوەن:

  - کتێبخانە تایبەت بە بابەتەکان بە زمانی کوردی:
  - پێگـە ئەلکترۆنیەکان بە چـەندین شێوەی جیاواز خزمەت دەکەن، وەك کتێبخانە و سیستمی دابەشکردن لەڕێگـەی ئەلیکترۆنیەوە کار دەکات. هەندێك لەو پێگـە ناودارانەی کە یارمەتیمان دەدات بە گـەشتن بە کتێبی کوردی بەخۆڕایی و بێبەرامبەر بریتین لە :
  - ( www.amude.net)، ( www.nefel.com) **(Kiteˆbxaney** پەرتوکخانەی کوردی ( www.pertwk.com) بە گوێرەی سەرپەرشیتاران ، زیاتر لە 1000 کتێب بەردەستە تیایدا بۆ دابەزاندن بێ بەرامبەر ، زۆربەیان بە شێوەی **PDF** بەردەستە.

  - ئەو بابەتەی جێگەی بایەخە کاتێك هەست بەوە دەکەین لە وڵاتیکی وەکو تورکیادا لە ساڵی 2006دا تەنها209 کتێب دەرچووە بە زمانی کوردی، کەچی هەموو کتێبخانەکانی تورکیا هیچ کتێبێکیان ئەرشیف نەکردووە.[2] بە هەمان شێوە کتێبخانەکانی ئێران. جێگای ئاماژە پێکردنە زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە لە پێگەی **Kiteˆbxaney Kurdıˆ** ، **Nefel**، **Amude** بە شێوەزاری کرمانجی ئامادەکراوە.
  - پێگەکانی هەواڵ : ئینتەرنێت بوو بە هۆکاری بە دیارکەوتنی چەندین پێگەی هەواڵی وەکو **(Kurd Avesta، Rizgari Online، Peyamner)**، تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت پێگەی

[1] Danet, B., & Herring, S. (2007). Multilingualism on the Internet-Handbook of language and communication: Diversity and change. New York: Mouton de Gruyter.

[2] Malmisanij, M. (2006). The past and the present of book publishing in the Kurdish language in Turkey. Turkey: Next Page Foundation. (10-7-2020), http://www.npage.org/article126.html.

هەواڵی سیاسی بەردەست کرد وەکو **Error! Hyperlink reference not valid.**، هەروەها ئینتەرنێت بوو بە هۆکاری بەشداری پێکردنی کەسەکان لە گەنگەشە و گـفتوگـۆکردن دەربارەی کێشەی کورد. خوێنەران دەتوانن کارلێك دروست بکەن لەگــەڵ هەواڵ و ووتارە ناوازەکان، لە ڕێگەی نوسینی کۆمێنت لەسەر پێگــەکە، بەم شێوەیە خەڵک دەتوانێت ئەزموونی هەست کردن بە ئینتیمای هاوبەش تاقی بکاتەوە، نەك تەنها بە چوونە نێو کەشی خوێندنەوەی هەمان شت لە یەك کاتدا[1]، بەڵکو لە ڕێگــەی گــەنگــەشەی هەمان بابەت بە زمانی تایبەتی خۆیان. لەبەر ئەم گــرنگــیەیە توانای ئینتەرنێت بەهێزترکرا وەك مینبەرێك بۆ بڵاوکردنەوە و پەخش کردنی هەواڵ و کاروباری ڕۆژانە لە ڕێگــەی پێگــەی **www.koord.com** هەروەها ڕایگــەیاند کە هەڵسا بە پێرست کردنی 2000 پێگــەی کوردی لە یەنایەری 2004 .

سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەو ساڵانەی دوایدا چەندین بابەتی زۆر گرنگ لە پێگە ئەلکترۆنەی کوردیەکان گەشەی پێ دراوە و پەرەپێدانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە.

- ژووری چــات کردن یان چــات ڕووم :

ژووری چاتکردن سیمایەکی تری ئینتەرنێتی کوردیە، بەڵام زۆربەی ئەم ژوورانە سنووردارن لە ڕووی ئەو زمانەی کە دەکرێت بەکار بهێنرێت لە چاتکردندا، ئەویش بە تەنها زمانی کوردیە، ئەمە زۆر چێژ بەخشە، چونکە ئەمە جیاوازە لەو تێبینیانەی کە لە پێشتردا لە چەندین شوێنی تردا ئاماژەی پێکراوە، بۆ نمونە (لویس فرناندیز) پێی وایە لیستی ئاخاوتن و گەنگەشەی تایبەت بە داهاتووی ئێرلەندا هانی بەشداربووان دەدات بە زمانی گێلی (الغیلیە) بابەت بڵاو بکەنەوە. تێبینی ئەوەی کردووە کە زمانی (باسکی) بە تەواوی وون بووە لە پێگەکانی باسک دا. لە هەردوو حاڵەتدا زمانی کەمایەتیەکان پشتگوێ خراوە، بۆ ئەوەی بە لایەنی کەم ئەوانەی زمانی گێلی نازانن بێنە ناو چوارچێوەکە، کە زۆربەیان زمانی زۆرینەیان لا پەسندە دواتر ئینگلیزی و ئیسپانی لە دوای یەکتر. هەرچەندە پێداگری زۆر هەیە لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەندێك لە ژورەکانی چاتدا، بەڵام هەمووان ناتوانن بە ئاسانی بە کوردی بنووسن، چونکە زۆرێك لە ژووری چاتەکان ئەلفوبێی کوردی قبوڵ ناکات. زۆربەیان ئەلفوبێی عەرەبی پیادە دەکەن. هەروەها هەندێکیان بە ئەلفوبێی تێکەڵ دەنوسن، بە پیتی کوردی و لاتینی و عەرەبی، کە وا دەکات بەردەوام بوون لە چاتدا سەخت بێت. ئەم کەموکوڕیانە شێوەزاری سۆرانیش دەگرێتەوە.

پێی[2] وایە ئەوانەی بە زمانی نوسین جگە لە لاتینی دەنوسن، وەکو یۆنانی و روسی و عەرەبی و عبری، زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا "زۆربەیان دابڕاو بوون بۆ ماوەیەکی زۆر. بە پێچەوانەی ئەو ژورانەی

---

[1] Anderson, B. (1991). Imagined communities: Reflections on the origin and spread of nationalism (Rev. ed.).London: Verso.

[2] Danet, B., & Herring, S. (2007). Multilingualism on the Internet-Handbook of language and communication: Diversity and change. New York: Mouton de Gruyter. (p. 554–585).

تەنها نوسینیان تێدا ئەنجام دەدرا، ژووررەکانی چات و دەنگ و ڕەنگ لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە وەکو (Paltalk.com) جەماوەری زۆری هەبوو لە نێوان بەکاربەرانی ئینتەرنێتدا بە شێوەیەکی سەرەکی، چونکە لەو ژورانە مەرج نیە تەنها بە نوسین پەیوەندی کردن ڕوبدات، لەگەڵ ئەوەشدا وا پێدەچێت بوونی ئینتەرنێت هەمەڕەنگی زمانەکان بە هێز بکات؛ زۆر بە دەگمەن دەبینرێت لە ژووری کرمانجی کەسێك بە سۆرانی ئاخاوتن بکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

◦بلۆگەر - **Blogger** - منصات التدوین **Content Management System (CMS)** :

هەرچەندە نوسین بە کوردی سەرەتایەکی زۆر هێواشی هەبوو، کەچی پێگە ئەلکترۆنیە کوردیەکان زۆر تەشەنەی کرد لە کۆتایی ساڵی **2006** سەرەتای ساڵی **2007** کاتێك بۆ یەکەم جار **Kurdblogger (www.kurdblogger.com)** سەریهەڵدا، وای کرد ئەو مینبەرە ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ نووسین و دارشتنی بە زمانی کوردی و شێوەزارەکان. لە کۆتایی ساڵی، **2008** تەنها نزیکەی**6000** پێگەی ئەلکترۆنی هەبوو کە تۆمار کرابوو لەسەر **Kurdblogger.** هەندێك لە ڤلۆگەرەکان بە کوردی نانوسن، دواجار ئەنتەرنێت هەندێك بابەتی داهێنا ودەرفەتی واڵا کرد بۆ نوسینی کوردی نوێ کردنەوەی ناسنامەکەی.

لە لایەکی تریشە جیاوازیەکان چڕ دەبنەوە لە نێوان هەردوو شێوەزاری سەرەکی. ژمارەی پێگە کرمانجیەکان زۆر کەمن **.Kurdblogger.com** بە بەراورد بە ژورەکانی چات کردن. لە لایەکی تریشەوە کوردەکان ئینتەرنێت بۆ ئیمێل وهەندێك بنەمای تری ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن وەکو **MySpace**و **Facebook**و **YouTube**. هەموو ئەو بابەتانە ڕۆڵی خۆیان دەبێت لە بڵاوە کردنی چەمکەکانی زمانی کوردی **www.blogger.com.**، بەڵام هەندێك پێگە بەردەوام نابن و نوێ ناکرێنەوە.

لەم بارودۆخەدا پێویستمان بە ڕاگەیاندنێکی تۆکمە هەیە کە وا لە نەوەی داهاتوو بکات هەست بە بەرپرسیارەتی بکات، متمانە بە خۆ بوون بە هێز بکات، هەروەها بەها بەرزەکان پیرۆز ڕابگرێت بە زمانێکی شایستە و شیاو هەریەکە و بە گوێرەی تەمەنی خۆی و میکانیزم شێوازی خۆی تا بچێتە نێو دڵەکان. ڕاگەیاندن و پەروەردە کۆکن لەسەر ئەوەی هەردووك کار لەسەر هەڵسوکەوت و خورەوشتی خوێندکار دەکەن، دەبینین کە ڕاگەیاندن کار لەسەر ئەو قوتابیە دەکات تا فێری وشەی نوێ ببێت کە بە شێوازێك ئاخاوتن بکات جیاواز بێت لە هەڵسوکەوتێك کە پێشوو تر لێی ڕاهاتووە.

هۆکارەکانی ڕاگەیاندن توانای خۆی سەلماندوە لە فێرکردندا، پەروەردەش وێنەیەکی زیندووی خستە سەر پرۆسەی فێرکردن، بەهۆی ئەو ئامرازە سەرنج ڕاکێشانەی کە لەم بوارەدا بەکاری هێناوە و دەهێنێت، ئەمەش یارمەتیدەری بوو لە پەرەدان بە توانا خودیەکانی فێرخواز و دەوڵەمەندکردنی ئەزموون و هەگبە مەعریفیەکەی، ئەمەش لە ڕێگەی ڕاکێشانی سەرنجی و کۆنترۆڵکردنی چەند

هەستەوەرێکی لە یەك کاتدا، وە لە هەمان کاتدا یارمەتی مامۆستاشی داوە لە ئەرکەکەیدا، بەمەش هۆکارەکانی ڕاگەیاندن توانای هەیە لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی مەعریفە .

## 1.3.3.زمانی نووسینی میدیا

هەرچۆنێك بێت زمانی بەکارهێنراو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە کاتێکدا ئەو زمانەی نوسراوەتەوە، خواستی دەبێت بۆ چەق بەستوویی و دەستگرتن بە کلتوورەوە ، لەم بارەوە ماریۆ وای بۆ دەچێت کە شێوازی نووسین بۆ زمان بەتایبەت ئەگەر زمانەکە بەربڵاو بێت – ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پەککستنی تەوژمی گۆڕانکاری خێرا کە بەسەر زمانی ئاخاوتندا دێت. ئەگەر ئاگاداری نەبێت زمانی ئاخاوتن دووچاری گۆڕانکاری سرووشتی و خۆڕسك دەبێتەوە و لە سەنتەری دوور دەکەوێتەوە، بەجۆرێک وای لێ دێت خێرا گوزارشت لە خۆی بکات و بە تێپەڕبوونی کات، لە شێوەی شێوەزاردا دەردەکەوێت ( زمانی لاتینی سەرەتای دەرکەوتنی لە ڕۆمای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بوو، دوای بڵاوبوونەوەی لە بەشەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەوروپادا گۆڕا بۆ چەندین شێوەزار و بوو بە زمانی فەرەنسی و ئیسپانی، لەدواتردا ئەمانەش دابەش بوون بەسەر چەندین شێوەزاری جیاوازدا، هەروەها زمانی ئینگلیزی لە سەددەی حەڤدەهەمدا، بە تەنها لەسەر خاکەکەی خۆی پەرەی نەسەند بۆ چەند شێوەزارێکی ناوخۆیی، بەڵکو لە سەددەی بیستەمدا ڕێگەی خۆشکرد بۆ چەند جۆرێك لە ئینگلیزی ئەمریکی، کە ئەویش بە دەوری خۆی بوو بە چەند شێوەزارێکی هەرێمی)[1].

زانای زمان سۆسێر جەخت لە گرنگی ڕۆڵی نووسینەوەی زمان دەکاتەوە و دەڵێت" وێنەی نووسین، بۆ ووشەکان، وەك مەبەستێکی بەردەوامی جێگیر، توانای بەهێزترە، لە دەنگ، لە ڕووی پێکهێنانی یەکێتی زمانەوە، بە تێپەڕبوونی کات"[2]. هەروەها دەڵێت " زمانی ئەدەبی، گرنگی بە نووسینەوە دەدات، زیاتر لەوەی کە شایەنیەتی، چونکە فەرهەنگ و بنەمای خۆی هەیە، هەروەها فێرکردنیش لە قوتابخانە دەبێت تەنها بە پێی کتێب و پرۆگرام بێت، لە سەرووی ئەمەوە پێدەچێت زمان بە یاسا ڕێك خرابێت، بەڵام یاسا و ئەم دۆخە خودی خۆی بنمایەکی نووسراوە و مل کەچی بەکارهێنانێکی توندە: ئەو بریتیە لە وێنای خەتی نووسراوە و ئەمەش گرنگی بەرایی بە نووسین دەدات"[3]

پەیدابوونی زمانی نوسیین لە دوای زمانی ئاخافتن بە دووەم شۆڕش و وەرچەرخان دادەنرێت لە بورای ڕاگەیاندندا ,توێژەران بەشێوە گشتییەکەی زمانی نووسین دابەشی سەر سێ جۆر زمانی دەکەن کە ئەوانیش پێکدێن لە :

---

1دي سوسير ، فرديناند (1984). محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي. (ط2). المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر. ص 41.
2 دي سوسير ، فرديناند (1984). محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي. (ط2). المؤسسة الجزائرية للطباعة: الجزائر. ص 43.
3 عمر، احمد(2008). أسس علم اللغة لـ ماريو پاي.(ط1). مصر: عالم الكتب للطباعة.صفحة 62.

1-زمانی ئەدەب وهونەر
2-زمانی تیۆری - زانستی
3-زمانی زانستی - کۆمەڵایەتی
یەکەم : لە زمانی ئەدەب وهونەردا , زێتر زمانێك بە دێت کە لایەنی جوانکاری و ڕەوانبێژی و ئیستاتیکی زاڵە , ئەو شێوە بەکارهێنانەی کە یاری بە وشەی تێدایە , واتە بە وشە , وێنەی هونەری و وێنەی شیعری دروست دەکرێت . زۆر جار تەنیا نوخبەیەك لە خوێندەواران یا ڕەخنەگران و ئەهلی ئەدەب وهونەری وئەدەبی تێ ئەگەرچی وەکو چێژ لێببینین ڕەنگە بەشی زۆری خوێندەواران چێژ لە تێکستە ئەدەبی وهونەرییەکانی ببینن , بەڵام بابەتی چێژبینین جودایە لە تێگەیشتن ودۆزینەوەی مانا ومەدلولە شاراوەکانی دەق , کە زۆربەی کات بەهۆی نەبوونەوەی گرێکانی زمانەوە , خوێنەر لەو دەقانی تێ ناگات . شاعیر و چیرۆکنووس ڕۆماننووس و نووسەرانی تێکستە هونەرییەکان بەو ئاستەی زمان گوزارە لە هەست و سۆز و ئەزموون یادەوەریی خۆمان دەکەن .
دووەم: بەڵام لە زمانی تیۆری – زانستیدا, بەکارهێنانی وشە وزاراوەی زانستی ڕووت وئەبستراکت و تاڕادەیەك وشك کاری پێ دەکرێت , ئەوەش زێتر لەلایەن کەسی تایبەتمەند بەو بوارەوە باوە و لە تیۆر و بیردۆزە زانستییەکاندا ڕەچاوی ئەم جۆر یا ئاستەی زمان دەکرێت.
سێیەم: کەچی زمانی زانستی – کۆمەڵایەتی , ئەو زمانەی کە دەبێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بە کار بێت , کە زمانێکە جودایە لە زمانی زانستی – تیۆری هەروەك هلسانترە لە زمانی ئەدەبی وهونەری . ئەم جۆر یائاستی زمانە بۆ گواستنەوەی دەنگوباس و شیکردنەوەی هەواڵ و وتار و ستوونە ڕوژنامەوانییەکان بە کار دەهێندرێت .
لە سەرەوە روونکرایەوە جۆرەکانی زمانی نوسین ئەوەی ئێمە مەبستمانە لێرە روونی بکەینەوە زمانی میدیا ئەو شێواز و نوسین و دەربرینانەیە کە لە زمانی نوسینی میدیایی بەکاردەهێنرێت لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووە ئەو دەم ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاریان دەکرد ئەگەر کەسانی ئەکادیمیکار و زمانزانیش نەبووبن , ئەوا خاوەنی سەلیقە و وردەکارییەکی زۆر زێتر بوون لە هی ئێستا, ئەمە جگە لەوەی لە میدیای ئەو سەردەمدا زمانزان و کەسانی لێهاتووی وەکو (مەسعوود محەمەد , شوکور مستەفا ,مارف خەزنەدار , هەژاری موکریانی , عەلائەددین سەججادی , مەلا جەمیلی رۆژبەیانی شێخ محەمەدی خاڵ و ئەوڕەحمانی حاجی مارف...) هەمان زمان زانبوون هەم ڕۆژنامەنووس.
بەهۆی ئەوەی لە ئەمڕۆدا میدیا بە هەموو جۆرەکانی (بیستراو و بیندراو وخوێندراو و ئەلیکترۆنییەوە), بە هاسانی دەچێتە هەموو ماڵێك و موخاتەبەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکات ... کاریگەری بە هەردوو باری ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و نەرێنی (نێگەتیڤ) لەسەر زمان هەیە بەو واتایەی میدیا چەندە

لەباریدا هەیە ڕۆڵ ببینێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و هێنانەدی چەمك وزاراوە و دەستەواژەی نوێ و بەکەڵك , ئاواش ڕێی تێدەچێ میدیا ئەگەر بە درووستی ڕەچاوی ڕێسا و دەستوورەکانی زمانەوانی ورێزمان و ڕێنووس نەکات , ببێتە هۆی تێکدان و وێران کردنی زمان .
زمانی نوسین لە میدیا دەبێت روون بێت و بە بیانووی بەکارنەهێنانی وشەی نامۆ و قورس ، ناکرێ زمانی ڕاگەیاندن لە دەربرین و گوزارەی دەیەکانی ڕابردوو قەتیس بکرێت . بو نموونە ناشێ پاساوەی وشەکانی ( ڤیتۆ ، بایکۆت ، ڕیفراندۆم ، بودجە ، گەندەڵی ، فەیسبووك ، دیموکراسی ...) نا کوردین یا قورسن و نەوەك لای جەماوەر نامۆ بن ، بەکار نەهێندرێن ، لە کاتیکدا ڕۆژانە کارت بەو وشە و زاراوانە دەبێت . بەڵام بۆ نموونە هەر بە ناوی پێشکەوتن و گوڕانکارییشەوە ناکرێ زاراوەگەلی لە چەشنی ( ئەپستمۆلۆژی ، پراگماتی ، ئانارشیزم ، ......) کە هێشتا لە سەر ئاستی خەڵك و خوێندەواری ئاسایی جێگەی خویان نەگرتووە ، لە کاتی زۆر پێویستدا نەبێت ، دەرخواردی جەماوەر و شەقامی بدەین ، بە ناوی ئەوەی بە خوێنەر و بینەری ئاشنا دەکەین ، کە هەریەك لەم وشانە چەندین پێناسە و لێکدانەویان بۆ دەکریت.

زمانی کوردی , کە زێتر لە سەدەیەکە بووتە زمانی ڕۆژنامەگەری , پێشی ئەوەی ئەم زمانە لە ڕۆژنامەگەریدا بە کار بێت , چەند سەد ساڵێك پێشتر تێکستی ئەدەبی کوردی پێ نووسراوە . بە واتا ئەگەر زمانی کوردی لە کۆتایی سەدەی شازدەیەم وسەرەتای حەڤدەیەمەوە , لە زمانی قسەکردن (ئاخاوتن)ەوە بەرەو زمانی نووسین چوو بێت , کە زێتر نووسینەکە ئەدەبی بووە , لە ناو ئەدەبیشدا بە تایبەت شیعر بووە ئەوا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە زمانی نووسینی کوردی بووە بە زمانی ڕۆژنامەوانییش
پەیدابوونی نەتەوەی مۆدێرن لە ڕۆژئاوا و ئەورووپادا هاوکات بووە لەگەڵ هاتنەکایەی میدیا لەلایەك و ڕۆمانیش وەك ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەب لەلایەکی دیکەوە.ئەو شێوانەی لە پەیامی پرۆسەی میدیادا بە کار دێن بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری پێکدێن لە هەر یەکە لە شێوەکانی (ڕەنگی , ڕووناکی , دەنگی , ژمارەیی , ئاماژەیی , زمانی) , بەڵام زمان بۆ خۆی لەوە فراوانترە ببێتە ئامرازێك لە ئامرازەکانی میدیا , واتا دەتوانین بڵێین زمان ئەرکێك لە ئەرکەکانی میدیای پێ دەسپێردێت وجێبەجێ دەکات , بەڵام لەلایەکیدیش میدیا هۆکارێکی جێبەجێ کردنی کار و ئەرکی زمانە , بەو مانایەی ئەو شتانەی زمان دەیەوێت بێڵێ و بیگەیەنێت بەشێکی لە ڕێی میدیاوە دەگەیەنێت و ئاراستە دەکات , بۆیە میدیا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی زمان ,نەوەك بە پێچەوانەوە.
بەکارهێنانی وشەی(ڕۆژنامە) و (جەریدە), لە زمانی کوردیدا ,بە پێی سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1870کاتێك هۆنەری ناوداری کورد حاجی قادری کۆیی لە هۆنراوەیەکیدا تۆماریان دەکات:

صەد قائیمە و قەصیدە کەس نایکڕێ بە پەلێ

ڕۆژنامە و جەریدە کەوتوونەتە قیمەت و شان

هەروەها لە دێڕەهۆنراوەیەکی دیکەدا دەنووسێت:

لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە

ئەگەرچی مەقصەدە زانینی باوە

لەم دوو دێرە هۆنراوەوە دەردەکەوێت کە پێش هەشت ساڵ لە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی , حاجی قادری کۆیە هەستی بە گرینگی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری کردووە .ئەوەش ئەو ڕاستیە پیشتڕاست دەکاتەوە کە وەك مامۆستایەکی کورەکانی میر بەدرخان پاشا بە تایبەتی ئەمین عالی و مقداد مەدحەت و عەبدولڕەحمان بەدرخان, لە دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا ڕۆڵی گەورەی هەبووە , هاوکات ناوهێنانی ڕۆژنامە و جەریدە لەو کاتەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وڵاتان و گەلانی ناوچەکە پێشتر ڕۆژنامەیان هەبووە و کاریگەری خۆی بەرجەستە کردووە , بەڵام کورد نەك هەر ژێر دەستە بووە هاوکاتیش هیچ هۆکار و ئامرازێکی ڕۆژنامەگەری و میدیایی نەبووە , بۆ ناساندنی خۆی و داواکردنی مافەکانی.

میقداد مەدحەت بەدرخانی قوتابی شاعیری نەتەوە پەروەر و ئاین پەروەری وەك حاجی قادری کۆیە بووە هەست بەو ڕاستیە دەکات کە لە نەبوونی دەوڵەت و کیانێکی کوردیدا , تەنیا لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنەوە دەتوانرێت دەنگ و ئازارەکانی میللەتی کورد بە گوێی جیهان بگات. بۆیە پاش ئەوەی دەچێتە قاهرە , هەر زوو خەونەکەی دەبێتە ڕاستی و یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە 22/نیسان/1898بەناوی (کوردستان) دەردەکات.ڕۆژنامەی کوردستان کە بەزاری کرمانجی سەروو دەرچووە ,ڕۆلێکی گەورەی لە ناساندنی کورد بە جیهان و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی هەبووە.

## 2.3.3.پێویست بوونی بەکارهێنانی زمانێکی یەکگرتوو

ماری بای[1] ((جەخت لە گرنگی زمانێکی ستاندارد و هاوبەش دەکاتەوە، لە بری بەکارهێنانی چەند شێوەزارێکی جیاواز، چونکە نەبوونی زمانی ستاندارد لای هەر نەتەوەیەک، دەبێتە بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و پەروەردەی و بەهێزی نەتەوەکەدا، هەر بۆیە گومان هەیە لەوەی فەرەنسیەکانی نیشتەجێی باکووری فەرەنسا، بتوانن بە ئاسانی لە دانیشتوانی باشووری ئەو وڵاتە تێبگەن ، هەروەها لە چین کە زمانی نووسینی ئاڵۆزە و جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی بە شێوەیەك بووەتە بەربەست بۆ ئەو چینیانەی کە خاوەن شێوەزاری جیاوازن لە نێو خۆیاندا )).

[1] عمر، احمد(2008). أسس علم اللغة لـ ماريو پاي.(ط1). مصر: عالم الكتب للطباعة.صفحة 62.

لەم ڕووەوە نووسینی کوردی و دانانی زمانێکی کوردی ستاندارد و هاوبەش، بەرپرسیارێتی زمانەوان و بەرپرسانی کوردە کە بیرلە داهاتوو و دوا ڕۆژی بوونی گەلی کورد بکەنەوە، بە جۆرێک دەبێت بە خێرایی دەست بەکاربن بۆ تەواوکردنی ئەم ئەرکە مێژووییە گەورەیە، کە داهاتوو و چارەنووسی نەتەوەی کوردی لەسەر بەندە، تا دانانی زمانێکی کوردی یەکگرتوو.

دەکرێت هەندێك ڕێکار بگیرێتە بەر بۆ ئاسان کردنی پرۆسەی نزیککردنەوە و تێکەڵکردنی شێوەزارە کوردیەکان. هەر لە سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی عێراقی ئێستا، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، کاریان لەسەر چەسپاندنی شێوەزارەکان کردووە، بە جۆرێک هەوڵیان دەدا جیاوازەکانی نێوانیان تۆختر بکەنەوە، مامەڵەیان لەگەڵ هەردوو شێوەزاری ک. سەروو و ک.خوارووداکردووە وەک دوو زمانی جیاواز لە پەخشی هەواڵەکاندا، چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی، دیداری ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی، هەروەها لە کاتی چاپکردن و پەخش کردنی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا هەمان سیاسەتیان پەیڕەو کرد. ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەر کردنە، دوای ئازادبوونی باشووری کوردستان و دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە هەرێم، حکومەتی هەرێی کوردستان لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام بوو، هیچ هەنگاوێکی کردەیی نەنرا بۆ دانانی زمانێکی ستانداردی کوردی، بەڵکو تائێستاش بەرنامە وهەواڵەکان لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆکاندا بە هەردوو شێوەزار پێشکەش دەکرێن ، کتێب و بڵاوکراوەکان بە هەردوو شێوەزار بڵاو دەکرێنەوە[1] . زۆر کەس هەن شارەزایی و زانیاریان هەیە لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانی و زماندا و لە هەمان کاتدا بە زیاتر لە شێوەزار قسە دەکەن، پێویستە بواریان بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی ببن بە پێشکەشکار و ئامادەکاری بەرنامە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا، تاوەکو بتوانن زمانێکی یەکگرتووی هاوبەش بهێننە کایەوە کە هەموو شێوەزارە کوردیەکان لەخۆ بگرێت، وەك هەورامی و لوڕی و کرمانجی سەروو و خوارو، چونکە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ، ڕۆڵی چالاك و گەورەیان هەیە لە نزیککردنەوەی شێوەزارە کوردیەکان، هەروەها بەرپرسان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بەشداری بکەن لە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب بە زمانێکی هاوبەش و یەکگرتوو، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هاو واتا و بەشەکانی ووشەی گشت شێوەزارە کوردیەکان.

لە هۆکار و ئامرازەکانی تری نزیککردنەوەی شێوەزارە کوردیەکان لە یەکتر بریتییە لە تێکەڵ بوونی هاوڵاتیانی کورد بە یەکتر، جا ئەمە لە کوردستان بێت یان لە دەرەوەی کوردستان ، لە کۆمەڵەکان ،سەندیکای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پیشەیی کوردی و کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی و لە نێو پارتە کوردیەکاندا، ئەمە هەلێکی زۆر باشە بۆ بەیەکگەیشتنی شێوەزارە جیاوازەکان و بەردەوام بوونیان و گونجانی زمانی کوردی . جگە لەمە پێویستە خوولی فێربوونی شێوەزار جیاوازەکانی زمانی کوردی

---

[1] کاكي،مهدي(17-11-2006). المحور: القضية الكردية . العراق : مجلةالحوار المتمدن ( العدد الثاني والاربعون).

بکرێتەوە  لە گشت ناوچە و ئەو وولاتانەی کە ڕەوەندی کوردی تیایە، بە سەرپەرشتی مامۆستای شارەزا و لێزان لە بواری قسە کردن بە زیاتر لە شێوەزارێك،  تا بتوانن شێوەزارەکان لەیەکتر نزیک بکەنەوە.

لە مەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پڕۆژەی دانانی زمانێکی کوردی یەکگرتوو، پڕۆژەیەکی مێژوویی گەورەیە، کار و شەونخونی و قوربانیدان و تێکۆشانی زۆری دەوێت، پێویستە کوردەکان بە ئەنجامی بگەیەنن تاوەکو پارێزگاری لە مانەوەی گەل و نەتەوە بکرێت.

# بەشی مەیدانی توێژینەوەکە

## کەناڵە ئاسمانییەکانی

## ( Rudaw , TRT kurdi , Sahar kurdi )

## هۆكاری هەڵبژاردنی( Rudaw , TRT Kurdî , Sahar kurdi)

هەڵبژاردنی دەزگایەك یان کەناڵێکی ڕاگەیاندن لە ئەرك و ماندووبوونی تەلەفزیۆنەکانی تر کەم ناکاتەوە، بێگومان لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە تائێستا چەندین هەوڵی سەرکەوتوی تر هەبووە . لەوانە یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی کە مەد تی ڤی‘ بووە تا ئەگاتە ئەم دەوڵەمەندییەی میدیای کوردی لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا ، بەڵام هەڵبژاردنی ئەم دەزگایانە پەیوەندی بە چەند هۆکارێکەوە هەیە ، هەندێك لەوانە خۆی لە گشتگیری و فراوانی دەزگاکان ئەبینێتەوە ، ئەم کەناڵە ئاسمانییانە و بە پێشکەوتووترین سیستەمی تەکنیکی کاردەکەن و لە سەر ژمارەیەکی زۆر لە مانگی دەستکرد پەخشی بەرنامەکانیان دەکەن . بەو هۆیەوە بەئاسانترین شێوە لەهەموودونیادا دەبینرێن ، بەتایبەت لە سنوری کوردستانی گەورەدا ، و بوونی ئەم کەناڵانە لە مانگی دەستکردی تورکیادا وایکردووە زۆربەئاسانی لە کوردستانی باکور بەردەستبێت . لە باشورو ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش بەهەمان شێوە بەردەستە . کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بینەرێکی زۆری بۆخۆیان بەدەستهێناوە . لەم توێژینەوەدا باس لە سپۆنسەر و خاوەندارێتی ئەم دەزگایانە ناکەین وە هەروەها باس لە ئەجێندای سیاسەتی کەناڵەکان ناکەین ، بەڵکو ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگی پێدەدرێت پلان و هەوڵی ئەم دەزگایانەیە بۆ بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردییە وە کارکردنێتی لە بواری گەشەسەندنی زمانی کوردی و نزیکخستنەوەی دیالێکتەکانی.

## تۆڕی میدیایی ڕووداو

(تۆڕی میدیایی رووداو) گرووپێکی میدیایی سەربەخۆی کوردیی ئازادە، لە بوارەکانی میدیای بیندراو و بیستراو (بەشێوەی کاغەز و دەنگ و رەنگ و ئەلەکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشکەشی خەڵك دەکات. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە دامەزراوە تۆڕی میدیایی ڕووداو وەرگیراوە، ئەم تۆڕە کۆمپانیایەکی قازانج نەویستە، بەڵام گەیاندنی زانیاریی راست و بەشداریکردن لە چەسپاندنی پایەکانی ئازادیی ڕادەربڕین بە گرنگتر دەزانێ لە دەستخستنی قازانجی ماددی. هەروەها لە بڵاوکردنەوە وگەیاندنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە سنوورێکی جوگرافیایی دیاریکراوەوە نابەستێتەوە و دیدێکی جیهانییانەی هەیە بۆ کارکردن.

## ستراتیژی تۆڕی میدیایی ڕووداو

تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ بەرهەمە مێدیاییەکانی بگەنە زۆرترین ژمارەی خەڵك. هەروەها دەیەوێت گرووپی نوێش بدۆزێتەوە کە تا ئێستا میدیا کوردییەکان نەیاندۆزیوەتەوە ونەیگەیشتوونەتێ. چونکە چەندە ژمارەی بەکارهێنەرانی بەرهەمە میدیاییەکانی تۆڕی میدیایی رووداو زۆرتربن، چانسی پەرەپێدان وباشترکردنی بەرهەمەکانیشی روو لە زیادبوون دەکەن. ئەویش لەڕێگەی وەرگرتنی رێکلامی زۆرتر ودۆزینەوەی سپۆنسەر و سەرچاوەی داهاتی بەهێزتر.

بۆ تۆڕی میدیایی رووداویش فەلسەفەی کارکردن وەك گرووپێکی میدیایی لەوەدایە کە بەو هۆیەوە زۆرترین گرووپی بەکارهێنەرانی جیاواز سوود لە فرەچەشنیی بەرهەمەکانی وەرگرن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیژە و گەیشتن بەو ژمارە فراوانەی بەکارهێنەران تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ تەنیا کار لەسەر فرەچەشنیی بەرهەمەکانی نەکات، بەڵکو پێی گرنگە لەڕووی چۆنایەتیشەوە بەرهەمەکانی لە ریزی پێشەوەدا بن و بە بەراورد لەگەڵ میدیا کوردییەکانی دیکەدا هەمیشە لە پلەی یەکەمیندا بمێنێت. ئەمەش کاریگەریی لەسەر بەدەستهێنانی متمانەی زۆرتری بەکارهێنەران دەبێ و ئاستی بەکارهێنانیش بەرزتر دەکاتەوە.

جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە بەپێی میکانیزمێك دەبێت کە ستافی تۆڕی میدیایی رووداو دایدەرێژێ و پلانی جێبەجێکردنی بۆ دادەنێت.

## بنەماکانی کارکردن لە تۆڕی میدیایی ڕووداو

- تۆڕی میدیایی رووداو لە بەرهەمهێنان وپێشکەشکردنی بەرهەمەکانیدا خۆی بە پابەند دەزانێ بەو بنەما پیشەییانەی بۆ کاری رۆژنامەنووسی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون. پاراستنی ئەتەکێتی رۆژنامەنووسی مەرجی سەرەکیی هەڵهێنانی هەر هەنگاوێکە لەلایەن تۆڕی میدیایی رووداوەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی.

- هەروەها لەڕووی کەلتووری وکۆمەڵایەتیشەوە تۆڕی میدیایی رووداو بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە بەشداربێت لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە وبەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ونەریتە زیانگەیەنەکان بە کۆمەڵگەی کوردستان.

- تۆڕی میدیایی رووداو بە ئەرکی خۆیشی دەزانێت کە داکۆکی لە بنەماکانی دیموکراسی و ئازادیی بیرکردنەوە و رادەربڕین لە کۆمەڵگەی کوردی و لە هەموو جیهاندا بکات.

- تۆڕی میدیایی رووداو لەڕووی سیاسییەوە خۆی بە بێلایەن دەزانێ، بەڵام هاوکات بە گرنگی دەزانێ کە بەرهەمەکانی لەخزمەت گەشەپێدانی ئەزموونی باشووری کوردستان و وەدیهێنانی چارەسەری گونجاو و یەکجارەکی بۆ دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بێت.

- تۆڕی میدیایی رووداو دەیەوێ ببێتە پردێك و هەوڵی پێكەوەبەستنەوەی كوردانی سەرتاسەری جیهان بە یەكترەوە دەدات. بۆیەش بایەخێكی تایبەت بە كوردانی تاراوگەنشین دەدات و بەرهەمی گونجاو لەگەڵ خواست و ئارەزووەكانی ئەواندا بەرهەم دێنێت. هانیشیان دەدات كە، سەرەڕای پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییان، باشتر خۆیان لەگەڵ ئەو كۆمەڵگەیانەدا بگونجێنن كە تێیاندا دەژین.
- هەروەها بایەخێكی تایبەتیش بە بەرهەمهێنان بە زمانی ئینگلیزی دەدات، ئەویش بەو مەبەستەی كە جیهان زانیاریی رۆژنامەوانییانەی دروستتری لەبارەی پرسەكانی تایبەت بە كورد و كوردستانەوە هەبێت.
- تۆڕی میدیایی رووداو هەوڵ دەدات تا بۆی بكرێت بەشداربێت لە پاراستن و پاقژڕاگرتنی ژینگەدا. بۆیەش هەمیشە لەكاتی بەرهەمهێناندا رەچاوی مەرجەكانی پارێزگاریكردن لە ژینگە دەكات و هەوڵ دەدات ئەو كەرەستانە بەكاربێنێت كە ژینگەدۆستن .

## بەشەكانی تۆڕی میدیایی ڕوداوو

-ڕادیۆ كەئەمەش دوو ڕادیۆی تاڕادەیەك تایبەتمەندن، لەبەرئەوەی پێكهاتووە لە رادیوی هەواڵ و رادیۆی میوزیك . رادیوی هەواڵ: 60% لە بەرنامەكانی بەرهەمی خۆیەتی و 40% لە تەلەڤزیون وەریدەگری ، بەرنامەی هەواڵی وبەرنامەی شرۆڤەكردنی تیدایە . رادیوی میوزیكیش تایبەتە بە بەرنامەی هونەری لەگەڵ میوزیك و گورانی .

ئەم دوو ڕادیۆیە پەخشەكانیان جگە لەمانگی دەستكرد ئەتوانرێت ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە گوێی لێبگیرێت، لەگەڵ بوونی پەخشی ناوخۆیی لەسەر شەپۆلی FM.

كەناڵی تەلەفزیۆنی ڕووداو تەلەفزیونیكی ئاسمانییە و لەسەر مانگی دەستكرد پەخشی بەرنامەكانی دەكات، تەلەفزیۆنی ڕووداو هەواڵ لە هەموو جیهانەوە بە زمانی كوردی بڵاو دەكاتەوە. هەروەها خشتەیەكی كاركردنی هەواڵی هەیە، زۆرترین گرنگی بە هەواڵ دەدرێت پاشان بەرنامەی تایبەت بە هەواڵ هەیە، هەموو شەوێك جگە لە شەوی هەینی و شەممە ئەویش ڕووداوی ئەمروو شرۆڤەی هەواڵەكانی رۆژ دەكات كە ماوەی سەعاتێكە ، ئەوانەی دیكە دەكەونە چوار چێوەی گفتگوكردن لەگەڵ چوار چیوەی زانیاری.
هەروەها كەناڵی ڕووداو خاوەنی بەرنامەیەكی دینییە، بەمەبەستی ئاشناكردنی دینەكان بەیەكتر ، وە خەڵك ئاشنای یەكتر ببن و ئەو دینانە بزانین لیكچوونەكانیان چییە و چۆن لە كوردستان ئەو دینە جیاوازانە پێكەوە هەڵكرتن و پێكەوە ژیان هەیە وە ئەنجامەكەی چییە، لە ئەو لێبوردەییە دەكۆڵێتەوە كە

له کوردستان هەیە، چۆن دەتوانت برەوی پێبدرێت و بەردەوام بێت. لەسەر ئەو نیگایە کە خەڵکی کوردستان شارەزای ڕێساو نەرستە ئاینییەکان بێت، کە لای مسیحی چۆنە ، لای ئیزیدی چۆنە ... و یان لای موسلمان چۆنە لای کاکەیی چۆنە ، بۆ هەموو ئەو دینانەی لە کوردستان بونیان هەیە.

- پۆرتاڵی تۆڕی میدیایی ڕووداو خاوەنی پۆرتاڵی خۆیەتی لەگەڵ پۆرتاڵەکە شدا لەڕێگەی پێگەی دامزراوەکەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وە ( فیسبوك و تویتر و ئەنستگرام ویوتیوب ) بەردەوامە لە ئاگادارکردنەوەی جەماوەرەکەی لە هەواڵ و بابەتەنوێکان .

ئەم پۆرتاڵەش لە چەند بەشێك پیکهاتووە کە جگە لە بەشی کوردییەکەی ، کە پێکهاتووە لە هەردو زاراوەی (کرمانجی و سۆرانی) چەند زمانێکی تریش لەخۆ دەگرێت وەك ( ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی ).

لەلایەکی تریشەوە بەشی چاپکراوەکان رۆژنامەی ڕووداو دەردەکات، کە رۆژنامەیەکی هەفتانەیە هەموو رۆژانی دووشەممە دەردەچی. لەگەڵ ئەوەشدا رۆژنامەیەکی وەرزشی دەردەکات کە ڕۆژانی سێ شەممەی هەموو هەفتەیەك دەردەچی رووداوی وەرزشی تیدایە و ، کە تێراژەکەی ئیستا 8000 دانەیە ، لەکاتێدا تیراژی ڕۆژنامە سیاسیکە لەوە کەمترە .

رۆژنامەکە تەنها لە کوردستان دابەش دەکریت، لەکاتێکدا لەسەرەتای دەرچوونی رۆژنامەی ڕووداودا لە ئوروپاش چاپی هەبوو ، کە سەرەتا لەساڵی 2010 چاپی ئەوروپای ڕۆژنامەکە لە ئەڵمانیاوە دەستی پێکرد .

## دیالیکتی بەکارهاتوو لە تۆری میدیای رووداو

بەشێوەیەکی گشتی دوو شێوەزار سەرەکی کە بەکار دێت کرمانجی سەروو و خواروو' ئەوەی پێ دەڵین بۆتانی و سۆرانی، گەشتەگانی هەواڵ وەکو یەکن، واتە ژمارەی گەشتەکانی کرمانجی یەکسانە بە ژمارەی گەشتەکانی بە سۆرانی هەیە . لەکاتێکدا هەندێك بەرنامەی هەیە شێوەزاری زازا ( کە هەندێك جار هەیە ) .

هەر لە کەناڵی ڕووداودا جگە لە گەشتی هەواڵ کە یەکێکیان کاتژمێر 7:00 بۆ ڕۆژئاوای کوردستانە و ئەویتریشیان ، 6:30 گەشتێکی هەواڵ هەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان ، کاتەکانی دیکەش لە هەموو گەشتێکی هەواڵ دا خەبەریك بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان هەیە .

## کەناڵی TRT Kurdî

خیلافەتی عوسمانی لە پاش ناوچوونی، دەوڵەتی کۆماری تورکیا لە 29 تشرینی یەکەمی ساڵی 1923 ەوە لەسەر میراتی خیلافەتی دروست بووە.

لەو کاتەدا زمانی کوردی بە تەواوەتی هات قەداغەکردن و هەرچی ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتووك و کۆمەڵە روشنبیری و کولتوریەکانی کوردی هاتن گرتن و قەداغەکردن.
ئەمەش بەدرێژایی چەندین ساڵەکان لەم کۆمارە دا بەردەوام بوو لە پاش چەندین گۆرین و پێشهاتە سیاسیەکان کە لەم کۆمارەدا روویان دا، هەندێك دەرفەت بۆ هاوڵاتیەکانی کورد دروست بوون بە تایبەت لە لایی بەکار هێنانی زمانی دایکەوە، دروست بوونی چەند دەزگای بەڵاوکردنەوەی کوردی و کردنەوەی بەشی زمان و کولتوری کوردی لە چەند زانکۆیەکانی ناوچە کوردیەکان.
لە لایی راگەیاندنەوە هەنگاوێکی گرنگ هات هاویشتن، ئەویش کردنەوەی کەناڵێك بوو بەزمانی کوردی بەناوی (*TRT Kurdî*) گرنگی ئەم کەناڵە لەوە دایە کە لایەن دەوڵەتی تورکیا وە کراوە. هەروەها هەبوونی زمانی کوردی لەناو راگەیاندنی دەوڵەتدا. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە کەناڵێکی بەهێز و سەربەست بیت لەناو دەوڵەتدا.
بەڵام هەندێك ئەم کەناڵە وەکو ئامێرەك بۆ پروپاگندەی دەوڵەت ئەبێنن کە بە رێگای ئەم کەناڵەوە کوردەکان ب خاپێنن و و نێزیکی فیکر و سیاسەت و بەرژوەندی خۆیانەوە بیکەن[1] ئەمەش بۆچۆنێکی سیاسییە چونکە کردنەوەی ئەم کەناڵە هەنگاوێکی گرنگ بوو، بۆ کوردەکان و بە تایبەت بۆ پاراستنی زمان و کولتوری کوردی. هەروەها جۆرە ناسکردنەکی نەراستەوخۆیە بۆ زمانی کوردی.

ئەم کەناڵە سەر بە دامەزراوەی رادیۆ وتەلەڤزیۆنی تورکیایە ( *Türkiye Radyo Televizyon Kurumu*)

کە دامەزراوەیەکی راگەیاندنی دەوڵەتی تورکیایە، کەواتە کەناڵەکی حکومی و دەولەتییە.
کەناڵی (*TRT Kurdî*) لە (25) مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2008 بەشێوەی تێست(*Test*) بەناوی (*TRT 6*) دەستی بە پەخشکردنی کرد، ئەمەش یەکەم پەخشکردن بوو. پاشان لە (1) مانگی کانوونی دووەی ساڵی 2009 دەست بە پەخشکردنی خۆی بە شێوەیەکی نۆرماڵ کرد. ماوەی پەخشکردنی ئەم کەناڵە (24) دەمژمێرە پاش پێپەربوونی حەوت ساڵ لەسەر دەمەزراندنی لە (11) مانگی کانوونی ساڵی 2015 ناوی کەناڵەکە لە (*TRT 6* ) هات گورین بۆ ( *TRT Kurdî*) .
ئەم کەناڵە لە ناو خۆی وڵاتی تورکیا بەبێ مانگی دەستکرد. هەروەها لە سەر مانگە دەستکردەکانی (*Nilesat, Hotbird, Turksat* ). پەخشی خۆی دەکات[2].

[1] KESKîN, Necat (Nisan 2018).Serboriya Akademiya Kurdî li û Pirsgirêkên Wê.Turkye. Şerkiyat iLMi ARAŞTIRMALAR DERGiSi. Cilt: 10 Sayi, :1(19).

[2] öpengin,Ergin (2011) Rewşa Kurdî ya Sosyolenguîstîk li irkîyeyê.(Cilt:1).Stenbol:weşanxanea Avesta.

ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ زۆرتر تەماشەکردنی کەناڵەکە لەلایەن بینەرانی کوردەوە و زۆرتر بەڵاوبونەوەی پەخشی تێلەڤزیونەکە لە جیهان.
کەناڵی (*TRT Kurdî*) لە پەخشکردنی بەرنامەکانی خۆیدا هەر سێ زاراوەکانی زمانی کوردی ( کرمانجی، زازاکی، سۆرانی) بەکاردەهێنێت. بەڵام بەشی هەرە زۆری بەرنامەکانی بە زاراوەی کورمانجین. بەرنامەکان پێکهاتوون لە بەرنامەکانی: (کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئەدەبی، هونەری، موزیکی، کەلتوری،فولکلوری، بەلگە فیلم، تەندروستی، گشتوکاڵی و ئاژالداری و فێرکاری ...).
کەناڵی (*TRT Kurdî*) رولێکی بەرچاو و گرنگی هەیە لە دەولەمەندکردن و لێك نێزیکردنی زاراوە و شێوە و زاراوەکانی زمانی کوردی دا. بێجگەلە بەکارهێنانی هەرسێ زاراوەی کە ئێمە ئاماژەمان پێداون، هەندێك بەرنامە هەن کە خزمەتی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی دەکەن وەکو بەرنامەی ئێوە دەلێن چی (*Hûn Dibêjin Çi?* ) شێوازی ئەم بەرنامە ئەوەیە کە وشەیەکی زمانی کوردی وەری دەگرێت و وەکو پرسیار ئاراستەی بینەران ئەکات. کە هەر یەك لە ناوچەی خۆیان چی بە ئەم وشەیە ئەلێن بۆ نمونە وشەی مرۆڤ کە هەر ناوچەیەك بە گوێرەی شێوە زاری خۆیان ئەم وشەیە دەلێن: ( مرۆڤ، مەرف، مەرڤ، مۆرۆڤ، مەرۆڤ، مەرو...).
بەنامەی کوردی فێر ئەبم ( *Kurdî Hîn Dibim*) لە رێگای ئەم بەرنامەوە ناساندن و فێرکردنی پیتەکانی زمانی کوردی بەرێنووسی ئارامی پێشکێش ئەکرێن، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی کوردەکانی تورکیا ئاشنای پیتەکانی رێنووسی ئارامی زمانی کوردی ببن.

بەرنامەی زمرودێ ئەنقا (*Zimrûdê Enqa*) یەکێکە لە گرنگترین بەرنامەکانی ئەم کەناڵە. ئەم بەرنامە شروڤەکردن و ناساندنی ( شاعیر و دیوانەکانی، مەولود، داستان، چیرۆك، حیکایەتەکانی کوردی، فەرهەنگ و دەستەواژە و وشەکانی زمانی کوردی) ئەکات.
ئەم بەرنامە لە چەندین بەشەکانی خۆیدا خزمەتێکی گەورە لە ناساندن و شروڤەکردنی ئەدەبیات و زمان و مێژوو و کۆمەڵگای کوردی کردیانە، وەکو سەرچاوەیەکیش بوویە بۆ زمان و ئەدەبیات ومێژووی کوردی.
لە لایی فولکلوری یەوە بەرنامەی دەنگبێژ (*Dengbej*) رۆلێکی باش هەبوو لە پەرەسەندن وناساندنی گۆرانی رەسەنی کوردی وخزمەتکردنی گۆرانیبێژە فولکلوریەکان وئاشنا کردنیان لە گەڵ یەکتر لە ناوچە جیاجیا کانی کوردستاندا.
بەرنامەی رێوی ( *Rêwî*) لە رێگای ئەم بەرنامەیەوە کولتور و مێژوو و نەریتی ناوچە جیاجیاکانی کورد دەناسرێتەوە.

زنجیرەی جیران جیران ( *Cîran Cîran*) كە یەكێكە لە زۆر بینەر ترین زنجیرەكانی ئەم كەناڵە. ناوەرۆكی رەخنەگرتن وپێشكێشكردنی دیاردە باوەكانی كۆمەڵایەتی و سەردەمیانە بە شێوازێكی پێكەنین و كۆمیدیانە.

تایبەتمەندیەكی تری ئەم كەناڵە ئەوە بوو كە هەر دوو زنجیرە درامەكانی (یوسڤێ راستگو) و (ئەرتوغروڵ) كە بە شیوە زاری بادینی دوبلاژكرا بوون لە سەر شاشەی ئەم كەناڵە پێشكێشكران. ئەمەش دەرفەتێك بۆ ئاشنا بوونی بینەران بە شێوە زاری بادینی كە شێوەزارێكی گرنگی زاراوەی كورمانجی یە.

ئەم هەمە جۆرییەی بەرنامەكانی بۆ هوی ئەوە نەك لە ناوخۆی وڵاتی توركیا بەڵكو لە ناوچەكانی تری كوردستان لە عێراق وئێران و سوریا و دیاسپۆرا بینەر هەبن. بۆ نمونە بەرنامەكانی چەپك (*çepik*,) لە لایەن كوردەكانی عێراقەوە و بەتایبەت خەڵكی شاری دهوكەوە بە شێوەیەكی دێتە تەماشەكردن. كە ئەم بەرنامەیە لەلای هونەری وموزیكیشەوە خزمەتێكی گرنگی گۆرانی كوردی كردی ە و جارێكیتر گۆرانی و زەماوەند و دیلان و داواتەكانی كوردی بیرهێنان و نوێكردنەوە.

هویەكانی هەڵبژاردنی ئەم كەناڵە بۆ لێكولینەوەمان بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە ئەم كەناڵە لە لایەن دەوڵەتەوە بە رێوەدەبرێت و پشتگیری ئەكرێت، ئەمەش ئەبێتە هوی ئەوە كە بەرنامەكانی كەناڵەكە دەوڵەمەند و گشتگیربن، ناوەروكیان خزمەت بە زمان و ئەدەب و فولكلور و هونەر و كولتور و مێژووی كورد دەكەن.

بەكارهێنانی سێ زاراوەی گرنگی زمانی كوردی (كورمانجی، سورانی، زازاكی) بێگومان بەكارهێنانی ئەم هەر سێ زاراوەی زمانی كوردی، رێخۆشكەرەك بۆ یە، بۆ ئەوەی بینەران زاراوەكانی

یەکتر ناسبکەن و و هەوڵی فێردنیان بدەن. هەروەها ئاگا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری یەکتری بن.
بۆ نمونە:
کەناڵی *TRT Kurdî* لە ماڵپەری فەرمی خۆی ئەوها نوسیوە ( *TRT Kurdî bi hewalên soranî di navbera kurdên Êraqê û kurdên Tirkîyeyê de dibe pirek*) واتە ( *TRT Kurdî* ) بە هەوڵەکانی سۆرانی ئەبێتە پردێك لە نێوان کوردانی عێراق و کوردانی تورکیادا.
ئەم ووتە، ئەوە بۆ مان دەرئەخات و روون ئەکات کە ئامانجی کەناڵەکە لە بەکارهێنانی زاراوە سورانی ئەوە یە کە جۆرە پەیوەندییەکی زمانی و کۆمەڵایەتی و کۆلتۆری لە نێوان کوردەکان بەگشتی و لە نێوان کوردانی تورکیا و کوردانی عێراق بە تایبەتی دروستبکات.

هەروەها شێوازی بەرنامەکانی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە و لە سەر چەندین مانگی دەستکرد پەخشی خۆی دەکات و ئەمەش رێژەی تەماشەکردنی زیاد دەکات.

## کەناڵی سەحەری کوردی Sahar Kurdi

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و گەورە یە، چەندین نەتەوەی جیا جیا لەم وڵاتەدا ئەژین و هەریەکێیا خاوەنی زمانی دایکی تایبەتی خۆیانە.
ئەگەر بەدوایی مێژووی سەرەتایی راگەیاندن بە زمانی کوردی لە نێو چوارچێوەی جوگرافیایی وەڵاتی ئێران دا بگەرین بۆ مان دەردەکەوێت، کە گۆڤاری (کوردستان) ئێکەم گۆڤار و ئامرازی راگەیاندنی کوردی بوو کە لە مانگی نیسانی ساڵی 1912 لە لایەن (عبدالرزاق بەدرخان) لە شاری ئورمیە دەرچوو، پاش دورخستنی، (سمکۆی شکاك) ئەم گۆڤارە بەرێوە برد[1] . پاشان رادیۆ پەیدابوویە بەڵام (یەکەمین پەخشی رادیۆ: لە راستیدا، لە حکوومەتی ناوەند (مەرکز)ی نەبوو، بەڵکو لە لایەن تورك وکوردەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران بوو، ئەوانەی کە شۆڕشیان هەڵگیرساند دژی تاران و حوکمی ئۆتۆنۆمیان بۆ خۆیان دامەزراند و پێکهێنا لە نێوان ساڵی 1945 و 1946 دا. بۆ یەکەم جاریش زمانی کوردی. لە رادیۆی (تەبریز)ەوە، لە کۆماری ئۆتۆنۆمی ئازربایجان. لە هەوادا بەرزبۆ وە و لە ئاسمانان بڵابۆوە لە دوای ئەوە، زوو و بە خێرایی، لە شاری مەهابادی پایەتەختی کۆماری کوردی، ئێزگەیەکی رادیۆ دامەزرێندرا لە 30 نیسانی 1946).

[1] حەجی ،ژڤان (2011). هونەرێ گۆتارێ د ڕۆژنامەگەریا کوردی دا 1898- 1918.(چ2) .دهۆك:چاپخانەی خانی.لا72

پاش تێپەربوونی کات هەندێك گۆرینی سیاسی ورژێمی و دەستهەڵاتی لەم وەڵاتەدا روویدا. ئەم رژێمەی ئێستای ئێران لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1997 تورێکی تەلەفزیونی ئاسمانی لە ژێر ناوی (برون مرزی صدا وسیمای جمهوری اسلامی ایران) واتە بەشی دەرەوەی دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران دامەزراند، کە زمان حالی سیاسەتی رژێمی ئێران بووە، ئەم تەلەفزیونە بە چەند زمانێك پەخشی خۆی کرد. لە نێویش دا زمانی کوردی بووە، کە هەر زمانێك چەند کاتژمێری، بووی پەخشی دانرابوو. کەناڵی سەحەری کوردی لە ژێر توری جیهانی سەحەر لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2014 ەوە دامەزرا و دەستی بە پەخشی خۆی کرد، بۆ بە کەنالەکی سەربەخۆ لە توری جیهانی سەحەردا، ئەمەش کەناڵێکی حکومییە و سەربە سیاسەتی دەوڵەتە. لەسەر مانگە دەستکردەکانی ( Nilesat, Hotbird, Badr, Iransat).

پەخشی خۆی دەکات.

کەناڵی سەحەری کوردی بە هەردوو زاراوەی کوردی (سۆرانی و کورمانجی) پەخشی خۆی ئەکات، بەڵام بەشی هەرەزۆری بەرنامەکانی بە زاراوەی سۆرانین.

بەکارهێنانی ئەم هەردوو زاراویانەش بۆ ئەوە ئەگەرێتەوە کە زۆربەی کوردەکانی وڵاتی ئێران بەم هەردوو زاراوەیە قسەدەکەن.

بێجگە لە زاراوەی سۆرانی و کورمانجی بۆ دوبلاژکردنی دراما و فیلمەکان و نووسینی راپۆرت و پێشکێشکردنی بەرنامەکان، سود لە وشەی زاراوەکانی تری کوردی وەرگرتووە بە تایبەت زاراوەکانی ئەردەلان و کەلهوری.

لە رێگای بەکارهێنانی ئەم زاراوایانە جۆرە لێك تێگەیشتن و لێك نێزیکبوونەوە یەك لە نێوان ئەم هەردوو زاراواوەدا پەیدا دەبێت.

بەرنامەکانی ئەم کەناڵە جۆراوجۆر و هەمەرەنگن: (کۆمەڵایەتی، ئایینی، کەلتوری، سیاسی، هونەری، موزیکی و زانیاری ....) لێرەشدا هەندێك لە بەرنامەکانی ئاماژە پێ ئەدەین و دەناسرێنین:

هەندێك لەو بەرنامە گرنگەکانی ئەم کەناڵە کە بە شێوە زاری سۆرانی پێشکێش دەکرێن:

بەرنامەی ڕۆژی نوێ (Nû Roja ): بەرنامەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و کولتورییە. بە شێوەیەکی راستەوخۆ بۆ ماوەی (40) خولەك پێشکێش ئەکرێت و بە هەردوو زاراوەی سورانی و کورمانجی.

هۆرەی هەواران: بەرنامەیەکی گرنگی هونەرییە لەم بەرنامەیەدا گۆرانییەکانی کوردی پێشکێش ئەکرێن و گۆرانیبێژەکان مێوان ئەکرێن، بینەر ئەتوانن لە هەر ناوچەیێك لە رێگەی تێلەفۆنەوە پەیوەندی بەم بەرنامەیە بیکەن.

شەو چرا: بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری و کولتوریە لەم بەرنامەدا گرنگی ئەدرێت بە گۆرانی ووتن و موزیك و شیعر خواندن و چیرۆك و نوکتە و راپورتی تەنز و بەڵاوکردنەوەی پەیام و وێنە نا ردووەکانی بینەران.

بەزمە سات: بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بە بەیانییەکانی ڕۆژانی هەیینی. ناوەرۆکی باسکردنە لە دراما و ئەکتەرەکانی سینەمای و دەنگ و باسەکانی هونەری. هەروەها موزیك و تەکنۆلۆژیا و ژیانی ڕۆژانە و ناساندنی شوێنە مێژووی و گەشتیاریەکانی شاری تاران.

سەحەر و بینەران: بەرنامەیەکی گرنگی کەناڵی سەحەرە، بە شێوەیەکی راستەوخۆ پێشکێش ئەکرێت، لە پێناسەی بەرنامەکەدا ئەوها نووسراوە (بە سەرەنجدان بە ئەرکی سەرەکیی شەبەکە تەلەفیزیۆنییەکان لەمەڕ راکێشانی هۆگران لە ڕێگەی بەرهەم هێنان و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی بەشکۆ و بایەخدار، بەشی کوردی شەبەکەی جیهانی سەحەریش پێویستی پێوەندی دامەزراندن لەگەڵ هۆگرانی لە سەرەتای بەرنامە بەرهەم هێنراوەکانی خۆی داناوە؛ لە راستیدا بەرنامەی " سەحەر و بینەران" پردێکە بۆ پەیوەندی هۆگرانی شەبەکەی جیهانی سەحەر لەگەڵ ئەم شەبەکە نێونەتەوەییە. ئەم بەرنامەیە بە ناوەرۆکی کەلتووری _ هونەریی را و بۆچوونی بینەرانی ئەم شەبەکە نێونەتەوەییە لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت لە کوردستانی عێراق بڵاودەکاتەوە)[1] .

زایەڵە: بەرنامەیەکی سیاسی و شروڤەکاری ڕووداو و پێشهاتە گرنگەکانی ناوچەکەیە و بە تایبەت ڕووداوەکانی ناوچەی کوردستانی عێراق.

ساباتی سۆز: بەرنامەیەکی کۆمەلامەیەتی یە و پەیوەندی دارە بە پرسە خێزانداری و پرسە جۆراوجۆرەکانی پزیشکی و دەروونناسی و کۆمەڵناسی... بۆ ووتوێژکردنی پرسەکان لەم بەرنامەیەدا مێوانداری کردنی پزیشك و کۆمەڵناس و دەروونناس و مامۆستای زانکۆ دەکرێت.

ڕوانگە و ڕامان: بەرنامەیەکی حەوتانەی سیاسییە و بە ئامانجی تاووتوێ کردنی گرنگترین ڕووداو و گۆرانکارییەکانی ئێران، ناوچە و جیهان ئامادە ئەکرێت. لە بەرنامەیەدا بۆ چوونی چاودێر و شارازیان لە بورای گۆرانکارییەکانی جیهان بە تایبەت ئێران، ئێراق، تورکیا وەری ئەگرێت.

ترووسکە: ئەمە بەرنامەیەکی ئایینی حەفتانە یە، تایبەتە بە ئایینی ئیسلام، بەشێوەیەکی زیندوو لە ڕۆژانی چوارشەمە پێشکێش ئەکرێت. کەسایەتییەکانی ئایینی ئیسلام مێوانی دەکرێن و گفتۆگۆ لەسەر پرسەکانی ئایینی ئیسلام و وەڵام دانەوەیان ئەکەن.

[1] کەناڵی Sahar Kurdi https: //www.kurdish.sahartv.ir.com

هەندێك لە بەرنامە گرنگەکانی ئەم کەناڵە کە بە شێوە زاری کورمانجی پێشکێش ئەکران و دەکرێن:

بەرنامەی Keskesor

بەرنامەیەکی هونەری و موسیقی و گۆرانی ووتن و فۆلکلوری و شانۆ، شیعر خوێندنەوەیە.

بەرنامەی Barana Rehmetê

بەرنامەیەکی ئایینی ئیسلامی یە و گفتوگۆ لەسەر پرس و بنەما و یاسا و دەستور و پێکهاتی ئیسلام ئەکەن.

بەرنامەی Deng vedan

بەرنامەیەکی سیاسی یە گفتوگۆ لەسەر پرس و رووداو و ئالوگۆرەکانی سیاسی لە جیهان و تایبەت هی ناوچەکە ئەکات.

بەرنامەی Tûrikê Zêrîn

ئەم بەرنامەیە لە ساڵی 2015 دا، چەندین ئەلقەی پێشکێش کرد، ئێستا تەواو بووە و پێشکێش ناکرێ. بەرنامەەکی گرنگ بوو، بۆ زاراوەی کورمانجی، حەفتانە دوو جار پێشکەش دەکرا، جارێکیان لە سەر ئەدەب و زمانی کوردی (کورمانجی) بوو، کە تایبەت بوو لە سەر پرسە ئەدەبی و زمانی هی زاراوەی کورمانجی بوو. جارێکیشیان لەسەر پرسە پزیشکی و تەندروستی بوو.

بەرنامەی(jîn û jîyan) Malbata Kurmancî

بەرنامەیەکی تایبەت بوو، بە کولتوور و کۆمەڵگا و پرسەکانی خێزانداری و پزیشکی. ئەم بەرنامەیەش ئێستا تەواو بووەو پێشکێش ناکرێت.

کەنالی سەحەر لە بەرنامە کورمانجیەکانی دا، گرنگی بە شێوە زاری کورمانجی هی کوردەکانی خوراسان ئەدا و بەشداریکردنیان و دروستکردنی راپۆرت لە ناوچەکانی دا. ئەمەش خاڵەکی گرنگ بوو، بۆ ناساندنی کەلتوور و شێوەزار و فۆلکلوری کوردانی خوراسان.

بێگومان ئەم هەموو بەرنامە و جۆراو جۆری ناوەرۆکیان ئەبێتە هەنگاوێکی گرنگ بۆ کوکردنەوە و سەرنج راکێشانی بینەران لە نێو خۆی وڵاتی ئێران و کوردستانی ئێراندا. ئەمەش بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ناساندنی زارەکانی و زمانی کوردی ئەبێت لە نێو کوردەکاندا. هویەکانی هەڵبژاردنی ئەم کەناڵەش بۆ چەند هویەك دەگەرێتەوە لەوانەش دەولەمەندی بەرنامەکان و هەروەها لە لایەن دەوڵەتەوە بەرێوە ئەبرێت ئەمەش هێز و دەستهەڵات ئەدات بە کەناڵەکە کە بتوانێت لە هەر ناوچەیەکی وەڵات بەبێ کوسپ و ئاستەنگ بگەرێت و بەرنامە و راپورت دروستبکات و

زانیاری وەربیگرێت. هەروەها بەکارهێنانی هەردوو زاراوە سەرەکیەکانی زمانی کوردی. فراوانی سنوری پەخش کە لە سەر چەندین مانگی دەستکرد پەخشی ئەکات.

## فۆرمی راپرسی (هەڵسەنگاندن)

ئەم ڕاپرسییە بە چەند قۆناغێك ئامادەکراوە پێشتر درافتێك دروست کراوە پاشان چەندین پێداچوونەوەی تێدا کراوە بە سوود وەرگرتن لەو توێژینەوانەی کە پێشتر لەم بوارەدا ئەنجام دراون هەرچەندە کە زۆر کەمن بەڵام بۆ سەرکەوتنی هەر توێژینەوەیەك پێویستە پێشتر دیراسەیەکی ڕوون هەبێت لەسەر توێژینەوەکانی پێشتر.

## شێوازی راپرسی

ئەم توێژینەوەیە بە گوگل فۆرم ئەنجامدراوە (100 %) ئەلیکترۆنیە بە ئۆنلاین ڕەوانە دەکرێت بە ( ئیمێڵ و واتساپ و فەیسبوك و هتد ) لە پاش پڕکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە توێژەر یان لێکۆڵەر بە چەند چرکەیەك , دیارە ئەم شێوازە کاریگەری خۆی دەبێت کە دەتوانین بگەینە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. دابەشکردنی ئۆنلاین لە سنووری کوردستانی گەورەدا ئەنجامدەدرێت لە هەر چوار پارچەکەیدا بە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی گەورە .

## سنوری ڕاپرسی

ڕاپرسییەکە دابەش کراوە بەدیالێکتی کرمانجی سەروو بە پیتی لاتینی لە باکووری کوردستان و کوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی لە کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان .

## چۆنیەتی دابەشکردنی ڕاپرسی

ئەم توێژینەوەیە بە ناوی ( ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەسەندنی زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا ) لە سنووری کوردستانی گەورەدا ئەنجامدراوە لە هەر چوار پارچەکەیدا , توێژەر یان لێکۆلەر خەلکی باشووری کوردستانە سەردانی میدانی کردووە بۆ زۆربەی شار و شاروچەکەکانی باشوری کوردستان و هەروەها لە مانگی (10) ساڵی (2019) دوو جار سەردانی باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە و لە گەڵ چەندین چین و توێژەکانی شار و شاروچەکە و لادێکان چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە و ڕاپرسییەکەی دابەشکرردووە بەسەریان بە شێوەی ئۆنلاین بە ( ئیمێڵ و واتساپ و فەیسبوك و هتد ) چونکە ڕاپرسیەکە

به دوو بەدیالێکت ئەنجامدراوە کرمانجی سەروو بە پیتی لاتینی لە باکووری کوردستان و کوردستانی ڕۆژئاوا و بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی لە کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆیە تێگەیشتن و وەڵامدانەوەی زۆری بۆ هاتووە .

## ئەنجامی ڕاپرسی

ئەم توێژینەوەیە بە گوگڵ فۆرم ئەنجامدراوە (100 %) ئەلیکترۆنیە بە ئۆنلاین ڕەوانە کراوە لە پاش پڕکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە لێکۆڵەر بە چەند چرکەیەك , دیارە ئەم شێوازە کاریگەری خۆی دەبێت کە دەتوانین بگەینە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی .

ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکە بەم شێوازە بوون (967) فۆرمی ئونلاین پڕکراوەتەوە بە دیالیکتی کرمانجی و (781) فۆرمی ئۆنلاین پڕکراوەتەوە بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) کۆی گشتی فۆرمەکان بە هەردوو دیالێکت گەیشتە (1748) ، بەم ڕێگایە توانیمان بگەینە زۆربەی هاوڵاتیان لە هەر وڵاتێك بن یان هەر دیالێکتیکی زمانی کوردی بەکار بێنن .

فۆرمی ڕاپرسیەکە دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و لەوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی (کرمانجی خواروو) سۆرانی دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان .

خاڵەکانی (پرسیارەکانی) ئەم ڕاپرسیە هەڵسەنگێنران و سەرپەرشتی کران لە لایەن کۆمەڵێکی زۆر لە مامۆستای شارەزا لە بواری ڕاگەیاندن و بواری زمانی کوردی و خاڵ بە خاڵ چاککران و دەسکاری کرا بۆ ئەوەی جەخت بکەینەوە لە سەر ڕاستی ئامێری لێکۆڵینەوەکە (Validity) بگاتە باشترین حاڵەتەکانی تەواوبوون بە ڕێژەیەکی بەر چاو چونکە ئەو مامۆستا و دکتۆرانەی ئەو ڕاپرسیەیان هەڵسەنگاندوە و ڕێکیان خستووە لە ڕێزی پێشەوەی شارەزایین لە بوارەکانی زانستەکانی ڕاگەیاندن و زمانی کوردی کە هەموویان لە شوینی جیا جیا کار دەکەن و زانست و زانیاری دەبەخشن.

کە بریتین لە هەر یەکە لە :

1-پ.د. حسن چفچی (زانکۆی بینگۆل / بەشی زمانی کوردی ).

2-پ.د. وریا عمر امین (کۆڕی زانیاری کورد) .

3-د. رحیم مزید الکعبی ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن).

4-پ.ی. د. زاهر ئەرتکن (زانکۆی بینگۆل / بەشی زمانی کوردی ).

5-پ.د. ڕەزوان خدر علی (زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن ).

6-د.گۆران سۆران فەیزی(زانکۆی سەلاحەدین /کۆلێژی پەروەردەی مرۆڤایەتی/سەرۆکی بەشی زمانی کوردی).

7-د. عماد رفعت مدحت ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / سەرۆکی بەشی زمانی ئینگلیزی ).

8-پ.د. طالب حسین علی ( زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی پەروەردە / بەشی زمانی کوردی).

9-پ.ی. د. مغدید خدر سەپان ( زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی ڕاگەیاندن).

10-پ.ی.د. حەبیب کەرکوکی ( زانکۆی سەلاحەدین / کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی ڕاگەیاندن).

11-م.ی. ڕێبەر حسین عبو ( پسپۆر لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی).

12-م.ی. کەیوان أحمد علی( زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی ئەدەبیات / بەشی ڕاگەیاندن).

13-م. رەمەزان پەرتەڤ ( پسپۆر لە بواری فۆلکلۆری کوردی / وڵاتی فەڕەنسا).

14-م.ی.علی کریم محمد نوری ( زانکۆی جیهان / کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان / بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتی و دبلۆماسییەکان).

15-م.ی.هاوژین عمرمحمد(زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئەدەبیات/بەشی زمانی عەرەبی).

16-م.ی. ئەکرەم فەرەیدون حمەامین (زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی ڕاگەیاندن).

17-م.ی .سالار دلاوەر حویز (زانکۆی جیهان / کۆلێژی ئاداب و هونەر / بەشی ڕاگەیاندن).

18-م.ی. لانە شێروان انور (زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر / پەیمانگای تەکنیکی هەولێر / بەشی ڕاگەیاندن) .

19- بەڕێز ابراهیم احمد علی ( شارەزا لە بواری ڕاگەیاندن ) ( نووسەر و رۆژنامەنووس).

20-بەڕێز ئاری محمد حمد امین ( شارەزا لە بواری وەرگێڕان ) .

21-بەڕێز حامد محمد علی ( شارەزا لە بواری ڕاگەیاندن ) ( نووسەر و رۆژنامەنووس ) .

پاشان تاقیکردنەوەی جێگیربوون (Reliability) ئەنجام درا بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەنجامەکان جێگیرن لە ڕێگەی شێوازی دووبارە ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە (Test-Retest) لە پاش تێپەربوونی دوو هەفتە بە سەر ئەنجامدانی ڕاپرسی یەکەم بۆ هەمان ئەو کەسانەی کە یەکەم جار وەڵامی ڕاپرسیەکەیان دایەوە پاشان تێکرای جێگیربوون ئەنجام درا لە نێوان هەردوو وەڵامەکان ئەمەش بە

بەکارهێنانی معادەلەی جوتمان[1] بۆ ئەژمارکردنی ئەنجامی جێگیربوون بە پێ ئەم معادەلەی خوارەوە :

**ن ² أ +ن ²ب**

**ئەنجامی جێگیربوون = 2 [1- ----------- ]**

**ن ² أ ب**

ن أ توان دووی لادانکانی ئەنجامدانی راپرسی یەکەم جارە.

ن ب توان دووی لادانکانی ئەنجامدانی راپرسی دوبارەکراوە لە پاش تێپەربوونی دووە هەفتەیە بە سەر راپرسی یەکەم.

ن أ ب توان دووی لادانەکانی ئەنجامی هەردوو راپرسیەکەیە .

ئەنجامی جێگیربوونی ئەنجامی راپرسیەکە لە (88%) دەرچوو کە ئەمەش رێژەیەکی بەرزە و ئاماژەیەکە لە سەر جێگیربوونی ئەنجامەکانی راپرسیەکە هەرچەندە کاتی تێپەرێت بەسەریدا.

ئیستاش ئەنجامی راپرسیەکە دەخینە روو کە بە سێ دیالێکت ئەنجام دراوە و بە دیالێکتی کرمانجی خواروو (سۆرانی) شرۆڤەی دەکەین .

# شرۆڤەی ئەنجامی ڕاپرسیەکە

## تـــــەوەری یـــەکــــەم: زانــیـاری گــشــتـی

### شرۆڤەی ئەنجامەکان

تێبینی : سەرەتا دەمەوێت ئەوە باس بکەم 1748 کەس بەشدار بووە لەم راپرسیەدا بەڵام تەنها 1632 فۆرم شێکردنەوەی بۆ کراوە هەروەها 116 فۆرم لە توێژینەوەکە فەرامۆش کراوە بەهۆی کەم کوری لە وەڵامەکاندا بۆیە دەتوانین بڵین بە رێژەی 6.6%هەڵە لە پرکردنەوەی فۆرمەکان دا هەبووە .

خشتەی 1 :وەسفی شیکاری ئاماری برگەی یەکەم (زانیاری گــشــتــی)

| پرسیار | | ژمارەی دنگدەران | رێژە (%) |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 902 | 55.3% |
| | مێ | 730 | 44.7% |
| تەمەن | 18 - 35 | 879 | 53.9% |
| | 36 - 60 | 552 | 33.8% |

[1] عبد الحمید، محمد (2000). البحث العلمي في الدراسات الإسلامية. (ط3). القاهرة:عالم الكتب. ص 48

| | | | |
|---|---|---|---|
| | 61 - 90 | 201 | 12.3% |
| ئاستی خوێندن | دەرچووی سەرەتایی | 87 | 5.3% |
| | دەرچووی ناوەندی و دواناوەندی | 183 | 11.2% |
| | دەرچووی زانکۆ وپەیمانگا | 899 | 55.1% |
| | ماستەر | 306 | 18.8% |
| | دکتۆرا | 157 | 9.6% |
| باری ئابووری | باش | 330 | 20.2% |
| | مامناوەند | 1181 | 72.4% |
| | خراپ | 121 | 7.4% |
| پیشە | کاری ئازاد | 296 | 18.1% |
| | قوتابی | 409 | 25.1% |
| | فەرمانبەر ومامۆستا | 777 | 47.6% |
| | بێکار | 150 | 9.2% |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | شار | 1123 | 68.8% |
| | شارۆچکە وناحیە | 338 | 20.7% |
| | گوند | 171 | 10.5% |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 739 | 45.3% |
| | خێزاندار | 893 | 54.7% |

لەم خشتەیەدا تەوەری یەکەمان بۆ روون دەبێتەوە کە تێدا ڕێژەی بەشداربووان بە پێی هەر حەوت کەتەگۆریەکان روون دەبێتەوە کە ڕێژەی هەر بەشێك بەرامبەر کەتەگۆریەکەی خۆی کە دواتر زیاتر شیکردنەوەی بۆ دەکەین .




**فیگەر 2 رەگەز**

دیارە بە پێی رێژەی بەشداربوون کە هەموو ئەندامانی کۆمەلگای کوردی بەشداریان کردووە لە پیاو و ئافرەت هەر بۆیە دەکرێت بلێن هەردوو رەگەز بەشداریان کردووە، بەرێژەی جیاواز کە دەردەکەوێت زیاتر پیاوان لەو بواری میدیا کار دەکەن، لەکاتێکدا جیاوازییەکە زۆر نییە، کەواتە ئەتوانین بلّێین لە کوردستاندا هەردوو ڕەگەز بە نزیکەیی یەکتر جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنییە تایبەتەکانن.




فیگەر 3تەمەن

بەوپێیەی لە هەر کۆمەڵگایەك چینێکی چالاك هەن، بەشدارن لە زۆربەی کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کوردستانیش دا چینی گەنجان کە دەکەوێتە نێوان 18 - 35 ساڵی بەشدارن لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا، کەواتە ئەوەش بەرای من کەنجانی ئێستا زیاتر تێکەلی یەکتر بوون بە هۆی جیهان

گیریەوە وە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لە سەردەمی پێگەشتنی ئەم چینەدا هەر بۆیەش خاوەنی بەرزترین پلەی چالاکی کۆمەڵایەتین لەکۆمەڵگادا.




فیگەر 4 شوێنی نێشتەجێ بوون

ئەوەی جێگەی گرنگییە بەردەوام لە شارەکاندا بەشداری جەماوەر لە چالاکی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێدا لە پێشی شارۆچکە و گوندەکانەوەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە لە شارەکان زیاتر تەکنۆلۆژیا و ئەنتەرنێت و جیهانگیری رەنگی داوەتەوە بۆیە دەبینین کە بەشداربووان لە سەنتەری شارەکاندا زیاتر بوون .




فیگەر 5 ئاستی خوێندن

ئەگەر لەم ئەنجامە وردبینەوە دەبینین لە هەموو ئاستەکانی پلەی خوێندەواری بەشداربوون لە راپرسییەکدا، هەر ئاستەو بەرێژەی جیاواز.




فیگەر 6 باری ئابووری

ئەوەی جێگەی گرنگییە بەردەوام لە شارەکاندا گەڕان بەشداری جەماوەر لە چالاکی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێدا لە پێشی شارۆچکە و گوندەکانەوەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونکە لە شارەکان زیاتر تەکنەلۆجیا و ئەنتەرنێت و جیهانگیری رەنگی داوەتەوە بۆیە دەبینین کە بەشداربووان لە سەنتەری شارەکاندا زیاتر بوون .

خشتەی 2 وەسفی شیکاری ئاماری بڕگەی دووەم (کاریگەری راگەیاندن لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی )

لە خشتەی دووەمی شێکردنەوەی داتاکان بۆمان روون دەبێتەوە رێژەی دەنگدەران بەرامبەر هەر کەتەگۆریەك بە جیاواز واتە رێژەی بەشداربووان بەپێی وەڵامی پرسیارەکان کە دواتر بە جیا روون دەکرێتەوە

| پرسیار | | ژمارەی دەنگدەران | رێژە (%) |
|---|---|---|---|
| P8 | باکووری کوردستان | 518 | 31.7% |
| | باشووری کوردستان | 540 | 33.1% |
| | رۆژهەڵاتی کوردستان | 301 | 18.4% |
| | رۆژئاوای کوردستان | 273 | 16.7% |
| P9 | کرمانجی سەروو | 711 | 43.6% |
| | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | 590 | 36.2% |
| | لوری | 149 | 9.1% |
| | گۆران و زازا | 182 | 11.2% |
| P10 | بەڵێ | 1078 | 66.1% |
| | کەم | 494 | 30.3% |
| | نەخێر | 60 | 3.7% |
| P11 | رووداو | 601 | 36.8% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 13.7% | 224 | NRT | |
| 2.2% | 36 | کوردستان TV | |
| 1.0% | 17 | سپێدە | |
| 3.2% | 53 | کوردسات | |
| 1.7% | 27 | زاگرۆس | |
| 2.6% | 43 | گەلی کوردستان | |
| 16.9% | 276 | Sahar Kurdi | |
| 21.8% | 355 | TRT Kurdî | |
| 0.0% | 0 | کەناڵێکی تر | |
| 11.2% | 183 | تێدەگەیت لە رووی زمانەوانیەوە | P12 |
| 14.8% | 241 | روونی دارشتنی بابەتەکان بە زمانێکی زانستیانە | |
| 18.7% | 305 | راستگۆیی و واقیعیانەی بەرنامە و زانیاریەکان | |
| 7.3% | 119 | نزیکی لە ڕا و بۆچوون و ئینتیمای سیاسی | |
| 15.4% | 251 | بەرنامە هەمەجۆرەکانی لە هەموو بوارەکانی ژیان | |
| 12.6% | 205 | زانینی رووداوەکانی جیهان | |
| 16.9% | 275 | خێرایی گەیاندنی هەواڵەکان و مەیدانی بوونی کەناڵەکان | |
| 3.2% | 53 | هۆکاری تر | |
| 15.2% | 248 | بەرنامە ئابووریەکان | P13 |
| 9.6% | 156 | بەرنامە ئایینیەکان | |
| 7.5% | 123 | بەرنامە تەندروستیەکان | |
| 8.1% | 132 | بەرنامە وەرزشیەکان | |
| 30.1% | 491 | هەواڵ وبەرنامە سیاسیەکان | |
| 3.1% | 51 | بەرنامەی دارشتن و دیکۆمەنتاری | |
| 9.4% | 154 | بەرنامەی زانستی و فێرکاری | |
| 17.0% | 277 | بەرنامە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەکان | |
| 54.4% | 887 | بەڵی | P14 |
| 35.2% | 574 | تاڕادەیەك | |
| 10.5% | 171 | نەخێر | |
| 33.7% | 550 | بەڵی | P15 |
| 57.2% | 933 | تاڕادەیەك | |
| 9.1% | 149 | نەخێر | |
| 54.0% | 882 | رێنووسی لاتینی | P16 |
| 46.0% | 750 | رێنووسی ئارامی (عەرەبی) | |
| 50.4% | 822 | بەڵی | P17 |
| 46.1% | 752 | تاڕادەیەك | |
| 3.6% | 58 | نەخێر | |
| 32.6% | 532 | رووداو | P18 |
| 12.9% | 211 | NRT | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 0.0% | 0 | کوردستان TV | |
| 2.1% | 35 | سپێدە | |
| 5.6% | 91 | کوردسات | |
| 1.5% | 24 | زاگرۆس | |
| 2.9% | 47 | گەلی کوردستان | |
| 14.8% | 242 | Sahar Kurdi | |
| 18.9% | 309 | TRT Kurdî | |
| 8.6% | 141 | کەناڵێکی تر | |
| 54.7% | 892 | بەڵێ | P19 |
| 40.0% | 653 | تارادەیەك | |
| 5.3% | 87 | نەخێر | |
| 67.2% | 1096 | بەڵێ | P20 |
| 23.3% | 381 | تارادەیەك | |
| 9.5% | 155 | نەخێر | |
| 51.3% | 837 | کرمانجی سەروو | P21 |
| 45.4% | 741 | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | |
| 1.1% | 18 | لوری | |
| 2.2% | 36 | گۆران و زازا | |
| 10.0% | 163 | بەکارهێنانی یەک دیالێکت بە تەنها | P22 |
| 5.9% | 97 | تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان وکردیان بە یەک دیالێکت | |
| 61.2% | 999 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا | |
| 22.9% | 373 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە یەک کاتدا | |



فیگەر 7ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟

جێگەی گرنگییە ڕێژەیەکی بەرچاو سودمەندن لە وەرگرتنی زانیارییەکانیان لە ڕێگەی کەناڵە کوردییەکانەوەیە، واتە 66% بەشدار بوانی ئەم ڕاپرسییە بینەری کەناڵە کوردییەکانن ئەمەش ڕێژەیەکی باشە فراوانبوونی بواری ڕاگەیاندن و پێویستی هاوڵاتیان بە هەواڵ و زانیاری خێرا کاریگەری دەبێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی کورد بەزۆری تەماشای کەناڵی ئاسمانی بکەن .




فیگەر 8 ئایا زیاتر سەیری کام کەناڵی ئاسمانی کوردی دەکەیت؟

دیارە کە هەموو کەناڵە کوردییەکان بینەریان هەیە بەڵام باڵاکشانی روداوو بە ئاشکەرا دیار و روونە کە هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو تەماشای دەکەن و چاوەری هەواڵ و زانیاریەکانی دەکەن پاش کەناڵی ڕووداو و دواتر (TRT KURDî) بە ڕێژەی (%22) لە پاش ئەویش کەناڵی(Sahar Kurdi ) دێت بەڕای من زۆربەی پەیامنێرەکان لە هەموو شارە گرنگەکانی کوردستانی گەورە و زۆری بەرنامە ڕاستەوخۆکان لە سەر بابەتە گرنگ و هەنووکەییەکان ئەم ڕێژە زۆرەی بینەری بە کەناڵەکان دەبەخشن .هەروەها بەرفراوانی و توانای ماددی و مرۆییەکان ڕۆڵی خۆی دەبینێت ئەمەش بەرجەستە دەبێت لە کەناڵی (speda) کە کەمترین بینەری هەیە بە پێی ئەم ڕاپرسییە.




فیگەر 9 چۆن دەزانیت باشترین کەناڵن؟ بە چ پێوەرێك ؟

ئەم دەرخستەیە ئەوە دەردەخات کە هاولاتیانی کورد گرنگی زۆر بە راستگۆیی و خستنە رووی واقعیانە سەرەکیترین پێوەرە بۆ دیاری کردنی باشترین کەناڵی کوردی هەروەها خێرایی گەیاندنی هەواڵ و ئەو دیالێکتە کوردییە کە هەواڵەکەی روون کردوەتەوە واتە ئەو کەناڵانەی کە زیاتر لە دیالێکتێك بە کار دەهێنن زۆرتر بینەریان دەبیت لە قسەکەرانی دیالێکتە کوردیە جیاوازەکانەوە بەشێوەیەك کە تێگەیشتن لە هەواڵەکان کە بە دیالێکتەکەی خۆی بووە هۆی تەماشاکردنی کەناڵەکان بووە بویە دەبێت گرنگی زۆر بە دیالێکتە بەکارهێنراوەکان لە زمانی میدیایی بدرێت چونکە لایەنێکی کاریگەر دەبێت لە راکێشانی بینەر بۆ تەماشاکردنی بەرنامەکان .




فیگەر 10 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز لە دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی تێگەیشتنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟




فیگەر 11 ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی قسەکردنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟

ڕوونکردنەوەی (فیگەری 10-11) چونکە هەردوو بابەتەکە پەیوەندیەکی زۆریان بە یەکەوە هەیە بە یەکەوە ڕوونی دەکەینەوە لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆلینەوە دەردەکەوێت ئەویش گرنگی میدیایە بە گشتی و کەناڵە ئاسمانیەکان بە تایبەتی لە سەر لە یەك نزیککردنەوەی دیالێکتە کوردیەکان ئایا تا چەند میدیا گرنگی بەم لاینە داوە تا چەند ئێمە پێویستمانە کەناڵی ئاسمانی تایبەت دروست بکەین کە کار لە سەر زمانی کوردی بکات و نزیککردنەوەی دیالێکتەکان ئەنجام بدات چونکە دیارە کە چەند کاریگەری هەبووە لە سەر یەکتر نزیککردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتری واتە میدیای نۆی بی ئەوەی ئاگای لێبێت زمانی یەکگرتوو خەریکە دروست ئەکات ئەویش تەنها بە گرنگی دان بە هەموو دیالێکتەکانە بۆ ئەوەی هیچ کوردێك هەست نەکات کە بێ بەشە لەم وڵاتە هەستی ئینتما بوونی لا دروست بێت .

کەناڵە ئاسمانیەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر فێربوونی دیالێکتی جیاواز هەم بۆ تیگەیشتن هەم بۆ قسەکردن بەڵام وەك دیارە ئەم کاریگەرییەش جیاوازی هەیە بەجۆرێك کە تارادەیەك لە رووی تێگەیشتنەوە کاریگەریەکە زیاتر وەك ئەوەی لە رووی قسە پێکردنەوە وەك ئەوەی دیارە 54%ی هاوران کە دەتوانن لە رێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانی لە گوێگرتنی بەرنامە جیاوازیەکانیانەوە بتوانن فێری تێگەیشتی دیالێکتی جیاواز بن بەڵام 34%ی هاوران بۆ ئەوەی بتوانن فێری قسەکردنس دیالێکتێکی تری جیاواز بن لە رێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە .




فیگەر 12 ئایا چ جۆرە رێنووسێکی کوردیت پێ باشە لە ڕاگەیاندنەکان بەکار بێت . کە بەسوود بێت بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی ؟

بێزاری هاوڵاتیانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە کەلتووری عەرەبی کە تێکەڵ کراوە بە مۆرکی ئاینی وای کردووە بێزاربوون روو بدات لە بەکارهێنانی رێنووسی ئارامی کە بە رێنووسی عەرەبی ناوی دەرکردووە بۆیە دەبینین زۆربەی بەشداربوون لە گەڵ بەکارهێنانی رێنووسی لاتینین بۆیە بەرای من دەبێت هەڵوەستە لە سەر ئەم بابەتە بکرێت ئەمەش بەرەو بەکارهێنانی رێنووسی یەکگرتووە کە هەموو پارچەکانی کوردستان

بەکاری بهێنن و ڕێك بکەون لەسەری .




فیگەر 13 بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟

سەبارەت بە فیگەری 13 بەشداربووان بە ڕێژەی 33% هاوران کە کەناڵی ڕووداو توانیوەتی کاریگەری هەبێت لەسەر تێکەڵی دروست بوون لە نیو دیالێکتە کوردیەکان کە بە زۆرترین ڕێژە ئەژمار دەکرێت وە لە دوای ئەوە کەناڵی TRT Kurdî ئینجا Sahar Kurdi پاشان NRT دێت . کە ئەم چوار کەناڵە دەتوانین بڵێن کاریگەری سەرەکییان هەبوو بۆ تێکەڵ بوونی دیالێکتە کوردییەکان . بۆیە پێویستە بوترێت سەرجەم کەناڵە ئاسمانیەکان دەبێت هەمان ڕێچەڵەکی ئەم کەناڵە پر بینەرانە بگرنە بەر بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا بگەینە ئەو خاڵەی کە زۆربەی کوردان لە زمانی یەکتر تێبگەن وقسەی پێبکەن .



فیگەر 14بە ڕای تۆ ئەو تێکەڵ کردنەی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەیکەن . پەرە بە زمانی کوردی دەدات و کارێگەری لەسەر نزیک کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دروس دەکات ؟

لە فیگەری14 دا ڕێژەی کاریگەری تێکەڵ بوونی دیالێکتەکان بەسەر پەرەپێدانی زمانی کوردی ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزە وەك ئەوەی دەبینی بەشداربوان هاوران بە ڕیژەی 55% کە کاریگەری بەردەوام و ڕاستەوخۆی هەیە وە 40% لەگەڵ ئەوە دان کە هەندێك جار کاریگەری هەیە واتا بە شێوەیەکی گشتی 95% هاوران کە تێکەڵ بوونی دیالێکتە کوردیەکان لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە بەرو پێش چوونی زمانی کوردی ، دیار دەبێت کە زۆربەی هەرە زۆری هاوڵاتیانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان پێیان خۆشە و بە زەرورەتی دەزانن کە چیتر ئەو بارودۆخە بەردەوام نەبێت و ببینە خاوەن زمانێکی یەکگرتووی یان بە لایەنی کەم هەموو کوردێك لە هەر شوێنێك بێت لە برا کوردەکەی تێبگات کە قسە دەکات .




فیگەر 15ئایا پێت باشە تێکهەڵکێشی دیالێکتە کوردیەکان لە زمانی بەکارهێنراوی کەناڵە کوردیەکان بکرێت ؟

وەك لە فیگەری 15 دەبینرێت بەشداربووان پێشنیاری تێکهەلکیشانی دیالێکتەکان دەکەن بۆ کەناڵە ئاسمانیەکان بۆ بە ڕێژەی 67% بەشێوەیەکی گشتی بۆ گشت بەرنامەکان بەڵام 23% لەگەڵ ئەوەن هەندێك جار ئەم تێکهەڵکێشانانە بکرێت وە تا بەکۆی گشتی 90% بەشداربوون لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەن کە لە کەناڵە ئاسمانیەکان ئەنجام بدرێت واتە هاووڵاتی کورد دەرمارگیری نیە بەرامبەر بە دیاڵکتەکەی خۆی بەڵکو پیی باشە کە فێری دیالێکتیکی تر ببێت یاخود بە لایەنی کەمەوە تێبگات لە هەموو دیالێکتەکان

.

# بەهاداری وکاریگەری چەند گریمانەیەك لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماری

لە تەوەری دووەمی ڕاپرسیەکەدا کە کاردەکرێت بۆ دیراسەکردنی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە بۆ گەشە سەندنی زمانی کوردی لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاماری اختباری t بۆ جۆری یەك سەمپل (One Sample T Test) ئەنجامدراوە بۆ ئەو پرسیار و گریمانانەی کە سێ وە ڵامیان هەیە وەك پرسیارەکانی ژمارە (11-15-16-17-20-21) لە تەوەری دووەم .

بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە و گریمانەمان کردووە کە بەهای تێکستەکە یەکسانە بە دوو بۆ گۆیمانەی H0 واتا گریمانەی تویژەر وە یاخود یەکسان نیە بە دوو وەك گریمانەی H1 واتا گریمانەی بەدیلە. بۆ ئەم مەبەستە هەڵساوین بە گریمانە کردنی قیمەتی 1 بۆ گشت (بەڵێ)یەکان وە ژمارە 2 بۆ تارادەیەك وە ژمارە 3 بۆ نەخێر.




**فیگەر 16 One sample T test**

هەروەك لە فیگەری ژمارە 16 دیارە کە ستراکچەری قبول کردن و قبول نەکردنی هەڵسەنگاندنەکە لە گەڵ بەهاداری هەڵسەنگاندنە دیاری دەکات بەجۆرێك وەك ئەوەی دیارە بۆ ئەو جۆرە پرسیارەی کە ئاماژەمان پێکردبوو کە وەڵامەکانیان بە ( بەلی – نەخێر - تارادایەك) وە دەبینین لە ئەنجامی شیکردنەوە ئاماریەکەمان لە خشتەی ژمارە 3 دەبینین نرخی (P-Value < 0.05) واتا ( ) مانای وایە کاریگەری گریمانەکانمان لە پرسیارەکانی (11-15-16-18-20-21) بەهادارن واتا ناتوانی قبوڵی اختباری واتا بۆمان روونبووە کە ئێستا کاریگەری ئەم پرسیارانە تارادەیەك نیە بۆیە ئێتا پێویستە بزانین کاریگەری پرسیارەکان بە لای (بەڵێ)یە یان بە لای (نەخێر)ە.

**خشتەی3 نموونەی T Test**

**One-Sample Statistics (Test Value=2) (N=1632)**

| پرسیار | Mean | Std. Deviation | t | P-Value |
|---|---|---|---|---|
| **P10** | **1.38** | **0.56** | **-45.38** | **0.0001** |
| **P14** | **1.56** | **0.68** | **-26.24** | **0.0001** |
| **P15** | **1.75** | **0.61** | **-16.36** | **0.0001** |
| **P17** | **1.53** | **0.57** | **-33.42** | **0.0001** |
| **P19** | **1.51** | **0.60** | **-33.36** | **0.0001** |
| **P20** | **1.42** | **0.66** | **-35.34** | **0.0001** |

خشتەی ژمارە 3 دەتوانین لە ڕێگەی تێکرایی وەڵامەکان بۆ هەر پرسیارێك رووی کاریگەریەکان دیاری بکەین وەك ئەوەی بۆ نموونە لە پرسیاری ژمارە 10 دەبینین معدل Mean=1.38 واتا بچووکترە لە 2 بۆیە کاریگەری هەڵسەنگاندنەکە ئاراستەکەی بەرەو بەڵی دەروات وەك ئەوەی لە فیگەری ژمارە 15 خراوەتەوە روو وە بەهەمان شێوە بۆ گشت پرسیارەکانی تر کە تەماشای نرخی Mean دەکەیت دەبینین گشت ئەنجامەکان لە 2 بچووکترن واتا ئاراستەی کاریگەری هەڵسەنگاندنەکە ئاماری بەڵگە دەدات بەدەستەوە کە کاریگەری هەڵسەنگاندنەکە ئاماری بەڵگە دەدات بەدەستەوە کە کاریگەری گریمانەکان لە پرسیارەکانی (10-14-15-17-19-20 ) بەرەو (بەڵی)یە نەك ئەوانی تر.

<u>ناوەرۆکی پرسیارەکانی ژمارە ( 20-19-17-15-14-10)</u>

10-ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟

14- ئایا هیچ دیالێکتێکی زمانی کوردی جیاواز لە دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی تێگەیشتنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟

15- ئایا هیچ دیالێکتیکی زمانی کوردی جیاواز دیالێکتەی خۆت فێربووی لە ڕووی قسەکردنەوە بە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە؟

17- ئایا بەکارهێنانی ووشەو دەستەواژەی لۆکاڵی (عامی) شارە جیاوازەکانی کوردستانت پێ باشە لە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان؟

19- بە ڕای تۆ ئەو تێکەڵ کردنەی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی کە کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەیکەن . پەرە بە زمانی کوردی دەدات و کاریگەری لەسەر نزیک کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی دروس دەکات ؟

20- ئایا پێت باشە تێکهەڵکێشی دیالێکتە کوردیەکان لە زمانی بەکارهێنراوی کەناڵە کوردیەکان بکرێت

## Pearson Chi-Square test

بۆ ئەوەی بزانین ئامارەکەمان جیاوازی لە تەماشا کردنی کەناڵە کوردیەکان هەیە یان نا؟ یان بڵێین ئەم دوو گۆرەرە سەربەخۆیە یان سەربەخۆ نیە کە ئێمە گۆرەرەکەمان وەك پرسیاری 10 و پرسیاری 11 وەرگرتووە . سەرەتا بۆ پرسیاری 10 کە دەڵێت ئایە تەماشای کەناڵە کوردیەکان دەکەیت هەڵساوین بە دانای بەڵی بۆ هەموو (بەڵی)یەکان وە هەروەها نەخێر بۆ هەموو ئەو حاڵەتانەی کە وەڵامیان نەخێر و یان کەم بووە وە بۆ پرسیاری 11 کە دەڵێ ئایا تەماشای کام کەناڵی کوردی زیاتر دەکەیت ئەوە بە بەڵی و نەخێرەکەی پرسیاری (10)مان بەستاوەتەوە ئێستا بە هەڵسەنگاندنی Pearson Chi-Square test لە نێوان پرسیاری 10 و پرسیاری 11 وەك لە خشتەی ژمارە 4 دەبینین نرخی 0.05>P-Value واتا ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکە بەهادارە واتا جیاوازی هەیە لە تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان وەك لە خشتەی ژمارە 4 دەتوانی ئەنجامەکان ببینی یاخود لە فیگەری ژمارە 15

خشتەی 4 Chi Square Test

| کەناڵەکان | | 11- ئایا زیاتر سەیری کام کەناڵی ئاسمانی کوردی دەکەیت؟ رووداو | NRT | کوردستان TV | سپێده | کوردسات | زاگرۆس | گەلی کوردستان | Sahar Kurdi | TRT Kurdî | تێکرا | Pearson Chi-Square | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟ | Yes | 565 | 223 | 34 | 17 | 53 | 25 | 43 | 274 | 338 | 1572 | 29.447 | 0.001 |
| | No | 36 | 1 | 2 | 0 | 0 | 2 | 0 | 2 | 17 | 60 | | |
| تێکرا | | 601 | 224 | 36 | 17 | 53 | 27 | 43 | 276 | 355 | 1632 | | |




فیگەر 17- ئایا چ جۆرە رێنووسێکی کوردیت پێ باشە لە ڕاگەیاندنەکان بەکار بێت . کە بەسوود بێت بۆ زیاتر لێک تێگەیشتن لە نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی ؟

واتا جگە لەوەی کە لە فیگەر 17 دەرکەوت رێژەی تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان جیاوازی هەیە وەك ئەوەی دەبینی رێژەی تەماشاکردنی کەناڵی رووداو بە زۆرترین رێژە دێت کە 36% وە پاشان رێژەی تەماشاکردنی کەناڵی TRT KURDÎ کە 22% وە بەم شێوە تا دەگاتە کەمترین رێژەی تەماشاکردنی کەناڵی سپێدە کە 1% بەڵام بە یارمەتی هەڵسەنگاندنی Pearson Chi-Square ئەم جیاوازیە سەلمێندراوە.

خشتەی 5 هەڵسەنگاندنی Chi Square Test بۆ تەوەری یەکەم (زانیاری گشتی)

| ووردەکاریەکان | | 10-ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟ Yes | No | Pearson Chi-Square | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 888 | 14 | 25.698 | 0.001 |
| | مێ | 684 | 46 | | |
| تەمەن | 18 - 35 | 855 | 24 | 138.278 | 0.001 |
| | 36 - 60 | 552 | 0 | | |
| | 61 - 90 | 165 | 36 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | دەرچووی سەرەتایی | 87 | 0 | | |
| | دەرچووی ناوەندی و داناوەندی | 177 | 6 | | |
| ئاستی خوێندن | | | | 53.707 | 0.001 |
| | دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا | 886 | 13 | | |
| | ماستەر | 282 | 24 | | |
| | دکتۆرا | 140 | 17 | | |
| | باش | 330 | 0 | | |
| باری ئابووری | مامناوەند | 1148 | 33 | 133.87 | 0.001 |
| | خراپ | 94 | 27 | | |
| | کاری ئازاد | 296 | 0 | | |
| | خوێندکار | 385 | 24 | | 0.001 |
| پیشه | فەرمانبەر و مامۆستا | 777 | 0 | 221.35 | |
| | بێکار | 114 | 36 | | |
| | شار | 1122 | 1 | | 0.001 |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | شارۆچکە و ناحیە | 315 | 23 | 195.945 | |
| | گوند | 135 | 36 | | |
| | سەڵت | 694 | 45 | | 0.001 |
| باری کۆمەڵایەتی | | | | 22.23 | |
| | خێزاندار | 878 | 15 | | |

لە خشتەی ژمارە 5 دا هەڵسەنگاندنی Chi Square Test کراوە بۆ تەوەری یەکەمی زانیارە گشتیەکان بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی هەیە لە تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان لە نێوان رەگەزەکان یان لە نێوان تەمەنەکان یاخود لە نێوان ئاستی خوێندەواری یان باری کۆمەڵایەتی یاخود شوێنی نیشتەجێبوونەکان بۆیە بۆ ئەم مەبەستە لە هەڵسەنگاندنەکە لە نێوان پرسیاری 10 لەگەڵ تەوەری یەکەم هەر هەشت سێکشنەکان کراوە بە پرسیاری (10) بە ریفۆرمێکی نوی خراوەتەوە نێو ئەم هەڵسەنگاندنەوە بە جۆرێك بۆ هەر بەڵێ یەك کۆکراوەی بەڵێ یە کان کراوە بەڵام بۆ هەر نەخێرێك ئەوە کۆکراوەی وەڵامی نەخێرەکان و کەم بە نەخێر ئەژمار کراوە بۆ ئەوەی بزانین نێوان یەم دوو گۆرەرە سەربەخۆن یان نا جیاوازی هەیە لە ناوەرۆکەکانیان بۆ نموونە لە تەوەری یەکەم کە رەگەز بەراورد بکەین لەگەڵ پرسیاری 10 یەم ئەوە دەبینین 888 کەس لە رەگەزی (نێر ) بە بەڵێ دەڵی تەماشای کەناڵە کوردیەکان دەکەم لەگەڵ ئەمەش 684 لە رگەزی (مێ) دەڵی بەڵی تەماشای کەناڵە کوردیەکان دەکەم بۆ ئەوەی بزانین تەماشاکردن لە نێوان رەگەز بەهادارە یان نا ، وە لە رێگەی هەڵسەنگاندنی Chi Square Test دەرکەوت کە (P-Value<0.05) واتا جیاوازی هەیە لە نێوان رەگەزی نێر و مێ لە تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان . بە هەمان شێوە بۆ تەمەن وە دەزانین لە داتاکانی ئێمە تەمەن لەسەر یەکەی جیاواز پۆلین کراون کە 18 بۆ 35 یەکەی یەکەمە و 36 بۆ 60 یەکەی دووەمە وە 61 بۆ 90 یەکەی سێیەمە.

کاتی تەماشای خشتەی 5 دەکەیت دەبینی تەماشاکردنی یەکە جیاوازن لە تەمەن بەپێی هەڵسەنگاندنی Chi Square Test کە (0.05>P-Value) واتا بەهاکانیان بەهادار وە جیاوازە وە دەتوانن لە فیگەری 17 رێژەی ئەو جیاوازیانە ببینین وەك ئەوەی دیارە رێژەی تەماشاکردنی بە بەڵێ بۆ تەمەنی نێوان 18-35 دەکاتە لە 54% کە وەك زۆرترین رێژە دەبینرێت وە پاشان 36% بۆ یەکەی تەمەنی 36-60 بەم جۆرە یەکەی سێیەم کە تەمەنیان لە 61-90 بە رێژەی 11% دێت.




فیگەر 18تەمەن

بەهەمان شێوە ئەگەر تەماشای هەڵسانگاندنی Chi Square Test بکەیت دەبینین جیاوازی هەیە لە تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان بە پێی ئاستی خوێندەواری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە نرخی هەڵسەنگاندنی Chi Square Test کە 53.707 بە (P-value=0.001) کە بچووکترە لە 0.05 واتا جیاوازی هەیە بە پێی فئەی تەمەنە جیاوازەکان.




فیگەر 19ژمارەی (بەڵێ)یە کان لە تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان بە پێی ئاستی خوێندەواری

## تەوەری دووەم:. کاریگەری راگەیاندن لەسەر دیالێکتەکانی زمانی کوردی

**خشتەی 6 هەڵسەنگاندنی( Chi Square Test ) بۆ تەوەری دووەم**

| پرسیار و وەڵام | | 10-ئایا تەماشای کەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان دەکەیت؟ | | Pearson Chi-Square | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|
| | | بەڵێ | نەخێر | | |
| P14 | بەڵێ | 861 | 26 | 150.127 | 0.001 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 0 | 574 | تاڕادەیەك | |
| | | 34 | 137 | نەخێر | |
| 0.001 | 65.85 | 9 | 541 | بەڵی | P15 |
| | | 28 | 905 | تاڕادەیەك | |
| | | 23 | 126 | نەخێر | |
| 0.008 | 6.385 | 42 | 840 | ڕێنووسی لاتینی | P16 |
| | | 18 | 732 | ڕێنووسی ئارامی | |
| 0.001 | 147.855 | 0 | 822 | بەڵی | P17 |
| | | 43 | 709 | تاڕادەیەك | |
| | | 17 | 41 | نەخێر | |
| 0.001 | 164.75 | 3 | 529 | ڕووداو | P18 |
| | | 7 | 204 | NRT | |
| | | 0 | 0 | کوردستانTV | |
| | | 12 | 23 | سپێدە | |
| | | 0 | 91 | کوردسات | |
| | | 1 | 23 | زاگرۆس | |
| | | 3 | 44 | گەلی کوردستان | |
| | | 12 | 230 | Sahar Kurdi | |
| | | 2 | 307 | TRT Kurdî | |
| | | 20 | 121 | کەناڵێکی تر | |
| 0.001 | 207.115 | 0 | 892 | بەڵی | P19 |
| | | 34 | 619 | تاڕادەیەك | |
| | | 26 | 61 | نەخێر | |
| 0.001 | 182.237 | 0 | 1096 | بەڵی | P20 |
| | | 28 | 353 | تاڕادەیەك | |
| | | 32 | 123 | نەخێر | |
| 0.001 | 341.55 | 0 | 837 | کرمانجی سەروو | P21 |
| | | 39 | 702 | کرمانجی خواروو | |
| | | 0 | 18 | لوڕی | |
| | | 21 | 15 | گۆران و زازا | |
| 0.001 | 60.405 | 0 | 163 | بەکارهێنانی یەک دیالێکت بە تەنها | P22 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | 15 | 82 | تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان و کردنیان بە یەک دیالێکت | |
| | | 45 | 954 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا | |
| | | 0 | 373 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە یەك کاتدا | |

**خشتەی 7 هەڵسەنگاندنی ( Chi Square Test ) لە نیوان تەماشاکردنی کەناڵە ئاسمانیەکان و توانای تێکەڵی دروست کردن لە نیوان دیالیکتە جیاوازە کوردیەکان**

| P-Value | Pearson Chi Square | ئایا زیاتر سەیری کام کەناڵی ئاسمانی کوردی دەکەیت؟ | | کەناڵەکان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نەخێر | بەڵێ | | |
| 0.001 | 164.75 | 3 | 529 | ڕووداو | بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟ |
| | | 7 | 204 | NRT | |
| | | 0 | 0 | کوردستانTV | |
| | | 12 | 23 | سپێدە | |
| | | 0 | 91 | کوردسات | |
| | | 1 | 23 | زاگرۆس | |
| | | 3 | 44 | گەلی کوردستان | |
| | | 12 | 230 | Sahar Kurdi | |
| | | 2 | 307 | TRT Kurdî | |
| | | 20 | 121 | کەناڵێکی تر | |
| | | **60** | **1572** | **تێکرا** | |

شیکردنەوەی ئاماری بۆ خشتەی(7)

دوای ئەوەی ژمارەی (بەڵی)یە کان لە پرسیاری دەیەم کە دەڵی بەڵی تەماشای کەناڵی کوردی دەکەم 1572 بەڵی بوو لە کۆی 1632 راپرسی دا واتا تەنها 60 دانەیان وەڵامیان نەخێر و کەم بوو بۆ تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمانی پێکردبوو بۆ پرسیاری دەیەمە نەخێر و کەم بە نەخێر ئەژمارمان کردبوو ئینجا بۆ گۆرەرەی دووەم کە پرسیاری (18)یە دەڵێ کام کەناڵی ئاسمانی توانیویانە تێکەڵی نێوان دیالێکتەکان دروست بکەن وەك دەیبینن بە ژمارەی (بەڵێ)یە کان لە خشتەی 7 دا کەناڵی رووداو زۆرترین بەڵی بەرکەوتوو لە کۆی 1572 بەڵی دا 529 وەرگرتووە کە ئەمەش رێژەی 34% دەکات وە بە هەمان شێوە بۆ کەناڵەکانی تریش ژمارەی (بەڵی) یە کان دەتوانی لە هەمان خشتە ببینی بۆ رێژەکانیان دەتوانی تەماشای فیگەری 19 بکەیت بۆ ئەوەی رێژەی (بەڵی) یە کان دەربارەی توانای کەناڵە کوردییەکان تێکەڵی دیالێکتەکان بۆ هەر کەناڵێکەوە بزانیت.
بۆ ئەم مەبەستە لە رێگەی هەڵسەنگاندنی ) ( Chi Square Testکە نرخەکەی 164.75 بە p-value=0.001 کە بچووکترە لە 0.05 بۆیە ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە جیاوازی هەیە لە توانای تێکەڵ بوونی کەناڵەکان لە لایەن ئەو کەسانەی کە تەماشای کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەن.




فیگەر 19 بە ڕای تۆ کام لە کەناڵە ئاسمانیانە توانیویانە تێکەڵی دروست بکەن لە نێوان دیالێکتە کوردیەکان؟

خشتەی 8 شیکردنەوەی ئاماری بۆ بڕگەی سێیەم

| پرسیار و وەڵام | | ژماردن | Table Valid N % |
|---|---|---|---|
| P23 | بەڵی | 1018 | 62.4% |
| | تاڕادەیەك | 443 | 27.1% |
| | نەخێر | 171 | 10.5% |
| P24 | تەلەفزیۆن | 768 | 47.1% |
| | رادیۆ | 234 | 14.3% |
| | رۆژنامە | 64 | 3.9% |
| | مەڵتی میدیا | 566 | 34.7% |
| P25 | هەواڵ و بەرنامەی سیاسی | 909 | 55.7% |
| | بەرنامەی تەندروستی | 110 | 6.7% |
| | بەرنامە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرەکان | 311 | 19.1% |
| | بەرنامەی وەرزشی | 73 | 4.5% |
| | بەرنامەی ئابووریەکان | 116 | 7.1% |
| | بەرنامەی دیکۆمەنتاری | 113 | 6.9% |
| P26 | زۆر | 764 | 46.8% |
| | تارادەیەك | 688 | 42.2% |
| | کەم | 127 | 7.8% |
| | نەکردووە | 53 | 3.2% |
| P27 | بەڵی | 667 | 40.9% |
| | تاڕادەیەك | 806 | 49.4% |
| | نەخێر | 159 | 9.7% |
| P28 | کرمانجی سەروو | 774 | 47.4% |
| | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | 858 | 52.6% |
| P29 | کرمانجی سەروو | 696 | 42.6% |
| | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | 936 | 57.4% |
| P30 | بەڵی | 809 | 49.6% |
| | تاڕادەیەك | 720 | 44.1% |
| | نەخێر | 103 | 6.3% |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 40.4% | 659 | بەڵی | P31 |
| 47.9% | 782 | تاڕادەیەك | |
| 11.7% | 191 | نەخێر | |
| 26.0% | 424 | بەڵی | P32 |
| 52.0% | 848 | تاڕادەیەك | |
| 22.1% | 360 | نەخێر | |
| 65.2% | 1064 | ڕێنووسی لاتینی | P33 |
| 34.8% | 568 | ڕێنووسی ئارامی (عەرەبی) | |
| 48.0% | 783 | بەڵی | P34 |
| 38.7% | 632 | تاڕادەیەك | |
| 13.3% | 217 | نەخێر | |
| 8.8% | 143 | بەکارهێنانی یەک دیالێکت بە تەنها | P35 |
| 11.6% | 189 | تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان وکردنیان بە یەک دیالێکت | |
| 57.0% | 931 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا | |
| 22.6% | 369 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە یەك کاتدا | |

خشتەی 9 بەرای تۆ تۆری میدیایی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî بە چ شێوازێک دیالێکتە کوردیەکان بەکاربێنن؟

| Table Valid N % | ژماردن | پرسیار و وەڵام | |
|---|---|---|---|
| 8.8% | 143 | بەکارهێنانی یەك دیالێکت بە تەنها | بەرای تۆ تۆری میدیایی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî بە چ شێوازێک دیالێکتە کوردیەکان بەکاربێنن؟ |
| 11.6% | 189 | تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان وکردنیان بە یەك | |
| 57.0% | 931 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا | |
| 22.6% | 369 | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە یەك کاتدا | |




فیگەر 20 بە ڕای تۆ کام شێواز لە بەکار هێنانی دیالێکتە کوردیەکان دەشێت لە داهاتوودا ببێتە شێوازی فەرمی گشت کەناڵەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن ؟

بەشداربووان بە ڕێژەی 57% هاوران بۆ ئەوەی هەر سێ کەناڵە کوردیەکەی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî . هەموو دیالێکتە جیاوازەکان بەکاربهێنن لە کاتی جیاجیا دا وە هەمووشیان دژن لەسەر بەکارهێنانی یەك دیالێکت بۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر کەم هاوران لەگەڵ بیرۆکەی بەکارهێنانی یەك دیالێکت کە تەنها 9% .

# شیکردنەوەی ئاماری بۆ کەناڵەکانی رووداو و Sahar Kurdi وTRT Kurdî

لە تەوەری سێیەم راپرسیەکەدا کە کاردەکرێت بۆ شیکردنەوەی رۆڵ وکاریگەری کەناڵەکانی توری میدیای رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdîبۆ گەشەسەندنی زمانی کوردی لە رێگەی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە بۆ ئەم مەبەستە لە رێگەی شیکردنەوەی ئاماری هەڵسەنگاندنی t بۆ جۆری یەك سەمپل (One Sample T Test) ئەنجام دراوە بۆ ئەوە پرسیار وگریمانانەی کە سێ وەڵامیان هەیە وەك پرسیارەکانی ژمارە (23-27-30-31-32-34). بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە وە گریمانەمان کردووە کە بەهای تێستەکە یەکسانە بە 2 بۆ گریمانەی H0 واتا گریمانەی توێژەر وە یاخود یەکسان نیە بە 2 وەك گریمانەی H1 واتا گریمانەی شوینگرەوەیە. بۆ ئەم مەبەستە هەڵساوین بە گریمانە کردنی بەهای 1 بۆ گشت بەڵی یە کان وە ژمارە 2 بۆ تارادەیەك وە ژمارە 3 بۆ نەخێر وەك ئەوەی لە فیگەر 16 خراوەتە روو.

هەروەك لە فیگەری ژمارە 16 دیارە کە ستراکچەری قبول کردن و قبول نەکردنی هەڵسەنگاندنەکە لەگەل بەهادای اختیبارەکە دیاری دەکات بە جۆریك کاریگەری گریمانەکانمان لە پرسیارەکانی (23-27-30-31-32-34 ) بەهادارن واتا ناتوانی قبولی هەڵسەنگاندنی واتا بۆمان روونبووەوە کە ئێستا کاریگەری ئەم پرسیارانە تارادەیەك نیە واتا یان بەرەو بەڵی یە یان یەرەو نەخێرە بۆیە ئێستا پێویستە بزانین کاریگەری پرسیارەکان بە لای بەڵی یە یان بە لای نەخێر بۆ ئەم مەبەستە لە خشتەی 10 روون کراوەتەوە

خشتەی 10 One-Sample ئاماری (Test Value=2 and N=1632)

| پرسیار | Mean | Std. Deviation | t | P-Value |
|---|---|---|---|---|
| P23 | 1.48 | 0.68 | -30.93 | 0.001 |
| P27 | 1.69 | 0.64 | -19.65 | 0.001 |
| P30 | 1.57 | 0.61 | -28.66 | 0.001 |
| P31 | 1.71 | 0.66 | -17.49 | 0.001 |
| P32 | 1.96 | 0.69 | -2.29 | 0.022 |
| P34 | 1.65 | 0.70 | -19.96 | .000 |

خشتەی ژمارە 10 دەتوانین لە رێگەی معدلی وەڵامەکان بۆ هەر پرسیارێك رووی کاریگەریەکان دیاری بکەین وەك ئەوەی بۆ نموونە لە پرسیاری ژمارە 23 دەبینین معدل Mean=1.48 واتا

بچووکترە لە 2 بۆیە کاریگەری هەڵسەنگاندەکە ئاراستەکەی بەرەو بەڵی دەروات وەك ئەوەی لە فیگەری ژمارە 15 خراوەتە روو وە بەهەمان شێوە بۆ گشت پرسیارەکانی تر کە تەماشای نرخی Mean دەکەیت دەبینین گشت ئەنجامەکان لە 2 بچووکتری واتا ئاراستەی کاریگەری هەڵسەنگاندەکە ئاماری بەڵگە دەدات بەدەستەوە کە کاریگەری گریمانەکان لە پرسیارەکانی (23-27-30-31-32-34 ) بەرەو بەڵی یە نەك ئەوانی تر.

هەڵسەنگاندنی ئاماری بۆ سەرجەم ئەو دەنگدەرانەی کە تەماشای هەر سێ کەناڵەکە دەکەن .

خشتەی 11 Chi Square test

| پرسیار و وەڵام | | P23 بەڵی | P23 تارادەیەک | P23 نەخێر | Pearson Chi-Square | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| P24 | تەلەفزیۆن | 536 | 225 | 7 | 211.22 | 0.001 |
| | رادیۆ | 168 | 20 | 46 | | |
| | رۆژنامە | 49 | 10 | 5 | | |
| | مەڵتی میدیا | 265 | 188 | 113 | | |
| P25 | هەواڵ و بەرنامەی سیاسی | 721 | 188 | 0 | 746.733 | 0.001 |
| | بەرنامەی تەندروستی | 39 | 70 | 1 | | |
| | بەرنامە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرەکان | 121 | 153 | 37 | | |
| | بەرنامەی وەرزشی | 32 | 24 | 17 | | |
| | بەرنامەی ئابووریەکان | 56 | 8 | 52 | | |
| | بەرنامەی دیکۆمەنتاری | 49 | 0 | 64 | | |
| P26 | زۆر | 543 | 191 | 30 | 410.663 | 0.001 |
| | تارادەیەک | 386 | 252 | 50 | | |
| | کەم | 67 | 0 | 60 | | |
| | نەکردووە | 22 | 0 | 31 | | |
| P27 | بەڵی | 496 | 61 | 110 | 409.55 | 0.001 |
| | تاڕادەیەك | 465 | 341 | 0 | | |
| | نەخێر | 57 | 41 | 61 | | |
| P28 | کرمانجی سەروو | 684 | 90 | 0 | 444.325 | 0.001 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | 334 | 353 | 171 | | |
| P29 | کرمانجی سەروو | 597 | 99 | 0 | 308.209 | 0.001 |
| | کرمانجی خواروو (سۆرانی) | 421 | 344 | 171 | | |
| P30 | بەڵێ | 376 | 354 | 79 | 636.332 | 0.001 |
| | تاڕادەیەك | 609 | 89 | 22 | | |
| | نەخێر | 33 | 0 | 70 | | |
| P31 | بەڵێ | 525 | 38 | 96 | 530.112 | 0.001 |
| | تاڕادەیەك | 413 | 369 | 0 | | |
| | نەخێر | 80 | 36 | 75 | | |
| P32 | بەڵێ | 424 | 0 | 0 | 995.21 | 0.001 |
| | تاڕادەیەك | 456 | 392 | 0 | | |
| | نەخێر | 138 | 51 | 171 | | |
| P33 | ڕێنووسی لاتینی | 826 | 187 | 51 | 331.462 | 0.001 |
| | ڕێنووسی ئارامی (عەرەبی) | 192 | 256 | 120 | | |
| P34 | بەڵێ | 778 | 0 | 5 | 1659.22 | 0.001 |
| | تاڕادەیەك | 156 | 443 | 33 | | |
| | نەخێر | 84 | 0 | 133 | | |
| P35 | بەکارهێنانی یەک دیالێکت بە تەنها | 143 | 0 | 0 | 1184.325 | 0.001 |
| | تێکەڵ کردنی دیالێکتەکان وکردنیان بە یەک دیالێکت | 61 | 0 | 128 | | |
| | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە کاتی جیا جیا | 445 | 443 | 43 | | |
| | بەکارهێنانی هەموو دیالێکتەکان لە یەک کاتدا | 369 | 0 | 0 | | |




فیگەر 21 بەڕای تۆ تۆری میدیایی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî تا چەند توانیویەتیان پەرە بە دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدەن؟

خشتەی 12 هەڵسەنگاندنی ( Chi Square Test )

بۆ سەرجەم ئەو دەنگدەرانەی کە تەماشای هەر سێ کەناڵەکە دەکەن وە رادەی توانایی پەرپێدانی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە لایەن ئەم سێ کەناڵەی دەخەنە روو

| پرسیار و وەڵام | | P23 بەڵێ | P23 تارادیەك | P23 نەخێر | Pearson Chi-Square | P-Value |
|---|---|---|---|---|---|---|
| P26 | زۆر | 543 | 191 | 30 | 410.663 | 0.001 |
| | تارادیەك | 386 | 252 | 50 | | |
| | کەم | 67 | 0 | 60 | | |
| | نەکردووە | 22 | 0 | 31 | | |

دوای ئەوەی لە تەوەری دووەم زانیمان ڕۆڵی ئەم سێ کەناڵە کاریگەری سەرەکییان هەیە لە گەشەسەندنی زمانی کوردی بۆ دیالێکتە جیاجیاکان بۆیە من لێرەدا جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم سێ کەناڵە ئایە هەمان کاریگەرییان هەیە یان جیاوازی هەیە لە نزیککردنەوەی دیالێکتە کوردییەکان لە خشتەی ژمارە 9 دا نرخی ( Chi Square Test 410.663 ) وە P-value=0.001 کە کەمترە لە 0.05 واتا گریمانەی سەربەخۆی یان جیاوازی نیوان بۆچوونەکان بەهادارە واتا جیاوازی دەبینین لە توانای ئەم سێ کەناڵە لە توانایان بۆ نزیککردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەك لەو فیگەری ژمارە 21 دا دیارە.

# شــرۆڤەی خشتەکان

ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ دەست نیشان کردنی رۆڵیَ میدیا لە گەشەسەندنی زمانی کوردی و دیالێکتەکانیدا و دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ لێك نزیك کردنەوەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی و رێگە خۆشکردن بۆ یەکخستنی زاراوەکانی , چونکە ئێمە پێمان وایە بە یەك خستنی زاراوە هەنگاوێکی گەورە دەنێین بۆ دروست کردنی زمانێکی کوردی فەرمی کەواتە دەشێت هەنگاوی یەکەم لە زاراوە دەست پێبکەین و بیکەین بە بەردی بناغەی لێك نزیك کردنەوە ویەکخستنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی بە بەکارهێنانی ڕاگەیاندنی کوردی بۆ ئەنجامدان و ئاسانکردنی ئەم کارە.

هەروەها لەم باسەدا ئاماژەش بەوە کراوە کە نابێت بە هیچ شێوەیەك زارێك لە زارەکانی زمانی کوردی فەرامۆش بکرێت و بایەخی پێنەدرێت ، چونکە بە پێی تاقیکردنەوەی گەلانی دیکەوە دەرکەوتوە کە بوونی ئەم دیالێکتە جیاوازانە بوونی زنجیرەی زمانیە, بۆیە دەبێت سود لەو زنجیرەیە وەربگیرێت و زمانی فەرمی پیَ دەوڵەمەند بکرێت.

بەیەکخستنی زاراوە و وەك یەك بەکارهێنانی لە نێوان هەموو تاکەکانی دیالێکتە جیاوازەکاندا سودی لێك نزیك کردنەوە و یەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵ و دیالێکتەکانی هەیە. ئەم باسە بۆ ئەم سەردەمەی ئ◌َێستا هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەرە ,ئەگەر بە شێوەیەکی پراکتیکی پیادەبکرێت بێگومان هیچ زمانێك نییە دیالێکتی نەبێت یان لە چەند دیالێکتێك پێك نەهاتبێت تەنانەت هەندێك لە زانایانی زمان پێیان وایە هەر تاکێکی هەر کۆمەڵگەیەك بۆخۆی دیالێکتێکی سەربەخۆیە چونکە تاکی هەر کۆمەڵگەیەك شێوازی قسەکردنی تایبەتی خۆی هەیە لەکەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە.

سەبارەت بە زمانی کوردی و یەکخستنی زاراوەکانی دەبێت بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەك پاشتر ئاماژەی بۆ دەکەین (چونکە دانانی زاراوە وەك بناغەیەك بۆ زمانی نوسین هەنگاوی یەکەمە و پاشان بە خۆی ڕێگای سروشتی دەگرێتە بەر و زۆرترین قەوارە پیادە دەکات و سنوری تەنگی خۆی دەبەزێنێت. راگەیاندن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە هۆشیارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا و بونیاتنانی شارستانیەتە جیاوازەکان لەسەر گۆی زەوی کاتێك تەماشای جۆر و شێوازی پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی وڵاتان و کۆمەڵگا جیاوازەکان ئەکەین .

زمان هەر ناوندێکی تێگەیشتن و لە یەك گەیشتن فەراهەم ناهێنیَ ، بەڵکو خودی زمان هەندیَ هەست و سۆز و خۆشەویستی لە زاتی خۆی هەڵدەگریَ ، ئەو کاتە هەستی پێدەکری کە لەناو نەتەوەی تر بەکاری دەهێنین ، بۆیە زمان (بوون ) و ( ناسنامەی )ی تاکەکانی نەتەوە دەگەیەنیَ . زۆر جار پرسی زمان ، لە پرسی خاك زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

دایکی کورد ، هاوشانی سیاسی و ڕۆناکبیرانی کورد بە " نەخوێندەوار " ی خۆی شەڕی "مانەوە" و شیرینکردن " ی زمانی کوردی لە کۆمەڵگای خۆی کردووە . هەرچەندە دەوڵەتی داگیرکار لە ڕێگای قوتابخانەوە زمانی خۆی بەسەر منداڵانی کورد سەپاندووە ، بەڵام دایکیش لە قوتابخانەی ماڵەوە نەیهێشتووە زمانەکەی تیرور بکرێت .

شەڕی پاراستنی زمانی کوردی و شکۆی ئەو زمانە لە بەرامبەر داگیرکاراندا مێژوویەکی پڕشنگە . سیاسەتمەدار و ڕۆناکبیرانی کورد هەر لە میقداد بەدرخانەوە بگرە تاوەکو قۆناغی بە حکومەتبوونی دەسەڵاتی سیاسی کورد لە باشور چۆن شەڕیان لەسەر خاك کردووە ئەوهاش شەڕیان لە پێناو زمانی نەتەوە کردووە.

دەمەوێت بڵێم نامەویت لە ئەرك و ماندووبوونی تەلەفزیۆنەکانی تر کەم بکەمەوە بەڵام هەڵبژاردنی ئەم سێ کەناڵە پەیوەندی بە چەند هۆکارێك بووە ئێمە باس لە سیاسەتی کەناڵەکە ناکەین بەڵام بە زووری جەماوەر تەماشای دەکەن خیرایی کەناڵەکە و بەکارهێنانی دیالێکتە جیاوازەکان لە بەرنامەکانیدا و دەستکراوەییان و دەرکەوتنی کەناڵەکان لە زیاتر لە چەند مانگێکی دەستکرد وای کردووە ئەم کەناڵانە هەڵبژێرین وەك نموونە واتە کەناڵەکانی رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî فۆرمی راپرسیەکە بە دوو شیواز دابەشکراوە لە سەر هاوڵاتیانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان گەورە کە مەبەستمانە بە شیوازی ئەلیکترونی و بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دابەشکراوە بە پیتی لاتینی لە باکۆری کوردستان و لە کوردستانی رۆژئاوا و بە دیالێکتی کرمانجی خواروو( سۆرانی) دابەشکراوە لە کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان فۆرمی راپرسیەکە بە ئەلکترۆنی واتە بە ئیمیل روشتووە و وەڵامیش درانەوەتەوە کە بۆ ئەمە جۆرێکی نوێ یە لە لێکولینەوەیەکی زانستی لە بواری زمانی کوردی بکرێت لە باشووری کوردستان کە پشت ببستێت بە جیهانگیری ئیمیل و پرسیارەکان بە ئیمیل رەوانە دەکرێت و لە پاش پرکردنەوەی لە لایەن کەسەکە خاڵی ناردن هەیە کە یەکسەر وەڵامەکە دەگەیەنێتە لێکۆلەر بە چەند چرکەیەك .

بە شرۆڤەکردنی ئەم ڕاپرسیە دیارە بە پێ رێژەی بەشداربوون کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی بەشداریان کردووە لە پیاو و ئافرەت هەر بۆیە دەکرێت بڵێن هەردوو رەگەز بەشداریان کردووە، بەڕێژەی جیاواز کە دەردەکەوێت زیاتر پیاوان لەو بوارەدا کە کاری تێدادەکەن سەرقاڵن،لەکاتێکدا جیاوازییەکە زۆر نییە ، کەواتە ئەتوانین بڵێین لە کوردستاندا هەردوو ڕەگەز جەماوەری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانن بەوپێیەی لە هەر کۆمەڵگایەك چینێکی چالاك هەن، بەشدارن لە زۆربەی کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە کوردستانیش دا چینی گەنجان کە دەکەوێتە نێوان (18-32) ساڵ بەشداری کاران

له چالاكیه كۆمەڵایەتییەكاندا، كەواتە ئەوەش بەرای من كەنجانی ئیستا زیاتر تێكەلی یەكتر بوون بە هۆی جیهانگیریەوە وە بەهۆی پێشكەوتنی تەكنولۆژیا لە سەردەمی پێگەشتنی ئەم چینەدا هەر بۆیەش خاوەنی بەرزترین پلەی چالاكی كۆمەڵایەتین لە كۆمەڵگادا.
ئەگەر لەم ئەنجامە وردبینەوە دەبینین لە هەموو ئاستەكانی پلەی خوێندەواری بەشداربوون لە وەها ڕاپرسییەكدا، هەر ئاستەو بەڕێژەی جیاواز. ئەم ڕاپرسیە ئەوەمان نیشاندەدات كە هاوڵاتیان لە ئاستی ئابوری مامناوەند و باش زیاتر هۆگری بینینی كەناڵە ڕاگەیاندنەكانن، باشبونی باری بژبێویش زیاتر پەرە بە بەشداریكردنی جەماوەر دەدات تا بەدوای زانیاری و فێربوون دا بگەڕێن .
هەروەها بەپێی نزیكی ئەنجامەكان تا ڕادەیەك ، ئەتوانین بڵێن پیشە جیاوازەكان ڕێگرنین لەوەجەماوەر تا چ ڕادەیەك بەشدارن لە بەدەستهێنانی بەرهەمەكۆمەڵایەتییەكاندا. ئەوەی جێگەی گرنگییە بەردەوام لە شارەكاندا گەڕان و بەشداری جەماوەر لە چالاكی و بەدەستهێنانی زانیاری نوێدا لە پێشی شارۆچكە و گوندەكانەوەیە، ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چونكە لە شارەكان زیاتر تەكنۆلۆژیا و ئەنتەرنێت و جیهانگیری رەنگی داوەتەوە بۆیە دەبینین كە بەشداربووان لە سەنتەری شارەكاندا زیاتر بوون .
دیارە سەڵت بوون وەك هەر یەك لە نەتەوەكانی دیكە كاتی زیاتر ئەبەخشێت بە هاوڵاتیان زیاتر ئاگای لە دنیای دەروە بێت و زیاتر گرنگی بدات چونكە رەنگە بەرپسیارێتی كەمبێت و كاتی زیاتری بە دەستەوە بێت .

سەرەڕای جیاوازی لە ژمارەی دانیشتوانی پارچەكانی كوردستان، كەچی ڕێژەی بەشداریكردن تاڕادەیەك نزیكن،لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە مەبەستمان گەلی كورد بووە لە هەر چوار پارچەی كوردستانی گەورە بۆیە رێژەی بەشداربووان لە هەموو پارچەكەن لە یەك نزیكن بۆیە دەكرێت بلێن ئەم زانیاریانەی كە بە دەست هاتووە گشتگیر بووە .
دیارە كە زۆربەی میللەتی كورد بە دیالێكتی كرمانجی سەرو دئاخڤێت لە پاش ئەویش كرمانجی خواروو ( سۆرانی) دێت .
كە هەردووكیان بە یەكەوە زۆربەی هەرە زۆری قسەكەرانی میللەتی كورد پێك دەهێنن جێگەی گرنگییە ڕێژەیەكی بەرچاو سودمەندن لە وەرگرتنی زانیارییەكانیان لە ڕێگەی كەناڵە كوردییەكانەوەیە، واتە نزیگەی % 70 بەشدار بوانی ئەم ڕاپرسییە بینەری كەناڵە كوردییەكانن ئەمەش ڕێژەیەكی باشن .
فراوانبوونی بواری راگەیاندن و پێویستی هاوڵاتیان بە هەواڵ و زانیاری خێرا كاریگەری هەبووە لە تەشەنەكردنی تەماشاكەرانی كەناڵە ئاسمانیەكان.
دیارە كە هەموو كەناڵەكان بینەریان هەیە بەڵام كەناڵەكانی ڕووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdî بە ئاشكەرا دیار و روونە كە هاوڵاتیانی هەر چوار پارچەی كوردستان بە رێژەكەی بەرچاو

تەماشای دەکەن و چاوەری هەواڵ و زانیاریەکانی دەکەن بە ڕای من زۆری پەیامنێر لە هەموو شارە گرنگەکانی کوردستانی گەورە و زۆری بەرنامە ڕاستەخۆکانی لە سەر بابەتە گرنگە هەنووکەییەکان ئەم ریژە زۆرەی بینەری بە کەناڵی رووداو بەخشییێت . هەروەك چۆن لەسەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەمان بە فراوانی و توانا ماددی و مرۆییەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو کردووە.

هەروەها ئەم ڕاپرسیە ئەوە دەردەخات کە هاوڵاتیانی کورد گرنگی زۆر بە زمانی دیالێکتەکانەوە لە راگەیاندنەوە و دەدەن چونکە زۆری وەڵامەکانیان لەم بوارە بووە بەشێوەیەك کە تێگەشتن لە هەواڵەکان کە بە دیالێکتەکەی خۆی بووە بوتە هۆکاری ئەوەی تەماشاکردنی کەناڵەکان بۆیە دەبێت گرنگی زۆر بە دیالێکتە بەکارهێنراوەکان لە ڕاگەیاندن بدەین چونکە لایەنێکی کاریگەر دەبێت لە راکیشانی بینەر بۆ تەماشاکردنی بەرنامەکان .

دیارە کە رووداوەکانی ناوچەکە و باردۆخی سیاسی نائارام کە بە هەر چوار پارچەی کوردستان تێدەپەرێت و هەبوونی شەر لە دوو پارچەی کوردستان باری نائارامی دوو پارچەکەی تر و هەلقوڵانی ناوچەکە بە کێشە و قەیرانە یەك لە دوای یەکەکان وای کردووە کە هاوڵاتی کورد زۆر گرنگی بدات بە هەواڵی سیاسی ناوچەکە و هەموو جیهان .
هۆی سەرەکی ئەم لێکولینەوە دەردەکەوێت بە گرنگی راگەیاندن بە گشتی و کەناڵە ئاسمانیەکان بە تایبەتی لە سەر لە گەشەسەندنی زمانی کوردی یەك نزیکردنەوەی دیالێکتە کوردیەکان ئایا تا چەند ڕاگەیاندن گرنگی بەم لاینە داوە ؟ تا چەند ئیمە پیویستمانە کەناڵی ئاسمانی تایبەت دروست بکەین کە کار لە سەر زمانی کوردی بکات و نزیك کردنەوەی دیالێکتەکان ئەنجام بدات چونکە بە پێی ئەنجامەکان کاریگەری بەرچاوی ڕاگەیاندن ئاشکەرایە لە سەر زمان لە سەر یەکترنزیکردنەوەی دیالێکتەکان لە یەکتری واتە راگەیاندنی نۆی بی ئەوەی ئاگای لێبیت خەریکە زمانی یەکگرتوو دروست دەکات ئەویش تەنها بە گرنگی دان بە هەموو دیالێکتەکان بۆ ئەوەی هیچ کوردێك هەست نەکات کە بێ بەشە لەم وڵاتە هەستی ئینتما بوونی لا دروست بێت .

بێزاری هاوڵاتیانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە کەڵتوری عەرەبی کە تێکەڵ کراوە بە مۆرکی ئاینی وای کردووە بێزاربوون روو بدات لە بەکارهێنانی رێنوسی ئارامی کە بە رێنوسی عەرەبی ناوی دەرکردووە بۆیە دەبین زۆربەی بەشداربوون لە گەڵ بەکارهێنانی رێنوسی لاتینین بۆیە بەرای من دەبێت هەڵوەستە لە سەر ئەم بابەتە بکرێت ئەمەش بەروە بەکارهێنانی رێنوسی یەگرتووی کە هەموو پارچەکانی کوردستان بەکاری بهێنن و رێك بکەون لەسەری .

دیاره كه هاوڵاتیان پییان باشه كه زمانی میدیا زمانێكی ساده بێت وشه و دەستەواژەی لوكاڵی تێدا بەكار بێت بۆ ئەوەی دیالێكتەكەی خۆی و شێوەزارەكەی ئەگەر به چەند وشەیەكیش بێت خۆی تێدا ببینێتەوه ئەمەش دیاری دەكات كه كەناڵەكانی رووداو و Sahar Kurdi و TRT Kurdîرۆڵێكی گەورەیان هەیه له لایەنی زمانەوەانیەوه پیویسته سەرجەم كەناڵه ئاسمانیەكان هەمان رێچەڵەكی روداوو بگرنه بەر بۆ ئەوەی له ماویەكی كورتدا بگەینه ئەو خاڵەی كه زۆربەی كوردان له زمانی یەكتر تێبگەن و قسەی پێبكەن .
دیار دەبێت كه زۆربەی هەره زۆری هاوڵاتیانی كورد له هەر چوار پارچەی كوردستان پیان خۆشه و به زەرورەتی دەزانن كه چیتر ئەو بارودۆخه بەردەوام نەبێت ببینه خاوەن زمانێكی یەگرتوو یان به لایەنی كەم هەموو كوردێك له هەر شوێنیك بێت له برا كوردەكەی تێبگات كه قسه به كوردی دەكات .

بەپێی داتاكان دەركەوتوو كه هاوڵاتی كورد دەرمارگیری نیه بەرامبەر به دیالێكتەكەی خۆی بەڵكو پێی باشه كه فیری دیالێكتێكی تر ببێت یاخود به لایەنی كەمەوه تێبگات له هەموو دیالێكتەكان .

به پێ ئامارەكان دەركەوتووه كه رێژەیەكی زۆر له هاوڵاتیانی كورد دەیانەوێت گویان له سەرجەم دیالێكته كوردیەكان ببێت و ئاشنای بن شارەزییان هەبێت و هەوڵی لێ تیگەیشتنی دەدەن ئەمەش زەنگێكه بۆ هەموو كەناڵەكانی راگەیاندن كه هەموو دیالێكتەكان بەكار بهێنن و هیچ دیالێكتێك فەراموش نەكەن به بیانووی كەمی رێژەی قسەكەرانی هەر بۆیه دەبێت ئاگامان لەم خاڵه زۆر هەبێت به وردیەوه مامەڵەی لەگەڵ بكەین تا وەكو هیچ تاكێكی كورد دیالێكتەكەی خۆی به كەم نەزانێت و خۆی بەمەغبوون نەزانێت واته هەموو تاكێكی كورد خۆی ببینێت له ناو كەناڵەكانی راگەیاندن .

هۆی هەڵبژاردنی تۆری میدیای روداوو دەردەكەوێت ئەویش ئەوەیه كه رێژەكەی بەرچاو له هاوڵاتیانی كورد تەماشی دەكەن دیاره توانیویەتی شوینی خۆی بكاتەوه له نێو جەماوەری كوردستاندا .
هەروەها زۆربەی خەلكی زیاتر كاتەكانی له پێش تەلەفزیوندا به سەر دەبات له كاتی پشوودان له ماڵەوه و بۆ وەرگرتنی زانیاری و هەواڵ .
ئاشكەرایه كه بارودوخی سیاسی هەرچوار پارچەی كوردستان نا ئارامەو شەری تێدا دەكرێت بەم هۆكارەش وایان كردووه كه هەمیشه تاكی كورد به دوای هەواڵ و بەرنامەی سیاسی بێت .

دەردەکەوێت کە بە رای زۆربەی بەشداربووان تۆری میدیای روداوو کاریگەری زۆری کردووە لە سەر دیالێکتە کوردیەکان بە تایبەتی و زمانی کوردی بە گشتی ئەویش بە بەرکارهێنانی دوو دیالێکتی سەرەکی پیویستە لە داهاتوودا هەموو دیالێکتەکان بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی خزمەتی زمانی کوردی بکات و هەروەها ئەو هاوڵاتیانەی کە فیری دیالێکتێکی تر بوونە کەلێك زۆرە بۆیە ئەمەش رێگایەکمان پیشان دەدەات بۆ ئەوەی بتوانین پەرە بە زمانی کوردی بدەین و دیالێکتەکان فیرببین ئەوەیش بە رێگای راگەیاندنەوەیە وەك باشترین کەناڵی پەیوەندی و لە یەکنزیگکردنەوەی دیالێکتەکان .

